کولتووری شارنشینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات

جنێفەر سکێرس

وەرگێڕانی: شەهلا وەلی جەبار

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کولتووری شارنشینی لە شارەکانی رۆژهەلات

خستنەرووی رووبەری ناوەوەی خانوو

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

جنێفەر سکێرس

کولتووری شارنشینی لە شارەکانی رۆژهەڵات

خستنەرووی ڕووبەری ناوەوەی خانوو

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە
شەهلا وەلی جەبار

هەولێر- ٢٠١٢

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کولتووری شارنشینی لە شارەکانی رۆژهەڵات**
- نووسینی: **جنێفەر سکێرس**
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: **لەیلا ئەلموسەوی**
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: **شەهلا وەلی جەبار**
- نەخشەسازی ناوەوە: **هەردی**
- بەرگ: **جێگر عەبدولجەبار**
- ژمارەی سپاردن: **(٢٤٤٠) لە ساڵی ٢٠١٠**
- نرخ: **(٤٠٠٠) دینار**
- چاپی یەکەم : **٢٠١٢**
- تیراژ: **٧٥٠ دانە**
- چاپخانە: **چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)**

زنجیرەی کتێب (٥٤٠)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێشکەشە بە (نادیە)ی خوشکم، کە هیچ
وشەیەک ناتوانێت گوزارشت لە گەورەیی و
لێبووردەیی ئەو بکەن.

پێڕست

پێشەکی وەرگێڕی کوردی ٧

پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی ١١

پێشەکی ٦٧

بەشی یەکەم: شار ٧١

بەشی دووەم: خانوو ٩٧

بەشی سێ یەم: شوێنی نیشتەجێبوون ١١٩

بەشی چوارەم: ژیانی خێزانی ١٥١

بەشی پێنجەم: ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك ١٧٥

بیبلۆگرافیا ١٩٤

پاشکۆی وێنەیی ١٩٧

پێشەکی وەرگێڕی کوردی

لە کتێبێکی قەبارە بچووکی پێکهاتوو لە پێنج بەش و پاشکۆیەکی وێنەیی ناوازەدا، دەتوانرێت لە دیدگایەکی ترەوە مێژووی هەندێك لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان بخوێنرێتەوە، جیاواز لەوەی لەگەڵی ڕاهاتووین. بەشە یەك بەدوای یەکەکانی ئەم کتێبە بانگەشەیەکە بۆ ئەوەی بە سۆراخی ناسینی ئەو جیاکارییانەوە بین کە ژیانی ڕۆژانەی ناو ماڵ، کۆشك و تەلاری شارە بەناوبانگەکانی تورکیا، میسر و ئێران هەیانە، کە بە گشتی سیحر و جوانییەکی بێ وێنەی بە هەریەك لە شارەکانی (ئەستەنبوڵ، قاهیرە و تاران) بەخشیوە.

لە کتێبی (کولتووری شارنشینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات)، خانمە نووسەر سەرەتا لایەنە گشتییەکان باسدەکات، دواتر ووردەووردە دەپرژێتە سەر لایەنە تایبەتییەکانی ئەو ژیانەی کە شارەکانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی نێوان سەدەی شازدەو هەژدەی زایەنیدا تێیدا ژیاون، ئەویش بەم جۆرەیە: شار، خانوو، شوێنی نیشتەجێبوون، ژیانی خێزانی، ژیانی کۆمەڵایەتی و گشتی. خانمە نووسەر لە ڕێگەی خستنەڕووی لایەنە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتوان، بەتایبەتیش ژیانی ڕۆژانەی چینی ناوەند و باڵای ئەستەنبوڵ، قاهیرە و چەند شارێکی گەورەی ئێران، هەوڵدەدات وێنەی ژیان، چۆنیەتی پەیوەندیەکۆمەڵایەتی و خزمایەتی و میوانداری، ڕێو ڕەسم و سرووتەکانمان بە وشە و جارجارەش بە وێنەی فۆتۆگرافی، بێنێتە زەینمان.

بەشە یەك بەدوای یەکەکانی ئەم کتێبە ڕوئیایەکی گشتیمان لەسەر ئەو شارە کۆنانە پێ دەدات، کە تێکەڵاوییەکە لە هەوڵدان بۆ خۆشگوزەرانی و گرنگیدان بە جلوبەرگ، خواردن و خواردنەوەو شوێنی نیشتەجێبوون، لە هەمانکاتیشدا پابەندبوون بە ڕۆحی فێرکردن و بەها ئیسلامییەکان. هەر بۆیەشە تێبینی دەکرێت لەو کۆمەڵگەیانەدا پێداگیرییەکی زۆر لەسەر جیاکردنەوەی فەزای گشتی لە فەزای تایبەت، واتە جیاکردنەوەی دیوەخان کە تایبەتە بە پیاوان و پێشوازیکردن لە میوانە پیاوەکانیان و ڕاییکردنی ئیشوکارەکانیان، لەو بەشەی کە تایبەتە بە ئەندامانی خێزان (ژن، ماڵ و منداڵ، میوانە ژنەکانیان) دەکرێت.

ژیانی کۆمەڵایەتی لە نێو ئەو شەقامانەدا کە خزمەتگوزاری، بازاڕو بازرگانی تێدایە، بەڕێوە دەچێت، کەچی ژیانی تایبەتی لە نێو ماڵەکان و لە چوارچێوەی حەوش و ژووورە پەرژینداره‌کاندا، کە بەرواڵەت سادەو لە ناوەوەش رازاوە، شاردراوەتەوە. ئینجا لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان ناوەوە و دەرەوە، هەروەها روونکردنەوەی شێوازی ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکانی ناو شار وەك ئاوو ئاوەڕۆ، دامەزراوە گشتییەکان و بەشی بەرگری لە ئەستەنبوڵ و تاران، ئەوا خانم نووسەر بە شێوەیەکی زۆر سەرسامانە گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی بیناسازی لە شارەکانی رۆژهەڵات دەکات. پاشان دەچێتە سەر باسکردنی دابەشکردنی فەزای تایبەت، حەوش، بەشی تایبەت بە پیاوان و بەشی ژنان لەگەڵ شوێنی خزمەتکارەکان لەنێو ماڵدا.

وەسفکردنێکی ووردی فەزای ناوەوە بە بێ هەڵوەستەکردن و باسکردن لە کەلوپەلی بەکارهاتوو لە ناو ماڵ کامڵ نابێت. کەلوپەلەکانی ناو ماڵ هەروەك دیزاینی بیناسازی فاکتەرێکی بنچینەییە بۆ مسۆگەری بەکارهێنانێکی گونجاوی فەزای ناوەوە، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی دەوروبەرێکی تایبەتی بۆ ژیانی ئەندامانی خێزان.

ناو ماڵی رۆژهەڵاتی جیاواز لەگەڵ ناو ماڵی رۆژئاوایی کەلوپەلی نەگوازراوەیان تەنیا بریتیبوو لەو تاق و سەکۆیانەی کە بەدەوری دیوەخانەکاندا بۆ شوێنی کەل و پەلی رازاندنەوە، پێخەف و بۆ دانیشتن ئامادەکرابوون، پێکدەهات. واتە مێزی نانخواردن، قەرەوێڵەی نووستن و شوێنی جلوبەرگ هەڵگرتنیان نەبووە، کە ئەمەش بۆ رۆژئاواییەکان شتێکی سەرسوڕهێنەربوو.

لەو بەشەدا کە تایبەتە بە ژیانی خێزانی، خانم نووسەر شیکردنەوەیەك بۆ ئەو سروشتە ئاڵۆزەی ژیانی خێزانی ماڵە دەوڵەمەندەکان و چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی دەکات. ئەم ژیانە بەشێوەیەکی نەریتی لە تۆڕێك پەیوەندی خزمایەتی و ژنو ژنخوازی و ئەرکەکانیان بەرامبەر ئەوانی تر پێکهاتووە، بۆیە ئەم جۆرە خێزانانە پێویستییان بە شوێنێکی نیشتەجێبوونی

گەورە هەیە تاوەکو بتوانێت هەموو ئەندامانی لە خۆبگرێت و بەشێوەیەکی کارا وەزیفەکانی ئەنجامبدات. بونیادی خێزان نەرمونیانییەکی هەیە کە وادەکات کەسی تری وەك کورە مام، ئەندامی بێوەژن یا تەڵاقدراو، لەخۆ بگرێت، چونکە خێرخوازیی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئاینییە، ئەمە لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاکردنەوەی بەشی تایبەتی لە بەشی گشتی.

لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا خانمە نووسەر بەشێوەیەکی خێرا بەرەو دەرخستنی جۆری جلوبەرگ، ڕەنگی بەکارهاتوو، خواردن و خواردنەوە دەچێت. هەروەها خستنەرووی رووکاری ژیانی رۆژانە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی خەڵکی رۆژهەڵاتی لەگەڵ تێپەڕینی ساتەکانی ژیانی تاك وەك لەدایکبوون، سونەتکردن، هاوسەرگیری و مردن، کە تێیدا جەخت لەسەر نهێنی ئەو تێکەڵە سحرییەی، ژیانی ئەم کۆمەڵگەیانە هەیانە، دەکات. لە کۆتاییشدا کتێبەکە بە پاشکۆیەکی وێنەیی کە بریتییە لە (٨٤) وێنەی زۆر جوان و چێژ بەخشی ڕەنگاورەنگ و ڕەشوسپی، کۆتایی دێت.

لەبەر ئەوەی لەو ماوە زەمەنییەی خانمە نووسەر دەست بە خستنەڕوو و شیکردنەوەکانی خۆی دەکات، ئەوا کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لایەك و سەفەوی لە لایەکی ترەوە، دابەشکرابوو، بۆیە پێمان وایە کولتووری شارە تورکی و ئێرانییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر تاکی کوردی دروستکردووە و ئەنجام ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەوە جۆرێك لە کولتووری تورکییان بەسەردا زاڵە، لەبەرامبەریشدا پارچەکانی ژێر دەستی سەفەوییەکان کولتووری ئێرانی بەسەریاندا باڵی کێشاوە. بۆیە پێمان وایە ئەگەر ئەم کتێبە بۆ تاکی رۆژئاوایی و تاکی عەرەبی گرنگە، ئەوا بۆ ئێمەی کوردیش بێشك بایەخی خۆی هەیە. لە لایەکی تریشەوە ناسینی ئەو کولتوورەی کە ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەسەر باووباپیرانماندا زاڵبوە تامو چێژوو گرنگی خۆی هەیە، کە وادەکات هیچ نەبێت لە ڕێگەی کولتووری زاڵەوە بتوانین شتێك لە کولتووری خۆمان هەڵێنجین، ئالێرەدا دەردەکەوێت، کە خوێندنەوەی کتێبێکی دانسقی وەك ئەمەی لەبەردەستدایە چ مانایەك دەبەخشێت.

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە لە ساڵی ۲۰۰۳ چاپی دووەمی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرچی زۆر درەنگ چاپە ئینگلیزییەکەم بە دەست گەیشت، بەڵام بە سەرنجدان لە کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی بۆم دەرکەوت کە وەرگێڕی عەرەبی هەموو شتێکی ئەم کتێبەی بۆ زمانی عەرەبی وەرنەگێڕاوە، بەجۆرێك خانمە نووسەر لەم کتێبەیدا باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی وڵاتانی تری وەك لیتوانیا و ئەرمینیا و هەندێ وڵاتی تری ئەو ناوچەیەش دەکات، کە ئەمانە لە چاپە عەرەبییەکەدا نە بە وێنەو نە بە باسکردن، ئاماژەیان پێ نەکراوە.

لە کۆتاییدا بەو هیوایەی خوێنەری کوردیش بتوانێت بەو کولتوورانەی کە لە وڵاتە دراوسێکانی هەبووە و هەیە، ئاشنابێت.

کورتەیەك لەسەر ژیانی خانمە نووسەر(جنیفەر سکێرس)

لە مۆزەخانەی پاشایی سکۆتلەندی سەرپەرشتی بەشی ڕۆژهەڵات و هند بووە. جگە لەم کتێبەی کە لەبەر دەستدایە، ساڵی ۱۹۸۱ کتێبی (جلوبەرگ لە ڕۆژ هەڵات)(Middle Eastern Costume. NMS Publishing Limited:1981) ی بڵاوکردوەتەوە.

ساڵی ۱۹۹۵ کتێبی (جلوبەرگی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خوارووWomen's Costume of the Near and Middle East. Publisher: Routledge; New Ed edition. 2003) ی بڵاوکردوەتەوە.

سکێرس ماوە ماوە و بەشێوەیەکی بەردەوام چەندین پێشانگای تایبەت بە کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مۆزەخانەی سکۆتلەندی نێو دەوڵەتی ڕێکدەخات. بەشێوەیەکی سەرکێشانە باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئێران، تورکیا، وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، میسر، مۆریتانیا و تونس گەڕاوە. ئێستا وانەبێژی فەخرییە لە کۆلێژی (Duncan of Jordonston) سەر بە زانکۆی (Dundee) لە بەریتانیا.

پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی

جوانی بەشێکی ڕۆژانەی ژیان بوو

لـەم کتێبـەدا جنێفـەر سـکێرس وەسـفی ژیـانی ڕۆژانـەی کۆمەڵگـەی ئیسلامی لـەکۆتایی سـەدەکانی ناوەراسـت و سـەرەتای سـەدەی نـوێ و لـە ماوەی نێوان سـەدەی ١٦ تـا سـەدەی١٧ی زاینـی، دەکـات. واتـە لـەنێوان چڵەپۆپەی گەشەسەندنی کولتووری ئەم کۆمەڵگەیانەو سەرەتای هـاتن و لـە ناوچـوونی ئـەم کولتـوورە لەگـەڵ زیـادبوونی کاریگـەری هـزری و هونـەری ئەورووپیدا. جیهانی ئیسـلامی لەوسـەردەمەدا بەسـەر سـێ ئیمپراتۆرییـەتی زەبەلاحدا دابەشکرابوو، هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات لە نیمچە کیشوەری هیندی کەوتبوە ژێر نفوزی دەسەڵاتداری مەغۆلە موسوڵمانەکان، بەڵام وڵاتی فارس بنەماڵەی سەفەوی و پاشـان قاجـاری فـەرمانڕەواییان دەکـرد، لـە کاتێکـدا هەرێمەکانی باکور لەتورکیاو چەند بەشێکی ئەورووپای ڕۆژهـەڵات و یۆنـان، هەروەها دەوروبەری دەریای ناوەڕاست و نیمچە دورگەی عـەرەبی لە جیهانی عـەرەبیـدا هـەمووی کـەوتبووە ژێرکـۆنترۆڵی خەلافـەتی عوسمانییـەوە. ئـەو بارودۆخە جێگیرەی جیهانی ئیسلامی ژێردەسەڵاتی ئەم ئیمپراتۆریەتانـە بـۆ بـەردەوامبوونی نەریتـە هونـەری و کولتوورییـە بۆماوەییـەکانی سـەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلام، یارمـەتی دەربوون.

لەگەڵ ئـەوەی ئـەم کتێبـە بـۆ خوێنـەری ڕۆژئـاوایی نووسـراوە وەك چۆن نووسـەر ئامـاژەی پێکـردووە، کـە هەوڵێکـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئامـانج لـە نمایشـکردنی کـارە هونەرییـە ئیسـلامییەکان لـە مۆزەخانـەی سـکۆتلەندای نەتەوەیی، ئەوا ئێمە پێمـان وایـە بۆخوێنـەری ئێمـەش گرنگـی خـۆی هەیـە.

سەبارەت بەزۆرێکمان ئەم کتێبە وێنەیەکی خۆشیبەخش و لەهەمان کات ناخۆشمان دەخاتە پێش چاو کە ئێمە لەو ژیانەدا پێش ئەوەی ئەو گۆڕانە خێرایانەی کە لە نیوەی سەدەی ڕابردودا بەسەرمانداهاتوە، ژیاوین. هەروەها هەندێ لەوشتانەی کە خانمە نووسەر لەبارەی ژیانی ڕۆژانە لە کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاستوو سەرەتاکانی سەدەی نوێ وەسفیاندەکات، تائێستاش واقیعێکی ڕۆژانەی چەندین گوندی دوردەستن، بەجۆرێك بەشێکی گەورە لە گەلانی عەرەبیلەهەمان بارودۆخی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیانەدا دەژین.

بەڵام ئەم وێنەیە ڕۆژ بەڕۆژو بەشێوەیەکی زۆر خێرا لەگەڵ بڵاوبونەوەی خوێندنی نوێ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی هاوچەرخ وون دەبێت. سەبارەت بە ئێمە زۆر گرنگە لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەم شارانە بە دۆکیومێنت بکەین، ئەو ڕووکارانەی کە پێمان وایە شتی ئاساین و ڕۆژانە تاکی ڕۆژهەڵاتی چەندین بارەیان دەکاتەوە ولەلای هەموو کەسێ زانراون و پێویستیان بە باسکردن نییە، هەندێك لەم ڕووکارانەی ژیان بەلاوە نراون وبەشێکی دیکەشیان خەریکن لە ناودەچن و، ئامانج وبوونی ئەو کولتوورە تەنها لەلای کەمینەیەکی بەساڵاچوو و کەسی ئەکادیمی و توێژەران زانیاریان لەسەرماوە. هەروەها گرنگی ئەم بە دیکۆمێنتکردنە تەنها لە تۆمارکردنی سەرچاوەی شوناسی کولتووریدانییە، بەڵکو گرنگیەکەی لە پاراستنی مێژووی گەشەسەندنی ئەم جۆرە جیاوازییە کولتوورییانەشدایە. تۆمارکردن و بەدیکۆمێنتکردن هەردووکیان هەنگاوی سەرەکینلە بەرامبەر هەر هەوڵدانێك بۆ پاراستنی جیاوازی کولتووری ئەو شارانە کەڕووبەڕوی هەڕەشەی لەناوچوونی ڕەسەنایەتی خۆیان لە بەرامبەر کولتووری هاوچەرخ دەبنەوە، ئەمەش هەنگاوێکی بنچینەییە بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی مەعریفی نوێ بۆ هەر هزرێکی هاوچەرخ کە حەزدەکات تیۆرێکی نوێ بۆ شوناسێکی کولتووری عەرەبی هاوچەرخ پێشکەش بکات.

چوارچێوەی گشتی ژیانی شارنشینی لە شارەکانی رۆژهەڵات

لە بەشی یەکەمدا خانمە نووسەر دەروازەیەك لەبارەی ژیانی شارنشینی، بەکێشانی چوارچێوەیەکی گشتی ژیانکردن لە شارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەماوەی نێوان سەدەی ١٦ و ١٩ دەکاتەوە. خانمە نووسەر بەشیوەیەکی خێرا بەسەر سروشتی جوگرافی وجیاوازییە هەرێمییەکاندا دەپرژێت، وەسفەکانی لەسەر سێ گەورە شار چڕدەکاتەوە ئەوانیشقاهیرە، ئەستەنبوڵ و تاران. خانمە نووسەر هەوڵدەدات بارودۆخی جوگرافی ئەم شارانە، هەروەها زۆر بەکورتی باسی گەشەسەندنی مێژوویی ئەم شارە دێرینانە، کە ڕەگوورپشەی دروستبوونیان بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، بکات، هەروەها چۆنیەتی پەرەسەندن و گەشەسەندنی لەگەڵ هاتنو بڵاوبوونەوەی ئیسلام و پێشکەوتنی ئەم هەرێمانە لەڕووی بازرگانییەوە بخاتە ڕوو. پاشان باسی بارودۆخی ژیانی رۆژهەڵات لەچوارچێوەی گشتی شار لەڕووی شوێن و هەبوونی ئاوو ئاوەدانییەکانی دەووروبەری شار و بازاڕو بەرهەم و ئەو چاکسازییە نوێیانەی لە شێوەو هەندێ وەزیفەی شارەکان ئەنجامدراون، دەکات. خانمە نووسەر ئاماژە بە ڕۆڵی ئیسلام لە پێناسی گشتی و تایبەتی بۆ شار، هەروەها پلانی ڕێکخستنی ئەم شارانە[1] ئینجا دامەزراوەو خزمەتگوزارییە گشتیەکانی ئەم شارانە، وەك مزگوت، بازاڕ، ڕێگاویان و حەمام وپەیوەندی ئەمانە بە دیزاینی گشتی شارو سیستەمی ژیان بەسەربردن تێیدا دەکات.

بەڵام خانمە نووسەر باسێکی تێرو تەسەل لەبارەی توێژەکانی کۆمەڵگەی ئەم شارانە ناخاتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری ئاماری تەواوو وورد لەبارەی ئەم ماوە زەمەنییە بەدەستەوەنییە، ئەوەیشی لەبەر دەستماندایە بریتییە لەدابەشکردنێکی گشتی گروپە ئەتنی و مەزهەبییەکان. دانیشتوانی ئەم شارانە تێکەڵێك لە ڕەگەزی فارسی، عەرەبی و تورکی

بوون. کە زۆرینەیان ئیسلام بوون و کریستیان و جولەکەیان لەناو دا هەبوون. گەڕیدەی ئەڵمانی (کارستن نیبۆر) (١٧٣٣-١٨١٥) - شانشینی دانیمارك لە میانەی شاندێك لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٨. واتە لەنێوان سالآنی (١٧٦١-١٧٦٧) بۆ رۆژهەلآتی ناردبوو- لە کتێبەکەیدا (گەشتێك بۆ میسر ١٧٦١-١٧٦٢) باس لەسەختی سەرژمێرکردنی دانیشتوان لەم شارانەدا دەکات و دەڵێت: لە توانای مرۆڤدانییە شتێکی ووردوتەواو سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی رۆژهەلآت بزانێت، چونکە ولآتانی رۆژهەلآت هێشتا تۆماری رۆژی لەدایکبوون و مردنیان ئامادە نەکردووە، بۆیە گەڕیدە گەربیەوێت لەم ڕووەوە بەووردی سەرژمێرییان بزانێت، ئەوا دوای دیاریکردنی ڕووبەری شار دڵنیا دەبن لەوەی هەموو ئەو ڕووبەرانە خەڵکی لەسەر دەژێت... [٢]

تەنها لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل کە لەم سەردەمەدا ناسرابێت، ئەویش بە یەکێ لە گرنگترین ئەو سەرچاوانە دادەنرێت کە باس لە ڕەوش و داب و نەریتی چینە جیاوازەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە دەکات، ئەویش ئەو لێکۆڵینەوەیەیە کە زانا فەرەنسیەکان لە کاتی داگیرکردنی میسر لەلایەن فەرەنسیەکان لە کۆتایی سەدەی (١٨) و سەرەتای سەدەی (١٩)[٣] ئەنجامیانداوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ یەکەم جار چوارچێوەیەکی نوێی بۆ سەرژمێریکردنی دانیشتوان لە هەریەك لە شارەکانی رۆژهەلآتی ناوەڕاست خستە ڕوو. لەگەڵ ئەوەی سەرژمێرییەکە بەو مانایەی ئێستای بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە باسی هیچ پێوەرێکی بەکارهاتوو بۆ پێوانەکردنی ژمارەی دانیشتوان ناکات، زۆر وورد نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی گشتی لە بارەی توێژەکانی کۆمەڵگەی شارە ئیسلامیەکان بخاتە ڕوو، یارمەتی دەرە.

کۆمەڵگەی میسری لە سەرەتای داگیرکردنی لەلایەن فەرەنساوە لە چینی جیاوازی ئەتنی، ئاینی و پیشەیی پێکدەهات. زانایانی فەرەنسی

سەرژمێریی دانیشتوانیقاهیرەیان لە ساڵی ١٧٩٨ تەنها بۆ پێگەیشتوانی بە نزیکەی ٣٠٠هەزار کەس دانا و، بەسەر چەند توێژێکی جیاواز لەسەر قوچەکی کۆمەڵگەی قاهیرە لەسەرەتای سەدەی ١٩ دابەشدەبن. ئەم قوچەکە لە چینێکی بەرفراوانی کوڕان پێکهاتووە ئەوانەی کاری ئاست نزمیان دەکرد وەك (سواس) خزمەتکار، ئاوگێر، کۆڵهەڵگرو کرێکار،کۆی گشتی ئەمانە بە پێی بۆچوونی فەرەنسیەکان یەکسان بوو بە٤٥ هەزار کەس. واتە رێژەی ٤٥٪ یکۆمەڵگەیان پێکدەهێنا، دوای ئەمان دروستکارو ئەوانەی کاری دەستی ئەنجام دەدەن، ژمارەیان نزیکەی ٢٥هەزار کەس دەبوو. واتە بەرێژە ٢٥٪ ی کۆمەڵگەیقاهیرەیان پێکدەهێنا، پاشان مەمالیکەکان دێن کە ئەمانە پاشماوەی چینی فەرمانڕەوا بوون و دوای هاتنی عوسانیەکان لەناوچوون کە رێژەیان ١٥٪ بوو. پاشان چینی خاوەن زەوی و زارەکانن کە نزیکەی ٦ هەزار کەس دەبوون. واتە بەرێژەی ٦٪. لە کۆتاییشدا بازرگانەکان دێن کە ٤ هەزارن. واتە رێژەی ٤٪ یان پێکدەهێنا، ئەمانە دوای فرۆشتنی بەرهەمەکانیان دووبارە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان لە قوستەنتینیە، ئەزمیر، بەغدا، حەلەب، جەدە و یەنبەع دەگەڕانەوە.

بەڵام سەبارەت بە ژمارەی ژنان، ئەوا بە ١٢٦ هەزار کەس مەزەندە کراون و، ژمارەی منداڵان بە نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس هەژمارکراون.

ئەم شارانە پێشترو ئێستاش بە جەنجاڵترین شار لە ڕووی دانیشتوانەوە حسێبدەکرێن، هەروەها لە هەموو شارەکانی دیکەی جیهان لە ڕووی فرەرەگەزی و ئایینەوە زۆر رەنگ و جیاوازترن، چونکە ئەم شوێنانە پایتەختی کۆنن و ناوەندی چالاکی بازرگانی بوون. بازرگانی ئاورێشم و داودەرمانی بۆندار ئاسیا بە رۆژئاواوە دەبەستێتەوە. هەروەها سەرژمێری خەڵکی ناموسڵمان لە شارە ئیسلامیەکاندا لە شارێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاواز بوو و بەپێی سروشتی مێژوویی شارەکان دەگۆڕان، بەڵام ئەم توێژانە

لەگەڵ دەستە موسڵمانەکانی دیکە بە ئاشتیانە دەژیان و زۆر جار لەبواری کارگێڕی و فەرمانڕەواییدا بەشداریان دەکرد و ژمارەیەکیان لە کارە دەستیەکان کاریان دەکرد. هەروەها لەو پیشانەی کە لە باوو باپیرانیان مابۆوە و بوو بوو بە نەریتێك و هەمیشە پارێزگارییان لە نهێنی پیشەکەیان دەکرد تا سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ لەسەری بەردەوام بوونە.

بۆ نموونە دەتوانرێت هەست بەو فرە رەنگیە رەگەزیەو، ژمارەی ئەوانەی دەکەونە نێو توێژە ناموسلمانەکان لە قوستەنتینیە بکرێت -لەژێر سایەی دەسەلاتی موسڵمانە سونەکان- بۆ نمونە لەژمارەی کڵێسەی کریستیانەکان وپەرستگای جولەکەکان لەچارێکی کۆتایی سەدەی ١٨ تێبینی دەکرێت.

"... تا ئەمرۆ یۆنانیەکان ٢٣ کڵێسایان هەیەو، ئەرمەنەکانیش ٣کڵێسا. سەرباری ئەو کڵێسایانەی کە لە قوستەنتینیە هەیانە، کڵێسای تریش لە (غەلاتە) و دەوروبەری هەیە. هەروەها لە (پیرا) یەکێ لە گەورە پیاوە ئاینییەکان دەژێت کە پاپا ناوی (ئەسقف) ی لێناوە. هەرەوها ڕۆمە کاتۆلیکەکانیش سێ تایەفە بوون، هەر تایەفەیەکیان کڵێسای خۆی هەبوو، لەژێرسایەی ئەم نوێنەروئەو نوێنەری رۆژئاواییدا بوون. هەریەك لە بالیۆزی ئینگلیزی و هۆڵەندیی کڵێسایەکی بچووکیان هەبوو و، نوێنەری سویدیش کڵێسایەکی بچووکی تایبەت بەخۆی هەبوو.

جولەکەکانی قوستەنتینیە و شارو گوندەکانی تر چەند پەرستگایەکیان هەبوو، کە زۆربەیان تەلمودیبوون، بەلام تایەفەی قورائەکان پەرستگای (غسکۆف)یان هەبوو. هەروەها ئەو تایەفە جیاوازانەی کە ناموسڵمانن یانیش تایەفەی تری بتپەرست، ڕێگایان پێنادرێت تا پەرستگای تایبەت بە خۆیان دروستبکەن، بەلام تایەفە جیاوازەکان بێ ئەوەی دەسەلات ئەوەندە گرنگیان پێبدات، کۆبوونەوەی خۆیان دەکرد... (٤).

لێکۆڵینەوەی "وەسفی میسر" توێژە ئاینییە جیاوازەکانی میسر دابەشدەکات و، ئاماژەدەکات بەوەی موسڵمانان ٤مەزهەبن، ئەمە

دەیسەلمێنێت کە زانایانی فەڕەنسی شارەزایی تەواویان لە بارەی مەزهەبە ئیسلامیەکانی تر نەبووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریدەخات، کە سەرەرای ئەوەی سەرکردەی فەرماندەیی و دەستەی قەزای هەرێمەکان سەر بە مەزهەبی حەنەفی بوون و پاشکەوتەی دەسەلاتی قوستەنتینیەیە، ئەوا زۆربەی دانیشتوانەکەی لەلایەنگرانی مەزهەبی شافعی بوون، هەروەها هەندێ لەلایەنگرانی مەزهەبی مالیکی و ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرانی مەزهەبی حەنبەلییان تێدابوو، بەلاّم تایەفە کریستیانەکان لە میسر بریتیبوون لە قبتی، ئەرۆمی، ئەرمەنی و مارۆنی. ئەمانە لە نێوان تایەفەی کاتۆلیکیی کەلایەنگری پاپا بوون لە رۆما و تایەفەی هراتقەی مەستورییەکان، کە سروشتی دوالیزمی حەزرەتی مەسیح رەتدەکەنەوە، دابەشدەبوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەدەکات بەوەی جولەکەکانی میسر لە دوو تایەفە پێکهاتوون:

((... گرنگترینیان تایەفەی قورائەکان بوون، ئەم دوو تایەفە گیانی لێبوردەیی لە نێوانیاندا هەیە، بەلاّم تایەفەکانی تری ئەم ئاینە کە نیبۆر لە کتێبەکەیدا (وەسفی نیمچە دورگەی عەرەبی) لە میسرو هەموو دەشتی نیل روونی کردووەتەوە کە بوونیان نیە...) [٥].

بەلاّم دەسەلاّتی سیاسی لە ولاّتی فارس زۆرینەی دانیشتوانی لەو ماوەیەدا لەسەر مەزهەبی شیعی دوانزە ئیمام بوون، توێژە موسلّمانە سونەکان لە کەناری کەنداو دوور لە پایتەختی شیعە مەزهەب جێگیربوو بوون. هەرێمە رۆژهەلاّتیەکان لە ئێران و هند سەرەرای بوونی کرستیانە رۆژهەلاّتیەکان، ئەوا نێردراوە ئەوروپییەکان (الارساليات الاوروبية) هەبوو بە تایبەتی لە راهیبە یەسوعییەکان. ئەمانە لە تاران نفوزو توانەیەکی زۆریان لە بەڕێوەبردنی کاروباری لایەنگرە کریستیانەکانیان لە خەڵکی رۆژهەلاّت و ئەوروپیەکان، هەروەها لە پارێزگاریکردن لە بازرگان و گەڕیدە

ئەوروپییەکان لەکاتی تێپەربوونیان بەو ناوچانە هەبوو. هەروەها جوولەکەکانیش نفوزێکی بەهێزیان لەناو شارە فارسییەکان بە تایبەت لەشیراز هەبوو.

ئینجا لە لادێ دوور دەستەکان، زەردەشتی و ئەوانەی لایەنگری ئاینە زەمینیەکان بوون دەژیان، بەجۆرێك شاخ و چیاکان ببوونە شوێنی گیرسانەوەی تایەفە نامسوڵمانەکان.

ژیان لە ماڵە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵات

بەشەکانی ئەم کتێبە باس لە ناو ماڵی چینی باڵاو چۆنیەتی ژیانی ڕۆژانەیان لە کۆمەڵگەدا دەکات، کە دەکرێ باشترین ئەو شتانەی کە کولتووری لۆکاڵی بەرهەمی دەهێنێت و، گران بەهاترین ئەو شتانەی کە بازارەکان لە کولتوورە دوورەکانەوە هاوردەی دەکەن، لەم ماڵانەدا بەرچاوبکەون. خانمە نووسەر لە سەرسامبوونی بە ڕۆژهەڵات، وێنەی دەوڵەمەندی و زەنگینی ئەو ناوچەیە دەکێشێت، ئەم وێنانەش زۆر لە ڕاستیەوە دووربوون، چونکە تەنها لە کۆشك و تەلاری پاشایەتی و دەسەڵاتدارو میرو ماڵی هەندێ لە کەسە زۆر دەوڵەمەندەکان دەبینران، تەنانەت بنەماڵە دەست ڕۆیشتوەکانیش نەیان دەتوانی ئەم دەست بلاوییە بکەن و، کەنیز لە ژێر پێی گەورەو خانمەکانیان ڕێز بن و چاوەڕێی بچووکترین ئاماژە یا بچووکترین جوولەبن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان و ئارەزووەکانیان (وێنەی١).

لەکاتێکدا چینە دەوڵەمەندەکان ڕۆژگاری خۆیان لە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بەسەردەبرد، وەك جگەرەکێشان و قاوەخواردنەوە و گوێگرتن لە چیرۆك و خەندەی ژنانیان و مۆسیقاو گۆرانی، ئەوا چینە هەژارەکان لە پێناو پەیداکردنی نانی ڕۆژانەیان هەوڵیاندەدا و زەحمەتییان دەکێشا. مانەوەی پیاو

لە سەر کارکردنی قورس و بەردەوام دەوەستا، وەك ڕاکێشانی چوارچەرخە گەورەکان لە ژێر خۆرەتاوی سوتێنەر کە دەیدا بە تەپڵی سەری ڕاکێشەرەکەی بێ ئەوەی ماندوویەتی یان جاڕسبوونی خۆی دەربخات. هەروەها جووتیارەکان لە ژێر ئەو کەش و هەوا گەرمەی کە هەیە، زەوی دەکێڵن.

هەروەها ژنی ماڵە دەوڵەمەندەکان زۆر داپۆشراو بوون و خزمەتکارەکانیان لە جێی ئەوان کارەکانی ئەوانیان ئەنجامدەدا (وێنەی٢). ژنی ماڵە هەژارەکان سەرقاڵی ئیش وکارەکانی ناو ماڵ و یارمەتیدانی پیاوەکانیان بوون لە کێڵگە، ڕەنگە ئەمان لە پیاوەکانیان ماندووتربن (وێنەی٣) ئێدوارد ویلیام لین — کە لە نێوان سالانی ١٨٣٣-١٨٣٥ سەردانی میسری کردووە — وەسفی ژیانی قورسی ژنانی ئەم چینە هەژارە دەکات:

((... ژنانی چینی خوارەوە زۆر بەکەمی ڕێك دەکەوت کە ژیانێکی بێ ماندوو بوون بەسەر بەرن، بگرە هەندێکیان وا مەحکوم کرابوون کە لە پیاوان کاری زیاتر بکەن. کاری سەرەکیان ئامادەکردنی خواردنە بۆ هاوسەرەکانیان و ئاو کێشان بە گۆزە (وێنەی٤) و ڕستنی خوری، لۆکەو کەتان، هەروەها ئامادەکردنی سووتەمەنی کە بە (الجلة) ناودەبرێت-واتە تەپاڵە- ئەمەش لە پاشماوەی مەرومالات و تێکەڵێکی شێلراو لەگەڵ توتن، ئینجا لەسەر شێوەی تۆپەڵی بازنەیی تۆپەڵدەکرێت و بە دیوار یا سەربانی خانوەکانیانەوە سواغ دەدرێن، یانیش لە سەر زەوی دادەنرێت بۆ ئەوەی لە ژێر خۆر ووشك ببێتەوە و بۆ ئاگرکردنەوە لە ناوئاگردانەکان، جاری واش هەبوو بۆ شتی تر بەکاردەهات، هەروەها ژنانی ئەم چینە لەچاو ژنانی چینە بالاکان زیاتر گوێڕایەڵی پیاوەکانیان دەکرد...))[٦].

بەلام منداڵی چینە هەژارەکان هەر لەسەرەتای شەش ساڵی یا حەوت ساڵییەوە وا پەروەردەدەکرێن، کە بۆ خێزانەکانیان بە کەڵك بن (وێنەی٥).

منداڵی ئەم چینە شوانکارەییان دەکرد و لەگەڵ مەڕو وماڵاتەکانیاندا دەچوونە دەرودەشت. دوای ئەوەی کەمێك گەورەدەبن و ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن لە چاندن یا ئەو کارە دەستیە سادانەی کە باوانیان پێوەی خەریکن، یارمەتییان دەدەن.

بەڵام لێرەدا خانمە نووسەر لە باسەکانیدا جەختی لەسەر ماڵە دەوڵەمەندەکان کردوەتەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان ئامانج لە نووسینی ئەم جۆرە کتێبەیە، ئەویش ئامادەکردنی چوارچێوەیەکە بۆ ئەو شتانەی کەلە مۆزەخانەی سکۆتلەندی نیشتمانی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نمایشکراون. هەریەکێ لەو ماڵە زەنگینانە دەتوانێت بۆ هەموو ئەو هونەرە جوانانە پێشانگایەك بێت، هەر لە هونەرە بچووکەکانەوە کە لە قاپ و قاچاخی فەخفوری، زەخرەفەی دروستکراو، ئاوێنە، قۆری، قاپی کانزایی، شانە، عەتر و گوڵاو ڕێژی شوشەیی، چنراوی جل و بەرگ و لاکێش، تا دەگاتە پارچەی بیناسازی و ئەو زەخرەفانەی کە تێیدا بەکارهاتوون و جۆرەکانی دیوەخان و ئەو دارو زەخرەفە گەچی و شوشە ئاوێزە ڕەنگاورەنگانەی تێیدا بەکارهاتوون تا هونەری بیناسازی.

بەڵام هۆکاری دووەم، کەمی سەرچاوەی نووسراوە، بۆئەوەی ببێتە بەڵگە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆتاییەکانی سەدە ناوەڕاستەکان و سەرەتای سەردەمی نوێ. لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی تێرو تەسەل باسکردن لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕێگەی نووسینەکانی مێژوو نووسە موسڵمانەکانەوە بەدەستمان گەیشتووە، وەك ئیبن تەغری بەرەدی، مقریزی و قلقشەندی، ئەوا سەرچاوەیەکی زۆر کە هەموولایەنەکانی ژیان وێنا بکات، ئەو ژیانەی خەریکە گۆڕانی ڕیشەیی بەخۆوە دەبینێت سەبارەت بەو ماوەیەی کە خانمە نووسەر باسی لەبارەوە دەکات، بەتایبەتیش لەلای چینە هەژارەکان، بەدەستەوە نییە. زۆریەی ئەو

سەرچاوانەی باس لەو ماوەیەی کە لێکۆڵینەوەکە خستوویەتیە ڕوو، دەکەن. لە نووسینەکانی ئەو گەڕیدە ئەوروپایانەوە وەرگیراون کە زۆربەیان لەبنەماڵەی دەوڵەمەندەوە هاتبوون و لە ڕۆژهەڵات بە ئامانجی گەڕان و تەماشاکردن یا بۆ بازرگانی دەهاتن، یا وەکو باڵیۆزی وڵاتەکانیان دەنێردرانە ڕۆژهەڵات. هەروەها جاری وا هەیە سەرچاوەکان لە سەریاداشتەکانی ئەو بەخێوکارە ئەوروپیانەوە وەرگیراون، کە بۆ سەرپەرشتیکردن و فێرکردنی کچانی کۆشك دەهاتن، یانیش لە یاداشتەکانی ئەو کچانەوە وەرگیراون، کە بە پلەی خوێندنی باڵا گەیشتوون، ئەم پلەیە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لەو سەردەمە فەراهەم نەدەبوو. بۆیە شتێکی سروشتی بوو کە زۆربەی مامەڵەکانی ئەم گەڕیدەو نووسەرانە لەگەڵ چینە باڵاکانی کۆمەڵگە بووبێت، بەمەش زۆربەی سەرگوزشتە و نووسینەکانیان لەسەر بنچینەی ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ ئەم چینانە کردوویانە بووە. هەروەها زۆربەی ئەو شتانەی کە بەدەستمان گەیشتوون لە ماڵ و خانووو کەل وپەل، تایبەتن بە ماڵە دەوڵەمەندەکان کەلە باشترین وچاکترین و بەهێزترین مادەو کەلوپەلی بیناسازی و بەدەستی باشترین کارساز دروست کراون،بۆیە ئەم کەل و پەلانە توانیویانە بۆماوەیەکی زۆر و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بمێننەوە.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە دابەشکردنی ڕووبەری ناوەوەی ئەم ماڵە شارنشینانە دەخاتە ڕوو تێیدا باس لە دابەشکردنی ئەم ڕووبەرانە دەکات، هەر ڕووبەرێك کە زیاتر لە وەزیفەیەکی هەیە، وەك شوێنی دانیشتن و بژێوی، دیوەخان و ژووری نووستن، هەروەها ئەو ڕووبەرانەی وەزیفەی دیاریکراوی خۆیان هەیە، کە پاشکۆی خانووەکانن، وەك چێشتخانەو ژووری عەمبارکردن وتەویلەکان. هەروەها ئاماژە بە ماددەی بیناسازی جیاواز دەکات، کە لە باڵەخانەو زەخرەفەی ماڵەکان وەکو بەردو دارو شووشەی ڕەنگاو ڕەنگ، بەکاردێن.

لێرەدا خانمە نووسەر مێژووی پێشکەوتنی ئەم دابەشکردنەی ڕووبەری ناوەوەی خانوو لە چەند دێڕێکی کورتدا باسدەکات. خانمە نووسەر باسی ئەو دابەشکردنەی ئیسلام لە جیاکرنەوەی ڕووبەری تایبەتی لە گشتی پەیڕەوی دەکات، دەکات، هەروەها ئاماژەیەکی بچووك لە بارەی داکۆکی کردنی ئیسلام لەسەر چاوپۆشین وداوێن پاکی دەکات. ئەم سنووردارکردن و جیاکردنەوەیەی لە نێوان تایبەت و گشتی کراوە،بەدرێژایی مێژووی فقهی لەو ڕێساویاساو تەشریعاتانەوە هاتوون کە قازییەکان لەسەر کۆمەڵگە پراکتیزەیان کردووە، ئەمەش وورده وورده کاریگەری لەسەر داب ونەریت دروستکردوە و بووە بە مۆرکێکی گشتی ناو ماڵەکان. شەرعیەتی ئیسلامی بەرامبەر خۆخزاندنە ناو حەرەمی ماڵەکان لێبوردنی نیە، جا ئەو کارە لەلایەن ئەوانەوەبێت کە هاموشۆی سەر ڕێگا گشتیەکان دەکەن، یا ئەو دراوسێیانەی دیواریان بەیەکترەوەیە (وێنەی٦)، تەنانەت ئەمە مزگەوتەکانیش دەگرێتەوە... سمهۆدی لە ((خلاصة الوفا بأخبار مصطفى)) دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

((... عومەر کوری عەبدولعەزیز چوار منارەی لە چوارگۆشەی جیاجیای مزگەوتەکە کرد و کەبیری کوری جەعفەر دەڵێت: منارەی چوارەم بەسەر ماڵی مەروانەوە دەیڕوانی، بۆیە فەرمانی دەرکرد ئەوە بووتانیوەرۆ مزگەوتەکە لەگەڵ دەرگاکانی رووخێنرا، ئینجا خانووەکەی مەروان کە لە پێش مزگەوتەکە دێت...)) (٧)

زۆر گێرانەوە و بڕیار لە بارەی پارێزگاریکردن لە ماڵ وحاڵ وحەیاو حەرەمی خێزان لە چاوی کەسانی کەم هەیە، هەروەها ئەو ڕێساو بڕیارانە ڕەچاوی هەموو شتێکی، وەك دابەشکردنی دەرگاکانی خانوو، پەنجەرەو بڵندی دیوارەکان، دروستکردنی دوکان لە نێو ماڵەکان کردوە. ئەمانە هەر لە سەرەتای مێژووی ئیسلامییەوە حیسابیان بۆ دەکرا.

پاش ئەمە لە بەشی سێ یەمی ئەم کتێبە خانمە نووسەر ماڵ و تایبەتی ناو ماڵی دەوڵەمەندەکان و ئەو ئامرازانەی ڕۆژانە بەکاریدەهێنن، هەروەها چۆنیەتی ڕازاندنەوەو زەخرەفەی قەد دیوارەکان دەخاتە روو.

خانمە نووسەر ئاماژە بە رۆڵی ڕستن وچنین لە ڕایەخکردن وڕازاندنەوەی ناو ماڵەکان دەکات و، باس لە زەوق وسەلیقەی گشتی ئەو سەردەمە لە ڕازاندنەوەی بنمیچ و زەوی ژوورەکان بە تەختەدارو زەخرەفەی گەچی و بەرگرتنی پەنجەرەکان بە پێشگر (مشربية) -دوو لایەکی لە داردروستکراو لەسەر شێوەی دەرگایەو بەدیوی دەرەوەی پەنجەرەکانەوە دادەنران بۆ پارێزگاریکردن لەحەرەمی خێزان ولەبەر کەش و هەوای گەرم، بەرپەنجەرە زیاتر لە میسر باوبوو-دەکات.

ئەمە مانای وانییە کە ناو ماڵی هەژاران بە زەخرەفەو شتی جوان نەڕازێنراوەتەوەو زەخرەفەو جوانکاری تەنها تایبەت بوویێت بە خانووی دەوڵەمەندەکان وکۆشکی پاشاکان، بەڵکو جوانی بەشێکی ڕۆژانە بوو لە ژیانی تاکەکان و حەزێکی ڕاستەقینە بۆ هەڵبژاردن و وەرگرتنی شتە دروستکراوە جوانەکان هەبوو، بە چاوپۆشی لەو وەزیفەیەی کە ئەنجامیدەدات، تەنانەت قاپ و قاچاخی فەخفوری لە هەرێم و گوندەکانیش لە دەست ڕەنگینی و جوانی لە شێوەی گشتی ئەوانە بەدوور نەبوون، کە سادەییەکی دڵڕفێن لە زەخرەفەو نەخشەکانیدا بەدیدەکرێت.

بازاڕەکان بە ئەندازەی جیا جیا جۆرەها نەخش ونیگاری تێدا دەفرۆشران، بۆ نموونە گەر ڕووناککەرەوەکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات وەرگرین دەبینین جۆرەها چرا هەبوون، چرای ڕوونی فەخاری کە شووشە نەبوو،هەروەها چرای ڕوونی، کە لە شووشەی ئاوزێڕکراو دروستکرابوو. لە نێوان ئەم دوو جۆرەشدا چرای ڕوونی قوڕین و شووشەی سادەو ڕووپۆشراو بە مینا، جۆرێکی تری چرا بوون.

گرنگە لێرەدا بە تێروتەسەلی ئاماژە بە جۆری روناککەرەوەکان لە ناومالّی شارە رۆژهەلاّتیەکان پێش هاتنی کارەبا بۆ ناوچەکە، بکەین. پێمان وایە خانە نووسەر زۆر بەسەر ئەم بابەتە ناپرژێت تا مافی تەواوی خۆی پێبدات.

رووناکی بە شێوەیەکی گشتی پشتی بە چرای روون و مۆم دەبەست. ئەم شارانە فانۆسی لەو جۆرەی ناسیوە کە دەپێچرێت، ئەم فانۆسە بریتیە لە قوماشێکی بەمۆم کراو و بە دەوری تالێکی کانزاییەوە لوولدەدرێت. فانۆس سەرێك و بنکەیەکی رەقی مسیبوو، کە خەلّکی لە کاتی گەرانی شەوانەیاندا بە دەستیانەوە دەگرت. بەلاّم چرا باوتر بوو، بە قندیل دەناسرێت و بریتیە لە قودویەکی شوشەیی و بنکەیەکی عەمبار ئاسا کە فتیلێکی لە پەمۆ دروستکراوی تێدایە، ئەم فتیلە بە دەوری چوکلّەیەکەوە دەئالێنرێت. یەکەم جار ئاو دەکرێتە ناو عەمباری قودوەکە، پاشان روونی بەسەردا دەکرێت. هەمیشە قندیلەکان لەسەر دەروازەی خانوو و مزگەوتەکان بە زنجیری کانزایی هەلّدەواسران، بەلاّم دیوی ناوەوەی مالّەکان، ئەوا بە مۆمی گەورە رووناك دەکرانەوە، کە لەسەر زەوی یا لەسەر هەلّگری دارین دادەنران، بەلاّم بۆ پاراستنی مەشخەلّەکە لە کوژانەوە بەهۆی ئەو شنە بایەی جارجارە لە مەشرەبیە دارینەکانی حەوشە کراوەکانەوە دەهاتنە مالّەو، قندیلێکی شوشەیی بەکاردەهات. شاردان وەسفی ژووری رووناك وبۆن رێژکراوی تاران لە کۆتایی سەدەی ١٧ دا دەکات:

... خەلّکی تاران زۆر کەم مۆم بەکاردەهێنن، بەلاّم بۆ چرا، لە جیاتی زەیت بەز (شحم) پاك وبێگەرد بەکاردێت وەك مۆم هیچ بۆنێکی نیە. جاری واش هەیە مۆم بەکاردەهێنن، لەنێوانیشیاندا مۆمی بۆندار، کە لە مۆم یا لە تێکەلّەیەك لەمۆم و روونی قرفە و دەنکە قەنەفل، یانیش لە روونی بۆنداری تر دروستکراون..))[٨]

ئـەو وەسـفانەی خانمـە نووسـەر لەبەشـی چـوارەمدا لـەبارەی ژیـانی خێزانیەوە کردویەتی، ئینجا ئەگەر ئـەو وەسـفە بـۆ خێزانـی دەوڵەمەنـد یـا هەژار بێت، یانیش بۆ خێزانی درێژەوە بوو لەرووی جیاکردنەوەی ژوورەکانی بەشی بژێوی، کە ژنان تێیدا دەژین و ژوورەکانی بەشیپێشوازی کە تایبەتـە بـە پیـاوان، ئـەوا ژیـانی ڕۆژانـەی خێـزان لـەناو ئـەم ماڵانـەدا وێکدەچـن. کاتەکانی نوێژکردن ئیشوکارەکانی ڕۆژانەی هـەموو چینەکانی کۆمەڵگـەی ڕێکخستوە، هەروەها نوێژی سپێدە سەرەتای بەیانی، بانگێکە بۆ سـەرەتای ڕۆژێکی نویێ و، نوێژی عیشا ئاگادارییەکە بۆ نزیکبوونەوە لە کۆتـایی ئـەو ڕۆژەو هاتنی کاتی خەوتن.

پاشان خانمە نووسەر لەم بەشەدا دەپرژێتـە سـەر کولتـووری گشـتی وئـەو فێرکردنانـەی کـەبۆ ئـەو کەسـانەی لـە چـینە باڵاکـانی کۆمەڵگـەن، فەراهەمکراوە. هەروەها باسی ئەوە دەکات، کە چۆن کولتـووری ئـەم چینانە لە بـەردەوام لـە گۆڕاندایـە. لێـرەدا خانمـە نووسـەر پێـی وایـە ئـەم کولتـوورە هاوڵاتیەکی نەرم ونیان لە هـەڵس وکـەوت و بـە ئـەخلاق بەرهـەم دەهێنێـت، بـەجۆرێك ئیسـلام دەروونـی پـەروەردە کـردوە و چوارچـێوەیەکی گشـتی بـە ئەخلاقی خەڵکی بەخشیوە، ئەمەش وایکـردوە کۆمەڵگـەی ئیسـلامی ببێتـە جێگای سەرسامبوون لەلایەن تەنانەت ئەو لێکۆڵەرانەش کە دژی دەوەستان:

((... میسـرییەکان بـەوە دەناسـرێنەوە کـە رێـزی گـەورەیان دەگـرن، هەروەها خۆشەویستی منداڵەکان لەلایەن دایك و باوکەکانیانەوە یەکێکە لە فەزیلەتە سەرەکیەکانیان. کوڕان بـە پـیرۆزی ئاینییـەوە تەماشـای باوانیـان دەکەن و هـەرگیز زات ناکەن لەبەردەمیان جگەرەبکێشـن و، ڕێگـا بـەخۆیان نادەن ئەو هەڵس وکەوتە بکەن، تەنیا دوای ژن هێنانیان نەبێت. لەدوای ئەم پرۆسەیە، ئینجا خۆیان بە پیاو دەزانن، لەگەڵ ئەمەشدا باوانیان سەرپەرشت و بەبەردەوامی جێگای خۆشەویستی وسۆزیانن...))[٩]

بەڵام سەبارەت بە پرۆسەیفێربوون، ئەوا خانمە نووسەر باسی ئەوە دەکات، کە منداڵی چینە باڵاکان بەکوڕ و کچیانەوە بە ئەندازەیەکی باش دەیانخوێند و فێردەکران، بەڵام لەو ماوەیەدا خوێندن و فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی و لەناو چینە هەژارەکان بەشێوەیەکی تایبەتی تا ڕادەیەکی زۆر بوونی نەبوو. کچان هەر ئەوەتە شتێکی زۆر کەم فێردەکران، بەڵام کوڕان هەندێ نووسین و خوێندنەوە فێردەکران، ئەویش لە ژێردەستی مامۆستایەك کە توانایەکی زانستی دیاریکراوی هەبوو. ئەو زانایانەی لەگەڵ داگیرکەری میسر هاتبوون ئەو وێنەیەمان بۆ دەگەڕێنەوە، بەڵام خانمە نووسەر چۆنیەتی خوێندن و فێرکردن لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا چارەگی یەکەمی سەدەی٢٠ کە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، دەخاتە ڕوو، وێنەکەش ئەوەیە کە لەم کتێبەدا باسیدەکات. وێنەی کچێکە کە فێرکردنێکی سەرەتایی لەخوێندنەوەی قورئان و شتێکی کەمیش لە بیرکاری وەردەگرێت.

((... هیچ شتێك دەنگە دەنگی لەو قوتابخانە گشتیەی کە لە میسر هەیە زیاتر نیە، بەجۆرێك منداڵان فێری نووسینی ئەلفوبێ و ووشەکان دەکرێن، لەهەمانکاتدا فێردەکرێن چۆن ئەو وشەو پیتانە دەربڕن. ئەمانە تەنیا خوێندنەوەو نووسین و لەبەرکردنی هەندێ بەشی قورئان فێردەبن. لەم سنوورە سادەیەی فێربووندا خوێندنی سەرەتاییان دەخوێند. قوتابیەکان بەدەنگێکی بەرز لەناو هەمان حەوشدا ئەو وانەیە دەڵێنەوە کە پێشتر وەریانگرتووە. لێرەوە دەتوانین بیرۆکەیەك لای خۆمان سەبارەت بەو دەنگە دەنگەی لەپۆل گوێ بیستی دەبین، دروستبکەین. لەم ڕووەوە مامۆستا دەبێت لەگەڵ ئەو دەنگە دەنگە ڕاهاتبێت تابتوانێت دان بەخۆیدا بگرێت، ئەمەو هەروەها لەگەڵ ئەو خووە باوەی هەر منداڵێك هەیەتی، وەك گۆرانی ووتن لەکاتی وانە خوێندن یان لەکاتی خوێندنەوە، منداڵانی میسر لە کاتی ووتنەوەی وانەکان ڕاهاتبوون بەشێوەیەکی بەردەوام بەشی سەرەوەی لەشیان بجولێنن...))[١٠].

لەگەڵ ئەوەی چەندین کتێبخانەی گشتی وەك پاشکۆی مزگەوت و تەکیەکانی ناو شار هەبوون، کەچی ژمارەی کتێب فرۆشان زۆر کەمبوو. بۆ نموونە ئێدواردلین باس دەکات گوایە هەواڵیان بۆ هێناوە بەبوونی تەنها شەش کتێب فرۆش لەقاهیرە، کە چەند ناونیشانێکی دیاریکراو لە کتێب دەفرۆشن، بەڵام گەر یەکێکیان کتێبێکی دانسقی دەست بکەوتایا، ئەوا بەناو ئەو کڕیارانەیدا دەسوڕێتەوە کە هەست دەکات گرنگی بە بابەتەکانی کتێبەکە دەدەن و زۆری پێناچێت دەیفرۆشێت.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بکرێت بەوەی خوێندنی زانستە سروشتییەکان لەم سەردەمانەدا داتەپینی بەخۆیەوە بینیبوو، بایەخیان ئەوەندە نەبوو، ئەفسانەکان باڵی بەسەر بیروباوەڕی خەڵکی دا کێشابوو، بۆ نموونە لەو سەردەمەدا باوەڕێك لەبارەی گیانەوەری ئەفسانەیی وەك دێوەزمە بوونی هەبوو، ئەفسانەکە وا باسیدەکات، کە ئەو دێوەزمەیە جنۆکەیەکی خراپە و لەسەرشێوەی چەند ئاژەڵێکە و جارجارە شێوەی چەندین دێوی ترسناك وەردەگرێت، کە لەناو گۆڕستان و کەلاوەکاندا دەژین و، خواردنیان تەرمی مردو و ئەو مرۆڤانەن کە بەهۆی بەدبەختیانەوە ڕێگایان دەکەوێتە سەر ڕێی ئەو دێوەزمانە، ئەوانیش دەیانکوژێن وگۆشتەکەیان دەخۆن.

بڕوابوون بە فاڵچیەتی و جادوویی پەرەی سەندبوو، تەنانەت وایلێهاتبوو جادوویی بە زانستێکی ڕۆحانی دادەنرا. ئینجا خەڵکی زۆر بەتوندی پەنایان بۆ ئەو فاڵ و فەرەجانە دەبرد، کە لەنێو خەڵکدا بە نووشتە و قەزمەنووشتە ناودەبرا. بۆیە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و، ناوی جنۆکە و فریشتەکان لەسەر کاغەزێك دەنووسراو لەسەرشێوەی سێگۆشە قەد دەکرا، پاشان لەناو قەزمەیەکی سەوز دەدورا و ژنان بە تاقی ژوورسەری منداڵەکانیانەوە هەڵدەواسی، خۆشیان لە باخەڵی خۆیان و پیاوانیش لەنێو جل و بەرگەکانیان و قۆڵی ڕاستیان هەڵیاندەگرت، یان دەیان شاردەوە، تەنانەت مەڕوماڵاتەکانیشیان

بەم شێوەیە چاودێریان لێدەکردن. شاردان لەبارەی ئەو شتانەی لە ئێران لە چارەگی کۆتایی سەدەی حەڤدە بینیویەتی،نووسیوویەتی:

((... لەبەشی باشووری کۆشك، ئاژەڵی دڕندە کە بۆ ڕاوکردن دانراون دەبینی، وەك شێرو پڵنگ و بەچکە شێرو ئاژەڵی تر، لە بەشێکی تری کۆشك چوارچەرخەی هندی تایبەت بەڕاو دەبینران، کە بەهۆی گای سپی سەرنج ڕاکێشەوە، ڕادەکێشران. هەروەها ئاژەڵی تری تایبەت بە شەڕکردن وەك، گامێش وگاو گورگ و بارهەڵگر هەبوون. هەریەکێك لەم ئاژەڵانە مل بەستێك بە ملیانەوە بەسترابوو، ئەم ملبەستە فاڵ و کاغەزی نووسراوی تێدابوو بۆ ئەوەی ئەو ئاژەڵانە بپارێزێت. موسڵمانەکان ئەم فاڵ و کاغەزە نووسراوانە نەك تەنها بە ملی ئاژەڵەکانیان، بەڵکو بە هەمان ئەندازە بەملی هاوسەرو منداڵەکانیشیانەوە دەکەن و لەسەر شتی بێ گیانیش هەڵیدەواسن...))[11].

باشترین نووشتە لای ئەو تورکانەی لە چینی باڵابوون، کۆپیەکی بچووککراوەی قورئانی پیرۆز بوو، کە لەناو قەزمەیەکی بچووك و دووراو لەناو پارچەیەکی دروستکراو لە پێست یان مەخمەل و لەلایڕاستی لەش و، بە تاڵی ئاورێشمی لەسەر شانی ڕاست لوولدەدرێت و قایم دەکرێت. هەروەها ئێدوارد لین دەگێڕێتەوە، کە زۆر بەکەمی دەبینرا سەربازێکی تورکی پلە بەرز ئەو جۆرە نوشتەیەی بەقەدەوە نەبێت.

بەڵام ڕاڤەی کولتووری لەم جۆرە کۆمەڵگە شارنشینانەدا کارێکی ئاسان نیە. ئەوەتا چینی کۆمەلایەتی یەك بەدوای یەك و پێکەوە بەستراو هەیە و، بە پێی ئەو یەك بەدوای یەکییەوە، کولتووری یەك بەدوای یەکیش دروست دەبن، ئەوەتا کولتووری خەڵکی عەوام، کولتووری بازرگانەکان، کولتووری کارمەندە بەرزەکانی سوڵتان، کولتووری زانایان و کولتووری چینی دەسەڵاتدار کە لەلایەن زانا سەربژاردەکانەوە دانراوە، بوونیان هەیە. ئەم وردە کولتوورانە لە بۆشاییدا وەزیفەی خۆیان جێبەجێ ناکەن، بەڵکو بەو

شتانەی کە لە سەرەوە یان خوارەوەیان هەیە یان هاوشانیانن، کاریگەر دەبن. بە درێژایی هەموو سەدەکانی ئیسلام ڕەخنە و نارەزاییەك لەلایەن زانایانەوە هەیە تا دەگەیشتە ڕادەی یاخیبوون لە بەرامبەر کولتووری (بەبێیی) (الدونیة) نەك نارازیبوون سەبارەت بە چین، بەڵکو نارازیبوون بە کولتوورو بیروباوەرو و چۆنیەتی گوزارشت لێکردنی، بۆ نموونە وەکو چۆن لە نووسینەکانی هزرڤانەکانی سەردەمی ڕێنسانسی عەرەبی نوێ و بزوتنەوەی وەهابییەکان دەبینرێت.

جل و بەرگ و خۆرازاندنەوەی کەسی

دوای ئەوە لەهەمان بەشدا خانمە نووسەر دەچێتە سەر باسی ئەو بابەتەی کە خۆی حەزی پێیەتی، ئەویش جل و بەرگ و جۆرەکانی پۆشاکە لە شارە جیاوازەکان و لای موسڵمانانی چینی باڵا، ئینجا زیاتر وەسفی جل وبەرگی ژنان دەکات. بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین زۆر بەئاسانی وێنەی جل و بەرگی هەر چینێك لە چینە کۆمەڵایەتیەکان و هەر شارستانیەتێك کە لەو ماوە زەمەنیەدا هەبوبێت، بکێشین. ئەویش بەهۆی ئەو وەسفە وورد و تێروتەسەلەی کە لەبارەی پۆشاك وجل وبەرگ لەشارە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات کراوە، ئەمە جگە لەو وێنەو شێوانەی لەلایەن گەڕیدەکانەوە بۆ ڕوونکردنەوە کێشراون، کە لەو قۆناغەدا بەو ناوچانەدا تێپەڕبوون.

خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی لەحەزی پۆشینی جل وبەرگی پان وپۆڕو درێژ هاوبەشن، ئینجا خەڵکی عەرەبی یان تورك یان فارس بن. ئەگەرچی شار و هەرێمە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵات مۆرکی خۆجێیی خۆیان هەیە و لەوانیتر جیایان دەکاتەوە، هەروەك چۆن پایتەختەکان بە درێژایی چاخە جیاوازەکان سەلیقەی شمەك و جل و بەرگیان گۆڕاوە، بەهەمان شێوە تاکەکانی شارە گەورەکان و ئەو هەرێمانەی کە سورن لەسەر پەیڕەوکردنی سەلیقەی نەجیب زادەکانی پایتەخت،

لەم بارەوە گۆڕاون. هەروەها سەلیقەی گشتی ناوچەکە بەدرێژایی چاخەکان ڕقیان لە ڕەنگی ڕەش دەبێتەوە، کە بە ڕەنگی تازیەباری دادەنرێت و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ڕەنگی ڕەش بە تایبەت فارسەکان نایپۆشن، چونکە پێیان وایە ڕەنگی بەدبەختیەو خەڵکی ڕقیان لێدەبێتەوە و حەز بە پۆشینی ناکەن.

((... بە ڕەنگی شەیتان ناوی دەبەن. هەموو ڕەنگێك لە هەموو تەمەنەکان بەبێ جیاوازی دەپۆشن، جگە لە ڕەش. وێنەیەکی دڵخۆشکارە کاتێك بە شەقام و شوێنە گشتیەکاندا تێپەردەبی خەڵکێکی زۆر بە جل وبەرگی ئاهەنگەوە دەردەکەون (وێنەی٧) و پۆشاکی بریسکەداری ئاڵتونی یان بریقە یان ڕەنگی ئاڵ و والا لەبەردەکەن...))[١٢].

لەکاتێکدا چینی ناوداری کۆمەڵگە بەوە دەناسران کەجل وبەرگی قاد قاد و لەسەریەکیان لە بەردەکرد (وێنەی٨)، ئەوا خەڵکە عەوامەکە توانای ئەو هەموو خەرجە ماددییەیان نەبوو، یانیش لەبەر ئەوەبوو قەدە شمەکی زۆر دەبوە ڕێگر لەکاتی ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانیان، بۆیە تەنیا بە شەرواڵ و قەمیسێك ئیکتفایان دەکرد، هەمیشە بۆ پارێزگاریکردن لە ماسولکەکانی پشت لەکاتی ڕاپەراندنی کارە قورسەکان پشتێنێکی پانیان لە پشتیان دەبەست (وێنەی٩). هەروەها ئەم پشتێنە بۆ هەڵگرتنی چەك و پارەو شتی لەم بابەتەش بەکاردەهات. لە تۆمارگەی داگیرکارە فەرەنسیەکانی سەر میسر دەخوێنینەوە:

((... پیاوان حەزدەکەن لەبەری پشتێنەکانیان خەنجەری گران بەهاو ڕازاوە بەگەوهەر هەڵگرن. پێگەو بالا دەستی و خانەدانی مەمالیکەکان بە دانسقی کیفی خەنجەرەکانیاندا دەردەکەوت و دەوڵەمەندەکان حەزیان بە سبیلی جوان دەکرد. هەموو چینەکان بەبێ جیاوازی حەزیان دەکرد پەنجەکەڵەی دەستیان پڕ بکەن لە گوستیلەو، هەریەکەیان نرخی خۆی هەبوو و بەپێی چین و دەوڵەمەندی کەسەکە دەگۆڕا. ئەم گوستیلانە بە بەردی

بەهادار و گەوهەر جواندەکران. گوستیلەی زیوی پیاوان، ئالتونیش ژنان لەبەریان دەکرد. زۆر گرنگە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشین بۆ ئەو لایەنەی کە جل و بەرگی پۆشتە (ئەوەی لەمەو پێش ووردەکاری تەواومان لەسەر هەریەشێکی خستە ڕوو) جل و بەرگی گەورە پیاوە دەوڵەمەندەکانە. کەچی چینی ڕەشۆك ئەم هەموو دەردەسەرییە ناکێشێت و شوێنی هەڵگرتنی جل وبەرگەکانیان لە سێ یان چوار پارچە جل تێپەر ناکات، ئەویش ئەو کاتە دەگۆڕدرێن کاتێك لەبەر کۆنبوون شمەکەکان دەدرێن. جووتیاران چ پیاو چ ژن، کاتێك دەچنە کێڵگە نیمچە ڕووتن، بەڵام خزمەتکارەکان لە چینی هەژارو خەڵکی ڕەشوڕوتی ناوشار، ئەوا لەشیان بەهەندێ قوماشی کۆن و پارچەی پینەکراو دادەپۆشن...)) [١٣].

ڕەنگە مێزەر (کڵاو) لە نێوان هەرێم و پایتەختەکان زۆر ترین جیاوازی لە بەکارهێنانی بەدیبکرێت وبەپێی سەلیقەی گشتی و بە درێژایی چاخ و سەدە یەك لەدوای یەکەکان، زۆر ترین گۆڕانی بەسەردا بێت. مێزەر دەستنیشانی ئەو چینەی کە تاك ئینتیمای بۆ هەیە، دەکات. یان وەزیفەی گشتی تاك دەردەخات. (نیبور) لە کتێبەکەیدا گەشتێك بۆ میسر (١٧٦١ـ١٧٦٢) وەسف و وێنەی زۆر بەووردەکاری لەبارەی کڵاوی سەری پیاوان و سەرپۆشی ژنانی رۆژهەڵات لەنیوەی دووەمی سەدەی ١٨ دەخاتە ڕوو. لە وێدا ئامارە بە کڵاوی جۆراو جۆر، وەزیفە، چینی کۆمەڵایەتی و توێژە ئایینییە جیاوازەکانی تورکیا، میسر و وڵاتی شام دەکات:

((... ئەم کڵاوە بۆ وەرگێڕەکان لە قوستەنتینە کاتێك بۆ سڵاوکردن لەسەری دەکەنەوە، نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە، هەروەك چۆن ئەورووپییەکان بەکڵاوەکانیان سڵاو دەکەن. ئەم نەریتەش بەلای رۆژهەڵاتییەکانەوە جێگای سەرسوڕمانە، کە ئەوان تەنانەت لەبەردەم پاشا یان سوڵتانەکانیشیان سەری خۆیان ڕووت ناکەن)) [١٤].

نیبۆر لە نووسینەکانیدا بەردەوام دەبێت و وەسفی دەکات کە چۆن پۆلیس و گەورە فەرمانبەرەکان لە قاهیرە جۆرێك لە کڵاو (قاوق) لەسەردەکرد کە لە کڵاوێکی گەورە دەچوو، ئینجا لێواری ئەو قاوقە پارچە تێلێکی باریکی تێدا ئاخێنراوە (وێنەی ١١). قاوق ووشەیەکی تورکییەو ئاماژەیە بەجۆرێك لە کڵاو. لە کاتێکدا فەرماندە ئنکشارییەکان(*) (وێنەی ١٢) جۆرێکی جیاوازی قاوقیان لەسەرکرد، بەڵام هەموو ئنکشارییەکان لە میسر مێزەری رەشیان لەسەر دەکرد، کەچی مێزەری سەربازە ئنکشارییەکان لە قوستەنتینییە ((... لەکاتی ئاهەنگەکان و کاتێك سوڵتان بەسوار ئەسپەکەی بۆ مزگەوت و لەکاتی رێو رەسمە فەرمییەکانی تردا، بەرێدەکەوێت، ئەوا فەرماندە ئنکشارییەکان لەم بۆنانەدا جۆرێك کڵاویان لەسەر دەکرد کە پەرەموچێکی گەورەو جوان لە پێشەوە و لە دواوە پێیدا شۆڕ دەبێتە...))[١٥].

دوای ئەوە نیبۆر وەسفی کڵاوی سەربازی بەشەکانی تر دەکات. دەریاوانەکانی هێزی دەریایی سوڵتان مێزەرەکانیان بەشێوەیەکی زۆر رێك و سەرنج راکێش دەبەستن. جل وبەرگی کورت لەبەردەکەن وەك رەشۆکە یۆنانیەکانی دوورگەی ئەرخەبیل. بەڵام باخەوانەکان، ئەمانە پاسەوانی (بابولعالی)ن و سەرپەرشتی هاوینە هەوار و باخی تایبەت بە سوڵتان دەکەن، کڵاوی باخەوانی لەسەردەنێن کە بریتییە لە مێزەرێکی داپۆشراو بە قوماشێکی ئەستوری سوور (وێنەی ١٣). چێشت لێنەرانی سوڵتان پێشتر ئەم جۆرە کڵاوانەیان لەسەر دەکرد، پاشان مێزەری لە لباد دروستکراویان پێدان،

---

* - ئینکشاری واتە سوپای نوێ، دەستەیەکی سەربازی پیادەڕەوی عوسمانییەکانبوون، کە سەربازگە، رێکخستن، نیشانە و پێگەیەکی تایبەتیان هەبوو. گەورەترین، بەهێزترین و درندەترین سوپای پیادەڕەوی عوسمانییەکانبوون. مێژوونووسان سەرەتای دروستکردنی سوپای ئینکشاری بۆ سەردەمی نورخانی دووەم لە (٧٢٤ك/ ١٣٢٤ز) دەگەڕێننەوە. و. کوردی

کە لەوەی پێشتر بچووکتر بوو. هەروەها خزمەتکاری ئەفەندییەکان کڵاوی تایبەتیان لەسەردەکرد، کە بریتیە لە مێزەرێکی داپۆشراو بە پێستی مەڕ.

پاشان نیبۆر چۆنیەتی ناسینەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی ڕەنگی کڵاوەکانیانەوە ڕووندەکاتەوە. لە ئەستەنبوڵ پیاو ماقولانی تورک قوماشێکی زەردیان بە کڵاوەکانیانەوە دەئاڵاند، بەڵام خەڵکی ڕەشۆک دەستەسرێکی ڕەنگ سپیان بە مێزەرەکانیانەوە دەئاڵاند، هەرچی نەجیب زادەکانن کە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر (د. خ) دەتوانرێت هەمیشە بەهۆی ئەو دەستەسرە سەوزەی کە لە سەریانی دەئاڵێنن، بناسرێنەوە، جا دەشێ ئەوەی لەسەریدەنێن قاوق یان کڵاو بێت. هەروەها زانایانی ئاینی لە هەر شارێك مێزەری جیاوازیان لەسەر دەکرد، لە شارە تورکیەکان موفتی شارەکە مێزەری لەسەردەکرد، لەکاتێکدا چاوساغانی پیاوە ئاینیەکان لە تورکیا جل و بەرگی هاوشێوەی جل و بەرگی خەڵکە ڕەشو ڕوتەکەیان لەبەردەکرد، تەنها ئەوە نەبێت کە لەسەر ئەو جل وبەرگەیانەوە- وەك پیاوە ئاینییە عەرەبیەکان- کەوایەکی باڵاپۆشیان لەبەر دەکرد. لەقاهیرە زانایان مێزەری شێوە جیاوازیان لەسەردەکرد، بەڵام دەروێشەکان لە تایەفە جیاجیاکان کڵاوی دروستکراو لە جۆخی خۆڵەمێشییان لەسەر دەکرد. ئەوانەش کە لە تەکیەکان بوون لە دەورەی ئەو کڵاوە دەستەسرێکیان دەئاڵاند[١٦].

بەڵام خەڵکە ناموسڵمانەکانی وەك جوولەکە و کرستیانەکان، هەمان جل وبەرگی موسڵمانەکانیان لەبەردەکرد، هیچ ڕەنگێکیان لێ قەدەغە نەدەکرا کە لە بەریکەن تەنها سەوز نەبێت، کە تایبەتبوو بە نەجیب زادەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی. بەڵام جوولەکە و کریستیانەکانی قوستەنتینیە ڕێیان پێنەدەدرا ڕەنگە زۆر زەقەکان بۆ جل وبەرگ و بۆیەی خانووەکانیان بەکاربهێنن[١٧].

هەروەها کڵاوی ئەو ئەوروپیانەی لە هەرێمە ئیسلامیەکان پێش سەدەی ١٨ نیشتەجێببوون، لەو کڵاوە دەچوو کە موسوڵمانەکان لەسەریان دەنا، تەنها بە بەستنی شریتێکی باریکی سوور جیادەکرانەوە کە ئەورووپین. ئەم ئەوروپییانە لەناو ماڵەکانیاندا کڵاوێکی (طربوش) گەورەیان لەسەردەناو دەستەسرێکی گەورە، یان پارچە شاشێکیان لە دەور دەئاڵاند یانیش هەر کڵاوێکی ئاساییان لەسەردەنا. هەندێ لە ئیتاڵییەکان، ئەوانەی ماوەیەکی زۆریان لە میسر بەسەر بردبوو کڵاوی مۆدە کۆنیان لەسەر دەنا کە ڕەنگی خاکی بوو و لەسەر شێوەی بەلەم لوولـدەدراو هەر بە بەلەمیش ناودەبرا، ئینجا ئەم کڵاوانەیان لە شەقام و ناو ماڵەکانیشدا لەسەردەنا. (١٨)

کریستیانەکان لە (قەیسەری) نیشانەیەکی شینیان بە کڵاوەکانیانەوە دەکرد تاکو کارمەندی باج وەرگر کاتێك باج وەردەگرن بیانناسنەوە. لە میسر کرستیانەکان هەر هەموویان ـ ئەقباتەکانیش ـ کڵاو یان قاوقای دروستکراو لە قوماشی تێلی شین کە خەتی سپی پێدا هاتووە لەسەردەنا. بەهەمان شێوە یەسوعیەکانیش لە میسر ئەو قاوقەو، هەمان جل وبەرگی کرستیانەکانی وولات لەبەردەکەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەرمەنە فارسەکانی دانیشتوی ئەنادۆڵ مێزەری قوماش سوور لەسەر دەکەن، کە لێوارێکی ڕەشی هەیە و بە نیشانەیەکی جیاکەرەوەی خۆیانی دادەنێن. بەڵام کرستیانەکانی حەلەب و دیمەشق قاوقی داپۆشراو بە قوماشی سوور لەسەر دەکەن و، لێواری خوارەوەی بە شریتێکی خەت خەتی دروستکراو لە قوماشی تێل دەئاڵێنن. (١٩)

پیاوە ئاینییە کریستیانە یۆنانیەکان کڵاوێك کە زۆربەی جار لە جۆخی ڕەش دروستدەکرێت، لەسەردەنێن. ئەمانە قژیان دەهێڵنەوەو درێژی دەکەن. بەڵام قەشەکانی ئەرمەنە ڕۆژهەڵاتیەکان سەریان دەتاشن. زۆر زەحمەتبوو شێوەی قاوقی جوولەکەی میسری لە قاوقی کرستیانی میسری جیابکرێتەوە. تەنیا جیاوازی نێوانیان ئەوەبوو، کرستیانەکان لە قوماشی

تێلی شینی خەت سپی دروستیاندەکرد، لە بەرامبەردا جوولەکەکان بەشێوەیەکی گشتی لە قوماشی تێلی ڕەنگ تێر دروستیاندەکرد. هەروەها جوولەکەکان ڕاهاتبوون لەسەرئەوەی ڕیشیان بێڵنەوە، بەوپێیەی کە ئەوان لەنەوەی پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) ن. [20]

ئەوەی شایانی باسە پیاوە ئاینییە موسوڵمانەکان لە وڵاتی فارس، ڕیشوو سمێڵیان لەسەر هەموو دەموو چاویان دەهێشتەوە و گەڕیدە (شاردان) تێبینیکردووە کە نەیاندەهێشت زۆر درێژ بێت:

((... مووی دەموچاویان تەنها پێستەکەی دادەپۆشی، بەڵام پیاوە ئاینییەکان لێدەگەڕان تا درێژتر بێت. نەریت وابوو کە ڕیشیان لەسەر چەناگە لەدەست گیربێت و، ئەوەی لەو دەستگیرە درێژتر بایە دەیانبڕی...)). بەڵام سەرباز و سوارچاکان، ئەوا لێدەگەڕان سمێڵیان درێژ بێت تا ئەو ئەندازەیەی بتوانرێت لەپشت گوێیەکانیانەوە بەیەکەوە بگەیەنرێت (وێنەی١٤). شاردان دەڵێت: ((... شا عەباسی مەزن سمێڵ درێژکردنی بەجوانی دەمووچاو دادەنا، هەروەها پێگەی سەربازەکانی بەپێی درێژی سمێڵەکانیان کەم و زیاد دەکرد...)). [21] سەلیقەی باوی نێو فارسەکان وابوو کە حەزیان بە ڕیشی درێژ نەدەکرد وەك ئەوەی تورکەکان لە قوستەنتینیە دەیانکرد. [22]

بەهەمان شێوە سەرپۆشی ژنە ڕۆژهەڵاتیەکانیش لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو. لە دیاربەکر ژنە کریستیان و جوولەکەکان تاس ـ شێوەی بازنەیەکی دروستکراو لە زیو یان زێڕ لە تەوقی سەر دادەنرێت ـ یان لەسەر دەنا کە لە مسی زەرد یان زیوی نەخشێنراو پێکدەهات، بەڵام ژنی ناوچەی دروز تاسی سەرنج ڕاکێشی دروستکراو لە مسی زەرد یان زیوی نەخشێنراویان لەسەر دەکرد. هەروەها

کچی جووتیارەکانیش بەهەمان شێوە تاسیان لەسەردەکرد، بەڵام لە پارچەی مقەبا دروستکرا بوو. [٢٣]. ڕێکخستن و جوانکاری سەرو شێوەی ژنان لە وڵاتی فارس لەناو هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵات جیاوازییان هەبوو. سەرو شێوەیان دەڕازاندەوە:

((... بە ئەڵقەیەك لەسەر شێوەی زەنگوڵ زەنگوڵی دروستکراو لە گەوهەر، کە لە نێو لۆچی چەفتە دادەنران و تا سەر نێو چاوان شۆڕدەبوونەوە، یان لە بری زێڕو گەوهەر سەرو شێوەیان بە قەفەی گرێدراو یانیش بە گوڵ و گوڵزار کە لە چەفتەکەیانەوە دەهاتە خوارەوە تا دەگەیشتە نێوان چاوانیان، یان بە ـ ژێر چەنە ـ تاڵە گەوهەریان لە بناگوێ بە قولاب چەسپدەکرد و ڕایەڵیاندەکرد بە ژێر چەناگەیانەوە (وێنەی١٥)... [٢٤]

هەروەها لەناو فارسەکاندا قژی ڕەشی عەرەبی و بڕۆی پان و درێژی پێکەوە بەستراو لە نێوان چاوەکان حەز پێکراو بوو (وێنەی١٦)، تەنانەت ئەگەر ژنەکان ئەو سیفاتە جوانکارییانەیان نەبوایە ئەوا برۆکانیان بە خەنەو کوتان پان و درێژ دەکردەوە.

لیستی خواردەمەنی

خانە نووسەر لە دوایین بەشدا جۆرەکانی خواردن هەژمار دەکات و، جیاوازی ژمارەی ژەمەکان و خستنە ڕووی جۆرەکانی خواردەمەنیە باوەکان لای چینە باڵاکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات باس دەکات. بەڵام ژمارەی ژەمەکان بەپێیی کەش و هەوای ناوچەکە جیاوازی هەبوو، بە جۆرێك لەو ناوچانەی بەشێوەیەکی ڕێژەیی ساردن، وەك تورکیا و وڵاتی فارس، ئەوا دانیشتوان سێ ژەمەخواردنی کولاو و گەرمیان دەخوارد، لەکاتێکدا لە

ناوچە گەرمەکان تەنها دوو ژەم خواردن دەخورا. ژەمی بەیانیان زۆربەی جار لــە خواردنــەوەی هەنــدێ قــاوەو پارچــە نانێــك لەگــەڵ كێشــانی جگــەرە تێنەدەپــەڕی. ئــەم وێنەیــە لــە ڕێگــەی خوێندنــەوەی تێبینیــەکانی هەریــەك لەگەڕیدە شاردان لە ئێران و تورکیا و لین لـە میسـر دەردەکـەوێت. شـاردان لەبارەی هۆکاری دروستبوونی ئەم دیاردەیە دەڵێت:

((... سـەرما، گـەرمی سروشـتی لـە نـاوەوەی لـەش دەهێڵێتـەوە و گەدەیەکی باش ئامادە دەکات، وادەکات کەسەکە خـواردنی زیـاتر بخـوات. ئالێرەوەیە دەبینین تورکـەکان ڕێژەیـەکی زۆر گۆشـت دەخـۆن، زێـتر لـەوەش تورکەکان بەهۆی ئەو کەش و هەوایەی کـە هەیانـە جموجۆڵیـان زیـاترەو لـە وەرزشدا خۆیان مانـدوو دەکـەن، جـا وەرزشـەکە بـە پـێ یـان بـەهۆی سـوار چاکییەوە بێت. ئەمـە سـەبارەت بـە فارسـەکان جیـاوازە گـەرمی و وشـکی هەواکەیان وای لێکردوون سـست بن...)).[٢٥]

بـەڵام ژەمــەخواردنی نیـوەڕۆ لای فارسـەکان، لـە نێـوان کاتـژمێر ١٠-١٢دەخورێت و بە (حازری) ناو دەبرێت، ئەم دەربڕینە عەرەبیە، ئاماژەیە بە ژەمەخواردنی نیوەڕۆ و لەو شتانەی کە لە چێشتخانەی ماڵ دەسـتدەکەون و پێویستی بە ئامادەکردن و خەریك بوونی زۆر نییە، پێکدێت. هەمیشـە لـە میوەجاتی وەرزیی وەك شوتی (شفتی)، کە بە درێژایی ساڵ هەیە، یان تـرێ کە بۆ ماوەی ٦ مانگ لە ساڵێکدا دەستدەکەوێت، لەگەڵ ئەمانەشدا شـیرو بەرهەمەکانی و شیرنەمەنییەکان (المكسرات) پێکدێت (وێنەی ١٧):

((... بەیانیان کە لەخەو هەڵدەستن، قاوەکەیان دەخۆنـەوەو هەنـدێکیان چەند پارچە نانێك لەگەڵیدا دەخـوات. ئینجـا کـە ڕۆژەکانیـان لـە درێژیـدا جیاوازیـــان نییـــە وەکـــو لای خۆمـــان، ئـــەوا بەهـــەمان کـــات و ســـات بەردەوامدەبن، بەجۆرێك بـە درێـژایی سـاڵ لـە کاتـژمێر ٩ یـان ١٠ی شـەو دەخەون و لەگەڵ گزنگی هەتاو هەڵدەستن...)).[٢٦]

شاردان جۆرەکانی گۆشت کە لەلای خەڵکی وولاتی فارس حەزی پێدەکرێت، دەژمێرێت، لەم بارەیەوە دەڵێت:

((... ئەو گۆشتەی هەمیشە لە خواردەمەنیدا بەکاریدەهێنن گۆشتی ئاژەڵ ـمەڕو بزنـ مریشکە. هەروەها گۆشتی کۆترو ماسیش بەکاردەهێنن. هەژارەکان لە ناوچە زۆر ساردەکان و لە زستاندا گۆشتی ڕەشە وولاخ دەخۆن، بەڵام بەشێکی زۆر کەمی لێ بەکاردەهێنن تا ئەو ڕادەیەی پێویست ناکات ئاماژەی پێبکرێت. هەروەها دەوڵەمەندەکان لە وولاتی فارس زۆر بە دەگمەن ناو سك و سەروپێ ی ئاژەڵ لێدەنێن کە لەگەڵ سەلیقەیاندا ناگونجێت. بەڵام خەڵکی ڕەشو ڕووت تەنیا ئەوانە دەخۆن و، لەو چێشتخانانە دەیکڕن کە تەنیا ئەو خواردنانە دەفرۆشن...))[٢٧].

ئەم سادەییە لە ئامادەکردنی خواردەمەنی، بەهەمان شێوە لە خواردنی چینی کرێکارانی میسر تێبینی دەکەین، لەگەڵ ئەوەی میسرییەکان حەز بە گۆشتی ئاژەڵ دەکەن، بەڵام چینی هەژار ناتوانێت هەمیشە ئەم حەزەی دەستەبەربێت، تەنیا ڕۆژی بۆنە تایبەتییەکان نەبێت، کەچی ڕۆژەکانی تری ساڵ لەسەر سەوزەی تازەو ماسی سوێرکراو و ڕەگی ڕووەك و پاقلەمەنی و میوەجات دەژێت. لە کتێبی (وەسفی میسر)دا، وەسفی ئەو جۆرە خواردنانەی کە خەڵکی ڕەشۆك دەیخۆن و، ئاماژە بە ڕازیبوون و ئیکتفاکردنیان بە بەشێکی کەم، دەکات. ئەگەرچی کێڵگەکانیان خێرو بەرەکەتێکی زۆر بەرهەم دەهێنێت:

((... لەگەڵ ئەوەی خاکی میسر گەنم بە ئەندازەیەکی زۆر بەرهەمدەهێنێت و جۆری گەنمەکەی لە جۆرە زۆر باشەکانە و نرخی زۆر لە و نرخەی کە لە ئەوروپا هەیە کەمترە، کەچی گەنم خواردنێکی سەرەکی زۆربەی دانیشتوان پێکناهێنێت، هەروەك چۆن لە ناوچەیتردا بەدیدەکرێت. جوتیارو خەڵکە کەم دەرامەتەکە هەر لە بنەڕەتەوە ـ کە دەشێ پاڵنەرێکی

ئـابووریش بێـت ـ لـە ژەمەکانـدا نـان بەخواردنـەوە نـاخۆن. لـە لای دەوڵەمەنـدەکان خـواردنی نـان، یەکێکـە لـە مەسـەلەکانی خۆشـگوزەرانی، کەچی هەژارەکان بۆ ئەوەی ژەمێکی تایبەت بخـۆن سـەوزەو میـوە، کـە لـە هەموو وەرزەکانی ساڵ دەچێنرێت بۆ خۆیان ئامادەدەکەن. لە بری نان چینی هەژار ئەمانە دەخۆن:

(گێزەر، بامیە، باینجان، خەیار، شـەمامە و شـوتی. هـەروەها لەگـەڵ ئەمانەشدا گەنمەشامی و نۆك دەخۆن. لە قرچە گـەرمای هاوینیشـدا خـەڵکی زۆر بە پەرۆشەوە خەیارو پیازی لە سرکەکراو و چەوەندەر دەخـۆن. ئـەم جـۆرە خواردنە هەرزانانە، دەست فرۆشەکان لە سەر شەقام و نـاو گۆڕەپانـەکان و لـە شـوێنە گشـتیەکانی ڕۆژانـی جـەژن دەیـان فرۆشـن. پێویسـتدەکات لـەبارەی چـۆنیەتی ئامـادەکردنی ئـەم خواردەمەنیانـە چـەند قسـەیەك بکـەین، کـە ڕێگایەکی زۆر ئاسـانە و تێچـوونی زۆر کەمـە. چێشـت لێنـەرە میللیـەکان ـ ئەگەر ئەم نـاو لێنانـەمان بۆیـان لـە جێگـای خـۆی بێـت ـ مەنجـەڵ و قـازانی فەخفوری قەبارە گەورەیان هەیە و سێ چارەگی ئەو قازانە پڕ دەکەن لە ڕووەکە پاقلەییەکان، کە لە ناو ئاودا خوسێنراون، ئەم مەنجەڵانـە بـە زمـانی خـەڵکی وڵاتەکە بە مەنجەڵ یان قازانی چێشت لێنان ناو دەبرێت. ئینجا دوای ئـەوەی قازانەکە بەم شێوەیە پڕدەکرێت، سەرەکەی یـان دەرکەکـەی تـەواو دادەخرێـت بەهۆی لیمۆی نیلی و گڵە سەر، پاشان لەناو پشکۆی حەمامە گشتیەکان نغرۆ دەکرێت تا ٥ ـ ٦ کاتژمێر ئاوا دەمێنێتەوە، دواتر کە خواردنەکە تەواو کـوڵا ئامادەدەبێت بۆ فرۆشتن و خەڵکەکەش دەیکڕن...))[٢٨]. ئێـدوارد ولیـام لـین [٢٩] وەسفێکی تێرو تەسەل لەبارەی ئەدەبی باو لە ڕێکخستنی خوانی نانخواردن و باوبوونی جگەرەکێشان لەناو چینی باڵا، هەروەها چۆن زۆربەی میسرییـەکان مەیلیان لەوەیە کە پێش نیوەڕۆ هیچ شتێك نەخۆن تەنها قاوەی تاڵ و جگـەرە نەبێت، دەخاتە ڕوو (وێنەی ١٨).

هەروەها ئەوەش باسدەکات کە خێزانە هەژارەکان ئەوانەی کەمدەرامەتن (دەقە) دەخۆن، کە هەمیشە لە بیبەر، زەعتەر، پونگە یان زەردەچۆ و هەندێك تۆی کەرەوز، دارچین، کونجی و نۆك پێکهاتووە و، پاشان پارچە نانی تێ دەگوشرێت.

لە سەرگوزەشتەی گەڕیدەکاندا تێبینی بەربلاوی جگەرەکێشان (وێنەی١٩) لەنێو پیاوان، ژنان و لەناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگە دەکرێت. ئەم شتە لەگەڵ دۆزینەوەی جیهانی نوێدا خۆی خزاندە نێو جیهانی کۆن، بەخێراییەکی زۆر بڵاوبۆوەو بوو بە نەریتێکی حەز لێکراو لەلایەن پیاوان و ژنانی جیهانی کۆن، بە تایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی دوور. جگەرە لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی ١٧ هاتە ناو رۆژهەڵاتەوە. واتە دوای چەند ساڵێکی کەم، پاش ئەوەی ئەوروپا وەك کاڵایەکی بازرگانی لە هەردوو ئەمریکاوە وەبەریهێنا. موحبی لە کتێبەکەیدا (خلاصة الاثر في أعيان القرن الحادي عشر ١١):

((... ووتم دەرکەوتنی (تنباك) کە لە رۆژئاوا، حیجاز، یەمەن و حەزرەمەوت، بە جگەرە و توتن دەوترێت. لە ساڵی دوانزە هەزار بوو (واتە ١٦٠٣ــ ١٦٠٤). هەروەها لە دەست نووسی هەندێ لە مەکییەکان بینیوومە. بەڵام سەبارەت بە دەرکەوتنی لە ووڵاتی شام تەواو نایزانم، بەڵام لەم مێژووە نزیکە...))[٣٠].

هەروەها ئەوەش باسدەکات کە خێزانە هەژارەکان ئەوانەی کەم دەرامەتن (دەقە) دەخۆن کە هەمیشە لە بیبەر، زەعتەر، پونگە، زەردەچۆ و هەندێك کەرەوز، دارچین، قەیسی و نۆك پێکهاتووە و پاشان پارچە نانی تێ دەگوشرێت.

لەگەڵ ئەوەی زانایانی ئیسلام مشتوومڕێکی زۆریان لەسەر ڕەوایی بەکارهێنانی جگەرە کردوە، ئەوا بەشێوەیەکی زۆر خێرا لە نێو هەموو چین و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگە بڵاوبۆوە. جگەرە بەهۆی (گلیۆن)، کە بە دار

جگەرە (وێنەی٢٠) یان نەرگیلە یان شیشە ناودەبرا، دەکێشرا (وێنەی٢١). توتنی حەزلێکراو، توتنی ئەسفەهانی یان هی لازقیە بوو، بەتایبەتی ئەوەی لە چیاکان دەچێنرێت.

نەریتەکان لە رۆژهەلات بە ئاسانی لەناو ناچن

بەشی پێنجەم و کۆتایی باس لە رێو رەسمی میواننداری وپێشوازی و کات بەسەربردن لە حەمامە گشتیەکان، باخەکان، مەزارگە ئاینییەکان، پاشان باس لە رێورەسمەکانی ئاهەنگ گێران بە بۆنەی لە دایکبوون، سونەتکردن و ژن و ژنخوازی دەکات. ئینجا بە رێورەسمی تەرم ناشتن و چوونە دنیای دوایی و جەژنە ئیسلامیەکان کۆتایی پێدێنێت. تێبینیدەکرێت کە داب و نەریتەکان بەرگەی لەناو چوون دەگرن، تەنانەت وا دەردەکەوێت کە کات لە رۆژهەلات وەستاوە. بۆ نمونە هەرێمەکان پارێزگاریان لە زۆرێك لە جەژنەکانی بت پەرستی کردووە، ئەوەتا لە میسر پارێزگاری لە ئاهەنگگێران بە بۆنەی جەژنی وەفاداری بۆ نیل کراوە. ئەم کۆمەڵگەیانە لە پاش ئیسلامبونیان ئەو بۆنانەیان بە رەنگی ئیسلامی رەنگ کردووە و،ئەو رێورەسمانە هەروەکو خۆیان بە درێژایی سەدە ناوەراستەکان تا سەرەتای سەدەی نوێش ماون و نەگۆراون. مقریزی (کە لە ٨٤٥ ك. کۆچی دوایی کردوە/ ١٤٤١ز) لە پلانەکانیقاهیرە وەسفێکی زۆر سەرنج راکێش دەربارەی رێورەسمەکانی ئاهەنگگێرانی خەڵکیقاهیرە بە بۆنەی جەژنی وەفاداری بۆ نیل لە سەدەی ٦ی ك /١٢ی ز و لەسەردەمی فاتیمیەکان دەکات، تەنانەت چەند لاپەرەیەك بۆ ئەم وەسفە تەرخان دەکات. تێیدا ئەم چەند شتە وەردەگرین کە دەڵێت:

((... کورى مەئمون لەساڵی ٥١٦ك گوتی: لەو کاتەی دەریای نیل بۆ بەرزایی ١٦ باڵ بەرز بۆوە (خەلیفە) فەرمانی دەرکرد بە دەرکردنی کەژاوە و

ڕەشماڵی گەورە، کە بە قاتول ناودەبرێت و زۆرگەورەیە لـە ٤ ڕاڕەو و ٤ هـۆڵی دەرەکـی کـە لـە هـۆڵی گـەورە جیادەبوونـەوە، پێکـدێت. گـوتی: ئـامرازو کەرەسـتەکانی وەرزی کردنـەوەی کەنـداو گەیشـتن، ئەمانـە ئـەو شـتانەن کـە تایبەتن بە خەلیفەو براکەی و هەندێ لە نەجیب زادەکـان و وەزیرەکـانی. ئـەو ڕۆژە (١٠٠٠) بەلـەم ـ قرقورـ لـەناو دەریـا دەبـن و پـڕن لـە خـەڵك، کـە بـە وەفاداری نیل و تەماشاکردنی خەلیفە خۆشحاڵن. دیمەنێك هەیـە پێـی دەڵـێن (سـەکەرە) وێنـەی دانیشـتنی خەلیفەیـە لـەو ڕۆژە بـۆ کردنـەوەی کەنـداو، سەرکارەکان و میرەکانی دەریاوانی لە دەوری ئەو ڕەشماڵە گەورەیە ڕەشماڵی تـر دادەمەزرێنن، ئینجا ـ وەزیرەکان ـ بە پێی پێگەیان، ڕەشماڵەکانیان لە ڕەشماڵی خەلیفە نزیك دەکەنەوە. ئەگەر ڕوویدات و خەلیفە سوربێت لەسەر سـواربوون، لـە سـێیەم ڕۆژ، ڕۆژی خولقانـدن یـان ڕۆژی چـوارەم هـەموو ئەوانـەی لەوێـدا کاردەکـەن ئـامێری ڕێوڕەسـمەکانیان دەردەهێـنن، بـە پێـی نـەریتیان (٤٠) زووڕنایان دەرهێنا: کە (١٠) دانەیان لـە زێـڕو (٣٠) دانـەیان لـە زیـو بـوون. سەرنشینی کەشتیەکان زوڕنـا زێڕینـەکان و خـاوەن زوڕنـا زیوینـەکان کـە لـە پیادەکان بوون، دەیانژەنی. هەروەها تەپڵی گەورە هەبوون، کە شوێنی دارەکەی زیـوی و (١٠) دانـە بـوون. کـە وەزیـر هاتـە بـەر دەروازەی کۆشـك، خەلیفـە بەشێوەیەکی شکۆدارو ڕێزەوە هاتە دەرەوە. لەو ڕۆژەدا سەربازەکان سوارچاك و پیادەڕەوەکانیان دوو ئەوەندە کرد، شمەکی خەلیفە لە ژێر سەیوانەکە لەگەڵ شیر و تیر و قـەڵغانیا دەردەکـەوێت. کەشـتیە گـەورەو زەبەلاحەکـە بـەرەو قـاهیرە بەرێدەکەوێت، لەوێدا قازی قەزاوەت و دەم ڕاست و گەواهیدەرەکان لە بـەردەم دەروازەی مزگـەوت دانیشـتوون (مزگـەوتی ئـیبن تۆلـۆن)، کاتێـك گەیشـت و ئەوانیش دەچنە ناو کەشتیەکان، ئـەوا خەلیفـە دەوەسـتێت و سـڵاو لـە قـازی دەکات. وەکو نەریت وەزیر پێش (خەلیفە) ئامادەیە بۆ ئەوەی خزمەتی بکات و لە ژێر دەستەکانیەوە ئـەو بـە پیـادە بـەرەو دەروازەی ڕەشماڵەکـە دەچـێت ـ

خەلیفە ـ بەرەو جێگای پاشا دەچێت و، دادەبەزێت و لە شوێنی خۆی کە بۆی دیاریکراوە دادەنیشێت و مامۆستا و میرەکان لە دەوری دادەنیشن. هەر ئەو کورسیە بۆ وەزیر تەرخاندەکرێت کە پێوەی هەڵگیراوەو هاتووەتە ژوورەوە، جا ئەوانەی پێگەی ئیدارییان هەیە لەلای شوێنی خەوتنی پاشاوە ڕادەوەستن. قورئان خوێنەکانیش قورئان بۆ ماوەی کاتژمێرێك دەخوێنن، کە خوێندنەوەکەیان تەواو کرد دەرگاوان ڕێگا بە شاعیرەکان دەدات کە لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە بۆ خزمەتکردنی ئەو ڕۆژە خۆیان ئامادە بکەن، ئینجا فەرمانیان بەسەردادەکرێت کە یەك یەك بێنەپێشەوە. ژەمە خواردەمەنیەکی تایبەت بۆ قازی قەزاوەت و گەواهیدەرەکان دەبرێت بێ ئەوەی پەیکەریان بۆ بنێردرێت، کە ئەمە لە ڕووی شەرعەوە ڕێگای پێ نادرێت. هەروەها بۆ هەر میرێك و لە ڕەشماڵەکەیدا ژەمە خواردنێك و سینیەك پەیکەریان بۆ دەبرێت. ئینجا بەو هۆیەوە خواردەمەنیەکی زۆر دەچێت بۆ خەڵکەکە. ئەم حاڵەتە ئاوا دەمێنێتەوە تا بانگی نیوەڕۆ و نوێژی عەسر، ئەگەر بانگی دا ئەوە خەلیفە نوێژدەکات و سەردەکەوێتە کەشتیەکە و هەموو سەرنشینەکان ئامادە دەبن و چاوەڕێی سەرکەوتنی خەلیفە دەکەن تا ئەوانیش لەدوایەوە سەرکەون). (٣١)

ڕێوڕەسمی ئاهەنگ بە بۆنەی ئەم جەژنە، وەکو جەژنەکانی تر جێگیرەو هەروەك لە سەدەکانی ناوەڕاست پەیڕەو دەکرا هەمان شێوازی هەیە. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ و سەرەتای ١٩ زانایانی فەرەنسی، کە لەگەڵ داگیرکاری فەرەنسی هاتبوون، وەسفێکی وێکچوو لەگەڵ ئەوەی کە لە سەردەمی مقریزی هەبوو، دەکەن، وەك ئەوە وایە زەمەن ئەوەندە سەدەیە پێشنەکەوتبێت:

((... سەرەتای ئاهەنگێڕان بە بۆنەی جەژنی کەنداو، لە پاشا و گەورە پیاوانی حکومەتەوە، وەك شێخی شار، قازی، دەفتەردار، کوێخا، پۆلیسەکان و تیپی ئنکشارییەکانەوە دەست پێدەکات. سەر لە بەیانی پاشا لەگەڵ دارو دەستەکەی، واتە فەرماندە، بەگ و مەمالیکەکانیان و،

لەگەڵیاندا جەماوەرێکی زۆر لە مۆسیقاژەن هاوەڵیاندەکەن و بەشێك لە گۆرەپان داگیردەکەن، دەردەچێت، لە کاتێکدا ئەو بەلەمانەی سەرەکانیان گیراوە دەگەنە جێ. بەلەمی ئافرەتان بەوە جیادەکرێتەوە کە ڕازێنراوەو هەموو شتێکی تێدایەو هەڵگرێکی هەیە کە گومبەزێکی بەسەرەوەیە و لەبەر دڵ پیسی خاوەنەکانیان بە سەریاندا دادەخرێت، پاشان ئەو کرێکارانەی بۆ ئەم کارە دانراون، پەیکەرێك یان ستونێکی درێژی لە قوڕ دروستکراو لە نێوبەندی ئەو دەنگە دەنگەی هوتافخوێن و ئامرازە مۆسیقاییەکانەوە دێنەدەرێ، دەهاوێژن. پاشان دەربەندەکە دەشکێنرێت و ئاوی نیل بەرەو شەقامەکانی شار هەڵدەقوڵێت و شەپۆلدەدات، هەر لە دەریاچەی بچووك دەچن. پێش ئەوەی پاشا ئەو شوێنە جێبهێڵێت، مشتێك پارەی زێرین و زیوین هەڵدەداتە ناو ئاوەکەو مەلەوانچیە لێزانەکان لە دۆزینەوەیان پێشبڕکێ دەکەن. ئەو کاتانەی ڕۆژیش کە ماوە بەخۆشی و شادی بەردەوامدەبێت تا شەوی دواتر...))[٣٢].

بەڵام لین وەسفی ڕێورەسمی میوانداری لە کۆمەڵگەی قاهیرە دەکات. لەو شتە خۆشانەی لەسەر نەریتی خەڵکی قاهیرە دەگێردرێتەوە، رشاندنی میوانە بە ئاوی گوڵ یان گوڵزار و بۆنخۆشکردنی بە بخور پێش ڕۆیشتنی، ئەمەش لە نێو چینی باڵا باوە، بۆ ئەمەش خزمەتکارەکە قودوی بخورەکە دێنێت و خاوەن ماڵەکە پێشکەشی میوانەکەی دەکات، لە ڕێگەی باوەشێنکردنەوە بۆنەکەی بە دەستی ڕاست بە ئاراستەی میوانەکە دەبات، بەمەش جل و بەرگ و ریشی بۆنخۆشدەکات[٣٣]. تا ئێستاش ئەم نەریتە لە وڵاتانی کەنداو بەردەوامە، کە ڕێگە پێدانێکی ئەدەب ئامێزە بۆ کۆتایی هێنان بە میوانداریەکە، ئەگەرچی بەشێکی زۆر لە نەوەی نوێ دەرك بە مەبەستی شاراوەی پشت ئەم نەریتە ناکات و، پێی وایە تەنها زیادە ڕەوییەکە لە ڕێزگرتنی میوان.

هەروەها جارێکی تر میسر وێنەیەکی ناوازە بۆ نەریتێك کە زەمەن لە بەردەمیا وەستاوەو، هیرۆدۆت لە مێژووەکەیدا وەسفی کردووە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان هەر بەردەوامە، دەخاتە ڕوو، ئەویش نەریتی شیوەنکردن و پیاهەڵدانە بە سەر تەرمی مردوو. قاهیرە بە تایبەت جیاواز لە شارەکانی تری ڕۆژهەڵات بە نەریتی بەکرێگرتنی شیوەنکار ناسراوە. ئەمانە ئەو ژنانەن کە لە گریان و پیاهەڵدان و قیژو قاڕو خوێندنی سەر دولکە بە سەر مردوو و هاواری وا کە هونەرێکی خەماوی هەیە، لێزان و بەهرەمەندن. ئەمە نەریتێکی کۆنەو هیرۆدۆت لە سەدەی پێنجی پێش زایەن وەسفی کردووە:

((... کاتێك پیاوێکی ناودار کۆچی دوایی دەکات، هەموو ژنەکانی ناو ماڵەکە سەرو دەموو چاویان لە قوڕ دەگرن و ماڵی مردووەکە جێدەهێڵن، ناو قەدیان دەبەستن، سنگیان بە دەردەخەن، بەناو شاردا دەڕۆن و لە سنگی خۆیان دەکوتن، بۆ ئەمەش خزم و کەسەکانیان هاوشانیان دەکەن...))[٣٤].

خانمە نووسەر لەم بەشەدا پوختەیەکی گشتی لەبارەی گرنگترین بۆنە، جەژن، ئاهەنگ و وێنەکردنی کات بە سەربردن لەناو ماڵەکان، دەخاتە ڕوو. بەڵام دیسانەوە دەبینین جەخت لەسەر یەك شێوەی ئاهەنگ گێڕان دەکاتەوە، ئەویش ڕێورەسمەکانی ئاهەنگ گێڕانە لە ناوچەی چینە باڵاکانی کۆمەڵگە، هەرچەندە بابەتێکی هاوشێوە هەیە کە وەسفی ئەو ڕووداوانە لە چینە جیاوازەکان دەکات، بۆ نموونە خاتوو لین ـ کە خانمە نووسەر لە زیاتر لە شوێنێك ئاماژە بە نووسینەکانی دەکات- وەسفی ڕێورەسمی حەمامکردنی بووك لە چینە باڵاکان دەکات، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لەو وێنەیەی کە تا ئێستا لە سینەمای میسری نمایشدەکرێت دەربارەی ئاهەنگی ژن گواستنەوە لە لادێکان دەچێت و، لەگەڵ ژن گواستنەوە لەو چینانەی چانسی کەمتریان هەیە و لەگەڵ توێژی نەجیب زادەکان، بەراوردییان پێ دەکات:

((... بووك كە دەگوازرێتەوە، بە كشمیرێكی سوور لە تەوقی سەریەوە تا پاژنەی بالآپۆش دەكرێت و لە تەوقی سەریشی تاجێك دادەنرێت، پاشان بۆ داپۆشینی و پاراستنی لە چاوی هاموشۆكاران (الماره) شاڵەكە دادەنرێت. خزم و كەسانی بووك كە شوویان كردوە پۆشاكێكی عەبا ئاسای رەشیان لە بەردایەودەورەی بووك دەدەن، بووكیش لە كەژاوەكەیدایە كە لە لایەن چوار پیاوەوە هەڵگیراوە. گەر كەش و هەوا گەرم بوو، ئەوا یەكێك لە نزیكەكانی لەدواوەی دەڕوات و بە باوەشێنە باوەشێنی دەكات. هەروەها بۆ چوونە حەمام كەژاوەكە بە رێگایەكی دووردا دەڕوات بۆ نمایشكردنی بووك، لەكاتی گەڕانەوەشدا راستەوخۆ دەچێتەوە ماڵ كە دەستەیەك لە مۆسیقاژەن یان تەپڵ لێدەر هاوشانی دەكەن. بەرێكردنی بووك لە نێو چینە هەژارەكان بە هەمان شێوەی پێشووە، تەنها ئەوە نەبێت كە ژنان هەلهەلە لێدەدەن. بەلآم زاوا سەڵتەی سوری خەت خەت و كەوایەكی سوری لە بەردایە، مێزەرەكەی شاڵێكی كشمیری سورەو لە نێوان دوو برادەری كە جل وبەرگی هاوشێوەیان لە بەردایەدا، دەڕواتە رێوە. لە پێشیەوە خزمەتكارەكان كە مۆمیان بەدەستەوە گرتوە لەگەڵ مۆسیقاژەنەكان رێگا دەكەن. پاشان رێوڕەسمێكی تایبەت هەیە ئەویش (بە رێكردنی ساداتی)یە. واتە بەرێكردنی نەجیب زادە. رێوڕەسمەكە هەر هەمان شێوەی پێشترە تەنیا ئەوە نەبێت كە مۆسیقای لەگەڵ دانیە و لەجێی ئەوان ٦ یان ٨ مەولودخوێن كە بە ((كوڕی شەوانە)) ناودەبرێن، شیعرو پیا هەڵدان بەسەر پێغەمبەر (د. خ) دەخوێنن و دەیلێنەوە...))[٣٥].

هەروەها خانمە نووسەر باسی ئەو كاتە خۆشانەی كە لە حەمامە گشتیەكان بەسەردەبرێن، دەكات. هێرشەكەی فەرەنسا لە كۆتاییەكانی سەدەی ١٨ سەر ژمێری حەمامە گشتیكانی كردوە بەوەی ١٠٠ دانە لە قاهیرە هەیە و بۆ سەردانكردنی بە تایبەت لە وەرزی زستاندا، هانی

دانیشتوان دەدات. لێرەدا خانمە نووسەر پێداگیری لەسەر سروتی چوونە حەمامی ژنان دەکات (وێنەی ٢٢) و سروتی چوونە حەمامی پیاوان دەپەڕێنێت، تا شتەکە وادەرکەوێت کە پیاوان زۆر سەرگەرم نابن و لەکاتی چوونە حەمام کاتی خۆش بەسەر نابەن. حەمامکردن بۆ سەرحاڵبوون و هەڵڕشتنی خەمو خەفەت، نەریتێکی کۆنی عەرەبیە و یادەوەرییەکانی کولتووری رۆژهەڵاتی لە چیرۆکەکانی هەزار شەوە تۆماریکردووە و لە شەوی چل و سێ ی دوای نۆسەد هاتووە کە هارون رەشید:

((... هارون رەشید شەوێکیان بێ خەوییەکی بێ ئەندازەی تووشهات، بانگی مەسروری کرد، کە هات پێی ووت: بە خێرایی جەعفەرم بۆ بهێنە، رۆیشت و هێنای، کە هات لە بەردەمیا وەستاو پێی ووت: ئەی جەعفەر ئەم شەو بێخەوییەکم تووشهاتووە و خەوم لێناکەوێت و نازانم چشتێك لای دەبات. ووتی: ئەی ئەمیری موسوڵمانان زانایان ووتویانە: تەماشاکردنی ئاوێنە، حەمامکردن و گۆرانی خەم وخەفەت لا دەبەن...))[٣٦].

هەروەها خانمە نووسەر بە چەند ووشەیەکی کەم باس لە سەرگەرمی قاوەخانەکان دەکات، لەگەڵ ئەوەی قاوەخانەکان لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی شارنشینی، هەروەك چۆن (نیبۆر) لە کتێبەکەیدا گەشتێك بۆ میسر ١٧٦١- ١٧٦٢ تێبینی کردووە، بوو بوونە سەرچاوەیەك بۆ سەگەرمی پیاوان:

((... لە گەورەترین سەرگەرمیەکان کە میسری، سوری و عەرەبەکان دەیزانن، دانیشتنی شەوانەیە لە قاوەخانەکان و جگەرەو نەرگیلەکێشان و گوێگرتنە لە گێڕەر و مۆسیقا و ئەو گۆرانی بێژانەی دێنە ئەو شوێنە بۆ دەسکەوتنی پارووی رۆژانەیان...))[٣٧].

لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم ئاماژە بە بوونی قاوەخانەکان دەکرێت. لە کتێبی گەڕیدەکان ئەوانەی بە شارەکانی رۆژهەڵات لە

ئەستەنبول، شام و بەغداد تێپەڕبون، ئاماژەدەکەن بەوەی کەقاوەخانەکان لە دەم باخ و کەناری دەریاکان دروستدەکران و، کەش و هەوایەکی خۆش و فێنك بۆ ئەوانەی کە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، دەرەخسێنێت. هەروەها گەڕیدەکان یاری زارو مێزو شەترەنجیان لە قاوەخانەکانی‌قاهیرە کردوە، کە تێیدا هاتووە شاری‌قاهیرە نزیکەی ١٢٠٠ قاوەخانەی تێدایە، ئەمە بە جیاوازی لەگەڵ میسری کۆن و بۆلاق، بەجۆرێك میسری کۆن ٥٠ قاوەخانەی تێدا بووە، بەڵام بۆلاق سەر ژمێری قاوەخانەکانی دەگاتە ١٠٠ قاوەخانە. بەڵام لەرووی کەل و پەلەوە ئەوا قاوەخانەکان:

((... بە هیچ جۆرێك رایەخ و کەل و پەلی ناو ماڵی تێدا نیە، هەروەها ئاوێنە یان دیکۆری ناوەوە یان دەرەوەی تێدا بەدی ناکرێت، تەنیا چەند جێدانیشێکی لە دار دروستکراو نەبێت، کە جۆرێك لە کورسی بازنەیی بەدرێژایی دیواری باڵەخانە یان دوکانەکە پێکدەهێنێت، ئەمە لەگەڵ هەندێ حەسیر کە لە دارخورما دروستکراون یان رایەخی زبر سەلیقە لەو قاوەخانانەی کە شکۆمەندن و پیاوە گەورەکانی بۆ دەچێت، راخراون. لەوێدا کەسەکان لە سەر ئەو حەسیرەی کە لە سەر سەکۆ دارینەکان راخراون دادەنیشن...))[٣٨].

هەموو تاکەکانی چینە جیاوازەکان سەردانی قاوەخانەکانیان دەکرد. لە ئێران چیرۆك گێڕەرەوەکان (وێنەی٢٣) شانامەیان دەگێڕاوە، بەڵام لە شام و میسر باسی ژیانی ئەبی زەید هلالی و عەنتەر کوڕی شەدادو زاهر بیبرسیان دەکرد. هەروەها ئەرەگۆزو بووکەڵەی سێبەر و موهەرج (وێنەی٢٤) سەردانی ئەو شوێنانەیان دەکرد:

((... ئەوانەن کە بە پاڵەوان دەناسران و بە هەڵس و کەوت و گاڵتەکانیان جەماوەریان خۆشحاڵ دەکرد. لە شەقامەکانی‌قاهیرە چەندین جار پیاومان دەبینی رۆڵی بووکەڵەی سێبەریان دەنواند. ئەم نمایشە بەلای خەڵکەوە زۆر

حەزلێکراو بوو. ئەو شانۆیەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهات زۆر سادەو بچووک بوو کە تەنها کەسێك دەتوانێت هەڵیگرێت و بە ئاسانی بیگوازێتەوە.

ئەکتەرەکە لە نێو چوارچێوە دارینەکە رادەوەستێت و بە جۆرێك دایدەنێت تا بتوانێت لە رێگەی چەند کون و کەلەبەرێکەوە کە بۆ ئەو مەبەستە دروستکراون و بێ ئەوەی تەماشاکاران بیبینن، ئەوسەکۆی نمایشەکە و تەماشاکاران لەو کونانەوە دەبینێت. بووکەڵەکانی دەخاتە سەر شانۆ بچووکەکە و لە رێگەی چەند داوێکەوە لە سەرەوە کە لە کون و کە لەبەری تایبەتەوە رایەڵیان دەکات، جووڵە بە بوکەڵەکانی دەکات. هەروەها شتێکی نەگونجاو بوو کە ئەو دەنگەی لە بوکەڵەکانەوە دەردەچوو هەمان دەنگی ئەکتەرەکە بێت، بۆیە دەنگی خۆی هەندێ توند دەکرد تا جیاواز بێت، ئەمەش لە رێگەی ئامرازێکی بچووکەوە بوو کە دەیخستە دەمیەوە. ئەم ئامرازە وای لە دەنگی دەکرد زۆر ناسك بێت و هاوکات بێت لەگەڵ مۆسیقای شمشاڵ لە کاتی گفتوگۆکردنی بە زمانی بووکەڵە بچووکەکان...))[٣٩].

لە نووسینەکانی خاتوو لین هاتووە، قاوەخانەکانپێشوازی لە خەڵکەکە لە کاتی عەسرو ئێوارە کە دەهاتنە ئەوێ، دەکرد و، کەسەکان توتن و جگەرەی خۆیان لەگەڵ دەستیان دەهێنا:

((... قاوە لە لایەن قاوەچییەوە پێشکەش دەکرێت (یان خزمەتکاری دوکان)، لە بری پێنج پارچە زیو بۆ فنجانێك یان دە پارچە بۆ تاسێك کە ٣ یان ٤ فنجان دەگرێت، وەردەگیرا. هەروەها قاوەچییەکە ٢ یان٣ نەرگیلەی کە بۆ کێشانی تمباك (یان جگەرەی فارسی) بەکاردێت، لەگەڵحەشیش (قەنب)ی هەبوو. حەشیش تەنیا لە هەندێ قاوەخانە دەفرۆشرا. مۆسیقاژەن و چیرۆك گێڕەرەوەکان بە تایبەتی لە شەوانی ئاهەنگە ئاینییەکان سەردانی قاوەخانەکانیان دەکرد...))[٤٠].

زەحمەتـە بتوانرێـت مێـژووی بڵاوبوونـەوەی بـەکارهێنانی قـاوە لـە ڕۆژهەڵات دیاری بکرێت، بەڵام وا پێدەچێت لە نیوەی سەدەی ١٥ی ز بێت. مێـژوو نووسـە عەرەبـە نوێکـان ئامـاژە بـە نـەبوونی زانیاریـان دەربـارەی مێژووی دیاریکراو بۆ بڵاوبوونەوەی قاوە دەکەن. ئـەو تێکسـتە یەکەمانـەی باس لە مێژووی قـاوە دەکـات ئەوەیـە کـە لـە کتێبـی عەبـدولقادر جزیـری (عمدة الصفوة في حل القهوة) کە لە ١٥٥٨ ز کۆچـی دوایـی کـردوە، تێیـدا ئاماژە دەکات کە قاوە لە یەمەنەوە هاتووە:

((... ووتمان جگە لەوە شتێکی تر نییە، چـونکە دەرکـەوتنی قـاوە لـە ناوچەی ئیبن سەعدەدین و وڵاتی حەبەشە و جەبرەت ـ ئەتیوبیا ـ و ناوچەی تری عەجەم هاتووە و سەرەتاو هۆی هاتنی نەزانراوە...))[٤١].

گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن، قاوە بەهۆی حەزو ئارەزووی سـۆفیەکانی یەمـەن (وێنـەی٢٥) بڵاوبۆتـەوە، گوایـە ئـەمان دەیـاخواردەوە تـا بـۆ شەوارەگرتن و زکرکردن یارمەتیان بدات. لەوێشەوە گەیشتە حجاز و، پاشان میسـر و ناوچـەکانی تـری ڕۆژهـەڵات. بڵاوبوونـەوەی قـاوە هـەرودك بڵاوبوونەوەی توتن و جگەرە تووشی دژایەتیکردن لە لایەن پیاوە ئاینیـەکان سەبارەت بە حەڵاڵی یان حەرامی خواردنەوەی بووەوە.

کورتە باسێك لە بارەی گەشەسەندنی هونەری ئیسلامی:

خانە نووسەر هەوڵیداوە شێوە و فۆرمێك بە سـەلیقەی هونـەری جیـاواز یان مۆدەی باو لە پایتە گـەورەکانی ڕۆژهـەڵات لـە جیهـانی ئیسـلامی و لـە ماوەی نێوان سەدەی ١٦ و ١٩ بدات، ئەویش لە ڕێگەی نمایشـکردنی کـەل و پەل و بەرهەمە هونەرییەکان لە سەر شـێوەی قـاپ و قاچـاغ و شـتی چـنراوو رایەخەکانی ناومال، هەروەها لە ڕێگەی نموونە و توخمی زەخرەفەی بیناسـازی و جوانکاری و رازاندنەوە کەسییەکان. بـەڵام خانـە نووسـەر راڤـەی مێـژوویی

گەشەسەندنی ئەم هونەرە، سەرهەڵدانی سەلیقەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، ئەو هۆکارانەی کە ئەم جۆرە سەلیقەیان دروستکردوە، ناکات. هەروەها بەرچاو ڕوونی لەبارەی لایەنێکی مێژووی گشتی بە خوێنەر نادات، کەچۆن بووەتە هۆی گەشەسەندنی ئەم جۆرە سەلیقانەو جۆراوجۆری تەئویلی کەسایەتی و سەلیقەکان لەسەردەمێکەوە بۆ یەکی تر. بەهەمان شێوە خانمە نووسەر چۆنیەتی مانەوەی ئەم خەسڵەتە هونەرییە ئیسلامییانەی، کە لە جەوهەریاندا ڕوون و ئاشکران، ڕاڤە نەکردوە. لەگەڵ ئەوەی کە لایەنەکانی جیهانی ئیسلامی چەندین ڕووداویان تێدا ڕوویداوە، کەچی لە درێژەی ئەو ماوە زەمەنیەی کە خانمە نووسەر لە سەری دەدوێت، تەنها بە ڕاڤەی هەندێك شت و بە چەند دەستەواژەیەکی گشتی و لێرەو لەوێ ئاماژە بە نەریتی ڕۆژهەڵاتی دانسق و دابی ئیسلامی پاك و بێگەرد دەکات، ئەو نەریتەی کە پارێزگاری لە مۆرکی گشتی و دروستکردنی سەلیقەیەکی هونەری کردووە.

وەڵامی ئەوە تەنیا لە ڕێگەی بەدواداچوونی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی گەشەسەندنی هونەری ئیسلام و، هۆکارە جیاوازەکانی کە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم هونەرانە، دەدرێتەوە. ئەوەتا لە سەرەتای ئیسلام - واتە لە سەرەتای بانگەشەکردن بۆ ئیسلامەتی تا سەدەی سێیەمی کۆچی/ سەدەی ٩ ی زایەنی - هونەرو پیشەسازییەکان لە هەرێمە ئیسلامەکان بەو داب و نەریتە باوەی لە هەر هەرێمێکدا هەبوون زۆر کاریگەر بوون. کاری هونەری هونەرمەندی موسوڵمان جیاوازی لەگەڵ هونەری کۆن نەبوو تەنیا لەو دوو سەدەیەی دواییدا نەبێت، ئەگەرچی پارێزگاری لە هەندێ لە خەسڵەت و کاریگەرییە لۆکاڵییەکانی دەکرد. پاشان ئەم هونەرو پیشەسازیانە لە سەدەی ٩ ی ك / ١٣ ز پێگەیشتن و کولتوورێکی هونەری ڕوونی پێشکەشکرد، کە مۆرکی تاکی موسوڵمانی پێوە دیار بوو، لە سەدەی ١٠ ك/ ١٦ی ز و تا نیوەی یەکەمی سەدەی ١٣ك / ١٩ی ز گەیشتە چڵە پۆپەی گەشەسەندنی،

ئەوەیش ئەو قۆناغەیە کە ئەم کتێبە خستویەتیە ڕوو و ئاماژە بە هونەرو پیشەسازییەکانی دەکات، بەڵام هەمان ئەم قۆناغە سەرەتای لە ناوچوونی کەسایەتی هونەرمەندی موسوڵمانی بە خۆیەوە بینی. هەر لە سەدەی ١٩ هەندێ شێوازی هونەری لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە ـ کە پێشکەوتوتر بوو، کۆنترۆڵی جیهانی کردبووـ هێواش هێواش بۆ چەندین لایەنی ژیانی ڕۆژهەڵاتی گوازرایەوە و، خزییە نێو پێکهاتەی بنکەی مەعریفی، تا وایلێهات چەندین لایەنی داب ونەریتی هونەری چەسپاوی سڕییەوەو سیستەمی کۆمەڵایەتی باوی گۆڕی. هەروەها تێکچونی سیستەمی سیاسی و لەناوچوونی خەلافەتی ئیسلامی بۆ هێنانە خوارەوەی پەردە لەسەر بەشی کۆتایی کولتووری هزری و هونەری کە خەریکبوو هەر لە سەدەی ٣ ك / ٩ی زایەنییەوە لە کولتوورەکانی تر جیاکراوە بێت، یارمەتیدەر بوو.

لەگەڵ هاتنی ئیسلام، پیشەسازو کاردەست سازەکانی ناوچەی ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئیسلامی ـ بە سروستی حاڵەتەکە ـ بە هونەری کلاسیکی یۆنان و ڕۆمەکان کاریگەر بوون. هونەری ئەمانە بەوە جیادەکرایەوە کە وێنەی زیندەوەری زیندو لە دارو درەخت و ئاژەڵ و شێوەی ئادەمیزادی لە سەر مۆدی سروشتی دەکێشن، هەروەها شێوەی کلاسیکی بۆ قاپ و قاچاخ و ڕازاندنەوە بە بەکارهێنانی یەکەی زەخرەفەیی پێچخواردوو لە کرۆم و لەبلاب ـ بەکاردەهێنن. هەروەها جیهانی ئیسلامی لەهەمان کاتدا بەشی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتەکەشی کاریگەربوونی بەخۆیەوە بینی، بە جۆرێك داب و نەریتەکانی هونەری وڵاتی رافیدەین و ئێرانی فارسی ساسانی بە میرات وەرگرت. ئەم جۆرە هونەرە بە ئەندازەیەکی زۆر فەرمی و جۆرییەوە، یەکە زەخرەفییەکانی دوبارە دەکاتەوە، وەك نەخشی ساسانی کە لە دار خورما دەچێت و لە مێژووی هونەریدا بە ((پەروانەی دارخورمایی) ناودەبرێت، جا چ بە تەواوی بێت یا بۆ دوو بەش بەشکرابێت. هەروەها پۆلە سوار چاك و جووت باڵی، کە هێمایەکە بۆ

دەسـەڵاتی خاوەنـداریتی و درەختـی ژیـان کـە لـە هـەردوو لایـەوە دوو شـێوەی ئاژەڵی یان ئادەمیزادی، یانیش زیندەوەری ئەفسانەیی چاودێریدەکەن.

پاشان هونەرمەندە موسوڵمانەکان وردە وردە قوتابخانـەی رۆژهـەڵاتییان تێکەڵ بە قوتابخانەی رۆژئـاوایی کـرد کـە هـەر جـارەو یـەکێکیانیان قۆنـاغ قۆناغ و لە نێوان پایتەختە ئیسلامیە جیاوازەکان پەرەپێـدەدا. بـۆ نمونـە لـە رۆژهەڵات بە ئەنقەست یەکەی دوبارەبۆوەی پەروانەی دارخورمایی تەواو یان لـەتکراو بـۆ دوو بەشـیان بـەکاردەهێنا. پاشـان وایانلێهـات کـە پەروانـەی دارخورمایی لەتکراو بەکاربهێنن، وازیان لە نەخشـی پەروانـە دارخورمـایی تـەواو لـەت نـەکراو هێنـا (وێنـەی ٢٦). دواتـر بـۆ نەخشـی پەروانـەی دارخورمایی لەتکراو، هەندێ خەسڵەتی کرۆم و لەبلابیان لـە ڕووی گەشـەی بەردەوام و درێژ بوونەوەی، زیادکرد، تا وایلێهات لقێکیـان لـە چـەقی هـەر پەروانە دارخورماییەك زیاد دەکردو وەکو کۆڵەگەیەك بۆ زیاترکردنی پەروانە دارخورمـــایی زیـــاتر بەکاریانـــدەهێنن، بەمـــەش شـــێوەیەك لـــە پەروانـــە دارخورمـایی لـەتکراو و بەدوایکـدا هـاتوو کـە هەریەکـەیان لەگـەڵ ئـەویتر زنجیرەی درێـژەوەبوو یـان پێکـەوە گرێـدراوی پێکـدەهێنا، دەکێشـرا. بـەڵام کرۆکی گریکی و ڕۆمانی کە لە هەرێمـەکانی دەریـای ناوەڕاسـت بـاو بـوو، وایلێهات بە دەوری یەکەی نیمچە بازنەیی دەخولێنرایەوە، کـە هەریەکـەیان لە کاغـەزێکی لولـدراو بـە دەوری بۆڵـە ترێیەکـەوە پێکهـاتووە. پاشـان لـە رێگەی ئەم لقانەوە دارسنەوبەرو پەلکی لاکێشەیی کـە هـیچ پەیوەندییـەکی بە کرۆمەوە نیە، گەشەی سەند. دوای ئەمەو بە تایبـەتی لـە سـەدەی ١١ی زایەنیـەوە پەروانـەی دارخورمـایی لەسـەری گەشـەیکرد، ئینجـا یەکـە رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکان وردە وردە لەگەڵ هەوڵدانی هەر یەکەیەکیان بـۆ دروسـتکردنی داهێنانکـاری زەخرەفـی نـوێ لـە ڕووی دەرەوەی فـەخفوری و شتی چنراوو کانزاکاریدا کە لە یەکەکەی تردوە بۆی دەهات، تێکەڵاوبوون.

هەروەها خۆشنوسی موسوڵمان، خەتی عەرەبی پەرەپێداو کردی بە ئامرازێکی جوانکاری زەخرەفەیی بەهادار. بۆ ئەمەش چەند خەسڵەتێکی خەتی عەرەبی کە لە خەتەکانی تر جیایدەکاتەوە، یارمەتیدەری بوون. لەو خەسڵەتانەش: خەسڵەتی پێکەوە بەستران و توانایی لە درێژکردنەوەی لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر بە بێ پچڕان، دەتوانرێت بە شێوازی زەخرەفەیی بێ هاوتا بنووسرێت، لە هەمانکاتدا بخوێنرێتەوە بێ ئەوەی ڕوونیی خۆی لەدەست بدات. لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆر نەبوو دەوڵەتی ئیسلامی خەتی کوفی بە گۆشە چوارییەکانی و خەتی نەسخی بەگۆشەبازنەییەکانی ناسی، کەچی خەتی کوفی (وێنەی ٢٧) لەلای خۆشنوسان حەزی پێدەکرا، لەبەر ئەوەی باریک دەنوسراو ڕەهەندێکی ئاینی وەرگرتبوو، چونکە قورئانی پیرۆز سەرەتا بەم خەتە دەنوسرا. بەڵام زۆربەی جار دەبینین ئەم دوو خەتە لە هەمان پارچەو بە یەکەوە لە نووسینەکاندا بەکارهاتوون. قاپ و قاچاخی سەمەرقەندی لە سەرەتای سەردەمی عەباسیەکان خەتی کوفی زۆرجوانی تێدا بەکاردەهات. ئینجا ئەو قاپوو قاچاخە سەمەرقەندییە نەخشێنراوانە بە پەندی عەرەبی و دێرە شعر، جوانیەکی هونەری لەڕادەبەدەری پێ دەبەخشی. بەڵام دروستکاری کانزاکان لە خوراسان، ئەوا خەتی عەرەبی و وێنەی ئادەمیزادو ئاژەڵیان لە کارە هونەرییەکانیاندا تێکەڵاو دەکرد،ئەمەش سەر بەقوتابخانەیەکی ناوازەیە کە بە "خەتی جووڵاو" ناسراوە (وێنەی ٢٨). لەم خەتەدا کۆتایی پیتەکانیان درێژ دەکردەوەو لایەکانیان بەسەرو جەستەی ئادەمیزادی یان ئاژەڵی دەڕازاندەوە، کە هەریەکەیان کارلێکی لەگەڵ ئەویتریان دەکرد و تێیدا ڕووداوەکانی ڕاوکردن و تیر هاوێشتن و نێچیرگرتن،یان کۆڕی گۆرانی و سەماو دەف لێدان و هەڵگرتنی پێکی شەراب دەکێشرا.

مێژوو نووسانی مێژووی هونەر ئەم یەکگرتنەی هونەری ئیسلامی لەگەڵ بوونی جیاوازییە هەرێمیەکان بۆ تێکەڵاوی و کارلێکی بەردەوامی

نێوان توخمەکانی هەرێمە جیاجیاکان دەگەڕێننەوە، جا یان لە ڕێگەی گواستنەوەی کارە هونەرییەدەستی و پیشەسازییەکان بە هۆی قافڵە بازرگانیەکانەوە بێت، یانیش کۆچکردنی پیشەکارو پیشەدەستیەکان و جێگۆڕکێیان و نیشتەجێبوونیان لە نێوان شارە ڕۆژهەڵاتیەکان،ئەمەش بازرگانی ئاڵوگۆڕی کاڵاو بەرهەمەکانی، کە قافڵەکان لە نێوان پانتاییە فراوانەکانی وڵاتی ئیسلامی ئاڵوگۆڕییان پێدەکەن، ئاسانکردوە، کە دەکاتە ڕووبەرەکانی پشت رافدەین و ڕۆژهەڵاتی دەریای ئەندەلوس لە ڕێگەی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا، کە بە میسرو باکوری ئەفریقیا تا دەگاتە نیمچە کیشوەری سیبریا تێپەڕ دەبێت، بەمەش دەوڵەتی ئیسلامی لە درێژبوونەوەیدا زیاتر لەوەی کە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما هەیبوو لە بەهێزترین سەردەمەکانیدا، پەلی هاوێشتووە. ئیسلام ناوچە هەرێمیەکانی دەریای ناوەڕاستی لە ژێر دەستی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی لە قوستەنتینییە دەرهێنا و کۆتایی بە ئیمپراتۆرییەتی ساسانی هێنا.

هەروەها ئاڵۆزی ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم دەوڵەتە، هەلی زۆری لە بەردەم کارسازو پیشە دەستکارەکان ڕەخساند، بە تایبەتی تێکچونی دەسەڵاتی سیاسی ناوەندی لەسەر هەرێمەکان و، دروستبوونی ئاراستەی جیاواز لە ناوەڕاستی ئاسیا بەرەو هەرێمە ناوەندییەکان و، داماڵینی هەموو جیاوازییەکانی سەرچاوە کارگێڕییەکانی سوڵتان لە هەرێمەکان، لەگەڵ دەربڕینی وەفاداری ڕووکەش بۆ خەلیفە لە ووتاری ڕۆژی هەینیدا. ئەم میرنشین و سەڵتەنەتانە لە کاتی گەشەسەندن و پێشکەوتنی هەریەکێکیاندا ئەدیبناس و کاردەست سازیان بۆ خۆیان کێشدەکرد و، لەکاتی ڕووخانیشیاندا ئەمانە لێیان هەڵدەهاتن و لەگەڵ ئەم کۆچکردنەیاندا قوتابخانەی هونەری گەشەسەندویان لەگەڵ خۆ دەبرد. وا دەردەکەوت کە لە ناکاو ئەم هونەرە لەو زەویە تازەیەو لەژێر چاودێری بنەماڵەی دەسەڵاتی

نـوێ دروسـتبووبێت. سـەردەمانی ئـەم هونەرانـە بـەو چـینەی کـە دەسـت ڕەنگینییان تێدادەکرد، تایبەتبوون و بۆ کەسی تر نەبوو کە ئەنجامیانبدات. تەنها کۆچکردن و گەشتکردنی ئەو کارسازانە لە پایتەختێکەوە بۆ یەکی تر سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئەم هونەرە لە ناکـاو پێگـەییوە لـە هەرێمـەکان، ڕاڤەیەك دەکات.

ئاسان نییە هەر یەکێ لـەو هۆکارانـەی سـەرەوە بـە تـەنیا وەرگـرین، چونکە هەردووکیان بە درێژای شارستانییە مرۆییەکان تەواوکەری یـەکترو پێکەوە بەستراون. ئەوەی کە بارەکە ئاڵوزتر دەکات، ڕەگەزی سێیەمە کـە لە پێکهێنانی سەلیقەی باوو دروستکردنی شوناسی هونەرە ئیسـلامیەکان بەشداریکردووە، ئەویش چاودێری دەسەڵاتی سـوڵتان و سـەلیقەو مـۆدیلی حەزپێکراوە لە لایەن بنەماڵـەی دەسـەڵاتدارەوە کـە سەرچاوەی جیـاوازی هەیە. ڕەنگە باشـترین نمونەیـەك کـە دەربـارەی پەیوەنـدی تێکـەڵاوی ئـەم هۆکارانەبێت وزۆر پشتی پێببەسترێت، مێژووی فەخفوری سازییە لە سەدە ناوەڕاستەکانی ئیسلامی. فەخفوری ساز لە سەرەتای ئیسلامەوە هونەر و داب و کولتووری باوی ناوچەکەی بە میرات بۆ ماوەتەوە کە پـێش هـاتنی ئیسلام بوونی هەبووە، ئەویش درێژکراوەیـەکی سروشـتییە بـۆ کولتـووری ڕۆژهـەڵاتی خـوارووو و وڵاتـی ڕافـدەین. بـەڵام قـاپ و قاچـاخی فـەخفوری سەرنج و بایەخپێدانی دیوانی خەلیفە ئەمەوییەکانی ڕانەکێشاوە، کـە بـە کولتووری گریکی و ساسانیەکان لە ڕووی بەکارهێنانی قورئـانی لـە زێـرو زیـو دروسـتکراو، کاریگـەربوون. لـە سـەردەمی ئەمەوییەکانـدا ڕۆڵـی فـەخفوری سـازی تـەنیا لـە کـارە سـادەکاندا بەدەردەکـەوت، ئـەویش لـە چێشتخانەکان. بەڵام چینە هەژارەکان زیاتر حەزیان بە بەکارهێنانی قـاپ و قاچـاخی لـە دار و کـانزا دروسـتکراو دەکـرد، چـونکە ئەمانـە بەرگـەی شکانیان لە فەخفوری زیاتر دەگرت.

هەروەها لەو ناوچەیەدا وایلێهات ئەوەنـدە بایـەخیان بـە زەخرەفەسـازی باڵەخانەکان نەدەدا، کە بەهۆی قرمیـدی رەنگـاو ڕەنـگ و هونەرەکانییـەوە دەنەخشێنرا. ئەم هونەرە لە سـەدەی ١٢ تـا ١٥ ی پـێش زایـەن لـە وڵاتـی رافدەین پەرەی سەند. کاتێك کە پاشاکانی بابـل، ئاشـوری و ئەخمینییـەکان دیواری کۆشکەکانیان هـەمووی بـە قرمیـدی زەخرەفـەیی، وێنـەی ئـاژەڵ و شێوەی ئادەمیزادی رەنگاو ڕەنگ، بە قـەبارەی سروشـتی لـە ژێـر چینێکی بریسکەدار دەنەخشاند. پاشان ئەم هونەرە لەگەڵ هاتنی سەردەمی دەوڵەتی ساسانی لە ناوچوو. هەروەها لەگەڵ هاتنی ئیسـلام ئـەو هونـەری فـەخفوری سازییەی کە لە ناوچەکە باو بوو، ئەویانبوو کـە لـە دەوری حـەوزی دەریـای ناوەڕاست باوبووە، ئەم هونەرە لە فەخفوری سورکراوە لە ناو فڕنـی تایبـەتی و لـە زەخرەفـەی زەق و سـادەی نەخشـێنراو پێکهـاتوە. هونـەری فـەخفوری سـازی لـە جیهـانی ئیسـلامی تـا سـەدەی ٩ی زایـەنی ئـاوا بـە سـنورداری مایەوە. عەلی کوری عیسا والی خۆراسان دیارییـەکی لـە فـەخفوری چینـی بەنرخی بۆ هارون رەشید نارد بریتیبوو لە — قاپێك کە ڕۆمانی بیهقـی تیـا نووسرابوو (٤٧٠ك-١٠٧٨ز) لە "مێژووەکەیدا" -٢٠ پارچە لـە فـەخفوری چینی کە هاوشێوەی ئەوە لـە دیـوانی خەلیفـە، بینرابـوو، ئەمـەو هـەروەها لەگەڵیدا (٢٠٠٠) پارچەی جۆراو جۆری چینی لە گەڵدا بوو. [٤٢] ئا لێـرەوە شۆرشـێك لـە بـارەی شـێوازو هونـەرێك هاتـە مەیـدان، وەك هـەوڵێك بـۆ تێگەیشتن لەو شتە جۆراو جۆرە هاوردەنییانەی لە چینەوە دەهێنران، پاشـان بەرهەمهێنانی هونەر و شێوازی هونەری نوێ و گشتی پەیدا بوون.

بەڵام فەخفوری سازە میسرییەکان لە سـەردەمی فاتمییـەکان، بەڵگەیـەکی ئاشکرا سەبارەت بە کۆچکردنی پیشەسازە دەستییەکان بـەرەوقاهیرە پایتـەختی نوێ، دەدەن بە دەستەوە، کـە خـەریکبوو ئەسـتێرەی داهێنـانی بـەرەو بـەرزایی دەرۆشت. ئەو پیشەسازانە لە بەغداوە هاتبوون، کە ئەوکات بەغـدا خەریکـەبوو

ئەستێرەی بەرەو ئاوا بوون دەچوو. ئەمانە نهێنی پیشەکانیان لەگەڵ خۆیان بۆقاهیرە هێنابوو، ئەمەش لەو گۆڕانە لە ناکاوەوە کە بەسەر هونەری لۆکاڵیدا هات، دەردەکەوێت و، هونەرێکی پێشکەوتووی بەغدا لە ناکاو، وەك دووبارە دۆزینەوەی هونەرێکی فەخفوری گڕنی گڕنی و بریسکەدارکراو بە کانزا، هەروەها فەخفوری نەخشێنراو بە زەخرەفەی نوێ لەقاهیرە دەرکەوت.

دەکرێ هەمان ئەو هۆکارانە بووبنە هۆی گەشەسەندنی هەموو هونەرە بچووکە ئیسلامیەکانی تری وەك پیشەسازی کانزا، خشڵ و گەوهەر، چنین و شوشە نەخشاندن، یان گەشەسەندنی هونەری بیناسازی گەورە، بەڵام ناکرێت هەر هەمووی لێرەدا باس بکرێت.

وێنەکێشان

خانمە نووسەر لە هەندێ شوێنی کتێبەکەیدا وەسفی چەندین وێنەی ئادەمیزادی و ئاژەڵی، کە قاپ و قاچاخ و شتی چنراوو دیوارەکانی پێ ڕازێنراوەتەوە، دەکات. کتێبە مێژوویەکانی قوتابخانەکان، هەندێ بابەتی خوێندنی زانکۆیی گشتی، هەندێ نووسینی گشتی و چەند کتێبێکی تایبەت کە باس لە مێژووی هونەری ئیسلامی دەکات، جەخت لەسەر خاڵیبوونی هونەری ئیسلامی لە وێنەی ئاژەڵی و ئادەمیزادی دەکاتەوە. جا خانمە نووسەر هۆکاری پێشکەوتنی هونەری خۆشنووسی کە تاکە هونەری ڕەسەنی عەرەبیە، هەروەها شۆرشی گەورە لە بواری زەخرەفەی ئەندازیاری بۆ ئەو حەرامکردنە ڕەهایە سەبارەت بە ڕك و کینەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە وێنەو شێوەی ئادەمیزادو ئاژەڵ، دەگەڕێنێتەوە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، ڕای جیاواز لە هزری فقهی ئیسلامی سەبارەت بە وێنەو شێوەیئادەمیزاد و ئاژەڵ هەیە، لێرەدا سێ هەڵوێستی فقهی هەیە: یەکەمیان ئەم بابەتە بەشێوەیەکی بن بڕ ڕەتدەکاتەوە.

دووەمیان دیمەنی سروشت و میوەجات حەڵاڵ دەکات و، سێیەمیان هەموو وێنەیەك حەڵاڵ دەکات لەوەوە کە ڕەسەنی حەڵاڵکردنی شتەکانەو تەنها ئەگەر بە مەبەستی پەرەستن بەکارهات ئەوا حەرامدەکرێت.

هەر لە سەرەتاوە هزری تەشریعی ئیسلامی ڕەوتێکی دژی وێنەکردن ناسیوە، هەروەك چۆن لە ئاینی جوولەکە و کرستیانیشدا بوونیان هەبووە. ئەم ئایدیۆلۆژیا چاکسازییە لە سەردەمی ڕۆشنگەری عەرەبی ئیسلامی هاوچەرخ دووبارە ژیانرایەوە، بە تایبەتی لەگەڵ بەرەو پێشچوونی فەلسەفەی ڕۆشنگەری ئیسلامی هاوچەرخ وەکو فەلسەفەکانی سەدەی ١٩ کە بەرەو ئایدیالیزمی زیاتر و دابەزین بەرەو کامڵبوونی مرۆیی و پاکسازی ئاین ڕۆیشتوە.

کەچی فقهییەکان لە بارەی بڕیاردان لەسەر ئەو وێنانەی ڕۆحی مرۆڤ یان ئاژەڵی تێدایە جیاواز بوون و، سێ بۆچوونی جیاوازیان هەبوو: گروپی یەکەم پێی وایە: وێنەکێشان و شێوەی تر جگە لە مرۆڤ و ڕوح لەبەر بە هەموو شێوەکانیانەوە حەرام نین، تەنها ئەوانە حەرامدەکرێن کە لە شێوەی پەیکەرن و بۆ پەرەستن دوور لە (اللە) دروستدەکرێن، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: "قال اتعبدون ما تنحتون واللە خلقکم وما تعملون"(سورة الصافات: ٩٥ و ٩٦). مەبەستی ئەم ئایەتەیان بە فەرمودەی پێغەمبەر (د. خ) ڕاڤە کردوە "لە نێوان ئەو خەڵکانەی کە لە ڕۆژی قیامەت زۆر سزا دەخۆن وێنەکێشەکانن" بەو پێیەی کە لێرەدا حەرامکراو، دروستکردنی پەیکەرە بۆ پەرەستن، چونکە ئەگەر مەبەستی ئەو وێنەکێشانە ئاسایی بوایە، ئەوا کێشەی بۆ ڕێساکانی شەریعەت دروست نەدەکرد. لێرەدا دەبێت لادانەکەی زۆر گەورە بێت کە لە دروستکردنی هاوتا، کوشتنی گیان و داوێن پیسی گەورەتر نییە، ئەوکاتە وێنەکێشەکە لە هەموو خەڵکی سزای زیاتر دەبێت گەر ئەو پەیکەرەی بە مەبەستی پەرەستن دروستکردبێت. [٤٣]

بەلاّم مالکیەکان و هەندێ لە سەلەفی و حەنبەلییەکان، ئەوا وێنەی ئادەمیزادی و ئاژەڵی حەرامدەکەن، ئەگەر سێبەری هەبێت. واتە ئەگەر پەیکەرێك بێت کە دووری هەبێت، جا ئەگەر ئاوا نەبوو، ئەوا حەرام نییە. بۆ نمونە وەك ئەوەی لەسەر دارو دیوار دەکێشرێت یان لەسەر کاغەز یان قوماش، ئەمانە حەرام نین بەلاّم حەزپێنەکراون. لە کاتێکدا کە حەنەفی و شافعی و جەماوەری حەنبەلییەکان ئەو وێنانە حەرامدەکەن کە ڕۆحی تێدایە، جا ئەگەر وێنەکە سێبەری هەبێت یا نە. [٤٤]

مشتومڕ لە بارەی حەرامکردنی وێنەو پەیکەرەکان لە کۆتایی سەردەمی ئەمەوی و سەرەتای سەردەمی عەباسی توند بوو. بەڵگەی زۆر ڕوون و ئاشکرا لە بارەی لێبووردەیی موسوڵمانان لەگەڵ وێنەو پەیکەر لە شارە کراوەکاندا هەیە، بە جۆرێك موسوڵمانە یەکەمیەکان ئەوانەی لەسەرەتای ئیسلام موسوڵمان بوون لە بیرو باوەری خۆیان لە شارە کراوەکان نەدەترسان، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی تازە لە پەرەستنی پەیکەرەکان دەستیان هەڵگرتبوو. تەنها بە بەڵگەی کردەیی، کە ئاسەوارەکان بەو حاڵەتە باشەیان ماونەتەوە، وەك پەیکەری بوزا - چەند ساڵێك پێش ئێستا لە ئەفغانستان تەقێنرایەوە - لە هندو ئەفغانستان، تا دەگاتە ئەو ریزە سوپایەی کە لەسەر دیوارەکانی جەمشید لە ئێران کێشراون و، ئەبو هۆل و ئەو پەیکەرە زەبەلاحانەی لە میسرو سودان هەن، ئیکتفا ناکەین، بەڵکو پشتگیری لە ڕۆحی لێبوردەیی ئیسلامی بۆ ئەم وێنەو پەیکەرانە دەکەین، لە ڕێگەی یەکێ لە گرنگترین سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی کە (تبری)ە. تبری بە جۆرێك باسدەکات، کە چۆن سەعدی کوڕی وەقاس کاتێك شاری مەدائن، کە پایتەختی ئیمپراتورییەتی فارس بوو، ڕزگارکرد و نوێژی فەتحی لە هەیوانی کیسرا کرد:((لەناویدا پەیکەری لە گەچ دروستکراوی پیاوو ئەسپ هەبوون، ئەوو موسوڵمانان ڕێگری نەبوون و وەکو خۆی هێشتیانەوە. پاشان

فەرمانی بەسەر خەڵکداکردو بۆ جەژنەکان کردی بە مزگەوت، منبەرێکی تێدا دانا و نوێژی هەینی -کە پەیکەرەکانیشی تێدا بوو- تێدا دەکرد...[٤٥]

کاریگەری ئەم بیروڕا فقهیانە سەبارەت بە رازاندنەوە، لە رێگەی وێنەو کێشانی شێوەی جۆراوجۆر و دروستکردنی خەسڵەتە هونەرییەکانی لە هەرێمێکەوە بۆ یەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ یەکی تر جیاواز بوو. مەغریبی عەرەبی کاریگەری ئەو خۆپاراستنەی زۆر بەسەرەوە بوو، بە جۆرێك زۆر بە کەمی وێنەی ئاژەڵ و ئادەمیزاد لە سەر دارو دیوارەکانی دەکێشران. بەڵام لە وڵاتی فارس و هەرێمە رۆژهەڵاتییە هاوسێکانی، ئەو راڤە فقهیانە پشت گوێخرابوون. بەو پێیەی کە وێنە کێشان لە رووی فقهەوە حەزپێنەکراوە، ئەوا لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا وایلێهاتبوو کە لەنێو بازنەیەکی دیاریکراودا بهێڵرێتەوە، بە تایبەتی لە دیوەخانی سوڵتان و ماڵی چینە باڵاکان، تەواو وەکو دانیشتنەکانی سەما و گۆرانی و شەراب خواردنەوە، لەگەڵ ئەوەی شەرع زۆر بە توندی ناحەزی ئەم جۆرە دانیشتن و شەراب خواردنەوەیەی حەرامکردوە، کەچی لەم جۆرە کەش و هەوایانەدا بەرێوە دەچوون.

ئەم جیاکردنەوەیەی نێوان پانتایی تایبەت و گشتی- نێو ماڵ، کۆشکو و مزگەوتەکان- لەبارەی کێشانی وێنەی ئادەمیزادی و ئاژەڵی لە سەرەتای سەردەمی ئەمەوییەوە دروستبوو. لەگەڵ ئەوەی کرۆم رەمزێکی کافری تێدایەو ئاماژەیە بە (باخوس) خوای شەراب، ئەوا مزگەوتەکان لە دیمەشق و مەدینەی منەوەرە بە نەخش و نیگاری دارو درەختی کرۆم دەرازێنرانەوە. لە کاتێکدا خانوو و کۆشکە تایبەتیەکان بە پەیکەرو وێنەی قەد دیوار کە لە گەچ دروستکرابوون و، بە جوانترین هونەری باوی ناوچەی حەوزی دەریای ناوەڕاست نەخشێنرابوون و، لەسەر مۆدێلی گریکی- رۆمانی و لەگەڵ هەندێك هونەری ساسانی رازێنرابووەوە. هەروەك چۆن لە (خەربەت ئەلمفەجر)

(وێنەی٢٩) و کۆشکی (ئـەلخیر ئەلغـەربی) (وێنـەی٣٠) و کۆشـکی بچـووکی (عەمرە)دا بەدی دەکرێت. ئەم دوالیزمییـە لـە سـەردەمی عەباسییەکانیشـدا هەر بەردەوامبوو. سەرچـاوە مێژوویـیـەکان باسـدەکەن (مـاڵی خەلیفـە) ش لـە سامەرا بە وێنەی ئادەمیزادی و ئاژەڵی رازێنراوەتەوە.

لە لایەکی ترەوە دەبینین ئارەزوو و حـەزلێبوون لـە کتێبـی یۆنـانی لـە سـەردەمی عەباسـی یەکـەم و لـە لایـەن زانـا عێراقیەکانـەوە، بـووە هـۆی هاوردنی دەستنوسی بێزەنتی وێنە تێدا کێشراو، کە ئەمە ئاسەواری ڕوون و ئاشکرای لـە سـەر وێنـەو نووسـینە عەرەبیـەکان لە بـارەی ئـەو بابەتانـەی دەکەونـە نێـوان گیادەرمـانی پزیشـکی (وێنـەی٣١) و جۆرەکـانی تلیـاك (وێنـەی٣٢) وەك پێـوەدانی مـارو دەرمـانکردنی ئەسـپ، جێهێشـت. ئـەم ئاراستەیە لـە نووسـیندا گەشـەی سـەند، تـا گەیشـتە یـەکێ لـە گرنگترین تێکسـتە عەرەبیـە وێنەییـەکانی سـەدەی ٦-٧ك\١٢-١٣ز، ئـەویش مەقامـەکانی حەریرییـە (وێنـەی٣٣). ئامادەکـارانی ئـەم تێکسـتە بـە ئەنقەسـت وێنـەو مـاڵی جیـاواز و جیاجیـا و شـێوەی دەمـو چـاوو، لایەنـە جیاجیاکانی ژیانی عێراقیان تێدا کێشاوە. پاشان ئەوە بوو هونەری نووسین لە عێراق لە دوای داگیرکردنی مەغۆل لە ناوچـوو، ئەگەرچـی لـە دیمەشـق و میسرتا سەدەی (٨-٩ك\١٤-١٥ز) بەردەوامبوو.

بە پێچەوانەی هونەری هەرێمەکانی باکوری ئەفریقیا، کە تـەواو وێنـەی ئادەمیزادی و ئاژەڵی ڕەتدەکاتەوە. فـارس و هندییـەکان بـە تایبـەتی دوای داگیرکردنـی مەغۆلـەکان، کاتێـك وێنەسـازان لـە دیوەخـانی پاشـایی چاودێرییەکی چاکیان دەکرا، زیاتر باوەشیان بۆ هونەری وێنەکێشان کردەوە. ئەم هەرێمانـە بـە درێژایی سـەدە یەکەمـەکانی ئیسـلام پارێزگارییـان لـەو میراتـەی کـە لـە بـارەی داب و نـەریتی وێنەکێشـان و پەرەپێـدانی بۆیـان ماوەتـەوە، کـردوە. قوتابخانـە هونەرییـە گـەورەکان لـە خۆراسـان و وڵاتـی

رافدەین (ماورء النهرین)، ئەمانە ئەو ناوچانەن، کە کولتووری فارسی و هیلینستی لەسەردەمانی پێش ئیسلام تێیدا گەشەیان سەندوەو، بە بەشدارییەکانی لە کێشانی وێنەی ئادەمیزادی و ئاژەڵی لە قەد دارو دیوار و پەیکەرەکان دەناسرێت، جا چ لە پەرەستگا یان خانووە تایبەتیەکان بێت.

لە گرنگترین ئەو داب و نەریتانەی کە کولتووری ئیسلامی لە کولتووری سەفدی فارسی بۆی مابێتەوە،نەریتی گێڕانەوەی چیرۆك و نمایشکردنی وێنەیە، ئەمەش خەسڵەتێکە ڕەنگە لە هندەوە گوازرابێتەوە، بە جۆرێك کە گێڕەرەوەکان وێنەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرت و لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکانیاندا نمایشیان دەکردن.

بەم جۆرە دەبینین، هەندێ لە هەرێمە ئیسلامەکان لە پارێزگاریکردن لە هەندێ داب و نەریتی هونەری وێنەکێشانی ئاژەڵی و ئادەمی لە سەر هەموو شتێکی بەکارهاتوو لە فەخفوری و شوشە و کانزاو خشڵ و شتی چنراوو دارو دیواری کۆشك و ماڵەکان و لە سەر لاپەڕەی نووسینەکانیان بەردەوامبوونە، ئەم شتانەش لە دوو توێی ئەم کتێبەدا ڕووندەبنەوە.

پەراوێزەکان

(١) بۆ ووردەکاری زیاتر بروانە: عثمان، محمد عبدالستار. المدينة الاسلامية، ژمارە ١٢٨. الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، اغسطس. هەروەها: وزيري، يحيى محمد، العمارة الاسلامية والبيئة، عالم المعرفة، عدد ٣٠٤، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، يونيو ٢٠٠٤.

(٢) نيبور، كارستن: رحلة الى بلاد العرب وما حولها ١٧٦١- ١٧٦٧، الجزء الاول رحلة الى مصر ١٧٦١- ١٧٦٢، ترجمة: د. مصطفى ماهر، القاهرة: المطبعة العالمية، ١٩٧٧، ص٧٧.

(٣) شابرول، ج. دي: وصف مصر: دراسة سكان مصر المحدثين، مطبعة الجبلاوي، القاهرة: ١٩٧٦. بەشێکە لەو گەشتەی کە تێبینی و توێژینەوەی زۆری لە خۆگرتوە سەبارەت بە سوپای فەرەنسی و ئەو زانایانەی هاوەڵییان کردبوون لەو داگیرکردنەی بۆ سەر میسر کردبوویان لە چارەگی یەکەمی سەدەی (١٩)، ل٩٢.

(٤) نيبور، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢_٩٣.

(٥) شابرول، سەرچاوەی پێشوو، ل١١_١٣.

(6) Lane, E. W. An Account of the Manners and Customs of Modern Egyptians, Written in Egypt the years 1833-1835. East-West publications, The Hague and London, and Livres de France, Cairo, 1836, p 92- 93.

(٧) السمهوديي، ابو الحسن علي: خلاصة الوفا باخبار دار المصطفى، تحقيق الشيخ حمد الجاسر، المدينة المنورة: المكتبة العلمية، دمشق: مطبعة زيد بن ثابت، ١٩٧٢، ص١٣٣.

(8) Chardain, John. Sir Chardain Sir Percy Skyes (Ed). Travels in Persia. Amsterdam; N. Israel, New York, Da Capo press, 1971.

(٩) شابرول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

(١٠) شابرول، هەمان سەرچاوە، ل٦١.

Chardain ,Travels in Persia, p207.)11(

Chardain ,Travels in Persia, p215.)12(

(١٣) شابرول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠_١٠١.

(١٤) نیبور، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠.

(١٥) هەمان سەرچاوە ، ل٢٩١.

(١٦) هەمان سەرچاوە ، ل٢٩٢.

(١٧) هەمان سەرچاوە ، ل٢٩٢.

(١٨) هەمان سەرچاوە، ل٢٩٠.

(١٩) هەمان سەرچاوە ل٢٩٢.

(٢٠) هەمان سەرچاوە ، ل٢٩٢.

Chardain ,Travels in Persia, p207.)21(

(٢٢) هەمان سەرچاوە ل٢٠٧.

(٢٣) نیبور، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣.

P223. ، Chardain,Travels in Persia)24(

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٤.

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٢.

(٢٧) شابرول، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢_٩٧.

P139. ، Lane, Modern, Egyptians)28(

(٢٩) المحبى، محمد امين: كتاب خلاصة الاثر فى اعيان القرن الحادى عشر، بيروت: مكتبة خياط، ١٩٦٦، ص٢٦٥.

(٣٠) المقريزى: كتاب المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار، ج١، بغداد: مكتبة المثنى، د. ت. ص٤٧٠_٤٧٩.

(٣١) شابرول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣_١٥٤.

(32) Lane, Modern Egyptians P205.

(33) The Histories. Chicago; University of Chicago, 1988, Herodotus, P501.

(34) Lane, Modern Egyptians، P167- 174.

(٣٥) مؤلف مجهول: الف ليلة وليلة.

(٣٦) نیبور، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.

(٣٧) شابرول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

(٣٨) شابرول، هەمان سەرچاوە، ل١٥٤.

(39) Lane,modern Egyptians, P335.

(٤٠) الجزيرى، عبدالقادر: عمدة الصفوة فى حل القهوة. مخطوطة، مكتبة باريس الوطنية، رقم ٤٥٩٠.

(٤١) البيهقى: تاريخ البيهقى.

(٤٢) وزارة الاوقاف والشؤن الاسلامية. الموسوعة الفقهية. ط٢، ج١٢، مادة تصوير، كويت: وزارة الاوقاف والشؤن الاسلامية، ١٩٨٨، ص٩٢_١٣٠.

(٤٣) وزارة الاوقاف الشؤن الاسلامية، الموسوعة الفقهية، سەرچاوەی پێشوو.

(٤٤) الطبرى، ابو جعفر محمد: تاريخ الرسل والملوك، المعروف بتاريخ الطبرى. ط٢، ج٤، القاهرة: دار المعارف، د. ت، ص١٦- ٢٠.

پێشەکی

ماڵی ڕۆژهەڵاتی واتە خێزانی درێژەوە بوو و ئەو کەسەی سەرپەرشتی دەکات، ئەم شێوازە بەشێوەیەکی جەوهەری نەگۆڕاوە... خانە نووسەر

"کولتووری شارنشینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات" کتێبێکە هانی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی سەردانی شوێنەوارە شارستانییە دەوڵەمەندەکان لە تورکیا، میسر و ئێران لەسەدەکانی ١٦-١٨ و، کاتێکی خۆش لەگەڵ ئەو دەورویەرەیدا بەسەر بەرێت. ئەم سەردەمە لەگەڵ ئەوەی کە چاخی گۆڕانکارییەکان بووە، چاخی گەشەسەندن و پێشکەوتنی کولتووورە نەریتیەکانیشە، بەجۆرێك کاریگەری هاوردەکان لە ئەوروپاوە بۆ ڕازاندنەوەو ڕێکخستنی ناوماڵ دەستی بەزیادبوونکردبوو، ئەمەش بوو بووە هۆی تێکەڵاوبوونێکی خێرا لە نێوان شێوە جیاوازەکان، بەڵام خانووی ڕۆژهەڵاتی، واتە خێزانی درێژەوەبوو و ئەوکەسەی کە سەرپەرشتی دەکات، بەشێوەیەکی جەوهەری نەگۆڕاوەو پارێزگاری لە بەردەوامبونی پەیوەندییە نەریتەکانی و، ژیانی ڕۆژانە و ئاهەنگە کۆمەڵایەتیەکانی کردووە.

ژیانی خێزانی لە ژینگەیەکی خێزانیدا بەڕێوە دەچوو، کە خۆشگوزەرانی ماددی و، ژیانێکی دابڕاوی لە پشت دیواری خانووە پێشگیراوەکان دروستدەکرد، بەجۆرێك شتە چنراو و ڕستراوەکان (وێنەی٣٤) ڕووی پەنجەرەکانی شاردبووەوە، ئەمانەو ئەو لاکێش، قالی، جل وبەرگانەی کە بەشەکانی ناوماڵ دەڕازێننەوە، ڕوویەکی زەنگین بە ناوماڵ دەبەخشن. ئەو چنراوانەی لە ناو ماڵ هەبوون گوزارشتیان لە دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو بنەماڵەیە دەکرد، ڕۆڵێکی ئابووری چالاکیشی لە پیشەسازی و بازرگانیدا هەبوو، هەروەها ئاڵووالایی و بەکارهێنانی ڕەنگی

کاڵ و دروستکردنی شێوەی خەیاڵی لە سەرچنراوو رستراوەکان، یەکێکە لەو شێوازە سەرنج راکێشانەی کە لە چنراوی رۆژهەلاتیدا بەدی دەکرێت. ئەم خەسڵەتە جیاکراوانەش دیسانەوە کاریگەری خۆیان لەسەر زەخرەفەی بیناسازی لە رازاندنەوەی دەستنووسەکان بەهۆی جواننووسی و، رازاندنەوەی فەخفوری وکانزاکان و پێستەی خۆشەکراوو پارچە دار،جێهێشتووە.

ئەو شتە هەڵگیراوانەی رۆژهەلاتی ناوەراست، کە لە مۆزەخانەی سکۆتلەندی نیشتیمانی (Musuem of Scotland) National خراونەتە روو، سەبارەت بەسیمای ئەم ژیانە نێوخۆییەی ناو ماڵی رۆژهەلاتی، نمونەی ناوازەن. بەجۆرێك ئەم فەرهەنگە دانسقە چەند شتێکی هەڵگیراو لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە هونەری فەخفوری، شوشە، کانزا، وێنەو ئەوشتە بە نرخانەی بە بۆیەی (لەك) بۆیەکراون، کارەچنراوەکان، جل وبەرگ و خشڵ و زێری سەدەی ١٩ تا سەدەی٢٠. گروپی ئەم مۆزەخانەیە بەشێوەیەکی سادەو ساکار لە ١٨٥٨ دەستیانکردوە بە هەڵبژاردن وهەڵگرتنی جلوبەرگ و خشڵ لە میسر، پاشان بە خێراییەکی زۆر لە ژێر سەرپەرشتی سێر رۆبەرت مردۆخ سمیت کی. سی. م. گی[1] Smith Major General sir Robert Murdoch (١٨٨٥-١٩٠٠) گەشەیکردوە. ئەم ژەنەراڵە لەدوای مێژوویەکی پیشەیی کە وەك بەرێوەبەر لە خزمەتگوزاری فاکسی فارسی کاری کردبوو،دەستیکرد بەکارکردن لەو مۆزەخانەیە Persian Telegraph Service (١٨٦٥-١٨٨٨)، هەروەها یەکێکە لەو پێشەنگانەی، کە هونەری فارسییان خوێندووە. لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەی کە هەیبوون، شارەزاییەکی قووڵی لەو بارەیەوە پەیداکردووە. ئەو مۆزەخانەیە کۆمەڵێك شتی نایابی لە هونەری فارسی دەستکەوت بە تایبەتیش ئەو شتانەی کە مێژوەکەیان دەکەوێتە نێوان سەدەی ١٧تا١٩. پاش ئەوە، ئەو گروپە چوارچێوە جوگرافیەکەی فراوانتر

کرد، که نیمچه دورگەی عەرەبی، میسر، باکوری ئەفریقا، ولاّتی شام، تورکیا، ناوەڕاستی ئاسیاو هندیشی گرتەوە.

ئەم بەدەسهاتووە هەڵبژێردراوانە لە هۆڵی هەمیشەیی لە ژێر ناونیشانی (لە نێوان بەشەکانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست (Within the Middle East) لە مۆزەخانەی سکۆتلەندای پاشایی Royal Museum of Scotland لە شەقامی چامبرز، ئیدنبرە نمایشکراون. ئەمە لە چوارچێوەیەکی وێناییەوە نمونەی ڕایەخ و قاڵی، جل و بەرگ و ڕازاندنەوەی ناو ماڵی رۆژهەلاّتی دەخاتەڕوو. ئەم کتێبە بەشێوەیەکی قوڵ لەم بابەتانە دەکۆڵێتەوە و، بەسەر سێ لایەنی شارە رۆژهەلاّتییەکاندا دەپرژێت، کە ژیانی خێزانی، شێوازەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی و لایەنی ماددی شارستانییەتەکان کە گوزارشتی لەم بابەتانەکردووە، دەپشکنێت. هەروەها ئەم کتێبە لە ڕێگەی کولتووره هاوسێکانیانەوە بەدوای ئەو سیما هونەرییە دیاریکراوانەدا دەگەڕێت، کە دەتوانرێت بەدواداچوونیان بۆ بکرێت، وەکو چۆن لە هند دا دەردەکەوێت، بەجۆرێك هونەری وێنەکێشانیان لەبەر گوزارشتکردنی لە سروتەکانی ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی لەدایەکبون وگەشەو باڵقبوون، ڕێژێکی زۆری لێدەگیرێت.

پەراوێز

(١) رۆبرت مردۆخ سمیت: ئەندازیارو شوێنەوارناس و بەڕێوەبەری مۆزەخانە بوو. لە ساڵی ١٨٢٥ لە شارۆچكەی كیلمارنۆك هاتووەتە دنیاوە، هەر لەوێ خوێندنی تەواوكردوەو لە زانكۆی گلاسكۆ درێژەی بەخوێندن داوە .لە سالی ١٨٥٦بووە بە سەرۆكی ئەندازیارانی وەفدی شارلز نیوتن بۆ هەڵكەندنی شوێنەوارە كۆنەكان لە ئاسیای بچووك دوای سەركەوتنی پارەكەی لەو پێشبڕكێیەی ٢٨٠ هەڵبژێردراو بەژداریان تێداكردبوو.ئینجا سەلیقەو تواناكانی ڕۆڵێكی زۆریان هەبوو لە سەركەوتنی وەفدەكەی لە دۆزینەوەی گۆڕستانی هالی كارناسۆس پەیكەرە جوانەكان كە بەیەكێ لە گرنگترین پارچەكانی مۆزەخانەی بەریتانی دادەنرێت. لەساڵی ١٨٦٣پەیوەندی كردوە بەدەزگای فاكس لە ئێران، ئەودەزگایەی كەهندو ئوروپا بەیەكەوە دەبەستەوە. هەروەها لەساڵی ١٨٦٥ بوویە بەڕێوەبەری فاكس لەتاران ولەم پێگەیەی خۆی مایەوە تا بیست ساڵ دواتر لەو ماوەیەدا بەووردی لێكۆڵینەوەی كردووە لەسەر هونەرو شوێنەوارە كۆنەكانی فارسەكان و بوویە یەكێ لە گەورەزانایانی ئەم بوارە.ئینجا لە ساڵی ١٨٨٥بوو بە بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئیدنبێر بۆ زانست و هونەر كە ئێستا بەناوی مۆزەخانەی پاشایی سكۆتلەندی ناسراوە .پاشان بەشێوەیەكی رەسمی خانە نشینبوو لە سوپا واتە لە ساڵی ١٨٨٧ و دواتر هەر لە ئیدنبێر مایەوەو تواناكانی لە بەڕێوەبردنی مۆزەخانە سەلماند و بە شێوەیەكی كارا لە چەندین كۆمەڵە بەژداری كردوە و تا ساڵی ١٩٠٠كۆچی دوایی كردوە.

بەشی یەکەم: شار

" بەر پەنجەرەی دارین ڕەنگاو ڕەنگی ڕوون وەك تیشکی ڕووناکی، کە سنووری تاریکی دەشکێنێت و پەرداخە بلوورییەکان پردەکاتەوە تا لێی دەرژێت و بە ناوی گوڵ بۆنخۆشدەکرێت، ئەم پەرداخانە لەسەر ڕاخراوێکی ئالتونی دادەنرێن و پەرداخە زیوینەکان وەکو ئەڵقەی ئەستێرەکان دەبریسکانەوە"((شاعیر جامی))[*]

ئەم دێرە هۆنراوە دڵڕفێنانە، چەپکێکە لە بەناو بانگترین و کاریگەرترین داستانە شیعرییە کلاسیکیە-ئێرانیەکان بەناوی (یوسف و زولیخا).

شاعیر جامی[1] لە ١٤٨٣ ئەم هۆنراوەیەی نووسیوە، باس لە بابەتێکی ئەخلاقی و ئەدەبی هاوبەشی نێوان ئاینی جوولەکە، کرستیان و ئاینی ئیسلامی دەکات. سەرگوزشتەی بەندکراوێکی جوولەکە کە پیغەمبەر یوسف (سلاوی خوای لەسەربێ) و خێزانی عەزیزی میسر (بوتیفار)، کە بۆ یەکەم جار ئەم چیرۆکە لە تەورات و لە سفری تەکوینباسکراوە، دەگێڕێتەوە.

ئینجا دیسانەوە لە قورئان وەك چیرۆکی یوسف (سلاوی خوای لێ بێت) و زولێخا باسکراوە. شاعیرانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەم ڕۆمانە قورئانیەیان پەرەپێداوەو کردویانە بە چیرۆکێکی خۆشەویستی خەماوی، تێیدا سۆزی

---

* تێکستە ڕەسەنەکە بەزمانی فارسی ئەمەیە:

زشربتهای رنکارنك صافی
چو نور از عکس در ظلت شکافی
بلورین جامها لب ریز کرده
بماء الورد عطر أمیز کرده
ززرین خور زمینش مطرح حوز
ز سیمین کاسهای برجی پر اختر. (وەرگێڕی عەرەبی)

زەمینی لەگەڵ رزگارکارێکی رۆحی کۆدەکاتەوە. لەو هۆنراوەیەی سەرەوە، شاعیر وێنەی هەردووکەسایەتی سەرەکی (یوسف و زولێخا)، کە لە ژینگەیەکی زەنگین و لە خۆشگوزەرانیدا دەژین، دەکات. هەرچەندە وەرگێڕانێکی فکتۆری و[**] بێ دەستکاری ئەو هۆنراوانە کراوە، بەڵام دەکرێت لەم چیرۆکەدا وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە رازاندنەوەی ناوماڵ بەهۆی زەخرەفەی زۆر ناوازەو نایابی لێهەڵێنجرێت، بەجۆرێك قاپ و قاچاغی بلوری و زیوی لەگەڵ خواردن و خواردنەوەکان لە رووی گرنگییەوە لە هەمان ئاستدان.

ئەم بەیتە شیعریانە لەو بەشەی رۆمانەکەدایە کە زۆر بە ووردەکارییەکاندا رۆچووە، کاتێك زولێخا لەو ئاهەنگەی کە بۆ دەستە خوشکەکانی سازی کردوە، پێغەمبەر یوسف (سلاوی خوای لێبێت) یان پێ دەناسێنێت وەکو هەوڵێك و پاساوهێنانەوە بۆ سەرمەست بوونی خۆی بە یوسف. لێرەدا بەهۆی جوانیەکەی یوسفەوە پەرچەکرداری هەریەکەیان جیاوازو شانۆیی دەبێت، بە جۆرێك هەندێکیان لە هۆش خۆیان دەچن و هەندێکی تریان لە جیاتی ئەوەی پرتەقاڵی نێودەستیان لەت بکەن دەستی خۆیان دەبرن. ئینجا ئەو وێنانەی لەم چیرۆکەوە وەرگیراون، دیکۆمێنتی تەواو واقیعین لەسەر لایەنی ماددیی شارستانییەتەکان وەکو کەل و پەلی ناو ماڵ، جل و بەرگ، خشڵ و زێر. لە یەکێك لەو وێنانەی کە تێیدا وێنەی حەزرەتی یوسف (سلاوی خوای لێبێت) و زولێخا لەسەر ئەو سینییە کێشراوە کە مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٦٩٧ -١١٠٩) کۆچی دەگەڕێتەوە، بە هونەرێکی زۆر جوان و لەسەر کاغەزی مقەبای (Papier mache)[٣] زۆر تەنك دروستکراوە. ئەم هونەرە لە و ماوەیەدا کە لە رازاندنەوەی کەل و

**- ئاماژەیە بەو وەرگێڕانە ئینگلیزییەی کە وەرگێڕی عەرەبی پشتی پێبەستووە. و. کوردی.

پەلی بچووکی بەکارهاتوو لەلایەن چینی ناوەنـد یـان چـینی بـاڵاو لـە ماڵـە ئێرانییەکان بەکاردەهات، بەکارهێنانی بـاوبوو، وەکـو ئاوێنـە، یـان قـوودی شانە و خشڵ یانیش هەر قودویەکی بچووك. ڕووداوەکانی ئەم بەشە لـە نـاو بـاخێکی زۆر جـوان و خزمـەتکراو دەسـتپێدەکات کـە بـە درەختـی سـەروو پەرژین کراوە، بەجۆرێك گوڵ وگوڵزاری جـوان دەورەی نافورەیـەکی داوە کـە شوێنەکەی ڕازاندۆتەوە.

زولێخا لەسەر لاکێشـێك و لـە ژێـر سـەیوانێك کـە بـە قومـاش پـەردە پۆشکراوە دادەنیشـێت، ئینجـا خـۆی و دەستەخوشـکەکانی بـە بـەرگی زۆر جوان خۆیان پۆشتەکردوە کە لە چەند قەدێکی تەسك پێکهاتوون. ئەم جل و بەرگانە لە قوماشی خـەت خـەت و دەسـتە گـوڵی بچـووك لەسـەر چـنراوە، پێکدێن، ئەوەش بەپێی سەلیقەی جل و بـەرگی شارنشـینی سـەدەی ١٧ ی ئەو سای ئێران مۆدێکی باو بـوو. بـەڵام قژیان لەسـەر شـێوەی کـەزی چـین چینی داپۆشراو بە کڵاوێـك کـە لێوارەکـانی بـە ئیکلیـل (چـەند شـریتێکی قوماشییە و لەسـەر شـێوەی تاجێـك دەهۆنرێتـەوە و بـە گەوهـەر و بـەردی نایاب دەنەخشێنرێت)(٤) یان بە شاڵی چنراو بە گەوهەر، بەسترابوو.

یوسف (سڵاوی خوای لیبێت) تەنها کوڕ بوو لەو ئاهەنگە ژنانەیە کە لە وێنەکـەدا لـەلای چـەپ بـە جـل و بـەرگی دیوەخـانی پاشـایی و بـەرگێکی گەنجانـەی کەشـخەی لەبەردایـە، وەسـتاوە. ئینجـا بـۆ ئامـاژەکردن بـە جوانیەکەی تیشکێکی نورانی دەورەی دەموو چاوی داوە(٥).

هەروەها لەوێنەکەدا چەند مـەرکان و قاپی فەخاری جوان و مـوخردان و قاچاخی مسی لولەدار دەبینرێن، ئـەم قـاپ و قاچاخانە لەگـەڵ ئـەوەی بـۆ ڕازندنەوە دروستکراون، بەڵام بۆ پێداویستی ڕۆژانەشبەکاردەهێنران.

وێنەی پرتەقاڵ لە میوەکانی تر زیاتر تیشکی خراوەتە سەر، کاتێك کە پێشکەشـی میوانـەکان کـراوە. ئـەمڕووداوە وێنەیـەکی ووردی کۆمەڵگـەی

دیوەخانی پاشایەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٧دا دەخاتەڕوو. بەجۆرێك ڕێکخستنی ئاهەنگ دوور لە جیهانی دەرەوە، ئامرازی شادمانی بووە بۆ ڕابواردن و بەسەر بردنی کاتەکانی دەست بەتاڵی، هەروەها باخ، کەش و هەوایەکی سۆزداری دروستدەکات و هاندەرە بۆ ئەوەی تاك ئیلهامی شیعری بۆبێت یان شیعر بخوێنێتەوە، کە ئەمە لە کولتووری ئێرانیدا سەرنج ڕاکێش بووە. زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت هەست بە پێگەی شیعر بکرێت، بەجۆرێك بابەتە شیعرییەکانبەشێوەیەکی ڕێژەیی بەڵگەن لەسەر بەرفراوانی و بەربڵاوی گرنگیدانی ئەم کولتوورە بە ئەدەب.

ئەو سینییەی کە ئەم وێنەیەی لەسەر کێشراوە لەسەردەمی پاشا سوڵتان حوسێن (١٦٩٤-١٧٢٢) لە شاری ئەسفەهان دروستکراوە، ئەم شارە وەکو پایتەختێکی ئێران و وەك ناوەندێکی شارنشینی ڕۆژهەڵاتی لە ساڵی١٥٩٨ پێشکەوت. پاشان لەناکاو و لەدوای داگیرکردنی لەلایەن ئەفغانستانەوە لە ١٧٢٢ بەرەو لاوازی ڕۆیشت. ئەو شوێنەوارە مەزنانە لە ڕووی بیناسازییەوە کە ئاسەوارەکانیان ماون، سەرسامی گەشتیارە ئەورووپییەکانیان بۆ خۆیان کێشکردووە، ئەمە سەرەڕای لە ناوچوونی شوێنەواری تری زۆر گرنگ. لەگەڵ هاتنی ١٧٨٦، ئەسفەهان ئەم ڕۆڵەی لێسەندرایەوە و پایتەخت بۆ تاران، کە تا ئێستا پایتەختی ئێرانە، گوازرایەوە. بەڵام ئەگەر شاری مەزنی تر لە ڕۆژهەڵات هەبێ، ئەوا ئەستەنبوڵ یەکێ بووە لەو شارە مەزنانەی کە هاوشانی شارە فارسییەکان بووە و لە ڕووی سیاسی، ئابووری و پێگە شارستانییەکەیەوە کێبەرکێی لەگەڵدا دەکردن. ئەستەنبۆل لە دوای ڕوخانی قوستەنتینیە لەسەر دەستی سوڵتان محەمەدی دووەم (١٤٥١-٨١) بوو بە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی تورکیای عوسمانی. هەروەها قاهیرە (وێنەی ٣٥) ش هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە یەکێ بوو لە

شاره گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دواتریش هەروەکو پایتەختی هەرێمی عوسمانی ناسرا. شارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ یەکتر و لە کولتوورێکی شارنشینیدا، کە ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری مێژوویی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، ئاینی و خوێنییە، تارادەیەکی زۆر هاوبەشن. هەروەها ئەو کارەدەستیانەی کە لە ناو ماڵەکانی ئەم شارانەدا بەکارهاتوون لەسەر جۆراو جۆرییان، بەڵگەیەکی زۆر زەق و دیارن.

لە ماوەی نێوان سەدەی ١٦، ١٩دا رۆژهەڵات بەشێوەیەکی ڕێژەیی بارودۆخێکی جێگیری هەبوو. واتە ئەو ماوەیەی کە بە دواداچوونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەی تێدا ئەنجامدراوە. لەم ماوەیەدا زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵات لە ژێر دەستی ئیمپراتۆرییەتی تورکی عوسمانیدا بوون (١٢٩٩-١٩٢٤)، ئیمپراتۆرییەتێك کە لە ناوەڕاستی ئەوروپا درێژ دەبۆوە و بە تورکیاو عێراق تا کەنداوی عەرەبی و دورگەی کریمیا و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و باکوری ئەفریقای تێپەڕاندبوو، لە بەهێزترین قۆناغیدا بوو. بەڵام ئێران ئەو ماوەی تەنگژەو شێواوی و ناجێگیرییە سەربازییە دیاریکراوەی لە نیوەی سەدەی ١٨بەخۆیەوەی بینی لێبترازێ، ئەوا لەم ماوەیەدا لەژێر دەستی سەفەوییەکان (١٥٠١- ١٧٢٢) و، دواتریش بنەماڵەی قاچارییەکان فەرمانڕەواییان دەکرد (١٧٨٦- ١٩٢٤).

ئەم ناوچەیە بەوە جیادەکرێتەوە کە لە ڕووی جوگرافیەوە جیاوازی زۆری تێدایە. لەشاخەکانی ناوەڕاستی تورکیا و ئێران بۆ دەشتاییە سەوزەکانی ئێران لە کەنارەکانی دەریای قەزوین، بەڵام زەوییە کشتوکاڵیەکان لەسەر هێڵی کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە تورکیاوە تا باکوری ئەفریقا درێژدەبنەوە، لەکاتێکدا دەبینین زۆربەی زەویەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی بیابانە. هەر شارێك، ئەگەر ئەو شوێنە خوراك و ئاوو هۆیەکانی گواستنەوەو گەیاندنی تێدانەبێت، دروست نابێت و پەرەناسەنێت. کاتێك

ئـەم شـارانە دامـەزران، ئـەوا ژینگـەی رەنگـاورەنگی زۆریـان لـە رووی کۆمەلآیەتی وکولتوورییەوە پەرە پێدا و تا ئێستاش هەرماون.

بـۆ نموونـە ئەسـتەنبۆڵ (وێنـەی ٣٦)، لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە لـە سەدەی ٧ی پ. ز وەکو جێنشینێکی یان ئاوەدانییەکی یۆنانی قـەبارە مـام ناوەند کە بە بیزەنتـە ناسـرابوو، دادەنـرا. شـوێنگەی ئەسـتەنبۆڵ کـۆنترۆڵی رێگا بازرگانییە تەقلیدییەکانی نێوان ئەوروپا، ئەفریقا، دەریای رەش، هندو چین دەکـات، ئەمـەش وایکـردووە ببێتـە شـوێنێکی سـتراتیجی گـرنگ کـە نموونەی کەمە. ئەم شـارە لـە رێگـەی بازرگـانی ئاورێشـم،بەهارات و بـەردی گران بەهاوە پەرەی سەندوەو لە رێگەی ئـەو سەرچـاوە خۆراکیانـەی کـە لـە ناوچە هەرێمیەکانی باشوری ئەوروپاوە دەهاتن، خـۆراکی خەڵکەکـەی دابـین دەکـرد. هـەروەها شـاریقاهیرە لـە سـەرەتای سـەردەمی فیرعەونیەکانـەوە، کاتێـك بـە مـەمفیس دەناسـرا، پاشـان بـە جیـزاو دواتـریش بـە تێپـەڕینی سەردەمی گریکـی و رۆمانـەکان و، دواتـر لـە هـەردوو چـاخی ناوەڕاسـت و خەلافەتی عوسمانی و چـاخە نوێیـەکان، بـە بـەردەوامبوونی ئاوەدانییەکـەی دەناسرا. قاهیرە لەو رووەوە کە شوێنێکی ستراتیجی هەیە و دەکەوێتە سـەر سەرچاوەیەکی ئاوی گەورە، ئەویش دەریاچەی نیلە لە ئەستەنبۆڵ دەچێت و، لە رێگەی ئەم سەرچاوە ئاوییەوە کۆنترۆلی ئەو رێگایانەی کە دەچنەوە سەر صەعید و سودان، کردوە. هەروەها سەرچاوە خۆراکیەکانیشی لە ناوچـە بـە پیتەکانی دەلتای نیلەوە بۆدێت.

بەلآم شارە ئێرانییە ئاوەدانەکان، لە تورکیاو میسر جۆراو جۆرتر بـوون. ئێـران جگـە لـەوەی ناوچـەیەکە لـە باکوریـەوە دەریـای قـەزوین و لـە باشوریشیەوە کەنداوی فارس هەن، ئیتر ئەو بەشـەی وڵات کـە دەمێنێتـەوە ووشـکانیەو رێـرەوی ئـاوی کـە بتوانرێـت وەك ئامرازێـك بـۆ هاتوچـۆکردن بەکاربهێنرێت، تێیدا نییە. زۆربەی رێگاوبانەکانی شارە ئێرانییەکان رێگەی

زەمینین. بۆ نمونە ئەسفەهان (وێنەی ٣٧) مێژووی ئاوەدانکردنەوەی بۆ کۆتایی سەدەی٧ دەگەڕێتەوە. ئەم شارە دەکەوێتە سەر دەشتاییەکی پان و بەپیت و فراوان لەسەر دەریاچەی (زیاندە ڕود). ئەسفەهان خۆشبەختە لەو ڕووەوە کە هەرچەندە سەرچاوەکانی ئاو لە ئێران کەمن، ئەوا بەشێوەیەکی سەرەکی ئەسفەهان پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت، کە لە ڕێگەی سیستەمێکی زۆر داهێنەرکارانەی کەناڵەکانی ئاوو ئاوەڕۆکانەوە، ئاوی بەسەر شاردا دابەشکردووە. دوای ئەوەی پایتەخت بۆ باکوری ئێران لە ساڵی ١٧٨٦دا گوازرایەوە تاران بوو بە پاتیەخت، بەمەش ئیعتباراتی بوونی ئاوو خۆراك لە نێوان ئەم دوو شارەدا یەکسانبوون. تاران هەر لە کۆنەوە ناوبانگی بە بوونی ڕەزی میوەجات و سەوزەی چاك دەرکردوە و، بە ئاسانی ئاوی لە کانیاو و کەناڵەکانی شاخی (دیماوند) دەستدەکەوێت.

ڕەنگە سەرچاوەی هەرە کارای ئاوەدانی شارە گەورەکان دانیشتوان بێت، کە لە دێر زەمانەوە لە جێنشینەکان و گروپە کۆچەرییەکان پێکهاتوون. لەم تێکەڵاوبوونەوە کۆمەڵگەیەکی شارنشینی فرەڕەنگ دروستدەبێت. بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام، بەوپێیەی هەر لەسەدەی حەوتەمەوە کە ئاینی باوی ئەو ناوچەیەیە، بۆ دۆزینەوەی شوناسێکی کەلتووری هاوبەش، کە هەندێ لە جوولەکە و کرستیانەکانبەشدارییەکی کەمیان لە کارە پیشەیی و شارەزاییە بازرگانییەکانی ئەم کەلتوورەدا کردووە، کاریکردوە. زمانی عەرەبی لە ئیسلامدا زمانی پەرستنە، وەك زمانێکی هاوبەش لە نێوان ئەو گروپانەی کە زمانی ڕەسەنیان فارسی، تورکی، ئەرمەنی، سلاڤی و بەربەرین قسەی پێکراوە.

بەڵام یەکێك لە گرفتە هەمیشەییەکانی شار، کێشەی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییەکانە بۆ دانیشتوانی، بەجۆرێك کە پێداویستییە مرۆییەکان پێویستی بە دەزگای کارگێری، ئاینی، ڕێگاوبان،

ناوچەی بازرگانی و، دابینکردنی خزمەتگوزاری ئاوی دەست شۆرەکان و ئاوی خوردانەوەیە بۆ دانیشتوانەکەی. ئەمە جگە لەوەی پێویستی بە خانووبەرەی تایبەتییە بۆ هەموو ئاستەکان. لەگەڵ ئەوەی شار بە فرەڕنگی خەڵکەکەی جیادەکرێتەوە، ئەوا شەریعەتی ئیسلامی چەندین ڕەفتارو هەڵسوکەوتی لە بارەی موڵکداری گشتییەوە فۆرمەلە کردووە. ئیسلام جەخت لەسەر رۆڵی تاك لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی موسڵمانە ئیمانداره‌کان هەروەها لە چوارچێوەی خێزان، کە یەکەی سەرەکییە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، دەکاتەوە.

فێرکردنەکانی قورئانی پیرۆز ڕێوشوێنی ووردی لەبارەی پەیوەندی و ئەرکەکانی خێزان و، ماڵ و سامان و میراتەوە داناوە، کە ئەمە بەشێوەیەکی نادیارو تایبەتی لە ڕووی مەدەنییەوە ئاماژەکردنە بەوەی هەر خێزانێك مافی خۆیەتی لە نێو چوار دیواری شوێنی نیشتەجێبوونەکەیدا بە ئاسوودەیی ودڵنیاییەوە بژی. ئەمە بووە هۆی جیاکردنەوەی فەزای گشتی و تایبەتی لە یەکتر. ژیانی گشتی ئەوەیە، کە لە ڕێگاوبان وشەقامەکان بەڕێوەدەچێت و خزمەتگوزاری و کارەکانی کەرتی بازرگانی تێدا هەڵدەسوڕێنرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە ژیانی تایبەتی لە ناوەوەو لە نێو حەوش و ژووره چوار دەورگیراوەکان بەردەوام دەبێت. ئەم دوو شوێنە بەشێوەیەکی گونجاو بەیەکەوە هاوبەستەن، بەڵام مەرج نییە تێکەڵ بن.

ئەم دابەشکردنە لە ڕووی وەزیفەو فەزاوە بەپێی بارودۆخی تۆپۆگرافی (زەویناسی) و مێژوویی شارە جیاجیاکان، جیاوازییان هەیە. وا پێویست دەکات ڕێگاوبان وخانوو و باڵەخانەکان بەپێی شێوەی سروشتی ئەو زەوییەی لە بەردەستدایە، دروست بکرێت. زۆر دەگمەن بوو کە پلانی خانووبەرە لە سەر زەوییەکان بە ڕەق و ڕووتی دروستکرابا. تورکە عوسمانییەکان بوون بە میراتگری وێرانەو شوێنەواره بیزەنتیەکانی قوستەنتینیە، کە لە پانتاییە فراوان، چۆڵکراوەکان، خانوو، باخچەی بێخزمەت، تاقو و دیوار و پەرژینی

نارێـــك دەورەی ئـــەو كۆشـــكانەیان دابـــوو پێكهـــاتبوون. ئـــەم شـــوێنانە هۆڵیپێشوازی وكڵێسەو شـوێنی نشتەجێبوونی تایبـەتی، كـە لـە كۆشـكی ئیمپراتـۆری سـەردەمی پێشـوو جێمـابوون، لـەخۆدەگرت. ئـەم ناوچـەیە دەكەوێتـە باشـوری رۆژهـەڵاتی شـارەوە. هـەروەها بنەماڵـە دەسـەڵاتدارە موسوڵمانەكان، كە پەیڕەوی فەتحی عەرەبیان لـە میسـر دەكـرد، ناچاربوون مامەڵە لەگەڵ ئەو بەشە لەسـەر یەكانـەی كـە دەسـەڵاتدارانی پـێش ئـەوان جێیان هێشتوون، بكەن. لە ئێران بـۆ ئـەوەی شـارێكی هـەرێمی وەك تـاران بكرێتە پایتەخت، پێوستی بە هەمواركردنی بەردەوام و چەندین دەسـتكاری تر بۆ ئەو باڵەخانە و خانووانەی كە پێشتر هەبوون، هەبوو. ئەمـە سـەرەرای نوێكردنـەوەو جێبـەجێكردنی پـرۆژەی نـوێ. لـە كۆتاییـدا ئـەم بەرنامـە خوازراوانـە لـە پـەنجاكان تـا حـەفتاكانی سـەدەی ١٩ دا هاتنـەدی و، لـە پلاندانان و بیناسازییدا بە ڕەگەزی ئەوروپی كاریگـەربوو. دەرئـەنجامی ئـەو كاریگەربوونـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی تێكـەڵاو دەركـەوتن. واتـە لەگـەڵ پارێزگاریكردن لە كەلتووری ڕەسەن، ئەوا شتی نوێش لەرووی بیناسـازییەوە لەهەرسێ پاتەختەكە دروسـتدەكران، كـە وایلێهـات باڵەخانـە و خانووەكـان چەندین بەشیان لێ گۆڕان یا لابران، لەكاتێكدا هەندێ لەو باڵەخانـە كۆنانـە بـەهۆی نۆژەنكردنـەوەیان لەسـەر شێوازی نـوێ نـەڕووخێنران و، هەنـدێكی تریشیان ئەگەرچی لە ڕوویەوەزیفەوە وەكو خۆیـان مانـەوە، ئـەوا لـە ڕووی شێوەوە نوێكرانەوە.

بـەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا، دەتوانرێـت زانیاریـەك لـەبارەی قوناغـەكانی پێشـكەوتنی ئـەو ناوچـە سـەرەكیانە بزانرێـت، كـە ئەمـەش خزمەت بە پێداویستییە بە بزووت و چالاكەكانی شار دەگەیەنێت، بەجۆرێك ئەو باڵەخانانـەی بـۆ بـەرگری و پارێزگـاریكردن دروسـتكرابوون، سـنورێكی فیزیكی ئاشكرایان دروستكردبوو، كە بەشێوەیەكی نـەریتی قـەڵا شـكۆدارو

دیواره بەرزەکان دروستدەکران و بەشێکی شاری دادەبڕاند یا دەورەی شاری دەدا. شوێنی ستراتیجی ئەستەنبۆڵ بەچەند پەرژینێکی بەهێز، کە لەسەر دەمی ڕۆم و بینرەنتەکانەوە دروستکرابوون، دەورەدراوە و دەکەوێتە نێوان شاخی زێرین و دەریای مەرمەڕ، ئەمەش بۆ پاراستنی شار لە ناوچە ووشکانییەکان. بەهەمان شێوە چەند پەرژینێکی دیواری بەدەوری بەشی باشوری ڕۆژهەلاتی دوور درێژدەبووەوە، کە لە حەوت گردە یەکەمەکەی شار پێکهاتووەو شوێنگەی کۆشکی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بوو و لە سەریدا کۆمەڵگەی کۆشکەکانی (تەوبەقابی سەرای)[8]دروستکراوە. ئەو کۆشکانە سەرکردە دەسەلاتدارە عوسمانییەکانی تێدا دەژیان و، لەدیوەخانی پاشایەتی وجێگای نیشتەجێبوونی پاشا پێکهاتبوو. (وێنەی ٣٨). هەوڵی زۆر بۆ ئەوەی سیستەمێکی بەرگری کارا بۆ شاری قاهیرە دابنرێت، درا. زۆرترین، دیارترین وکاراترینی ئەو هەولانەش ئەو سیستەمە بوو کە سوڵتان سەلاحەددین پلانی بۆ دانا، کە لە نێوان سالانی ١١٧١ و١١٨٢تەواو بوو.

پلانەکە بەم شێوەیە بوو، دوو کۆمەڵگەی سەرەکی شار لەچوارچێوەیی بازنەیەك لەدیوار بەدەوری شار دروستکراو، کۆدەکاتەوەو لە ناو ئەو پەرژینەدا کۆشکێك لەسەر زەوییەکی بەرزی نێوان دەریای نیل وچیای مرقەتەم بۆ زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگەکە، دروستکرا. بەلام پلانە یەك بەدوای یەکەکان بۆ پەرەسەندنی تاران ڕەنگدانەوەی مێژووی پەرەسەندنی شارەکەیە لەسەر شێوەی تیشك، کە لەناوجەرگەی شارەوە لەسەرشێوەی چەندلایەکی نارێکخراوەیی دەورە دراو، کە بەخەندەقێکی ئاوی دەستپێدەکات و پەرژینێك کە چەند تاوەرێك و شەش دەروازەی تێدایە. لەسەدەی ١٦ دروستکراوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی سەردەمی فتحی عەلی پاشای قاچار (١٧٩٧-١٨٣٤) (وێنەی ٣٩)، ئەم دیوارە پارێزەرانەی کە وەکو پەرژین بەدەوری کۆشك وتەلارەکاندا دروستدەکران، چەندین جار نۆژەنکراوەتەوە

ودەروازەکانی بەرەنگی بریسکەدار، کە سەر گوزەشتەی ڕووبەڕووبوونەوەی پاڵەوانی ئێرانی (ڕۆستەم)[٩] لەگەڵ (دێو) ی سپی [١٠] کە گیان لەبەرێکی تەواو خەیاڵییە، وێنە دەکات.

جێگای تایبەت بۆ حەوانەوەی پاشا بە سیستەمی بەرگریکردنەوە بەسترابووەوە، لەوانەش جێگای حەوانەوەی خێزان و دەست و پێوەندەکانی، ئەمە سەرەرای نووسینگە کارگێریەکان بۆ بەرێوە بردنی کاروباری دەوڵەت، کە بێگومان ئەمانە هەمووی پێکەوە کۆبوونەتەوەو کۆمەڵگەیەك پێکدەهێنن و دەتوانرێت بەشارێکی بچووکیش بچوێنرێت. دەرئەنجامی تێکەڵاوبوونی وەزیفەی بەشی تایبەت لەگەڵ بەشی گشتی ماڵەکان بۆ ئەو پلاندانانە بیناسازیە هەرەمەکیەی لەکاتی زیادکردن و دروستکردنی باڵەخانە و شوێنی نشتەجێبوونی نوێ یا لەکاتی دووبارە دەستکاری و نۆژەنکردنەوەی شوێنە نیشتەجێبوونە کۆنەکاندا پەیرەو دەکرا، دەگەڕێتەوە. وابوو باڵەخانە نوێکان لەسەر بنچینەو پاشماوەی باڵەخانەو خانووە کۆنەکان دروستبکرێن، بەردەوامبوون لەبەکارهێنانی شوێنە نموونەییەکان بۆ دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ کارێکی زیرەکانە بوو. نموونەی هەرە قەشەنگ لەسەر ئەم حاڵەتە کۆشکی " تەویەقابی سەرای "ە لە ئەستەمبۆڵ کە لەسەر بنچینەو پاشماوە کۆنەکانی بیزەنتە لەباشووری کاتدرائی (سانت سۆفیا)[١١]دروستکراوە. بەپشت بەستن بە نووسینەکانی مێژوونووسی گریکی (کریتۆفۆلۆس): سولتان محەمەدی دووەم لە ١٤٥٩ فەرمانەکانی بە دروستکردنی کۆشکێك لەناوجەرگەی بیزەنتەی کۆن دەرکرد، کە بەرەودەریا درێژ دەبێتەوە، بەم جۆرە بوویە کۆشکێکی زۆرجوان و لەسەرووی هەموو ئەو کۆشکانەوە بوو کە لەوەوپێش دروستکرابوون، هەروەها لەڕووی شێوە، قەبارە، تێچوون وگەورەییەوە لەهەموو کۆشکەکانی تر قەشەنگتربوو. بەوپێیە شوێنی حەوانەوەی سولتان لەچوارچێوەی پەرژینە

دیوارێکی زۆربەرزدا ڕووبەرێکی زۆرگەورەی داگیرکردبوو. ئەم کۆشکە لەسەرشێوەی چوار حەوشی بەیەکەوە بەستراو دروستکراوە کەدوانیان بەژیانی گشتی و بەڕێوبردنی کارگێڕییەوە تایبەت کرابوو، دووانەکەی تریش بۆ ژیانی تایبەتی وخێزانی تەرخانکرابوون. هەرچوار حەوشەکە بەدەروازەو دەرگای گەورە پارێزگاری لێکرابوو. ئەوانەی کە ڕێپێدراوبوون ئەو دەرگایانە ببڕن و بچنە ژوورەوە، تا دەگەیشتنە ناو کۆشك لەو دەروازە یەك لەدوای یەکانەوە ژمارەیان کەمتر دەبوەوە، پاشان ئەم شوێنە ئاوەدانییەکەی ڕووی لەزیادبوون دەکرد، تا وایلێهات لەکۆتاییدا ئەو چوارحەوشە باڵەخانەی جۆاوجۆری بەڕێوەبەرە حکومیەکان، چێشتخانە، تەویلە، دیوەخانی سوڵتان، قوتابخانە، کتێبخانە، مزگەوت، کۆشکی بچووك بچووك و شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت کە لە ناوەڕاستی باخێکی زۆرجوان دروستکراون، لە خۆدەگرت. هەمان شت لەتارانییش هەبوو، بەجۆرێك بەرێوەبەرایەتییە حکومیەکان و ماڵی پاشا و دەست و پەیوەندەکانی لەناوچەیەکدابوون کە بە پەرژینی دیواری ویە ((ئەرك))[١٢] دەناسرا، دەورەدرابوون. بەڵام لە تاران ئەو گەشەسەندنە هەرەمەکی ترو بێ سەروبەرتر بوو تا ئەستەمبۆڵ. لێرەدا دیواری باکوری ناوچەی (ئەرك) لەگەڵ دیوارەکانی خانووەکانی شار هاوبەش بوو، لەکاتێکدا خانووەکانی ناوەوە، کە کۆشکی (گوڵستان)[١٣]یان پێکدەهێنا (وێنەی٤٠) بەشێوەیەکی سەرەکی لە یەکەی جیا جیا و بەیەکەوە نەبەستراو پێکدەهاتن وەك ژوورەکانی پێشوازیکردن کە ژووری کراوە بوون[١٤]، ئینجا ئەو حەوش وکۆشکە بچووکانەی کە لە ناو باخەکانی تایبەت بەگۆرانی و سەما دروستکرابوون، بە ئاوی کانیاوەکان ئاو دەدران. هەموو ئەم خۆشگوزەرانیانە لەسەردەستی فەتح عەلی شا هاتنەدی. فەتح عەلی بۆ وێناکردنی گەورەیی خۆی، ئەو کۆشکە چوارچێوەیەکی گونجاو بوو. هەروەها ئەم شوێنە پەنایەکی دڵڕفێن بوو بۆئەوەی لە گەرما و تەپ وتۆزی

دنیای دەرەوە بنەماڵەی شا بپارێزێت. ئەمەو لەکاتێکدا قەڵای قاهیرە هەر لە بەندیخانەیەکی سەربازی دەچوو و، پەرژینە دیوارییە گەورەکەی چەند منارە گەلێکی بەرگریکردنی لە نێودابوو. ئەم قەڵایە جێگای مەمالیکەکان، هەروەها کۆشکەکانی سوڵتان لەگەڵ شوێنی حەوانەوەی تایبەتو شوێنی کارمەندەکانی تێدابوو.

زۆربەی جار ئەو خانووانەی کە بۆ خزمەتکردنی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی شار پێویست بوون، لەسەر ئەو ڕووبەرە زەوییە دروستدەکرا، کە دەکەوتە نێوان پەرژینەکانی شار و باڵەخانە و کۆشکەکانی پاشاو سوڵتانەکان و پانتایی دەوروبەریان. لەگەڵ ئەوەی ئەم شارانە وا دەردەکەون کە قەرەباڵغ و جەنجاڵن، کەچی لەواقیعدا لەسەر پلانێکی لۆجیکی وورد دروستکراون. تۆڕی ڕێگاوبانە سەرەکیەکان لەگەڵ ئەوەی ڕێگەی هاتووچۆن، شار بۆ چەند کەرتێکی خزمەتگوزاری و شوێنی نیشتەجێبوون دابەشدەکەن. بەڵام لە چوارچێوەی هەرکەرتێکدا زۆربەی جار شەقامەکان ئاڵۆزو تەسك بوون، لە زستاندا پیس و شێدارو،لە هاوینیشدا تەپ و تۆزاوی بوون. جگە لە خانووەکان، کە یەکێکە لەپێویستیە سەرەکیەکان و لەڕووی چۆنایەتی دروستکردن و شێوەی دەرەوەیان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی و زەنگینی ئەوانەی لەناویا دەژیان، جیاوازیان هەبوو، هەروەها مزگەوت، کنێس یا کڵێسایەك لەناوچەی جوولەکە و ئەویتر لە ناوچەی کرستیان نشینەکان و، دوکان و بازاڕ و حەمامی گشتی هەبوو.

شار بەوە دەناسرا کە دامەزراوەی گەورەی ئاینی و بازرگانی تێدایە، ئەم دامەزراوانە لەشوێنی ستراتیجی ونزیك کۆشکی فەرمانبەر یا لەسەر ناوبڕەی نێوان ڕێگا سەرەکیەکان، یانیش لەشوێنە بەرزەکان دروستدەکران، وەکو حەوت گردەکەی ئەستەنبوڵ. دامەزرێنەرانی ئەم باڵەخانە گشتیانە لە فەرمانبەر یا ئەندامانی خێزانەکانیان، یانیش هاووڵاتییە دەوڵەمەندەکان

بوون، بەڵام یارمەتی مـاددی پێویسـت بـۆ بوونیادنـانی ئـەم دامەزراوانـە و پارێزگاریکردنیـان، ئـەوا لەڕێگـەی سیسـتەمێکی ئیسـلامی خێرخـوازەوە دەهات کە بە (وەقف) دەناسرێت: واتـە لەڕێگـەی ئـەومولّك وسـامانانەی کـە بۆخێر، وەك زەوی وخانوو دوکانی بەکرێدراو، تەرخان دەکرێن. ئەم موڵکانـە بـۆ پاڵپشتی کاری خێرخوازی، وەك دروستکردنی مزگـەوت یـا دانـانی ئـاو لەسـەر ڕێگاوبانـەکان بـۆخێر تـەرخان دەکـرێن یـا بـە شـێوەیەکی تاهـەتایی بـە کەمدەرامەتەکان دەسپاردرێن. ئەم بنەما ئیسلامیە لە نزیـك کردنـەوەی نێـوان لایەنی ئاینی و پرۆژە بازرگانیەکانـەوە وەك دروسـتکردنی مزگـەوت لەتەنیشـت بازارەکـان، فۆرمەلـە دەبێـت. لـەم بارەیـەوە ئەسـتەنبوڵ و تـاران دوو نموونـەی زۆرباشن، بەتایبەت لە ڕووی پشت بەستنی ئەمدامەزراوانە بەیەکترەوە.

ڕەنگە باشترین نمونە لە سەر مەسەلەی وەقف تۆپۆگرافیـای ئەسـتەمبۆڵ بێـت، کـە گومبـەز و منـارە و مزگەوتـە سـوڵتانییەکانی تێـدا بـڵاوە، وەك مزگەوتی سوڵتان محمدی دووەم (١٤٥١- ٨١) و مزگەوتی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢- ٢٠)، و مزگەوتی سوڵتان سلێمان قـانونی (١٥٢٠- ٦٦) و کچەکەی (مهری ماە)، کە مزگەوتەکەی بەرزتر لە لوتکەی گردی چوارەم و پێنجەم و سێیەم و شەشەم، یەك لەدوای یەك بونیادنراوە. دەوروبەری ئـەم مزگەوتانـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی هاوشـێوەی جـوانی و قەشـەنگی مزگەوتـەکان، کـە بۆکـاری خێرخـوازی ئـاینی وخوێنـدن تـەرخانکراوون، دروسـتکراون، هـەروەها پێداویسـتیە بازرگانیـەکانیش بـە هـەمان شـێوە بایـەخیان پێـدەدرا، بۆیـە ئەسـتەنبوڵ بـەجۆراجۆری پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییەکانی، جا ئەو خزمەتگوزارییانە بۆ خەڵکەکەی خۆی یان بـۆ گەشتیاران بێت، لە شارەکانی تر جیادەکرێتەوە. بەجۆرێك ناوچەی بازرگانی سـەرەکی دەکەوێتـە ناوجەرگـەی شـارە کۆنەکـە و، بریتیـە لـە تۆڕێـك لـە ڕێگاوبانی یەکتربڕ کە لەلایەکانیـەوە بـازاڕی کـراوە بڵاودەبنـەوە. خانـەکان

(کـاروان سـەرای)[١٤] کـە جێگـەی حەوانـەوەی بازرگانـە گەشـتیارەکان و، کۆگایـەکیش بـۆ عـەمبارکردنی کـاڵاو شـت ومەکـەکانیان بـەکاردەهات، هەروەها ئەم خانانە بۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری بازرگـانی دوکـانی تێـدابوو، هەندێ ڕووبەریشی بۆ شوێنی کارکردن تـەرخانکرابوو. دوکانـەکانی بـازاڕی (بەدستان)[١٦] کە بە پەرژینی دیواری دەورەدرابوو، تایبەتبوون بـە فرۆشـتنی جوانکاری و کەل و پەلی ڕازاندنەوە، ئەو دوکانانەی لـە ڕێـزی سـەرابوون ئـەو کاڵایانـەی کـە لـە ماڵەکانـدا بـەکاردەهاتن، دەفرۆشـت. لـە پـاڵ ئـەم ناوچـە بازرگانییە داخراوانەدا بازاڕی کراوەش هەبوون (وێنەی ٤١) کـە بەشـێوەیەکی تایبەتی خواردەمەنی تێدا دەفرۆشرا، بەڵام پەیوەنـدی تونـدی نێـوان وەزیفـەی ئاینی و بازرگانی لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەر خانێك یا بەدسـتانێك بەشـێك لە داهاتەکەی بۆ پارێزگاریکردن لە مزگەوتەکان دەبەخشی.

دەشـێ یـەکێك لـە گـرنگترین جیاوگـەکانی تـری ژێرخـانی ئەسـتەنبوڵ ئەوەبێت، کـە پەیوەنـدی بـە ئـاو و گواسـتنەوە و گەیانـدن و پیشـەسـازیەوە هەیـە. تورکـە عوسمانیـەکان کاتێـك شـاری بیزەنتـەیان لـە سـاڵی ١٤٥٣ ڕزگارکرد سیستەمی ئاوو ئاوەڕۆی بیزەنتیەکانیان پەرەپێدا. ئاو لـە ڕێگـەی دارستانێ بەلگراد لە ڕێگای سیستەمی بەنداوسـازی و عـەمباری و کەناڵـە ئاویەکانەوە دەگاتە ناو شار، پاشان ئەم ئاوە لە چەندین عەمباری ئاویدا لە ڕێگەی ئەو ژێرابـە بەردیـە سروشـتیە زەبەلاحانـەی لـە ژێـر زەوی هـەن کـۆ دەکرێتـەوە، ئـاو بـە سـەر شـاردا دابەشـدەکرێت. لەگـەڵ ئـەوەی کـە ئـاو بەخۆڕاییبوو، کەچی تەویـەقابی سـەرای و باڵەخانـە گرنگـەکان و بنەماڵـە زەنگینـەکان بەتـەنها عـەمباری ئـاوی تایبـەت بـەخۆیان هـەبوو، بۆیـە بـۆ دروسـتکردنی ڕێگـا و شـوێنی گشـتی زۆر جـوان، کـە لـە هـەموو لایـەکی شـارەوە دەبینرا،خێـر زۆر دەکـرا (وێنـەی ٤٢)، ئـەم کـارە خێرخوازییانـە بەڕاستی جێگای دەست خۆشـیلێکردنن. هەرچـەندە ڕێگـا سـەرەکیەکان بـۆ

گواستنەوەی کاڵاو سەرنشینەکان زۆر بە باشی دروستکرابوون، ئەوا گواستنەوەی ئاوی، زۆر کاراتر و چالاکتر بوو. کەشتی بازرگانی و هەڵگری گەشتیاران بەشێوەیەکی رێك ولەکاتی خۆیدا لە کەنارەکانی دەریای شاخی زێرین و بەسفۆرەوە دەردەچوون. لەگەڵ ئەوەی ئەستەنبوڵ بەهۆی شوێنگە جوگرافی و سیاسییەکەیەوە کە هاوتای نەبوو کۆنترۆڵی سەرچاوە سەرەکیەکانی ئاویدەکرد، لە هەمان کاتدا شارێکی پیشەسازی گرنگیش بوو. کارە دەستیەکان بەرهەمی تایبەتی بۆ (تەوبەقابی سەرای) و دامەزراوە حکومیەکانی تر بەرهەم دەهێنا، هەروەها کارگە حکومیەکانی چەك و تەقەمەنی و جل و بەرگی سەربازی بۆ سوپا و سوپای دەریاوانی دروستدەکرد. لە هەمان کاتدا شوێنی کاری دەستی تریش، کە جل وبەرگیان بەمەبەستی فرۆشتنیان لە بازارە کراوەکان دروستدەکرد، هەبوون. بەڵام ناوچەکانی دەوروبەری شار بۆ موماڕەسەکردنی ئەو پیشانەی کە زۆر ڕەچاوی پاك و خاوێنییان تێدا ناکرێت، وەك خۆشەکردنی پێستە کە لەوناوچەیەدا زۆر باوبوو وەك (یەدی گولی) نزیك پەرژینە دیوارییە کۆنەکانی بێزەنتە، جێگایەکی گونجاوبوون. تەواوبوونی خانووەکان لەگەڵ ئەو ژێر خانە ئابوورییە سەرسوڕهێنەرە، ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیبوو. بە گشتی پەسەندکردن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی ستوونیبوو، بەجۆرێك بنەماڵە زەنگینەکان لە بەرزاییەکانی شار شوێنی نیشتەجێبوونیان دروستدەکرد، هەژارەکانیش لە خانووی لە دار دروستکراوی کۆن و پیس لە نزماییەکانی شاردا دەژیان. خانووی زەنگینەکان بە باخچە گەورەکانیانەوە لەسەر کەناری باکوری دەریای بەسفۆر ڕیز دەبوون. زۆربەی جار هەندێ ناوچە لەوانی تر بە سیمای زەق و جوان و قەشەنگ جیادەکرانەوە، وەك ناوچەی (ئەیوب)، کە دەکەوێتە لوتکەی (شاخی زێرین) و لە دەوری گۆڕی ئەیوب ئەنساری دروستکراوە کە

هەڵگری ئاڵای پێغەمبەر محەمەد (د. خ) و لەگەڵ یەکەم گەمارۆی عەرەبی بۆ شاری قوستەنتینیە لە ساڵی٦٧٤دا کۆچی دواییکروە. ناوچەی ئەیوب بەوپێیەی لای موسوڵمانان مەزارگەیەکی ئاینییە و ناوچەیەکی زەنگین نشینە گەشەیسەندوە و پێشکەوتووە. بەڵام ئەو گروپانەی ئەستەنبوڵ، کە موسوڵمان نەبوون لە شوێنە دوورەکان و دوور لە ناوەندی شار دەژیان. لە هەموو ئەم شوێنانە فرە ڕەنگ تر و بەجۆشتر ناوچەی (پیرا) بوو لەسەر ڕێگای شاخی زێڕین، کە شاندە دیبلۆماسە ئەوروپیەکان وحەواڵەکارە بازرگانەکانیتێدا دەژیان.

بەڵام تاران جەنجاڵ تر بوو و خانووەکانی دەکەوتنە تەختایی چیاکانی (ئەلبەرز)، کە لوتکە چیای دیاوەند بەسەریادا زاڵە، بەمەش لە ڕووی شکڵی یا کۆمەڵایەتیەوە ڕەهەندێکی ئاسۆیی بە شار دەبەخشی. دامەزراوە و دەزگا کارگێرییەکانی ناوچەی (ئەرك) و دامەزراوە ئاینییە نزیکەکانی و دامەزراوە بازرگانییەکان دەکەوتنە باشوری شارەوە، کەچی کۆشکە هاوینەییەکانی دەسەڵاتدار و دەست و پێوەندەکانیان دەکەوتنە باکوری شارەوە، کە دەگەشتنە پەرژینە دیوارییەکان و تا گردەکانی دەوروبەری شار درێژ دەبوونەوە.

بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی کە بەردەوام لە تەوبەقابی سەرای دەژیان، دەسەڵاتدارە قاچارەکان ساڵانە لە خانووە زستانییەکان بۆ کۆشکی (گوڵستان) دەیان گواستەوە. لە چوارچێوەی پەرژینە دیوارییەکانی ناوچەی (ئەرك)، قاچارەکان چەند شوێنێکی نیشتەجێبوونی هاوینە، لە هەیوان یا خانووی بچووکی راوکردنەوە بگرە تا خانووبەرەی فەرمی و قەشەنگیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕێگایە ناوبڕەیە بە پێوانەی ئێستا کەمە و زۆر دوورنییە، ئەوا ئەوکات گواستنەوە وەکو گەشتێك وابوو کە خێزانی شا و کارگێران و شتومەکەکانیان لەسەر چەند چوارچەرخەیەك، کە هەندێکیان بۆ گواستنەوەی کەسەکان و هەندێکی تریان بۆ گواستنەوەی شت

و مەکــەکان بــەکاردەهاتن، هەڵــدەگرت. قاچــارەکان لەســەر نــەریتی گواســتنەوەیان، تەنانــەت لــە دوای دووبــارە نۆژەنکردنــەوەی تــارانیش لــە شەســتەکانی ســەدەی ١٩ هــەر بــەردەوامبوون بــۆ پارێزگاریکردنیــان لــە پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان بەرابردویانەوە، وەك خێڵێکی ڕەوەندوکۆچەر، هەروەها بەم کارەیـان حـەز و ئارەزوەکانیـان بەشـێوەیەکی کردەیـی بـە خـۆ دەربازکردن لە گەرمای هاوین و پشودان لە نێو ئـاوو و هەوایـەکی فێنـك و سارد لە ناوچەکانی باکور، دەستەبەردەکرد.

لە تاران باڵەخانەی ئاییني سەرەکی دەکەوێتە نزیك پەرژینی باشـووری ناوچەی ئەرك. ئەم مزگەوتە گەورەیە لە سەردەمی شا فەتح عەلی لە نێـوان ١٨٠٨ و ١٨١٣دا دروستکراوە. جا پاشکۆکانی مزگەوت کە درێژدەبوونەوە و دەکەوتنە نێو خانووەکانی تەنیشت مزگـەوت و لەگـەڵ پەرژینـە دیوارینـە گشــتییەکان و ڕارەوەکــانی شــار تێکــەڵ دەبــن، دروســتبوون. مزگــەوت پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە دوکانانـە (بـازاڕ) کـە لـە دەورەی هەن، دروستدەکات. هەریەك لە شا فەتح عـەلی و شـا ناسـرەدین (١٨٤٨-٩٦) (وێنەی ٤٣) ڕوویـەری ئـەو بازاڕەیـان فراوانکـرد، ڕێگـا و بانـەکانیان دینگـەدارکرد، دوکـان و کـاروان سـەرای نوێیـان بـۆ دروسـتکرد، هـەروەها هەوڵێکی زۆریان بۆ چاکترکردنی سیستەمی ئاوو ئاوەڕۆکانـدا. ئـاوی تـاران پشتی بە تۆڕێك لە کەناڵی ئاوی ئاڵۆز دەبەستی و، ئەم عەمبارە ئاوانـە لـە ڕێی بیرو سەرچاوە ئاوییەکانی ژێر زەوی شاخەکانی باکوری شارەوە، پڕ ئـاو دەکـران. لـە پـاڵ ئـەو بـازاڕەدا، شـوێنی کـارە دەسـتییە بچـووکەکانی وەك ئاسنگەری و فەخفورسـازی لێـرە و لـەوێ بڵاودەبوونـەوە، ئەمـە لەکاتێکـدا شوێنی چەو و گەچ و پێداویستییە سـەرەکیەکانی دروسـتکردنی خانووبـەرە دەکەوتنە ئەودیو سنوری باشوری پەرژینە دیوارییـەکانی شـار. بـەڵام تـۆڕی شەقامە تیشکدارەکان، ئەوا لە ناو جەرگەی ناوچەی ئەرك و مزگەوتەکەی و

بازاڕەکەیەوە دەستی پێدەکرد و، شاری بەسەر چەند یەکەیەکی نیشتەجێبووندا دابەشدەکرد، کە لەگەڵ گەڕەکە تەنگە بەر و تەسکەکاندا یەکتریان دەبڕی. تارانیش هەروەك ئەستەنبوڵ دانیشتوانە هەژارەکان لە ناو شوێنە جەنجاڵ و قەرەباڵغەکاندا دەژیان و، خانووی زەنگینەکانیش دەکەوتنە ناوچەی باکورو ڕۆژهەڵاتی تاران.

بەڵام شارەکان بەردەوام لەسەر ئەو شێوەیەی خۆیان نامێننەوە، بۆیە لەسەر هەریەك لەم سێ پایتەختە پێویستیدەکرد لەگەڵ ئەو باڵە کۆچەرییە بەردەوامانە ڕابێن. ئەو کۆچەرانە یا دەبوو لە ناو دامەزرێنەرانی ئەو شارانەدا بتوێنەوە، یانیش لەسەر ئەو زەویانە بگیرسێنەوە کە دەکەوتنە دەوروبەری شارەکان و، ئەو ناوانەیان داگیرکردبا. ئەم بارودۆخە فشارێکی ڕاستەوخۆی لەسەر خزمەتگوزاری و یەکە نیشتەجێبووەکان دروستدەکرد. ئەمە جگە لەوەی خانووەکان توشی ئاگرکەوتنەوە و لافاوی خولی دەبوونەوە و وورده وورده دەڕوخان، یا زۆر بەئاسانی ئەو یەکە نیشتەجێبوونانە نەیاندەتوانی ئەو وەزیفانەیان جێبەجێبکەن کە بۆیان دروستکرابوون، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی جموجوڵێکی خێرا بۆ دووبارە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی خانووبەرەکان. تا سەرەتاکانی سەدەی ۱۹ ئەم گۆڕانە بەردەوامە بەشێوەیەکی ڕێژەیی حسابی بۆ دەکرا و وورده وورده شێوەی شارەکانی دەگۆڕی، ئەگەرچی پارێزگاری لە هەندێ لایەنی نەریتی دەکرد، بەڵام لەماوەی نێوان پەنجاکان و حەفتاکانی سەدەی ۱۹ هەر سێ پایتەختەکە وازیان لەم جۆرە نۆژەنکردنەوە تەقلیدییانە هێنا. ناوچە کۆنەکان نەهێڵران و ناوچە بازرگانیەکانی شار گۆڕانکاریان بەسەرداهات. هۆکاری جیا جیا لەم پلانە نوێخوازەدا ڕۆڵی هەبوو. لەگەڵ کۆتایی سەدەی ۱۹ دا دەسەڵاتدارە عوسمانیەکان بەجدی بەدوای توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەوروپیەکاندا دەگەڕان و لەوانەوە هونەرکار،

بیناساز و شارەزای سەربازی بۆ گەشەپێدان و دووبارە بونیادنانەوەی دامەزراوەتەقلیدیەکانی ئیمپراتۆریەتەکەیان، دەهێنران. ئیتر وردە وردە لەگەڵ گوێزرانەوەی کارگێرەکانی حکومەت بۆ وەزارەتەکانی ناو شار، تەوبەقابی سەرای وەزیفەی خۆی لەدەستدا. هەروەها شوێنی نیشتەجێبوونی پاشا گوێزرایەوە، بەو پێیەی شێوازێکی کۆنە و بۆ ئەو سەردەمە ناگونجێت. هەر لەسەدەی ١٦دا چەند بەشێکی ئەم کۆشکە بەهۆی ئەو ئاگر کەوتنەوانەی کە شار بە شێوەیەکی خولی دووچاری دەبۆوە، داتەپیی و ڕووخا. پاشان سوڵتان محەمەدی دووەم (١٨٠٨-٣٩) لە ساڵی ١٨٢٦ دا بۆ کۆشکی نوێ لە (بەشکتاش)ی تەنیشت ئاوایی (پیرا) لە شاخی زێڕین بنکەی گواستەوە، بەمەش ناوەندی شاری بۆ باکوور گواستەوە. ئەم گۆڕانکارییانە هاوکات لەگەڵ خانەنشینکردنی هێزەکانی سەربازی ڕاست (الجند اليسارية) و تێکشکاندنی سەرکردایەتیەکەیان بوو. لەجێی ئەمانە تیمی مەشق پێکراو بە شێوازی نوێی دانا و لەسەر ئەو زەویانەی دەکەوتنە دەرەوەی پەرژینی دیواری شار لە نزیك ئاوایی (پیرا) و(حەیدەر پاشا) لە بەشی ئاسیای دەریای بەسفۆر جێنشینیکردن. خولەفاکانیشی هەمان سیاسەتی ئەویان لە پەراوێزخستنی شارە کۆنەکە و جیاکردنەوەی بەشی کارگێری لە شوێنی نیشتەجێبوونی پاشا و دروستکردنی کۆشکی زیاتر پەیڕەوکرد، وەك کۆشکی دڵڕفێنی (دۆڵەی باخچە) (وێنەی٤٤)[١٧] کە سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩ - ٦١) فەرمانی دروستکردنی داوە و لە ساڵی (١٨٥٣) تەواو بووە (وێنەی ٤٥). ئێستا ڕووی خانوەکان و سەکۆ ئیتالیەکانی ئەم کۆشکە دەکەونە سەر کەناری دەریای (بشکتاش). هەموو ئەم گەشەسەندنانە کاریگەریان لەسەر جۆری نیشتەجێبوون لە شار هەبووە، بەجۆرێك دانیشتوانە زەنگینەکان هەمیشە خانووی هاوینەیان لەسەر کەناری دەریای بەسفۆر، کە بە (یالی)[١٨] ناودەبران دروستدەکرد، ئەوە بوو

لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ۱۹ دا دەست بەرداری ئەم یالیانە بوون و،ڕێچکەی دیوەخانی سوڵتانی عوسمانیان گرت و بەرەو باکوور ڕۆشتن.

ئەم گۆڕانانە لە ئەستەنبوڵ شتێکی حەتمی بوو، کە پەیوەندی عوسمانیەکان بە پاریس هاندەری ئەوگۆڕانانە بوو و وایکرد لە پەنجاو شەستەکانی سەدەی ۱۹ دا ئەم شارە ببێتە خودانی شەقامی فراوان و دارودرەختی ڕازاوە، کە باخەکانی بە گۆڕەپانەکانی شار دەبەستەوە، ئەمەش لەژێر فەرمانەکانی بارۆن هۆسمان (Haussmann) ئەنجامدرا. پاشان پێشانگای جیهانی لە ساڵی ۱۸٦۸دا بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشبکات بۆ شاندە بەشداربووەکانی تورکیا، میسر وئێران تا بەرهەمە پیشەسازی و دەستیەکانیان بخەنەڕوو و دەستکەوتەکانی هۆسمانیش بە چاوی خۆیان ببینن، کرایەوە. سوڵتانی عوسمانی عەبدولعەزیز (۱۸٦۱- ۷٦) و خدێوی ئیسماعیل (۱۸٦۳- ۷۹) و هەندێ لە کارگێڕە ئێرانیەکان سەردانی پێشانگاکەیان کرد و، هەندێك لەناو شاری پاریس سوڕانەوە. ئەم شارەزایانە پلانەکانی شارەوانیە جیاوازەکانی بۆ باشترکردنی شارەکانیان خێراترکرد. لە ئەستەنبوڵ ئاوایی (پیرا) خرایە ژێر یەکێك لەو تاقیکردنەوانەی کە لە ڕووی پلاندانان و بەڕێوەبردنی شارەوە مەیلێکی زۆری لەسەر بوو. لەگەڵ کۆتایی شەستەکانی سەدەی ۱۹ دا پەرژینە دیوارییە کۆنەکانی دەوری شار ڕوخێنراو پردی (جالاتا) بۆ بەیەك گەیاندنی (پیرا) و شارە کۆنەکە دروستکرا. شەقام و ڕێگاو گۆڕەپانی فراوان دروستکران و لە دەورەیئەم شەقامانەدا دوکان و باڵەخانەی نیشتەجێبوونی زۆر جوان دامەزران، بەڵام لەقاهیرە، خدێوی ئیسماعیل چەندین بیرۆکەی ڕێکخستنی بۆ نوێکردنەوەی بەشەکانی شار، کە پێشتر بە لێکۆڵینەوەیان سەرقاڵبوو، لە بیردابوو. بەڵام ئەم بیرۆکانەی خۆی لەدوای سەردانەکەی بۆ پاریس تەواو گۆڕی. لەم بارەیەوە بڕیاریدا کە

ئیسماعیلیه و ئەزبەکیە لە باکور و رۆژئاوای شاری قاهیرەوە فراوان بکرێتەوەو،کەرتی بازرگانی و کارگێڕی بەرەو ئەوێ گواستەوە.

دەشێ تاران ئەو شارەبێت کە گەورەترین وخێراترین گۆڕانی بەسەر داهاتبێت، بەجۆرێك شار تا ئێستاش چواردەوری بە پەرژینەکانی سەدەی ١٦ گیراوە، کە چەندین جار نۆژەنکراوەتەوە تا ئەو ئەندازەیەی وای لێ هاتووە نەتوانێت بەشێوەیەکی کارا وەزیفەکانی خۆی جێبەجێ بکات. سەرژمێری دانیشتوان زیادی کرد تا ئەو ڕادەیەی تاکەکان لە دەرەوەی ئەو پەرژینانە نیشتەجێبوون، ئەوەش لە رووی دابینکردنی ئاسایشی شارەوە بووە هۆی دروستبوونی گرفت. شار پێویستی بە دروستکردنی تۆڕێك رێگەی هاتووچۆو گواستنەوە هەبوو. هەروەها سیستەمی ئاوو ئاوەڕۆکان بەتایبەتی کە شار دووچاری لافاوی خولی دەبووەوە پێویستی بە گەشەپێدان بوو. ناسرەدین شا لە دیسەمبەری ١٨٦٨ دا بڕیاری دووبارە بوونیادنانەوەی تارانی دەرکرد. واتە دوای چەند مانگێك لە پێشانگاکەی پاریس. پاشان دەستیکرد بە ڕووخاندنی پەرژینە کۆنەکە و، ئاواییەکانی باکوری شاری تێکەڵ بەناو شار کرد، ئەمەش شاری چوار هێندەی قەبارەی خۆی فراوانکردن. ئەم ڕووبەرەی بە شێوازێکی زۆر جوان و ڕێك و پێك پەرژینکرد لەسەر شێوەی ژمارە هەشت و منارەی بۆ دانا، ئینجا بە خەندەقێکی ئاوی دەورەی گرت و، دەروازەکانی بە وێنەی قەشەنگی دیوەخانی پاشایی ڕازاندەوە، هەریەکێ لەم دەروازانە لە ١٢ دیوەخان پێکدەهات، لێرەدا ئەوەی کە پەیوەندی بە زەخرەفەی بیناسازیەوە هەبێت، ئاراستەیەکی تەقلیدی تێیدا باڵادەستە.

بەڵام دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم فراوانبوونە، دانانی ناوچە کارگێری و بازرگانییەکانە لە باشوری شار بە شێوەیەکی جێگیر، ئینجا ناوچەی (ئەرك) وەك شوێنی نیشتەجێبوونی زستانە و ناوەندێکی ئیداری، وەزیفەی خۆی

جێبەجێدەکرد. بەڵام کۆشکی گوڵستان لەلایەن ناسرەدین شاوە دووبارە دروستکرایەوە. ئەو باڵەخانە و خانووانەی پاشاکانی پێش خۆی دروستیانکردبوو، هەمووی رووخاند و یەکەیپێشوازی و شوێنی نیشتەجێبونی نوێی لە جێگایان بە درێژایی نێوان ساڵانی (١٨٦٧-١٨٩٢) بونیادنایەوە. هەروەها ئەو نەریتە کۆنەی قاچارییەکان هەروەکو خۆی مایەوە، کە بریتیبوو لە کۆچکردن بۆ کۆشکە هاوینەییەکانیان. هەروەها پاشا ناسرەدین فەرمانی بە دروستکردنی چەند کۆشکێك لەسەر گردەکانی باکور دەرکرد، ئینجا گۆڕەپانیش پەرەی پێدرا و بەرەو باشوری ناوچەی ئەرك فراوانبوو، کە دەروازەیەکی بۆ چوونە ناو بازاڕ دروستدەکرد. رەنگە گرنگترین ئەو دەستکەوتانەی لە بەرنامەی بیناسازی کە ناسرەدین شا بەدەستی هێنابێت، گەشەپێدانی باکوری تاران بۆ ئاوایی جوان ودڵڕفێن، هەروەها دروستکردنی تۆڕێك لە ڕێگاوبانی فراوان بوویێت، کە ئاراستەکەی لە گۆڕەپانی نوێ و جوانەوە بەرەو ناو جەرگەی شار و گەیاندنیان بەو ڕێگایانەی کە دەچێتەوە سەر ئاوەدانیەکانی دەرەوەی پەرژینی شار، دەستپێدەکات. لە نێوان ئەم شەقامانەدا ناوچەی نیشتەجێبوون دروستبوون وخانووی سەرنجڕاکێش و باخی گۆرانی وسەمای تێدا دامەزران.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(١) شاعیری سۆفیگەری ئێرانی نورەدین عەبدولرەحمانی کوری نیزامەدین ئەحمەدی کوری شەمسەدین دوشتی شەهیر بجامیە، مێژووناسان پێیان وایە لە ساڵی ٥٣٥ کۆچی هاتۆتە دنیاوە و لە ساڵی ٥٩٩ی کۆچی (٨٩٨ك /١٤٩٢ن) ناوبانگی لە بواری چیرۆکی سۆزداری لە شیعری فارسیدا دەرکردووە، لە گرنگترین کارە شیعریەکانی: حەوت ئاورەنەگ، یوسف و زلێخا، لەیل و مەجنون، تەسبیحی بێ گوناه و ئازادەکان.

(٢) لێرەدا ئاماژەیە بۆ وەرگێرانە ئینگلیزیەکە، کە نووسەر پشتی پێبەستووە.

(٣) کاغەزی کارتۆنی: تەکنیکێکە و بریتیە لە شێلان و هەویرکاری کاغەز پاشان لەقالب گرتنی بۆ ئەوەی شێوەی داواکراو وەرگرێت و دواتر رەنگ دەکرێت، لەکۆتاییشدا بە وارنیشی (مادەیەکی بریسکەدارە) شەفاف رووپۆش دەکرێت.

(٤) ئەکلیل: دەسکێکی رێکخراوە بە گەوهەر، کە یەکێکە لەو سەرپۆشانەی کە تایبەتن بەژنان و ئەوان لەسەری دەنێن، بڕوا وایە کە عەلییەی خوشکی رەشید یەکەم کەس بەکاریهێناوە و بیرتییە لە چەند شریتێکی قوماشی و لەسەر شێوەی تاج لوول دەدرێت و بە گەوهەر و یاقوت دەرازێنرێتەوە و، لە موشا وا باس دەکەن، کە کەنیزەکان ئەم سەرپۆشە لوولدراوانە بە کۆمەڵێك شعری خۆشەویستی و نووسراو لەبارەی خۆشەویست لەسەر ئەو تاجەی کە لەسەری دەنێن و دەنەخشێن.

(٥) گۆی نورین لە راستیدا هێمایەکە بۆ پێغەمبەرایەتی و پێگە ئاینییەکەی، هەروەها هەندێجاریش لەسەر وێنەی خەلیفە و سوڵتانەکانیش دادەنرا.

(٦) سوڵتانی عوسمانی محمد فاتح (١٤٥١– ١٤٨١) کوری چوارەمی سوڵتان مرادی دووەم و حەوتەمین سوڵتانی عوسمانی.

(٧) نیمچە دورگەی کریمیا، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای ئەزۆف.

(٨) دەستەواژەیەکی تورکی لێکدراوە بە مانای کۆشکی دەروازە تۆپین دێت.

(٩) ڕۆستەم کوری زاڵ لە بەناوبانگترین پاڵەوانەکانی ئێرانە بەو شێوەیە وێنا دەکرێ کە پێستی پڵنگی وەك جلوبەرگ لەبەردایە.

(١٠) دێو: دەستەواژەیەکی فارسیەو بە (دێڤ) دێتە سەر زار، ئەویش ناوی زیندەوەرێکی داستانییە کە ڕۆستەم کوشتویەتی. هاو واتای دێوە زمەیە.

(١١) کڵێسای قەدیسە سۆفیا، کە بە ئایە سۆفیا ناسراوە، ئەمیش مانایەکی وشەییە بۆ حاجیە سۆفیا بەمانای قەدیسە سۆفیا کە ئیمپراتۆری بیزەنتی (جستنیان) لە سەدەی شەشی زاینی دروستی کردووە، پاشان لە سەردەمی عوسمانی کراوە بە مزگەوت.

(١٢) دەستەواژەیەکی فارسیە بە مانای قەڵایەکی بچووك لە ناو قەڵایەکی گەورە.

(١٣) دەستەواژەیەکی فارسیە بە مانای باخی گوڵ و گوڵزار دێت.

(١٤) واتە هەیوان یان تەلار. بە فارسی بە مانای دیوەخان دێت و، بریتییە لە بەلەکۆنەی دینگەدار لە بەری پێشەوەی خانوو دروست دەکرا.

(١٥) کۆمەڵگای کاروان سەرای: دەستەواژەیەکی فارسی لێکدراوە بەمانای کۆشکی قافڵەکان ئەم جۆرە دامەزراوانە لەسەر ڕووبەری دیاریکراو بە درێژایی هێڵەکانی بازرگانی درێژ دەبونەوە.

(١٦) دەستەواژەیەکی تورکیە بەمانای بازاڕی سەر گیراو (قەیسەری)ە، کە شتومەکی گران بەهای تێدا دەفرۆشرێت.

(١٧) دەستەواژەیەکی تورکیە واتە باخی پڕ.

(١٨) دەستەواژەیەکی تورکیە واتە کەناری دەریا یان ئەو خانوانەی لەسەر کەناری دەریان.

بەشی دووەم: خانوو

(خانووەکە دەکەوێتە جوانترین بەشەکانی کەناری دەریای بەسفۆرەوە، لە دواوەی لەسەر گردۆڵکەیەك دروستکراوە، کە دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە. بەڵام پانتایی ناو ماڵەکە، ئەوا هەر زۆر سەرسوڕهێنەرە. ئەوەی بە کاروباری ماڵەکە هەڵدەستێ، پێی ووتم کە ئەم شوێنە ۸۰۰ ژووری تێدایە، من ناتوانم زۆر پێداگیری لەسەر ئەو ژمارەیە بکەم، چونکە من ژوورەکانم هەژمارنەکردوە، بەڵام ژمارەی ژوورەکان زۆر زۆرن و زۆریەشیان ڕازێنراونەتەوە و ڕووبەرێکی زۆریان بە لاکێشی نایاب داپۆشراوە. بنمیچی ژوورەکان بە ڕەنگێکی زێڕین دەردەکەون، وێنەی میوەو گوڵی زۆر جوان بە شێوازێکی سروشتی لەسەری نەخشێنراوە...). خاتوو ماری وێرتلی مۆنتگیۆ.

ئەم نامەیەی خاتوو ماری وێرتلی مۆنتگیۆ Wortley Montagu Lady Mary[1]، یەکێکە لەو نامانەی کە زۆر بە سەرسامیەوە سەردانەکەی بۆ کۆشکی چواردە بەهار، کۆشکی (فاتمە) ی کچی سوڵتان موحەمەدی سێیەم (۱۷۰۳ ـ ۳۰) لە ساڵی ۱۷۱۸ وەسف دەکات. ئەم نامەیە ئاماژە بە پلەو پایەیی فاتیمە لای باوکی و بنەماڵەکەی دەکات. بۆ خاتری ئەو و بۆ ئامادەکردنی ئەو کۆشکە خەرجێك و ماندووبونێکی زۆر کراوە. هەروەها ئەو ڕێگایەی کە دەگاتەوە سەر ماڵەکەی دەریدەخات چەندە پێداگیری کراوە لەسەر ئەوەی دەبێ ئەو دەوروپشتە فەزایەکی سروشتی زۆر جوانی هەبێت. هەروەها ئەو شوێنەی بۆ دروستکردنی خانووەکە هەڵبژێردراوە، ڕەچاوی هەموو شتێکی تێدا کراوە.

ئەمەو چارەسەرکردنی هونەریی بۆ پانتاییەکان (لەوانەش دروستکردنی باخچەو چیمەنەکان)، سیفەتێکە لە سیفەتە جیاکراوەکانی بیناسازی تورکی. ئەوەش ئاماژەیە بەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ژینگەی ناوەوە و

دەرەوە (ناوەوەی شار و دەرەوەی شار). لە ئەستەنبوڵ ماڵەکان بە باخچە دەورە دەدران، لە کاتێکدا لە بەسفۆر بەشی دواوە (حەوشی پشتەوە)ی ماڵەکان باخچەو چیمەنی گەورەی تێدا دروستکرابوو. ئەم سیفەتانە تەنها بۆ ماڵی چینە باڵاو ناوەندەکان قۆرخکرابوو، بەڵام ماڵەکانی گەڕەکە هەژارەکان هەر ئەوەندەیان دەتوانی پانتاییەك بدۆزنەوە بۆ چاندنی چەند نەمامێك، جا لەناو مەرکانە، یانیش لەناو سندوقی تەرخانکراو دەچێنران و لەسەر لێواری پەنجەرەکان دادەنران. هەروەها دانیشتوانی شارە لادێیەکانی وەك: (پۆرسە)،(سفرانپۆلۆ) و (عەما سیا)، بایەخیان بە باخ و چیمەن و جوانی سروشت دەدا. ئەم تێگەیشتنە قووڵە بۆ هاوسەنگی نێوان خانوو و پانتایی ناوەوە لە بیناسازی ئێرانیشدا دەردەکەوێت، ئەو فراوانبوونەی تاران لە شەستەکانی سەدەی ١٩ دا بەخۆیەوە بینی، بەڵگەیەکە بۆ ئەمە. بەجۆرێك خانووی فراوان لەنێو باخ دروستدەکران، بەڵام بە شێوەیەك کە لە خزمەتگوزارییەکان و ئەو پەرژینانەی بۆ دابینکردنی ئاسایشی شار دەوریاندابوو، نزیك بێت. لە لادێکانی ئێران بۆ دروستکردنی خانووەکانیان، هەمان چەشنی خانووە کۆنەکانیان نوێ دەکردەوە. ئەم جۆرە خانووانە لە شارەکانی وەك ئەسفەهان، شیراز، کرمان و ناوچەکانی دەوروبەری دەبینرێن. لەگەڵ ئەوەی شاری قاهیرە جەنجاڵترە، کەچی چارەسەری بۆ ئەوەی بتوانرێت هەر لە چوارچێوەی خانووەکەدا هەندێ رووبەری زەوی بۆ باخ و باخات و چیمەن تەرخانبکرێت، دۆزراوەتەوە. دابینکردنی پانتایی کراوە لە ناو شار شتێکی گرنگبوو، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی پارەیان نەبوو و توانایان نەبوو لە خانووەکانیاندا شوێنێکی تایبەت بۆ باخ و چیمەن دابین بکەن. لە هەموو لایەکی شاری ئەستەنبوڵ تەنانەت لە (مزگەوتەکان، مەزارگەکان، گۆڕستانەکان) گوڵ و گوڵزارو درەخت دەچێنرا (وێنەی ٤٦). هەروەها لە قاهیرە گۆڕستانی گەورە گەورە بڵاوبوون، لە ژێر قەڵای قاهیرە گۆڕی گەورە بۆ

پاشاو خێزانەکانیان دروستکرابوون. لەکاتێکدا لە باکووری ئێران قەدپاڵی چیاکان بە گوند ئاوەدانکرابوونەوە.

لەگەڵ ئەوەی هەر شارێك لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بە مۆرکی لۆکاڵی تایبەتی خۆی لە ڕووی شێوازی بیناسازی و زەخرەفەوە جیادەکرێتەوە، ئەوا ئەو بنەما گشتیانەی بۆ جیاکردنەوەی فەزای گشتی لە تایبەتی کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات پەیڕەودەکرا، پرۆگرامەکانی مۆدێرنیزم لە نیوەی سەدەی ١٩ دا نەیتوانی ئەم بنەمایانە لە نێو خۆیدا بتوێنێتەوە، بۆ نمونە کۆشکی زۆر جوانی بە دینگەو بەیتونەی سەر سێگۆشەی ڕازاوە (pediment)[٢] لەسەر شێوازی بیناسازی ئەوروپی کلاسیکی دروستدەکرێت، بەڵام دیسانەوە لەبەر بوونی ئەو پەرژینە بەرزانەی بۆی دروستدەکرێت، نێو ماڵەکان لە چاوی خەڵکی دەشاردرێتەوە، بەمەش تەواو وەکو هەر ماڵێکی نەریتی دێتە بەرچاو. هەروەها لە شەقامە جەنجاڵەکانی گەڕەکەکانی شار ئەو دەرگا سادەو ساکارانەی کە بۆ ماڵەکان دروستدەکرێن، چاوی خەڵکی لە بەرامبەر زەنگینی ئەو خێزانانەی لەودیوی دیوارەکاندا دەژیان، دەخەڵەتاند. بەڵام ناوچەکانی دەوروبەری شار ئەو دەرگایانەی بە قەد دیواری سادەو نارێکەوەن و قفڵی گەورەو قایی تێخراوە، سەرنجی کەس بۆ خۆی ڕاناکێشێت، بەمەش لە چاوی کەسی ناحەز دەپارێزێت.

گرنگی پانتایی ناوەوەی ماڵ لە وێنە مێژووییەکانی شاری ڕۆژهەڵاتی دەردەکەوێت. دەستنووس و کتێبە مێژوویی و داستانە شیعرییەکان گوزارشت لە جوانی و سەرسوڕهێنەری ماڵی ڕۆژهەڵاتی دەکەن، بە تایبەتیش لەسەر پانتایی ناوەوەی ماڵەکان. بۆ نمونە ئەو ڕووداوەی لە نێوان پێغەمبەر یوسف (سلاوی خوای لێبێت) و خاتوو زولێخا ڕوویداوە، لە نێو باخێکدا گوزارشتی لێکراوە، بەڵام ڕووی دەرەوەی خانووەکە لەگەڵ ئەوەی زۆر بە ووردی وێنەو ڕەنگی کێشراوە، کەچی شێوەی گشتی و ڕووە سروشتیەکەی خانوو وەك چۆن لە هونەری ئەوروپیدا باوە ناخاتە ڕوو.

خانووەکانی ئەستەنبوڵ بە ناسکی و ناوازەیی ئەو شێوازە بیناسازییەی جیادەکرێتەوە کە باڵەخانەو ماڵەکانی هەیانە. سوڵتان موحەمەدی دووەم سیستەمێکی پێوانەیی پەرەپێداو، مێژوو نووسی یۆنانی (کریتۆفۆلۆس) ستایشی ئەو نوێسازیەی سوڵتان کە لە دروستکردنی (تەوپەقابی سەرای) ئەنجامیداوە، کردووە. ئەم مێژوو نووسە لەدوای تەواو بوونی ئەو کۆشکەو لە ساڵی ١٤٦٥ دا دەنووسێت:

((هەروەها سوڵتان موحەمەدی دووەم کۆشکەکەی تەواوکرد، ئەم کۆشکە جوانترین کۆشکە لەناو هەموو کۆشکەکانی تر، جا چ لەڕووی جوانی یان وەزیفی، یانیش لەڕووی ئەو زەخرەفانەوە بێت کە لەسەر دیوارەکانی نەخشێنراون. بەجۆرێك هیچ ڕوویەکی پشت گوێ نەخراوە. کاتێك لەگەڵ کۆشکە جوانەکانی جیهان بەراوردی پێدەکرێت، جوانترین کۆشکە...)).

ماڵە تایبەتیەکانی تەوپەقابی سەرای بەسەر حەوشی سێ و چوار (وێنەی ٤٧) دا دابەشکرابوو. ژیانی شارنشینی لای هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان پێویستی دەکرد سەلاموڵك، کە هۆڵی تایبەتبوو بە پیاوان و لەوێداپێشوازی لە میوانەکان دەکرا، لە حەرموڵك کە بەشی تایبەتبوو بەسەرۆك خێزان و کوڕەکانی و ژن و دەستە خوشکەکان و، لەوێدا کاتیان بەسەر دەبرد، جیابکرێتەوە. لە ژیانی نێو کۆشکدا جیاکردنەوەی ژنان بەشێوەیەکی زۆر توند پەیڕەودەکرا، ئەمەش لە پلان و دابەشکردنی شوێنی ژوورەکاندا دەردەکەوێت. لە بەشی سێیەمی کۆشکەکەدا زنجیرەیەك ژوور لە دەرەوە دروستکراون کە هەر کۆمەڵە ژوورێك یەکەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنن، وەك ژووری دیوەخان، کتێبخانە و مزگەوت. ژووری کورسی پاشایی لە ڕێگەی دەرگایەکی بە زەخرەفە نەخشێنراو و جوان لە کۆتایی ڕاڕەوێکی درێژەوە دەتوانی پێی بگەی. ئەم شوێنە ڕۆڵی سەلاموڵك

دەبینێت، ئەگەرچی چوونە ئەم شوێنە زۆر سنووردار کرابوو، شوێنێکی بچووکبوو و لە دوو ژووری بنمیچ بەرز پێکهاتبوو، لە دەرەوە بە بنمیچێکی هەڵگیراو کە بە هۆی چەند دینگەیەکەوە وەستاوە، بەجۆرێك ڕێگایەکی هاتووچۆی داخراوی لە هەر چوار لای شوێنەکە بۆ دروستکردبوو. ئا لەم شوێنەدابوو کە سوڵتانی عوسمانی پێشوازی لە گەورە کاربەدەست و باڵیۆزە بێگانەکان دەکرد. لە کاتێکدا حەرمولك دەکەوتە لای چەپی کۆشك و، لەپشت بەشی سێیەم و چوارەم دروستکرابوو، لەڕێگەی دەروازەیەکی سادەو ساکار لە گۆشەیەکی بەشی دووەمی کۆشك دەتوانرا کەسەکان بچنە ژوورەوە. حەرمولك یەکەیەکی خود ئیکتیفایەو بە تەواوی لە بەشەکانی تری کۆشك جیاکراوەتەوە. حەرمولك بۆ خۆی لە چوار بەشی یەك لەدوای یەك پێکهاتووە، کە شوێنێکی بێپایان و ئاڵۆزەو لە سەدەی ١٦ وە تا سەدەی ١٨ ژمارەی ژوورەکانی بێ ئەندازە زیادیکردووەو گەیشتوەتە نزیکەی ٣٠٠ یەکەی بچووك و بەسەر چەند ژوورو حەوش و باخی بچووك و ڕاڕەودا دابەشکراوە.

ئەم پانتاییە کە ئاوا سەیر دەکرێت بە شێوەیەکی شپرز و لەیەك دابڕاو دێتە بەرچاو، کەچی لە ڕاستیدا بریتیە لە کۆمەڵێك یەکەی نیشتەجێبوونی بەیەکەوە بەستراو. هۆڵی بۆ نیشتەجێبوونی سوڵتان و دایکی تێدایە، دەشێت بڵێین دایکی سوڵتان کەسی یەکەمە لە بنەماڵەی عوسمانی و لەنێو هەموو ژنانی کۆشك و شازادە بچووکەکان، کە زۆرترین دەسەڵاتی بەدەستە. هەر پارچەیەك لەو کۆمەڵانە لە نهۆمێك یان دوو لە دەوری ژێر زەمینێکی لاکێشەیی یان ڕووبەرێکی کراوە پێکهاتوون. ڕەنگە پارچە زەوی دایکی سوڵتان نمونەیەك بێت بۆ جوانترین شێوازەکانی بیناسازی و گەورەترین ڕووبەر، کە لە بەشێکی تایبەت بە هۆڵەکانی پێشوازی و ژووری تایبەتی و حەمام و مزگەوتیش پێکدێت. هەموو ئەمانە لە دەوری ڕووبەرێکی چوارگۆشەی فراواندا کۆبوونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە لە نێوان ژوورەکان و فەزاکان هاوسەنگیەکی وورد هەیە، بەڵام لە حەرەمولك زۆرجار تاك بەهۆی تەنگەبەری شوێنەکە هەست بە ترسدەکات، لە بەرامبەردا ئەو دابەشکردنە ئازادەی بۆ ژوورەکان لە بەشی چوارەم و کۆتایی کۆشکەکە کراوە، ڕەوشێکی ئازادترو ئارامتری دروستکردووە. ئەم بەشە لە باخێکی زۆر فراوان کە لەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدایە پێکهاتووە، ئینجا بەرەو خوار سەکۆیەکی جوان و کانیەکی تێدایەو بە سەر دیمەنێکی دڵڕفێنی شاخی زێڕین دەشکێتەوە. هەرچی ئەو باڵەخانانەیە کە لە باخەکەدان زۆربەیان هی سەدەی (١٧ و ١٨) ن، شێوەی چەند کۆشکێکی[٣] هەشت لا کراوەی دڵڕفێن، کە لە هەموو لایەکانیەوە هەیوانی فراوان و چەند ژوورێکی تێدایە کە بنمیچی نەرم و پەنجەرەی فراوانیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەم باڵەخانانە بە زۆری بۆ سوڵتان تەرخانکرابوون، ئەوا ڕاڕەوێکی گەورە حەرمولکی بە شوێنی سوڵتان دەبەستەوە، بەجۆرێك ژنەکانی بانگ دەکران بۆ لای سوڵتان. ئەم جۆرەی دیزاینی خانوو بنەبڕکرا تا ئەو ڕادەیەی لە سەدەی ١٩ دا ئەو کۆشکانەی دروستکران لەسەر شێوازی ئەورووپی بوون، کە ئەم شێوازی دروستکردنە شوێنی (تەوبەقابی سەرای) گرتەوە. ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی چۆن ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بیناسازی داهات بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو جیاکردنەوەیەی کە پێشتر باسکرا بگونجێت، ڕوویاندا. بۆ نمونە کۆشکی (دۆڵمەی باخچە) کە لە ساڵی ١٨٥٣ دا دروستکرا، هۆڵە گەورەکانی پێشوازی کە بە زەخرەفە ڕازێنرابوونەوە چەندین ژووری لە دەرەوە بۆ دروستکراو بەسەر هۆڵەکانی سەلاموك و حەرمولك دابەشکرابوو، هەمووشیان دەرگاکانیان ڕوویان بەرەو ژوورەوەیە. ئەم شێوازە ئەگەرچی لەسەر ڕووبەری بچووکیش بێت، لە ماڵە زەنگینەکانی دانیشتووی ئەستەنبوڵ لاسایی کراوەتەوە.

دوو شێوازی خانوو دروستکردن لە بەردەم زەنگین و خاوەن پێگە بەرزەکانی، وەك گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت و ئەندامانی بواری قەزایی و دام و دەزگا ئایینیەکانی تورکیای عوسمانیدا هەبوو. لە کاتێکدا (قۆناق)[٤] شێوازی خانووی شارنشینیبوو، ئەوا (یالی) شێوازێکی خانووی تربوو کە لە کەناری دەریاچەی بەسفۆر دروستدەکرا. بنەماڵەکان دەچوونە ئەو شوێنانە و هاوینیان لەوێدا بەسەردەبرد. لە کۆتایی سەدەی ١٩ دا یالی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بوو بوو بە ماڵی هەمیشەیی خێزانەکان، بەمەش بە درێژایی ساڵ هەر خێزانەکانی تێدا دەمایەوە. دەتوانرێت قۆناق لە ناوەڕاستی باخێکدا دروستبکرێت و بە پەرژینی بەرز دەورە بدرێت، بەڵام زۆربەی زۆری ئەم خانووانە ڕاستەوخۆ ڕوویان دەکەوتە سەر شەقامەکان. ئەم خانووانە هەرشێوازێکبن ئەوا بەهۆی کلیل و قفڵەوە پارێزرابوون. هەروەها سیمای هەرە جیاکەرەوەی دیوارەکانی دەرەوەی قۆناق بریتییە لە یەك لەسەر یەکی نهۆمەکانی کە شێوەیەکی دڵڕفێنی هەیە (وێنەی٤٨). دوو یا سێ نهۆمی سەرەوە هەریەکەو زیاتر لەوەی خوار خۆی، هەندێ بەرەو ڕووی دەرەوە هاتووە. ئەم نهۆمانە لەسەر ستوونی شێوە کەوانەیی ڕاگیراون، کە شێوەی هەیوانێکی هەڵواسراو پێکدەهێنێت. ئەم سیما جیاکەرەوەیە لە بیناسازی لەبەر پێویستی کردەیی و جوانی هاتەکایەوە، چونکە ئەمە ڕووبەری نهۆمەکانی سەرەوەی قۆناق زیاد دەکات و دەروازەو دیوارەکانی خوارەوە لە تیشکی هەتاوو ئاوی باران دەپارێزێت. هەر نهۆمێك ڕیزێك پەنجەرەی هەیە کە زۆر بە جوانی بەهۆی چەتر و بەر پەنجەرەی دارین و تێل بەند کراون، هەموو ئەمانە وادەکەن خانووەکە لە چاوی غەیرەو ڕووناکی زۆر بپارێزێت. هەروەها لەسەر ڕووی خانووەکەوە بنمیچێکی هەندێ لار و هەیوانێکی پان کە درێژییەکەی دوو مەتر لە ڕووبەری نهۆمی خوارەوە زیاترە، هەیە.

لە پشت ئەم ڕووەوە قۆناقی شارنشینی شکڵ وەردەگرێت، کە لە ٣٠ یا ٤٠ ژوور پێکدێت. لە دەروازەی سەرەکییەوە خانووەکە بە شێوەیەکی

نیمچه یەکسان بەسەر سەلاموڵك و حەرموڵك دابەشدەبێت، کە زۆربەی جار شێوەی دوو ڕووبەر وەردەگرێت و بەهۆی ڕاڕەوێکەوە بەیەك گەیەنراون. بەڵام شوێنی سەلاموڵك لە قۆناقی داخراودا دەکەوێتە نهۆمی یەکەمەوە ڕێك لەسەرەوەی ژووری خزمەتگوزارییەکانەوەیە. حەرموڵك لەنهۆمی سەرەوە دروستکراوە. هەریەك لە حەوشەکانی حەرموڵك و سەلاموڵك لەڕووی دابەشبوون و وەزیفەی هەر ژوورێکیانەوە لە یەکدەچن. لە نهۆمی ژێرەوەی سەلاموڵك تەویلە و کۆگا بۆ عەمبارکردنی پێداویستیەکانی ناو ماڵ، هەروەها ژووری خزمەتکارە پیاوەکان دروستدەکرێت. بەڵام نهۆمەکەی تر ناوچەی گشتی و بنچینەیی سەلاموڵك و دیوەخان پێکدەهێنێت و میوانداری و کاروکاسبی تێدا ئەنجام دەدرێت. دیوەخان بۆ دوو بەش دابەشدەکرێت، بەشە نزمەکەی نزیك دەرگایەو، بەشەکەی تر بەرزترەو بە درێژایی دیوارەکانی قاڵی لەنێودا قەدکراوە. لە دیوەخاندا پیاواتی خێزانەکەپێشوازی لە میوانەکانیان دەکەن.

بەڵام حەوشی حەرموڵك هەندێك گەرم و گوڕی پێوە دیارە، چونکە تایبەتمەندییەکانی زیاترن. کۆگاکان لە نهۆمی خوارەوە بە باخ دەورە دراون. دەروازەکەش بەرەو ڕاڕەوێك دەڕوات کە لە هەردوو لایەوە ژووری زیادە بۆ عەمبارکردنی شتی زیاترو جێگای حەوانەوەی خزمەتکارەکان هەن. بەڵامپلیکانە، ئەوا تا دەگەیشتە هۆڵی پێشوازی لەسەرەوە درێژدەبووەوە، ئەم هۆڵەش وەکو لە سەلاموڵك دابەشدەبوو،بۆ پێشوازیکردن لە خانمە میوانەکان و خزم و کەسی نزیك، بەکاردەهات. ئەو ژوورانەی لە دەوری هۆڵیپێشوازی لە هەریەك لە حەرموڵك و سەلاموڵك دروستکرابوون، وەکو ژووری دانیشتنی تر یا بۆ نوستن بەکاردەهاتن.

بەڵام یالی کە لەسەر کەناری دەریای بەسفۆر دروستدەکرا، ئەوا وەرچەرخانێکی بیناسازی زۆر جوان بوو، لە قۆناقی دروستکراو لە ناو باخ و

چیمەنەکان زۆر خۆشتر بوو. لە ڕێگەی وشکانییەوە و لە دەروازەی پەرژینی بەرزی ئەلحاجبەوە، کە بەسەر کۆمەڵێك باخەوە دەکرایەوە بۆی دەچوون. یالی خۆی لە خۆیدا بریتیبو لە شوێنێکی نیشتەجێبوونی فراوان، کە نهۆمێکی یا دوو نهۆمی پەنجەرە گەورەی چوار چێوە سادەی هەبوو و، بەسەر دەریای بەسفۆردا دەکرایەوە. ڕووی دەرەوەی یالی- کاتێك لە ڕووەکەی تریەوە تەماشای بکرێت لە ئەنجامی هاتنە دەرەوەی نهۆمی سەرەوە بۆ دەرەوە و قایمکردنی لەسەر دینگەی کەوانەیی- وێنەیەکی زۆر جوان پیشان دەدات، هەمان ئەو وێنە جوانە دەبەخشێت، کاتێك تەماشای قۆناقی شار دەکرێت. بەڵام ڕووبەری ناوەوەی یالی هۆڵێکی گەورەی بنمیچ بڵند سەلاملك و حەرەملك ی نەریتی بە هۆی ئەو چەند بەشەی کە بۆ پێشوازیکردن و بوونی چەندین ژووری تر هەیەتی، لە یەك جیادەکاتەوە.

دەتوانرێت جۆراو جۆری زیاتر لە بیناسازی یالی بە دی بکرێت، بە جۆرێك هەندێ جار سەلاملك و حەرملك لە دوو خانووی سەربەخۆ پێکدەهاتن، جاری واش هەبوو لە دوو نهۆمی جیاواز دروستدەکران و، هەندێ جاریتریش ئەو ڕووبەرەی بۆ حەرملك تەرخاندەکرا بەشی زۆری دابەشکردنەکەی بەردەکەوت. کۆشك و کەپرەکان- کە زۆربەی کات لە ناو باخچەکاندا لەسەر شێوەی بیناسازی و زەخرەفەی نوێ دروستدەکران- دەوروبەرێکی گەرمو گوڕو ناوازەی دروستدەکرد. بەڵام باخچەکان لەوە زۆر زیاتربوون کە تەنها پاشینەیەکی جوانکاری بن بۆ ماڵەکان، بەڵکو لە هەمانکاتدا جێگای سەرنج ڕاکێشان و چاودێریکردنی بنەماڵەو داروودەستەکانیان بوون. سوڵتان موحەمەدی دووەم یەکێك بوو لە باخەوانە هەرە چالاك و شارەزاکان، بەشێوەیەك خودی سوڵتان شێوازی ڕەسەنی تەوبەقابی سەرای داناو، بە کێڵانی زەوی و چاندنی نەمام لەم کۆشکە زۆر خۆشحاڵ دەبوو. لە ئەستەنبوڵ باخ و باخچەی گشتی هەبوون. باخەوانە

تورکەکان چەندین جۆری نەمام و پیازو سەوزەو میوەی ڕەگداری سەیریان، کە بۆ بازاڕەکانی ئەستەنبوڵ بۆ ساغکردنەوەی یاخود وەك دیاری بۆ ماڵی سوڵتان دەنێردران، ناسی. شێوازەکانی بیناسازی لە جوانیدا جۆراو جۆرو سەرسوڕهێنەر بوون، تورکەکان شێوەی حەوزی گوڵ و نافورە و کانیەکانی ناو هۆڵەکانی پێشوازییان کە لەڕووی دابەشبوونیانەوە هاوشێوەی یەکتر نەبوون، پێیانباشترو جوانتر بوو لەو هاوشێوەییە فەرمیەی لە باخچەی ئێرانی داهەبوو.

هەرچەندە خانووی چینی دەوڵەمەند لە قاهیرە لەڕووی شێوازی گشتیەوە بەو قۆناقەی لە ئەستەنبوڵ هەبوو دەچوو (وێنەی ٤٩)، ئەوا لەگەڵ دروستبوونی ناوچەی نوێ لە سەدەی ١٩ دا هەندێك لەو ماڵانە بنمیچی زۆر بەرزو پەنجەرەی فراوانیان بۆ دروستکرا، بەوەش توخمەکانی (یالی) تورکی تێکەڵ بە شێوازە جیاکراوەکانی بیناسازی رۆژئاوایی کرا. لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە خانووانە لە قاهیرە حەز پێکراوبوو، بەڵام لەگەڵ کەش و هەوای ئەوێدا نەدەگونجا، بەجۆرێك ئەم ماڵانە لە هاویندا زۆر گەرم بوون، بەلامنەخشەسازیی نەریتی کە لە خانوویقاهیرەدا بەکاردەهات، بەشێوەیەکی کردەیی بەرگری لە گەرمای هاوین دەکرد.

ڕووی سادەو ساکاری دەرەوەی خانووەکان ژیانی ماڵەوە دەیشاردەوە، بەشێوەیەك پەنجەرەی نهۆمێك یان دوو نهۆمی سەرەوە بە بەر پەنجەرەی دارین، کە لەسەر ئەو دینگە کەوانەییانەی دەکەونە سەر دیوارەکانی نهۆمی زەمینییەوە دروستکراون، پێشیان دەگیرێت. هەروەك ئەستەنبوڵ، ئەم خەسڵەتە پانتایی ماڵەکە تا دەتوانرێت گەورەتر دەکاتەوە، هەروەها ئەم بەر پەنجەرە دارینیانە ئەو ڕووناکی و گەرمیەی کە لە شەقامەکانەوە دەهاتە ژوورەوە، ڕێکدەخست. جۆراوجۆرییەکی زۆر لەسەر بنەما بنچینەییەکانی بیناسازی ڕوویاندا، کە شێوەیەکی سحراوی جیاکراوە بە ناو ماڵ

دەبەخشێت. دەروازەی خانوو بەسەر حەوشی سەلاملوکی پیاواندا دەکرێتەوە. ئەم حەوشە سەرەڕای بوونی تەویلە، ژووری عەمبارکردنی خۆراک، چێشتخانە، ئەوا هەیوانێکی کراوەی تێدایە کە وەك شوێنی پێشوازیکردن لەکاتی هاویناندا بەکاردێت. جگە لەمانەش ژووری مەنزەرە[٥]ی فەرمی بۆ پێشوازیکردن لە میوانە پیاوەکان بەکاردێت. لەکاتێکدا دەرگایەکی لابەلا لە گۆشەیەکی زۆر دووری حەوشەکە بەرەو حەرمولك دەچێت و لە چەند بەشێکی ژووری نانخواردن کە لە دەوری هۆڵی نانخواردنی سەرەکی دروستکراون، پێکهاتووە. زۆربەی جار بنمیچی ئەم هۆڵە لەسەر شێوەی گومەزی بەرز، کە بە پەنجەرەی شوشەیی ڕەنگاورەنگ ڕوناك دەکرێتەوە،دروستکراوە. هەروەها دیوەخانە بەرزەکان دەوری هۆڵی سەرەکی دەدەن. قاندرمەکان بۆ سەرەوەو بەرەوژووری ترو، سەکۆو بەلەکۆنەو جێی دانشتنی هاوینەی یەك لا کراوە تا فێنك بێت. لێرەش هەروەك ئەستەنبوڵ، خانووی دەوڵەمەندەکان حەمامی تایبەتی خۆی تێدابوو. چەندە بنەماڵەکە زەنگین تر بن، ئەوا خانووەکەیان نهۆمی زیاترو ژووری زیاتری تێدا دەبوو.

لە تاران و شارە سەرەکییەکانی تری ئێران، کۆشك و تەلاری دەوڵەمەندەکان کە تاوەکو ئێستا هەر ماون و زۆربەیان هی سەدەی (١٩)ن. گۆڕانکاری جیاواز لە هەمان ئەو بنەما سەرەکییانەی لە نەخشەی ناو ماڵی خێزانیدا پەیڕەو دەکرا، دەخاتە ڕوو. هێشتا خانووەکان بە پەرژینی بەرز دەورە دراون و، بە توندی ڕەچاوی جیاکردنەوەی بەشی پیاوان بیرۆنی[٦] لە بەشی ژنان ئەندرۆنی[٧] دەکات، بەجۆرێك خانووی شارنشینی لە تاران یا خانوو لە گوندەکان دیواری ڕووی دەرەوەی دوورو درێژبوو و هیچ زەخرەفەیەکی لەسەر نەبوو، تەنیا بەهۆی دەرگایەکی سادەو ساکار یا دەروازەیەکی بەرزی بەقەدەوە بوو. لە چوار چێوەی ئەم پەرژینە دیوارییانەوە

باخ یاخود حەوش، فەزایەکی بەرفراوانی بۆ هەموو یەکەکانی خانووەکە پێکدەهێنا. کۆشکی دەسەڵاتدارە قاچارییەکان و بنەماڵە گەورەکانیان و گەورە فەرمانبەرەکانیان تەواو فراوان بوون تا بتوانن یەکەی سەربەخۆ لەناو ئەو باخەی کۆشك، لەسەر شێوەی خانووی بچووکی هەشت لایی، یا بینای چوارگۆشە، کە حەوشی ناوەوەی هەبوو، یا هەیوانی فراوان یا تەلاری یەك لا یا سێ لا کراوە، دروستبکەن. هەموو ئەمانە دەکەوتنە چوار چێوەی نەخشەی سەرەکی خانووەکەوە. ئەم خانووانە لە ڕووی بەکارهێنانەوە و ئەرکی جۆراو جۆریان هەبوو. بۆ نمونە سەکۆ دەشێ دەروازەیەك، یا هۆڵێکی دیوەخان یا لەکاتی کەشوهەوای گەرم پانتاییەك بێت بۆ نووستن، یانیش وەکو بەلەکۆن گەر لە نهۆمی دووەم یا سێیەمی خانووەکە دابێت، بەکاردێت. جیاوازی ئاستی بڵندی نێوان بەشەکانی ماڵەکە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشی بە ماڵەکە دەبەخشی، کە چەند نهۆمێکی بنمیچ نزم لە دەوری بەلکۆنێکی فراوان دروستدەکران، ئەم ژوورانەش بە تۆڕێك ڕاڕەو بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

ئەم خەسڵەتە جوان و جیاکراوەیە لە هەر یەك لە کۆشکی گوڵستان (وێنەی٥٠) لە ناوچەی (ئەرك) لە تاران یا لە کۆشکی هاوینە (وێنەی٥١) لە باکووری شار دەردەکەوێت.

شا فەتح عەلی (١٧٩٧ ــ ١٨٣٤) تەلارێکی شکۆداری دروستکردبوو و (وێنەی ٥٢) بۆ چاوپێکەوتنە فەرمیەکان و پێشوازیکردن لە میوانانی، بەکاریدەهێنا. هەروەها لە چوار چێوەی ئەو تەلارە ژوور و بەشی جیاکراوەی بۆ ژنان دروستکردبوو. بەڵام خەلیفەی دوای ئەو نادرەدین شا (١٨٣٤ ــ ١٨٤٨) لەگەڵ ئەوەی کاریگەری شێوازی بیناسازی ئەورووپی هاوچەرخی بەسەرەوەبوو، کەچی لە کاتی نوێکردنەوەی ئەو کۆشکە لە (١٨٦٧ ـ ١٨٩٢) هەر بە هەمان نەریتی بیناسازی بە جیاکردنەوەی هەردوو بەشی ئافرەت و پیاو پابەند بوو

و، تەلاری (فەتح عەلی شا) ی وەکو خۆی هێشتەوە. بەڵام باڵەخانەیەکی نوێ کە قاندرمەی گەورەو بڵندی هەبوو، ئەو قاندرمانە بەرەو سەرەوە دەڕۆیشتن و دەگەیشتنە هۆڵ و ژوورەکانی تریپێشوازی، ئەمەو چەند ژوورێکی تایبەت بە خۆی و، حەوشی ئەندرۆنی لەسەر دروستکرد.

کۆشکی گوڵستان بەوە جیادەکرێتەوە کە باخەکانی بەپێی سیستەمی نەریتی دروستکراون، کە کەناڵە ئاوییەکانی بەدەوری حەوزی رازاندنەوەو حەوزی گوڵ و گوڵزارو دارو درەختەکان دروستکراون. لەگەڵ ئەوەی لە رۆژهەلات رێزو نرخی باخ و باخات زۆر دەگیرا، ئەوا لە بیناسازی شارنشینی ئێرانیشدا رۆڵێکی سەرەکی بینیوە. هەڵکەندنی شوێنەوارە کۆنەکان نەخشەسازی باخ و چیمەنی بەرفراوانی دۆزیوەتەوە، کە بۆ نیوەی سەدەی١٧ پێش گەیشتنی ئیسلام بۆ ئێران دەگەڕێتەوە و، سەرچاوەکانی نەخشەی بیناسازی پاش ئەوماوەیەش دەردەخات. باخەکانی ئێران لەسەر شێوەی فردەوسی زەمینی دروستکرابوون و شوێنگەیەکی بۆ خۆپاراستن لە گەرمای هاوین فەراهەم دەکرد. بروا وایە کە بیرۆکەی دروستکردنی ئەم جۆرە باخانە لەو وەسفانەوە کە لە قورئانی پیرۆز سەبارەت بە فردەوس هاتوە، وەرگیرا بێت. بەڵام جۆراو جۆری باخەکان، ئەوا بەهۆی هەڵبژاردنی گوڵ و گوڵزارو نێرگزو دارو درەختی وەك سەروو دار پرتەقاڵ و هەنار و، لە رێگەی دروستکردنی سەکۆو کەناڵەکانی ئاوو رازاندنەوەی بە ماسی و مراوییەوە دەبوو. رەنگە کۆشکی (قاچار)ی هاوینە کە شا فەتح عەلی لە ساڵی ١٨٠٧ دروستیکردبوو، لەسەر گرنگی و بایەخی باخات لای ئێرانیەکان باشترین بەڵگە بێت. دەتوانرێت لە رێگەی ژمارەیەك سەکۆی باخە پایە پایەکان کە بەهۆی تاڤگەی ئاوییەوە بەیەکەوە بەستراون، بە بەشەکانی ئەو کۆشکە بگەین. هەروەها کۆشکی هاوینەی نادرەدین شا- ناسراو بە دە ئاباد- کە ساڵی ١٨٨٨ لە نزیك کۆشکی قاچار

دروستکرابوو، ڕەنگدانـەوەی وەرزینێکـی (تأویـل) کەسـی و هونەریـە بـۆ باڵەخانەکانی ناو باخەکە.

هـەموو ئـەم کۆشـك و تەلارانـە لەسـەر ڕووبـەری گـەورە گـەورە دروستکراون. بەڵام ئەو باخانەش کە لە حەوشـە بچووکەکان دروسـتکراون، توانـای ئـەوەیان هـەبوو هـەمان کـەش و هـەوا لـە ڕووی جێبوونـەوەو لێکوەشـاوەیی دروسـتبکەن. هەمیشـە حەوشـی بیرۆنـی و ئەنـدرۆن بـەهۆی ڕاڕەوێکی پێچاو پێچەوە بەیەکەوە بەسترابوون، بەڵام ڕەنگە لە چوار چێوەی باخێکی گەورەدا تەواو لە یەکتر جیاکراوە بن. لە هـەردوو بەشـی بیرۆنـی و ئەندرۆن ژوورەکان ڕوویان بەسـەر حەوشەوە بوو، نەریت وابوو دەبـوو حـەوش چوار حەوزی دەستکردی بۆ چاندنی گوڵ و گـوڵزارو دارو درەخـت لـە دەوری حەوزێکی بازنەیی تێدابێت. ئینجا ئەو نەخشەسازییەی دەرەنجامی ئەمەیە. بەکارهێنانی جۆراوجۆر و، بە هەمان ئەندازە لە زستان و هاویندا کاریگەری هەبوو. بەلکۆنە پان و پۆڕو بـە دینگـەکان وەك شـوێنێك بـۆ پێشـوازیکردن بەکاردەهێنران. لـە هەنـدێك لـە خانووەکانیشـدا ئـەو بەلکۆنانـە پەنجـەرەی گـەورەی لـە بنمیچـەوە تـا سـەر زەوی هـەبوو. هـەروەها لـە پشـت هـەر بەلکۆنێکەوە شوێنی نووستن و چەند ژوورێکی عەمبارکردنی تێدابوو. بـەڵام لە خانووە گەورەکان، ئەو بەشانەی حەوشـە کـە دەکەوتنـە بەرامبـەر یـەکتر ڕۆڵی ژووری زستانەو هاوینەیان دەبینی. دەروازەیەك هەبوو دەگەیشتە ئـەو ژێـر زەمینـەی کـە لـە بەشـی زسـتانەی خانووەکـە ڕۆڵـی ژووری دانیشـتن و کۆبوونەوەی خێزانی دەبینـی، هـەروەها چـەند قادرمەیـەکیش لەسـەریانەوە دەگاتە بەلکۆنێك، ئەم بەلکۆنەیـە وەك ڕووبـەرێکی کراوەی بـێ بنمیـچ بـۆ نووستن لە بەشی هاوینەی خانووەکە دادەنرێت. خانووەکـان لـە ناوەڕاسـت و باشووری ئێران کە زۆر گەرم بـوون، شـێوازی بینـای سـەرەکی تێـدا پـەیڕەو دەکرا، بەڵام سەرەرای ئەوەش منارەیەکی شێوە چوارگۆشەی بەرزیان هەبوو،

لایەکانی ئەو منارەیە رۆڵی ستونی هەواگۆڕکێی دەبینی، کە هەوای بۆ ژوورەکانی خوارەوە دەنارد.

کەرەستەو شێوازەکانی بیناسازی و ڕێگاکانی دروستکردن و رازاندنەوە، ڕۆڵیان لە بوونی ئەو جیاوازییە هەرێمییەی کە مۆرکێکی جیاکراوە بە ماڵەکان دەبەخشێت، هەبووە. ڕەنگە بۆچوونی یەکەمی لەسەر ئەستەنبوڵ وادەربخات کە کەرەستەی سەرەکی بۆ دروستکردنی خانووبەرە بەرد بوویێت، وەك بەردی جیری خۆڵەمێشی و، گەچی سپی توخم زیوی، کە ڕووکاری دەرەوە و کۆپنی (الافاریز) پەنجەرەکان و بەلکۆنی کراوەی مزگەوتە گەورەکانی پۆشیوە. ئەم بۆچونە تاڕادەیەکی زۆر چەواشەکارە، چونکە کەرەستە گران بەهاکان تەنها بۆ دروستکردنی باڵەخانە گشتییە گەورەکان بەکاردەهاتن. بەڵام خانوو لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە لە دروستکردنیدا دار بەکاردەهات، کە ئەمەش شرۆڤەی هۆکاری داڕوخانی چەندین خانوو بەهۆی ئەو سووتانە ڕێکخراوەوە کە ئەستەنبوڵی دەگرتەوە، دەکات. تەنانەت باڵەخانە یەکەمییەکانی (تەوبەقابی سەرای)ش سەرەتا لە داری پەرژینکراو بە بەرد دروستکرابوو، پاشان وورده ورده ئەو باڵەخانانە بە باڵەخانەی بەهێزتر گۆڕان.

هۆکارگەلێك لە پشتەوەی بەکارهێنانی درەخت لە ئەستەنبوڵ هەبوون، دار زۆر و هەرزان بوو، ئەمە جگە لەو یارمەتیانەی لە دارستانەکانی هەرێمی رۆژهەلاتی ئەوروپا و لە ڕێگای ئەنادۆڵەوە دەنێردران و، هەر کەموکورتییەکی نەبوونی داری سەرچاوە لۆکاڵییەکانی پڕدەکردەوە. لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی درەخت لە بیناسازیدا بە بەراورد لەگەڵ بەرد کردەیی تر و سوك تربوو. ئەم تایبەتمەندییانە سەبارەت بە شارێك کە دەکەوێتە نێو بازنەی بوومەلەرزەوە، زیندە بوون. هەروەها لەو کەش و هەوا باراناوی و شێدارەی ئەستەنبوڵ، دار باشترین کەرەستەیە تا بەرد بۆ ئەوەی

بتوانێت لەگەڵ ئاودا بگونجێت. شتێکی تریش، خانووی دارین زووتر تەواو دەبێت و ڕێگە بە دروستکردنی زەخرەفە و نەخش سازی دەدات. بۆیە بنچینەکان و نهۆمی ژێرەوەی (قۆناق)ی شاری لە بەرد دروستدەکرا و، لە سەرەوەشی نهۆمەکانی دانیشتن و هۆڵەکانی کۆبوونەوەی خێزانی لە دار دروستدەکران. کارەکە بۆ بەیەك گەیاندنی بەشەکانی ماڵەکە و، دروستکردنی دینگەی کەوانەیی ڕێکو پێك کە هەر نهۆمێکی قیت دەکردەوە، هەروەها بۆ دروستکردنی بەر پەنجەرە دارییەکان، ئەوا پێویستی بە ڕێگایەکی تایبەتی هەبوو.

ئەمەو (یالی) دارینی سەر کەناری دەریای بەسفۆر بەهەمان شێوە دروستدەکران. بەڵام لێرەدا سەرەرای ئەو مادانەی پێشتر باسکران، ماددەی تریش بەکاردەهاتن وەك قوری بەکارهاتوو بۆ دروستکردنی دیوار و سواغدانی سەربان و زەوی نهۆمەکانی خوارەوە و تێکەڵەی شوشەی ڕەنگاو ڕەنگ کە لە لێواری سەرەوەی پەنجەرەکان بەکاردەهاتن، دەڕازێنێتەوە. هەروەها هەر لەسەرەتای سەدەی ١٦ تاسەدەکانی دوایی ماددەی برۆنز و ئاسن بۆ دەرگاو پەنجەرەکان وماددەی ڕەنگاو ڕەنگ و جوان بۆ ڕووپۆشینی دیوارەکان بەکارهێنران. ئەم مادە بەکارهاتووانە لە شوێنی سەرەکی دروستکردنی فەخفوری (ئەزنیق) و(قۆتاهیا) دروستکرابوون و تەنها لە بیناسازی عوسمانی تورکەکان دەبینران، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو مادە ڕووپۆشەرانەی لە خانووی بەنرخ و سەرنج ڕاکێش بە گوڵو گوڵزار دەبینران، تەنها بۆ ڕووپۆشینی ناوەوەی مزگەوت و کۆشکو خانووە گەورەکان بەکاردەهاتن، بەڵام لە ڕووی دەرەوەی خانووەکان بەکارنەدەهاتن تەنها لەسەر دەرگاو پەنجەرەکانی حەوشی مزگەوتەکان و لە دەوری تابلۆ دیواریەکان و بەلکۆن و دیواری هەیوانە دینگەدارەکان نەبێت، ئەمەش بۆ کەم کردنەوەی ئەو باکگراوندە بۆروسپیانەی خانووەکان هەیانە. هەروەها

بــەڕۆڵی خــۆی ڕەنگــاوڕەنگی شــێوەی دەرەوە، خانوەکــانی لەیــەکتر جیادەکردەوە. ئینجا هەریەکـە لـە قۆنـاق ویـالی وەکـو نـەریتێك بـەرەنگی سووری تاریك ڕەنگدەکران، بەڵام لەسەرەتای سـەدەی ١٨بـە دواوە وابـاوبوو ڕەنگی کالتریان بەکاردەهێنا وەك زەردو شین و سەوزو پەمەیی.

خانوەکـانی قـاهیرە (وێنـەی ٥٣) هاوشـێوەی قۆنـاق لـە ئەسـتەنبوڵ دروستدەکران، بەڵام بەبەکارهێنانی ئەندازەی جیاواز لە داروبەرد و قرمیـد. بـەجۆرێك بـۆ دروسـتکردنی دیـواری ئەسـتووری نهـۆمی خـوارەوە کـە لـە کورەکانی نزیکقاهیرەوە دەهێنران، بەردی لمی (تـابوك) بـەکاردەهات و ئـەم دیوارانە بێزەخرەفەبوون. ئەم تابوکانە شێوەیەکی لاکێشەی رێکیـان هـەبوو. هەرچی نهۆمەکانی سەرەوەو دینگە کەوانەییەکانە، ئەوا لە قرمیدی سـوری تۆخی دروستکراو لەقوڕ دروستدەکران.

ئینجا قرمیدەکە لەسەر تێکەڵەیەك لـە کـا، گـەچ و بـەرد ڕیـز دەکـرا، دواتر بە گەچ دادەپۆشرا و زۆربەی جاریش بە خـەتی سـووری ئـاڵ و گەچـی سپی دادەپۆشـرا. بـەڵام دار بـۆ دروسـتکردنی چـەترە هـەیوان و پەنجـەرەی هەیوانە داخراوەکان، بەلکۆنەکان و لە شەقامەکان یـا حەوشـی ماڵەکانـەوە دەردەکەون،بەکاردێت. هەروەها ئـەم پەنجەرانـە بـەر پەنجـەرەی دارینیـان لـە دیوی دەرەوەیان قـایم کـراوە. ئینجـا ئـەم بـەر پەنجەرانـە لـەرووی ئـاڵۆزی، وردەکاری و ناسکی نەخشاندنییانەوە دەست ڕەنگینی دارتاشی دەردەخست، بـە جۆرێـك کاتێـك خانوویـەکی نـوێ لەلایـەن خێزانێکـی دەوڵەمەنـدەوە دروستدەکرا، ئەوا بەشی دەرەوەی خانووەکـە دەبوایـە کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر تەماشـاکار لــە ڕووی جۆراوجـۆری ئـەو زەخرەفەیـەی کـە تێیـدا بەکارهاتووە، دروستکردبایە.

لەگەڵ ئـەوەی قرمیـد لەهەریـەك لـە تورکیـاو میسـر تـوخمی سـەرەکی بیناسازی پێکدەهێنا، ئەوا زۆربەی جار بۆ بناغەی خانوو بەکاردەهات و بە

جۆرێك دادەنرا کە بە بەرد یا چینێك گەچدادەپۆشرا. بەڵام لە ئێران قرمید لەبیناسازیدا تەنیا مادەی سەرەکی نەبوو، بەڵکو وەك مادەیەك بۆ رازاندنەوە بەکاردەهات، بەمەش لەسەدەی ١٧ بەدواوە دەتوانرا باڵەخانە ئاینییە سەرەکیەکان لە ئەسفەهان، تەهران، شیرازو شاری تری هەرێمەکانی تر یەکسەر لە گومبەزو حەوشەکانی تر کە بەرەنگی فەیروزی (وێنەی٥٤)شین، سپی، زەردو سەوز رەنگکرابوون و بەزەخرەفەی ئەندازەیی و داروبارو نەمامی جوان رازێنرابووەوە، بناسرێنەوە و جیابکرێنەوە. هەروەها رووی دەرەوەی کۆشك وخانووە گەورەکانی تاران رەنگدانەوەی تێکەڵکردنێکی گونجاوی قرمیدو چەویوون. ئەو قرمیدەی لە بیناسازی ئێرانیدا بەکاردەهات شێوە چوارگۆشەییەك بوو کە لە تێکەڵەیەکی قوڕی زەرد و لم بۆ پڕکردنەوەی کون و کەلەبەرەکان بەکاردەهات، دروستدەکرا. ئینجا ئەم قرمیدانە بەشێوەیەکی رێك ریزدەکران و بە گەچ ولم دادەپۆشرا، جاری وا هەبوو ئەو ریزە قرمیدانە بەدوای یەکدا بەبێ زەخرەفە یا لەسەر شێوەی جۆراوجۆر و بەرەو دەرەوە بۆ ئەوەی شێوەیەکی جوان بەرووی دەرەوەی خانووەکە ببەخشێت، ریزدەکران. بۆ نموونە لەسەر شێوەی شریتی یا رووبەرێك لە هێڵی یەکتربڕو ستوونی دادەنران.

هەروەها ئەو سەربانەی لە قرمید دروستدەکرا، بەرگەی دڵۆپەی دەگرت و جوانیەکی زیاتری بە خانووەکە دەبەخشی و لە هەمانکاتدا ئەو رەنگە تێکەڵانە یەك رەنگیی قرمیدە زەردەکانی کەم دەکردەوە. بۆیە دیوارەکانی دەرەوە بە بۆیەی رەنگاو رەنگ جوان و دەرازێنرایەوە بۆ ئەوەی زەخرەفەی ئەندازەیی رەنگکراو بە رەنگی فەیروزی، سپی و زەردی لێدەربچێت. یا دروستکردنی وێنەی هەمەرەنگی پەمەیی و خەمری و زەردی کاڵ، شین، سەوز و پرتەقاڵی کاڵ و تۆخ فرەرەنگیی دیوانی کۆشك و ماڵە گەورەکان ناوەندێکی نمونەییە بۆ رووپۆشینی ئەو رووبەرە ستونییەی کە دەروازەو

هەیوانەکان یانیش بەلکۆنە ئاسۆییەکان کە بە حەوش دەورە دراون دەڕازێنێتەوە، دروستدەکرد، لە کاتێکدا ئەو شاکارانەی بە دیواری دیوانەوە نەخشێنرابوون وێنەی ڕەنگاو ڕەنگن و بە جۆرێکی سەرنج ڕاکێشی زۆر جوان بە قەد دیوارەکانەوە کێشراون کە لە لاکێش و قوماشی پەردە دەچوون و لە سەرەوەی دەروازەی خانووەکان هەڵدەواسران. لە چالاکترین و دیارترینی ئەو گەشەسەندنانەی کە لە سەدەی ١٩ ڕوویاندا، زۆربوونی داواکاری بوو بۆ ڕێنەو شاکاری گەورە کە وێنەی کورتە چیرۆك، بەسەرهات و داستانی پاڵەوانە کەلتووری و میللییەکانی دەکرد و هەموو ئەمانە لەگەڵ واقیعی ژیانی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەدا تێکەڵ کرابوون.

هەروەها فرەڕەنگییەکی زۆر لە ڕێگەی قایمکردنی پارچە شووشەی ڕەنگاوڕەنگی سوورو زەرد بۆ ئەو چوارچێوە دارینەی لە تاقی نێو بازنەیی سەر دەروازەکان یا وەك چوارچێوەی چەتری سکەداری پەنجەرەکان بەکاردەهاتن، بەسەر بیناسازی شارنشینیدا هات. هەروەها بەکارهێنانی سنووورداری بەرد ڕەگەزێکی تری جوانکاری بوو، کە هیچی کەمتر نەبوو لە وەی پێشتر کە پارچە بەردی جیری ڕەنگ خاکی کاڵ یا ڕوخامی سەوز لە سەر شێوەی بەلکۆن کە دەوری حەوشەکانی دەدا، بەکاردەهێنرا، جا ئەو شوێنانە چ باڵەخانەی ئاینی یا خانوو بن، ئینجا ئەم پارچە بەردانە ڕووەکانیان هەڵدەکەنرێن یا بەنەخش و نیگاری ناسك و لە سەر شێوەی لقەداری پڕگوڵێنی ناوازە کوندەکران و دەنەخشێنران.

پەراوێزەکانی بەشی دووەم

(١) خاتوو ماری وێرتلی مۆنتگیۆ (١٦٨٩– ١٧٦٢) ئەدیبێکی بەریتانیە ناوبانگی دەرکردووە، لە ڕێگای ئەو نامانەی کە تێیدا وەسفی ژینگەی ڕۆژهەلاتی کردووە. هەست و سۆزێکی زۆری بەرامبەر بە ئیسلام دەربڕیوە. لە ساڵی ١٦٨٩ هاتۆتە دنیاوە و، باوکی ئەفرین بیربۆنت میراتگری هەرێمی کنسنگتۆن بوو. هەر لە منداڵییەوە خەریکی ئەدەب بووە و خۆی فێری لاتینی کردووە، پاشان وانەی ئیتاڵی و فەرەنسی و تورکی وەرگرتووە. لە ١٧١٢ بووە بە هاوسەری ئەندام پەرلەمان ئیدوارد وێرتلی مۆنتگیۆ. هاوسەرەکەی لە ساڵی ١٧١٦ بوو بە باڵیۆزی باب العالی و لەگەڵیدا چووە بۆ تورکیا. بەپێچەوانەی هاوسەرە بێگانەکانی تر خاتوو ماری دەستی کردووە بە گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانییە چڕوو پڕەکانی قوستەنتینیە و توانایی زیاتری لە زمانی تورکی بەدەست هێناوە. سەردانی ژنانی تورکی لە حەریم و هاورێیەتی زۆرێکیانی کردووە. خاتوو مۆنتگیۆ گواستراپەوە بۆ بەریتانیا بۆ وەرگرتنی دژەتەنی جدەری کە ئەوکات لە تورکیا بڵاو بوبۆوە، دوای ململانێیەکی دوورودرێژ لەگەڵ نەخۆشییەکەی، لە ناوەندی تەندروستی بەریتانی لە ١٧٦٢، واتە لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

(٢) pediment چەند زنجیرەیەکە لە بەری پێشەوەی خانووەکان دروست دەکرا.

(٣) کۆی دەستەواژەی کۆشکە لە دەستەواژەی کۆشکی تورکی وەرگیراوە. واتە خانووی بچووک، یان ئەو شوێنانەی کە بۆ پشودان بەکار دەهاتن، هەروەها ئامارەشە بۆ خانۆچکە.

(٤) دەستەواژەیەکی تورکیە، یەکێ لە ماناکانی واتە خانووی گەورە.

(٥) دەستەواژەیەکی گشتی خەڵکی میسرە (مەندەرە) کە لە (مەنزەرە) وەرگیراوە. ئەمە زاراوەیەکی بیناسازییە بۆ ژووری سەرەوە یان باڵکۆنی خانوو. ئەو کۆشکانەی تایبەت دەکرێن بە میوانان، زۆربەی جار لە ناوەڕاستی ژوورەکە نافورەیەکی ڕوخامی ڕەنگاوڕەنگ هەیە کە دوو یان سێ سەکۆی لە دەور دروست دەکرێت و بەرزترن لە زەوی ژوورەکان و بەلاکێش و سەرین ڕایەخ دەکرێت.

(٦) دەستەواژەیەکی فارسیە بە مانای حەوشی دەرەوەی خانوو دێت. واتە سەلاموك.

(٧) ئەندرۆن دەستەواژەیەکی فارسیە بە مانای حەوشی ناوەوەی خانوو دێت. واتە حەرموك.

بەشی سێیەم : شوێنی نیشتەجێبوون

((لەگەڵ ئەو سادەییەی کە دارودیواری دەرەوەی خانووەکان هەیانە، ئەوا دیوی ناوەوەی خانووەکان دڵڕفێنو سەرسامکار وجێگایەکی حەوانەوەی چاکن. لە ناو خانووەکاندا زێڕ و کاری دەستی دانسق، ئالاّوالاّ، گەوهەرو بەردی بە نرخ دەبینرێت، کە ئەوەندە جوانن تا ئەو رادەیەی ناتوانرێت گوزارشت لەو هەستە بکرێت کە لە دەروونەدا جێی دەهێڵێن.

ئەم تێبینیانە هی دبلۆماتێکی روسییە کە ئەوکات بنکەی کارکردن لە ئەستەنبوڵ بوو و ئەو شتانەی تۆمارکردوە و تێیدا ئاماژەی بە سیفەتی ناوماڵی دوو لە گەورە پیاوانی دەوڵەت کردووە، ئەوانیش وەزیری بالاّ (وەزیری یەکەمی سوڵتان) و دەریاوانی پاشایی (فەرماندەی یەکەمی کەشتیوانی عوسمانی). ئەم تێبینیانە پوختەیەکن دەربارەی فەلسەفەی سەرەکی رازاندنەوەی ناوماڵ و ئەوەی وەکو نەریتێك لە ناو هەموو ماڵە دەوڵەمەندەکانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست پەیڕەو دەکرا. پلانی خانووەکان کە زۆر زیرەکانە بەهرەمەندیی و داهێنانی تێدا دەردەکەوێت. ئەم دیزاینە لە دابەشکردنی ژوورەکان، حەوش، سەکۆ، قاندرمەو هەیوانەکان پشتی بە بنەمایەکی سەرەکی بەستووە، ئەو بنەمایەش بریتییە لە بەکارهێنانی فەزای ناوماڵ بەشێوەیەکی زیرەکانە بۆ ئەوەی دەوروبەرێکی تایبەت بۆ ژیانی خێزانی بخولقێنێت. هەروەها ئێدوارد لین Edward lane[1] لە راپۆرتەکەیدا جەختی لەسەر چاودێریکردنی تایبەتمەندێتی ژیانی خەڵکیقاهیرە لە سەدەی ١٩ دەکاتەوە.

لە دیزاینی هەر یەکەیەکی نیشتەجێبووندا حەزێکی زۆر لە پەیڕەوکردنی سیستمی رێکخستنی ناوماڵ بەدی دەکرێت... زۆربەی جار بەرزی بەشەکانی ناوماڵ لە یەکتر جیاوازبوون، بەجۆرێك پێویستیدەکرد

کاتێك کەسێك لەناو ماڵدا بسوڕێتەوەو لە ژوورێکەوە بۆ یەکی تر بڕوات- کە هەموویان لە ریزی یەکتردان-ئەوا دەبوو چەند قادرمەیەك ببڕێت. ئامانجی بیناساز لەوەدا ئەوەیە تایبەتمەندیەکی زیاتر بە ماڵەکە ببەخشێت، ئەمەش زیاتر لەو بەشەدا دەردەکەوێت کە تایبەتە بە ئافرەتان، هەروەها بیناساز ڕەچاوی ئەوەش دەکات کە هیچ پەنجەرەیەکی خانووەکە نەکەوێتە سەر خانووی دەرودراوسێکان.

لە چوارچێوەی ئەو یاسا توندەی سەبارەت بە جیاکردنەوەی هەردوو ڕەگەز پەیڕەو دەکرا، ئەوا ناوماڵەکان بەجوانترین شێوە فەرشکرابوون و بەپێی داهاتی خێزان دەگۆڕا، ئەم حاڵەتە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوون ببێتە شوێنێك کە کولتووری شارنیشینی تێدا گەشە بکات. ئەم شێوازی فەرشکردنە لە نەریتی ڕۆژئاواییەوە کە لەو سەردەمەدا لە ڕۆژئاوا پەیڕەودەکرا، دووربوو، چونکە بەشێوەیەکی نەریتی لەم ماڵانەدا خوان ڕازاندنەوە یا کورسی یا ژووری عەمباری لاوەکی یا قەرەوێڵەو شوێنی تایبەت بەجل و بەرگ یا مێزی ڕازاندنەوە لەگۆڕەێ نەبوون. فەرشی ناوماڵەکان لە لاکێش و دەسماڵ و چەرچەف پێکدەهات، جگە لە چەند ژوورێکی دیاریکراونەبێ وەك تەویلە، ژوورەکانی عەمبارکردن، چێشتخانەو حەمامەکان، ئەوا دابەشکردنێك بۆ ژوورەکان و تایبەتکردنی ژوورێك بە وەزیفەیەکی دیاریکراوەوە بوونی نەبوو. تەنانەت ژووری پێشوازیکردنی سەرەکی هەردووبەشی ژنان و پیاوان کە جگە لەوەی پانتاییەکی گەورەتریان لە ژوورەکانی تر هەبوو، ئەوا دەتوانرێت وەکو ژوورەکانی تر بۆ ژووری نان خواردن بگۆڕدرێت یا بە ئاسانی وەکو ڕووبەرێك بۆ شوێنی خەوتن بەکاربهێنرێت. ئینجا ئەگەر ژمارەی میوانەکان زۆر بوون، ئەوا هەیوان، سەربان و تەنانەت سەکۆی خانووەکەش وەك شوێنێك ی نەریتی بۆ دانیشتن و خواردن و خەوتن، بەکاردەهێنرێت.

ئـەم بنەمایـە سـەبارەت بـە پانتایـیـەکانی ناومـاڵ -کـە چـەندین بـەکارهێنانیان هەیـە- رەهەنـدێکی کۆمەڵایـەتی و جوانکـاری هەیـە. ئـەم بنەمایە پاڵپشتی ئەولەویەتی داواکراو دەکات لە خێزانێك کە لـە ژیـارێکی ئیسلامیدا بژی، بە جۆرێك شوێنی نیشتەجێبوون وا رێکخـراوە کـە نـەرمی تێدا بێت و بتوانێت شوێنی دانیشـتن و میوانـداری بـۆ هـەموو ئەنـدامان و خزموکەسی خێزانی درێژەوە بوو، فەراهـەم بکـات. هـەروەها ئـەم بنەمایـە جێکەوتەی زمانەوانیشی لەدواوەیە، بۆ نمونە لەیەکێ لـە نووسـراوە تورکیـە عوسمانیەکان لە سەرەتای سەدەی ١٧ باس لە ئەندازیاری بیناسازی دەکـات و، پێشی وایـە کـە ئـەو دابەشـکردنەی لـە خانووەکانـدا دەکرێـت روویـەکی جوانکاری بە ناو ماڵ دەبەخشێت. جگـە لـە و روویەرانـەی بـۆ چێشـتخانە، حەمام، شوێنی تەقەتکردنی ماڵ و سـامان یـا ژووری عـەمبارکردنی شـتی جۆرا وجۆر تـەرخانکراون، ئـەوا ژوورەکـان تـەنها بـەپێی خەسـڵەتی شـوێن، کەش و هەواو وەسف دەکرێن. بەجۆرێك ژوورەکـانی نهـۆمی سـەرەوە ژوورە هاوینییەکانن و ئەوانەی نهۆمی خوارەوە ژوورە زستانییەکانن، کە ئەمـەش بـە لەبـەر چـاوگرتنی سروشـتی ئـەو کـەش و هەوایـەی ناوچـەی رۆژهـەڵات هەیەتی، بۆ چوونێکی لۆژیکییە. ئینجا ژوورەکان هەندێکیان بنمیچەکانیان تەختن و هەندێکی تریان گومبەزی لاکێشەیی و بەعزێکیان بازنەییان هەیە، هەروەها هەندێکی تری ژوورەکـان حەوشـی دەرەوەیـان هەیـە. بـەڵام ژووری میوان بەشێوەیەکی تایبەتی بۆی دەڕوانرێت، ئەمەش لەبەرئـەوەی میـوان و میوانداریی لە کولتووری رۆژهەڵاتیدا بایـەخێکی زۆری پێـدەدرێت. ئـەوەتا ووشەی (سەلاملك)ی تورکی مانای ژووری پیاوانە لە هەمان کاتدا مانـای ژووری میوانیش دەگەیەنێت.

چـنراوە دەسـتییەکان لـە تێکـەڵاوکردنی نێـوان نـەرمی (مرونـة) لـە دابەشکردنی پانتایی ناوەوەی ماڵ و پیداویستییە مرۆییەکان لـە زەخرەفـەو

ڕەنگ، دەوروبەرێکی نمونەیی فەراهەمکردوە. بەجۆرێك پیشەسازی ڕستن و چنین لە شارەکانی ڕۆژهەڵات گەشەی سەند تا ئەو ڕادەیەی دەیتوانی پێداویستی بازاڕە لۆکاڵییەکان پڕبکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا بۆ بازاڕەکانی دەرەوەش ڕەوانە دەکران. شوێنی جۆلاکانی (شوێنی ڕەنگکردن ودروستکردنی قوماش) ئەستەنبوڵ قوماشی زۆر چاك و جوانی بەرهەم دەهێنان و بازاڕەکانیشی چنراوی سوفی نمایش دەکرد، کە لە بازاڕەکانی دیمەشق و حەلەبەوە هاوردبوونی. ئەمبازاڕانە بەقوماشی ئاورێشمی چاك ناوبانگیان دەرکردبوو. هەروەها بازاڕی قوماشی کەتان و پەمۆ لەقاهیرە گەشەی سەند، لەکاتێکدا ئەسفەهان لە دروستکردنی ئاورێشم و قوماشی لە پەمۆ دروستکراوی وێنە لە سەر کۆپیکراو ناوی دەرکردبوو. بەجۆرێك هەر یەك لە تورکیا و ئێران لاکێش و ڕایەخی لە سوف و ئاورێشم دروستکراویان بەرهەمدەهێنا. بیناسازی خانووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بەم شتە چنراوانە بۆ دابەشکردن و ڕازاندنەوەی ناوماڵەکان هەبوو، هەروەها چنراوە هەڵواسراوەکانی وەك ناوبڕە بۆ دابەشکردنی هۆڵ و حەوشەکان بەسەر چەند یەکەیەکی شیاوی ڕێك و پێك بەکاردەهێنا. هەروەها ئەم چنراوانە ڕۆڵی پەردەشیان وەردەگرت کاتێك لەبەردەم دەروازەکان و ئەو هەیوانانەی دنگەی کراوەیان هەبوو، دادەنران. بەمەش دیزاینی ڕستراو و چنراوەکان کاریگەرییان لەسەر زەخرەفەی بیناسازی خانووی ڕۆژهەڵاتی هەبوو. لە بیناسازیدا زەخرەفەی دووبارەبۆوە بەکاردەهات، کە لەدیزاینی ئەو چنراوە بەیەکدا چوانە دەچوو کە وەك چوارگۆشەو هێڵی ڕایەڵکراو لەکاتی دانانی قرمیدا دەردەکەوێت. دەشێ وێنەی هەڵواسراوی ڕەنگ ئاڵی ستوونی دیوانی سوڵتان و وێنە هەڵواسراوە ئاسۆییەکان کە بە نەمام و گوڵ و گوڵزاری تیکەڵاو و زەخرەفەی ئەندازەیی کە داتاشراون یا بەگەچ یا بەداری ئاخێنراو بەعاج ڕووپۆشکراون و نەخشێنراون، کاری چنراوی وا دانسقبن کە

نەکرێ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر بگوازرێنەوە (وێنـەی ٥٥). کاریگـەری ئـەو ڕستن وچنینانە ئەوەندە زۆرن تا ئەو ئەندازەیەی دەکرێ لە چـەندین کاریدەسـتی و پێداویستی ناو ماڵدا ببینـرێن، بـۆ نمونـە قـاپ وقاچـاخ وکوپـەی فـەخفوری بـە زەخرەفە نەخشێنراوە، کە تێکەڵاوییەك لە نێوان هونەری هەڵکۆڵین، لـە قاڵبـدان و ڕەنگکردن بەرەنگی ئاڵاو واڵا دروستدەکات (وێنەی ٥٦).

هـەروەها پێکهاتـەی ڕسـتراو و چـنراوی ناومـاڵ —جـا ڕاسـتەوخۆ وەك ئەوەی فەرش یا جل و بەرگ بێت، یا ناڕاستەوخۆ بەهۆی کاریگەری نـەخش و زەخرەفـەی بنمـیچ و دارو دیـواری خانووەکـە بێـت— پـەیامێکی گـرنگ دەربارەی ئەندازەی دەوڵەمەندی و پێگە لە چوارچێوەی خێـزان وکۆمەڵگـە، زەوق و سـەلیقەی کەسـی وکولتـووری دەنێرێـت. بـەجۆرێك هەریـەك لـە سەلاموڵك وحەرموڵك بەشێوەیەکی زۆرجـوان بـە زەخرەفـەو وفەرشـی جـوان ڕازێنراونەتەوە (وێنەی٥٧). ئینجا هۆڵی ناوەنـدی پێشـوازی، گـەورەترین و زۆرترینرازانەوەی بۆ دەکرێت تا ژوورەکانی تری ناوماڵ وهەندێ جار باشترین ژوورەکان لە دەوری سەلاموڵك بوون وهەمان گرنگیان هەبووە، بەڵام ئەمانە هەر هەمووی پشتی بە دەوڵەمەندی وپێگـەی خێزانـەوە دەبەسـت بـۆ نمونـە فەرمانبەری گـەورە لـە دەوڵـەت پێویسـتی بـە پانتاییـەکی گـەورەی ژووری پێشوازی هەبوو، کە جێگەی هەموو سەردانکارو میوانەکانی تێدابێتـەوە. ڕووبەری سەرەکی ژووریپێشوازی لەگەڵ ئەوەی درێـژترین و پـانترین ژوورە، هەروەها زۆربەی جار بەرزترین بنمیچیشی هەیە. دوو ڕیز ژووری بچووك لە دوودیـوی ژووری پێشـوازیدا هـەن و لـە نێـوان خۆیانـدا بـە ڕاڕەو بەیەکـەوە بەستراون. لە ئەستەنبوڵ و قاهیرە نـاوەوەی ژووری پێشـوازی لـە لایەکیـەوە یانیش لەدوولاوەی بەرز دەکرایەوە، کە وایدەکرد لە ئاسـتی لایەنەکانی تـری ژوورەکە بەرزتربێت، ئینجا ئەم شوێنە بەرزانەی ژوورەکە وەك ڕووبەرێك بـۆ دانیشتنی میوان وخێـزان بـەکاردەهات و ئەوکەسـانەی لەلایـەن بنەماڵـەوە

بانگهێشت دەکران لەم شوێنەی ناومالّدا میوانداریيان دەکرا. ئەم ژووره لەناوەوە بەشێوەیەکی گونجاو دارو دیوارەکانی هەر لە بنمیچەوە تا خوارەوە بە یەك جۆر زەخرەفە رازاندراوەتەوە.

لە ئەستەنبولّ واباو بوو کە ژووری پێشوازی سەلاملوك وحەرمولکی مالّە دەولّەمەندەکان بەدار وشووشە برازێنرێتەوە. لە تەوبەقابی سەرای جگە لەبەشی تایبەت بەسولّتان وبنەمالّەکەی کە ژوور و هەیوانەکانیان لە گومبەزی رووپۆشکراو بە کەرەستە خانووی رەنگ ئالّ پێکهاتووه، ئەوا زۆربەی بنمیچی خانووەکان لەدار و بە شێوەی جیاجیا کاری تێداکراوه، دروستدەکران. لەو چارسەرکردنە زۆر سەرەنج راکێشانە ئەوەیەنا کە پێکبەستی دارتاشی تێدا بەکارهاتووه و هەریەکەیان لەگەلّ ئەوی تردا بەشێوەی تێکەلّەیەکی ئالۆزی شێوە ئەندازەیی وەك ئەستێره و شێوەی پاقلاوەیی تێکەلّکراوه و هەر کۆمەلّێك لە دەوری یەکەیەکی ناوەندی کە زۆر جوان لەسەر شێوەی گولّ داتاشراوه، قایمکراون. پاشان ئەم دارانە لە رەنگی قاوەیی تۆخی سوور باو رەنگدەکرێن، ئینجا ئەو بنمیچانە جۆرێك لە هەستی گەرمی وئارام بەخش دروستدەکەن. بەلاّم لەگەلّ هاتنی سەدەی ١٩ ، رازاندنەوەی بنمیچی خانووەکان بەدار و گەچ رووی لەزیاد بوونکرد، بەجۆرێك کە چەند بەشێك لەو تێکەلاّویە دەستیە دارینەی کە دروستکراوەو بەرەنگی تری وەك سوور وسەوز رەنگ دەکرێن. پاشان لێواری نەخشەکان بەرەنگی زێرین (یا بەزێر) دەست نیشان دەکرێن، هەروەها چەند ووردەکارییەکی بچووکی وەك دەستە گولّ یا چەند دەسکە گژوگیایەکی لوولدراوی بۆ دروست دەکرێت ئەویش بە بەکارهێنانی گەچ وچەو. لە دروستکردنی خانووەکاندا دیوارەکان بۆ دروستکردنی زەخرەفەی رەنگاورەنگ و، سەربانی دروستکراو لە کەرەستەی خانووی جۆرا وجۆر، کە دەتوانرێت چەندین مادده و تەکنیکی تێکەلّ بکرێت، هەلی زۆری

رەخساندوە. لەو بەشانەی کە بۆ سولّتان ودایکی لە حەرمولك ((تەوبەقابی سەرای)) تەرخانکراون، دیواری ژوورەکانیپێشوازی —هەر لە سەدەی ١٦تا١٧- و ئەو هەیوانانەی لەسەر سەکۆی باخەکانی حەوشی چوارەمدا دروستکراون، ئەوا بە ئەفریزی دیوانی پاشایی رازێنراوەتەوە کە لە کارگەکانی شاری (ئزنبق)دوە هێنراون (وێنەی٥٨). دیوانی پاشایی بە رەنگی کالّی جۆراوجۆری وەك شین و فەیروزی سەر زەویە سپیەکەی رەنگ دەکرا و، لەژێر چینێك شووشەی تەنك و بریسکەداردا دەپارێزرا. لەم دیزاینی بیناسازییانەدا گولّزاری لوتس و فاوانیاو، جارجارەش گەلاّی لولدراو بەکاردەهاتن، بەمەش لە پەردە دەچوون. ئینجا ئەم ئەفریزانە بە درێژایی دارودیوار و دەرگا دارینە رەنگ تاریك ودروستکراو لەعاج و چاوە ماسی (صدف) کە دیزاینێکی زۆر بە وردە لەو دروستکراوە زەخرەفە ئەندازەییەدا تێبینی دەکرێت، بەمەش نمونەیەکی تر دەخاتەڕوو کە گوزارشت لە رووبەرە بەکارهاتووەکانی فەرشکردنی ناومالّ دەکات. لە سەدەی١٨وایلێهات دیوارەکانی ژووری پێشوازی و بەشە تایبەتەکانی (تەوبەقابی سەرای) بە دارودرەخت و گەچ ڕوو پۆشدەکران، بەجۆرێکی دلّڕفێن لەسەر شێوەی چەند ئەفاریزێکی کۆمەلّکانەی ریزکراو لە دوای یەك، بە جۆرێك گولّی وای تێدا وێنەکێشراوە رێك لە گولّی سروشتی دەچێت. بەلاّم بەشەکانی تەوبە قابی سەرای بریتیە لە پێوەرێك بۆ جوانی بێ وێنە، نەریت وا بووە کە دیواری مالّی هاولاّتیە دەولّەمەندەکان بە دار وگەچ برازێنرێتەوە. دەشێ دەوری ژوورەکانی پێشوازی بە ئەفاریزی دارینی تاشراو کە بەنەخش ونیگاری ئەندازەیی لەگەلّ دەزگای عەمبارەکانی نێو دیوار وتاقەکان رازێنرابێتەوە. دیوارەکان بە وێنەی زۆر جوان و رەنگاورەنگ و نەمامی رەنگ ئالّ دەڕازێنرانەوە (وێنەی٥٩). لە کۆتاییەکانی سەدەی١٨و دواتریش — زۆرجار- ئەم دیزاینانە بە ئەفاریزی سروشتی گۆڕان کە

رەنگدانەوەی کاریگەری هونەری ئەورووپی پێوە دیارە. ئینجا ئەمچاکسازییانە بۆ رووبەرە بەتاڵەکانی دیواری ماڵەکان لەیەك کاتدا ئیشێکی رێکو پێك و جوانکاریش بوو. لەبەر ئەوەی دیوی ژوورەوەی ماڵەکان سەربەخۆ کەل وپەلی ناوماڵی تێدا نەبوو. واتە شوێنێکی تایبەتکراو بۆ شتەکان بوونی نەبوو، بۆیە عەمبارو تاقەکانی نێو دیواری ژورەکان بۆ هەڵگرتن و خستنەرووی کارەدەستیەکان و قاپ وقاچاخ و شتە دەستییەکانی رازاندنەوەی ناوماڵ بەکاردەهاتن، کە هەموو ژوورەکان لەم خەسڵەتەدا هاوبەشبوون. بەڵام ژووری پێشوازی دیوەخانێك بوو شوێنی فەرشکراو بۆ دانیشتن بە درێژایی ئەو بەشەی کە بەرزترە لەبەشەکانی تر ئامادەکراوە. لێرەدا ئەو تەنها شتەی کە جێگۆرکێی پێنەدەکرا، عەمبار وتاقی تایبەت بەفەرشەکان بوو.

لەبەر ئەوەی پێویستی دەکرد کە ناوماڵ پەردە پۆشبکرێت و لەچاوی دەرەوە دوور بێت، ئەوا پەنجەرەکانی نهۆمی خوارەوە بە هەیوانی دارین و بەرپەنجەرەی چڕ دەگیران (وێنەی٦٠). ئەم بەر پەنجەرە دارییانە کۆنترۆلی هەوا گۆڕکێ و رووناکیان دەکرد. بەڵام پەنجەرەکانی نهۆمی سەرەوە لە رێگەی ئەو پەنجەرانەی کە لە بەشی سەرەوەی ژوورەکان و لە نێو تاقی شێوە نیمچە بازنەییدا بوون، رێگا بەچوونە ژوورەوەی رووناکیدەدرا، بەمەش کە رووبەرێکی رەنگدارو زەخرەفەیی پێکدەهێنێت. ئەم تاقانە بە زەخرەفەی گەچی ونەخشی زۆر ووردی نەمام وگوڵزار کە شوشەی رەنگاو رەنگی وەك شینی تۆخ، فەیروزی و زەردی کاهرەمانی تێدا بەکارهاتووە، رازێنراونەتەوە، ئەم نەخش و دیزاینانە بەودیان دەچێت کە لە دیوانی پاشاییدا بەکارهاتووە. هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨و سەرەتاکانی سەدەی ١٩ ، ئەم شێوازی زەخرەفە چڕەی پەنجەرەی ماڵەکان لە (یالی) کە لەسەر کەناری دەریای بەسفۆر دروستدەکرا بە شوشەی سادە، بێ زەخرەفە، داپۆشراو بە پەردە، گۆڕا.

بـــەلاّم زەمینـــەی ناوماڵـــەکان بـــەپێ ی شـــوێن وجـــۆری شـــوێنی نیشتەجێبوونەکە دەگۆڕا. تەوەتا ئەستەنبوڵ شوێنێکە بەدرێژایی مانگەکانی پایز وزستان شێدارە، بۆیە پێویستی دەکرد زەویەکان فەرش و رایەخبکرێن — دەشێ زەویەکان لە دار ولە بەرد دروستکرابن— ئەمە لە کاتێکدایە کە بیناسازی (یالی) هاوینە کە یارمەتی هەواگۆڕکێی زیاتر دەدا، ئەم شێوازەی بیناسازی هەوڵیدەدا کە شێوەی باخچەیەکی نێو خۆیی فەراهەم بکات. لەژوورە پانو پۆڕەکانی پێشوازی نهۆمی خوارەوە زەویەکەی ریزبەندی پارچەیڕوخامی سپی تێرکراوی تێدا بەکاردەهات، کە جاری واهەبوو تێکەڵەیەك لە بەردی سپی وڕەش لەسەر شێوەی دیزاینی نەمام ئاسای تێدا بەکاردەهات، ئەوا لە ناوەڕاستەکەیدا نافورەیەکی روخامی هەبوو. خاتو ماری مۆنتگیۆ دلڕفێنیی ئەم جۆرە ژوورانە وێنەدەکات و دەڵێت:

بەلاّم ئەوەی زیاتر دلخۆشیم پێ دەبەخشێت، چۆنیەتی دانانی ئەو نافورە روخامیەیە لەبەشی خوارەوەی ژوورەکە کە لەڕێگەی چەند لولەیەکەوە پاڵ بە ئاوەکەوە دەنێت، بە ئەندازەیەك هەوای فێنێك دەبەخشێت ودەروون خۆشحاڵ دەکات، ئینجا بەهۆی نەرمی وئارامبەخشی دەنگی ئاوەکە کاتێك لە حەوزێکەوە بۆ ئەویتر پاڵی پێوە دەنرێت، ئەوا ئەم نافورانە زۆر دلڕفێنن.

ماڵە دەوڵەمەندەکانی قاهیرە بە رێژەیەکی هاوشێوەی وەسفەکەی پێشوو بەزەخرەفە رازاونەتەوە، بەلاّم بەو جۆرەیە کە لەگەڵ ئاووهەواو سەلیقەی خەڵکە خۆجێیەکەدا بگونجێت. ژوورەکانی پێشوازیکردن وژووری دانیشتن وهەندێ ژووری لاوەکی کە بنمیچەکانیان نزمتر ولەدار دروستکراوو بەستون (دینگە) وەستاون، ئەوا بەپانتایی ژوورەکەدا دار رایەڵکراون و زۆربەی جاریش داپۆشراوو رەنگ زێڕینن. بنمیچەکان بەزەخرەفەی ئەندازەیی جۆراوجۆر وبە وردەکاری ووردیان جیادەکرانەوە، کە شێوەی

زەخرەفەکانی ئەستێرەیی وشێوە مەعین ودەمانچەیی تێدابوو و بەرەنگی سەوز، سورو شین رەنگ کراون وهەندێ جار بنمیچەکان بریتین لە گۆمبەزی بەرز و رووناك لە رێگەی پارچەی شوشەیی رەنگاو رەنگەوە رووناکی دەچێتە ناومالەکانەوە، ئینجا رووپۆشی دیوارەکان بەپێی وەرزو داهاتی خێزانەکان جیاوازن. زۆربەی جار ئەم دیوارانە لە گەچی سپی و سوور و بەدیزاینی شێوە نەمامی پێکەوە بەستراوو دوبارە بووەوە، روو پۆشدەکران. هەندێ جار دیوارەکان بە وێنەو رووداوی ئاینی دەرازێنرانەوە وهەندێ رستەی جوانی عەرەبی لە نێویاندا دەنووسران، ئەمە لەکاتێکدا دیواری ژووری میوانی مالە دەولەندەکان کە لە وەزریهاویندا بەکاردەهاتن، بە پارچەی روخامی روو پۆشکروە هەروەك چۆن لە ناومالە تەقلیدیە تورکە عوسمانیەکان دەبینرێن، بەجۆرێك کە قەدی دیوارەکان بەسەر چەند دەرگایەکی عەمبارە دیوارینەییەکان وئەو تاقانەی بەکاردەهاتن بۆ پاراستن وخستنەرووی قاپ وقاچاغ وشتی ناوازە کە زۆر بەهرەمەندانە داتاشراون، دابەشکراوە.

هەروەها پەنای لای پەنجەرە وبالکۆنە داخراوەکان —کە لە ئاستی دیوار قوولتر وبەرزترن و بە ئەفاریزی دارین وتاشراو و بەر پەنجەرەی دارینی زەخرەفەداری تێکەل و جوان، دەورە دراوە— ژووری بچووکوقنجیان پێکدەهێنا. هەروەها لەسەر پەنجەرەکان و بەدرێژایی دیوارەکە رەفەی دارینی باریك رایەل کراوەو بۆ نمایشکردنی قاپ وقاچاغی فەخوری و شووشەیی بەکاردەهاتن. بەلام لەسەر دانیشە بەردی یا دارینەکان، ئەوا لە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوە بە درێژایی دیواری ئەو ژوورانە درێژ دەبوونەوە و شوێنی دانیشتنی دەرەخساند. ئینجا پەنجەرەی ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەی مالەکە لە شووشەی رەنگاورەنگی کال دروستکرابوون و لە نێو چوارچێوەیەکی گەچی قایم دەکران وشێوەی یەکەیەکی زەخرەفەیی شکل ئەندازەیی یا چەپکە گولزاریی پێکدەهێنا. بەلام زەخرەفە زۆر

سەرسامکارەکان، ئەوا بۆ نهۆمی هۆڵەکانی پێشوازی تایبەتدەکران. زەمینەی ئەم نهۆمانە بە تێکەڵێك لە روخامی سپی ورەش رووپۆش دەکران و دارودیوارەکەیشی بە سووری شێوە ئاوێزەیی، چوارگۆشەی یەکتر بڕو ئەستێرەیی تێکەڵاو دەبریسکایەوە. پاشان پرۆسێسەکە بە کاریگەری تێکەڵکردنی هونەری زەخرەفەسازی و ئامرازەکانی فێنککردنەوە پاڵپشتی دەکرا، ئەویش لە رێگەی دروستکردنی ئافورەی روخامی بچووك لە ناوەڕاستی هۆڵەکان کە ئاویان بۆ ناو حەوزێکی قوڵتر کە بە تێکەڵەیەکی ناسك لەسەر شێوەی گوێچکە ماسی ناو پۆشکراوە، جۆگەلەی دەکرد.

لە نێران فەزای ناوەوەی ماڵەکان بەوە جیادەکرایەوە کە هاوسەنگییەکی دروستدەکرد لە نێوان کاریگەری ئەو زەخرەفانەی زەق دێنەپیش چاو، لەو رووەوە کە تەکنیك ورەنگی جۆراوجۆری تێدا بەکاردێن، هەروەها ئەو رووبەرە کراوە و پانتاییەی کە لە باڵەخانەکاندا هەن. بۆ نمونە هۆڵی پێشوازی هەر لە بنمیچی ژوورەکە تا زەمینەکەی تەواو بە زەخرەفە رووپۆشکراوە و بەسەر هەیوانێکی ستونداردا دەڕوانێت، تەنانەت پێکهاتەی زەخرەفی وای تێدا بەکارهاتووە کە لەقرمیدی تاك رەنگ یا گەچی سپی دروستکراون (وێنەی ٦١). هەندێ لە گەشیارە رۆژئاواییەکان بە هۆی چاودێری ووردیانەوە توانیویانە لەم هاوسەنگیە تێبگەن، بە جۆرێك (ئیلا سایکس)[٢] کاتێك لە کۆتایی سەدەی ١٩ بەرەو کرمان بەرێکەوتووە لە تۆمارکردنەکانیدا نووسیویەتی کە: لەو بەکارهێنانە بەهرەمەندانەیەی گەچ کە ماڵەکان وا دێنە بەرچاو سادەن و بەو رووە گەچسازییەی کە هەیانەو ئەو هەیوانانەی لەسەر ستونەکان هەڵگیراون سەرنج رادەکێشن، گەرێدە سەرسام دەبێت. بەڵام هەرچی دیوی ناوەوەیە، ئەوا زۆربەی جار ژووری سەرەکی پەنجەرەیەکی زۆر گەورەی هەیە ولە شووشەی رەنگاورەنگی قایکراو لە ناو چوارچێوەیەکی بچووکی دروستکراو لە قورقۆشم، پێکهاتووە، بەمەش

روناکی دێتە ژوورەوە و ڕەنگی کاڵ بەناو ژوورەکەدا پەخشاندەکاتەوەو کاریگەری ڕووناکیەکە زۆرجوان دەبێت.

هەروەها خاتوو سایکس تێبینیکردوە کە ڕازاندنەوە و ڕایەخی گران بەها تەنها لە (ئەندرۆن) ڕادەخران، کە بەشی تایبەتی ژنان وخێزان بوو ((لێرەدا حەوزی نزم کە گوڵ وگوڵزار بەدەوری کانیاوەکەیدا چێنرابوون، دەبینرێت، کە ڕەنگە دیوی ناوەوەی بە ڕەنگێکی شینی کاڵ ڕەنگکرابێت و ئەگەر ڕووبەرێکی باش فەراهەم بوو، ئەوا درەختێك لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا سێبەری خۆی بڵاو دەکاتەوە)).

لەگەڵ هاتنی سەدەی ١٩ ڕازاندنەوەی ناوماڵی ئێرانی لە مادەی بیناسازی وەك دارودیواری یەك ڕەنگ، زەخرەفەی گەچی هەڵکەنراو یا لە قالبدراو، شوشەی ڕەنگاوڕەنگ و ئاوێنەی جۆراوجۆر، وێنەی نەخشێنراوی سەر درەخت یا قوماشی قەنب[٣] پێکدەهات. ئەم مادانە شێوازێکی بیناسازییان دروستکرد کە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی سستمی خۆشی بەخش لە ڕووی زەخرەفەی سەر شتە چنراوەکان و بنەماکانی پێکهاتە وێنەییەکان. هەر تەکنیکێك بە جۆرێك هەڵدەبژێردرا کە لەگەڵ بنمیچی ژوورەکە و ئەو جۆرەی کە وێنەی ژوورەکە بە جوانترین شێوە دەخاتە ڕوو، بگونجێت. ئەم بنەمایانە لە باکووری تاران و لە کۆشکی گوڵستان جێبەجێکراون کە شوێنی حەوانەوەی بنەماڵەی دەسەڵاتداربوو، هەروەها لە شوێنی نیشتەجێبوونی گەورە دەوڵەمەندەکانیشدا جێبەجێ دەکرا، جا ئەم شوێنی نیشتەجێبوونانە چ لە تاران یا ئەسفەهان یا لە شارە هەرێمییەکانا بوونایە، وەك شیراز وکرمان. ئەو شێوازی ڕازاندنەوەیە زۆرباو بوو کە بریتیبوو لە تاشە بەردی تاك ڕەنگ کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، ئەمە وەك خەسڵەتێکی سەرەکی بیناسازی لە ئێران دادەنرێت. بەڵام لە سەرەتای سەدەی١٧بەدواوە هونەری بەکارهێنانی بەرد شۆڕشێکی لە دیزاین و

ڕەنگکردن بەرپاکرد، جا چ لە باڵەخانە ئاینییەکان یا ماڵ و خانووبەرەکان بێت —ئینجا لەگەڵ هاتنی سەدەی ١٩ ئەم تاشە بەردانە هەموو بانێکی گرتەوە، بەمەش دار و دیواری دەرەوەو ناوەوەی باڵەخانەکان بە ئەفریز و هەڵواسراوەو چوارچێوە رووپۆش کران، تەنانەت ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی تاشە بەردی بیناسازی —بە تایبەتی لە تاران، ئەسفەهان وشیراز— بە دروستکردنی ئەو تاشە بەردانە و بە پێی داواکردنی لە بازاڕەکان و بەکارهێنانیان لە رازاندنەوەی ناو ماڵەکانیان کە جۆرێك لە بەردی بیناسازی باوبوو، سەرقاڵبوون، ئەویش لەسەر شێوەی قوچەك لەسەر دەروازە یا وەك چوارچێوەی پەنجەرە بچووکەکان بەکاردەهاتن، یا ناوپۆشی ئەو تاقانەی پێ دەکرا، کە لە نیوەی سەرەوەی دیواری ژوورەکان دروستدەکران. لە کۆتایی سەدەی ١٩ کاریگەری رۆژئاوایی لەسەر رێکخستن و رازاندنەوەی ناوماڵ، وایکرد لە ئاگردانی جوانکاری کە بەرۆڵی خۆی پانتایی فراوان ونوێی بۆ بەکارهێنانی ئەو تاشە بەردانە تەرخانکردبوو، نوێکردنەوە بکرێت. کە دەشێ ئەفریزی ئاسۆیی لەسەر رەفەی ئاگردانەکان دابنرێن، هەروەها دەکرێت چوارچێوەیەك لەم تاشە بەردانە کە لە سێ لا پێکهاتووەو بۆ رازاندنەوەی دەرگا یا پەنجەرەو یانیش رازاندنەوەی ئاگردانەکان بەکاربێت. زۆربەی ئەم جۆرە بەردانە بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ١٩ و دواتریش هونەری وێنە کێشان لەژێر چینێکی بەردی شووشەیی بەکاردەهات. ئەم هونەرە فرەڕەنگییە بۆ بەکارهێنانی بابەتی هەرە زیندوو فرەڕەنگ کە سەرباری بابەتە تەقلیدییەکان نەخش ونیگاری نەمامی ڕەنگاوڕەنگ وسەکۆی ناوەندی بەکاردەهات، هاندەربوو، ئەوا چەند رووداوێکی ئەدەبی تەقلیدیش وەك چیرۆکی یوسف (سلاوی خوای لێبێت) و زولێخا دەخرانە ڕوو، کە زۆر باوە و وێنە سروشتیەکان و وێنەی ئافرەت ومنداڵی رۆژئاوایی کە جل وبەرگی مۆدی نوێیان لەبەردایە خراونەتەڕوو.

ڕەنگە زۆرترینی ئەو وێنانەی کە سەرنج ڕاکێشن و بایەخیان پێدەدرێت، ئەو وێنەیە بێت کە بۆ نادرەدین شا و بەهەڵسوکەوتی جیاجیا وەرگیراوە —ڕۆخەکانی دیاریکراون و بە ڕەنگی ڕەش خەت وخاڵ خاڵ کراوە— هەروەها شێوەیەکی تری دانیشتنی شا کاتێك بۆ گوێگرتن لە مۆسیقای ئامێری پیانۆ یا لەکاتی نمایشی سوپا دانیشتوە، وێنەی کێشراوە. هەروەها تاشە بەردی بیناسازی بۆ شۆستەکردنی زەویەکان بەیەکەی زەخرەفی لەسەر شێوەی گوڵ وگوڵزار یا لەسەر شێوەی بازنەی تێکەڵکراو ونارێك کە لە ئاورێشم دەچوو، بەکارهاتووە.

هەروەها هونەرەکانی تری ڕازاندنەوە لە هونەری بەکارهێنانی بەرد لە ڕووی داهێنانی شێوازی نوێ سەرتر بوون، هەروەك چۆن لە ئەستەنبوڵ و قاهیرە شووشە بەکارهاتووە، کە پارچە تێکەڵاوەکانی بە ڕەنگی سوورو سەوزو زەرد چوارچێوەی دارینی تاقە نیو بازنەییەکانی سەر دەروازەکانی دەبریسکاندەوە، یا بۆ دروستکردنی چەتری پەنجەرەکان —لەسەر شێوەی سکە بۆ سەرەوە دەکرانەوە— بەکاردەهات. هەروەها بۆ بەکارهێنانی شووشە ئەوا هونەری ناوازە داهێنرا، ئەویش لە ڕێی دروستکردنی کۆمەڵە ئاوێنەیەك و کۆکردنەوەیان لەسەر شێوەی شانەی هەنگ، کە لە بنمیچەکاندا دەبریسکایەوە، جا چلە ژوورەکان یا هەیوانەکان بێت، ئەوا ڕووناکیەکی زیوی زۆر بەشەوق و دەوروبەرێکی دڵڕفێنی دروستدەکرد.

بەڵام ئەو ئەفریزانەی کە نەخشی نەمامیان تێدایە و بە زەمینەیەکی گەچی سپی و هەندێ پارچەی بچووکی شووشەیی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازێننەوە، ئەوا زۆرترینی ئەو ڕێگایانەیە کە شووشەی تێدا بەکاردێت. لە کۆنەوە لە ئێران بەکارهێنانی زەخرەفەی دروستکراو لەگەچی ڕەنگا وڕەنگ وهەڵکەنراو یا کۆنکریت کراو لەناو قالب، وەك جۆرێك لە ڕازاندنەوەی بیناسازی بەکارهاتووە. ئەم تەکنیکە لە سەدەی ١٧ و بۆ ئەو ڕیزە سەکۆیانەی لە ژوورەکانی پێشوازی

دروستدەکران و چرایان لـە سـەردادەنرا، بـەکارهاتووە. لەگـەڵ دەسـتپێکردنی سەدەی ١٩ بۆ رازاندنەوەی بنمیچ ودیوارو ماڵەکان ئەم تەکنیکە گەشەی سـەند بـە ئەندازەیـەکی زۆر وورد بـەکارهات، ئـەویش بـە بـەکارهێنانی هونـەری هەڵکەندن بۆ دیزاینکردنی چەپکە گوڵ ومەرکانی پڕگوڵ وگوڵزار ومیوە، ئینجا بـەدەوری ئەمانـەوە کۆمـەڵێك نـەمام دروسـتکراون ولـە نێوانەکانیانـدا وێنـەی باڵنـدە کێشـراون. هـەروەها زەخرەفـەی زۆر جـوان و دڵـڕفێن لەناوماڵـدا دروستدەکرا، ئەویش وێنەی جوان و راستەوخۆ لە سەر دیوارە گەچیەکان یا ئـەو دیوارانەی بە بۆیەی زەیتی بۆیە کراون و وێنەکان وەك گـوڵزار وباڵنـدە و وێنـەی چەند کەسێك بەسەر دیوارەکانەوە بابەتی نەریتی بـوون، بـۆ نمونـە گـەنجی جـوان وکچـی جـوان جـل وبـەرگی زۆرجوانیـان لـە بەردایـە. ئـەم وێنانـە لـەو قوژبنـە بچـووکانەی کـە لـە گۆشـەی ژوورەکـان هـەن، دەبینـرێن. پاشـان ئـەم شـێوازی رازاندنەوەیـە گـۆڕاو لـە وێنەکێشـان لەسـەر دیـواری ژوورەکـان گوازرایـەوە بـۆ وێنەکێشان لە قەد بنمیچی ژوورەکان. یەکێ لەم نمونانـە سـەرنجی سـێر فردریـك جۆڵـد سمیـت SirFrederic goldsmith [1] کـە بەڕێوەبـەری فـاکس بـوو، راکێشا. سێر فردریك ئەم شـتانەی لای خـوارەوەی لـە دەفتـەری یادگاریەکانیـدا تۆمارکردوە کە تێیـدا ژووری میـوانی یـەکێك لـە ماڵـەکانی ناوچـەی دەریـای قەزوینی شاری ئینزلی لە ساڵی ١٨٧٠ وەسف کردووە:

خـاوەن ماڵەکـە ژووری میـوانی دایـە دەسـمـەوە کـە بـە ئـارەزووی خـۆم ڕەفتاری تێدا بکەم. ژورێك بـوو رووبەرەکـەی ١٤ بـە ١٦ پـێ دەبێـت و بـە وێنەی گوڵو گوزار و ئافرەت رازێنراوەتەوە. لەسەر بنمیچی ژوورەکە وێنـەی ژنێکی زۆرجوان کراوە وجل وبەرگێکی جوانی لە بەردایە و رووومـەتەکانی بە رەنگی سوور تا لێواری چاوەکانی رەنگ کراوەو وێنـەی خزمـەتکارەکان بـە دەوریا، ئەمە جگە لەو شێوە مروڤانـەی کـە باڵیـان بـۆ دروسـتکراوە و لـە هەموو لایەکەوە دەورەیان داوە (وێنەی ٦٢).

ئینجا ئەو زەخرەفانەی کە هەموو رووبەرەکانی ناوەوەی ژوور دەڕازێننەوە، بەشتی رستراو و چنراو لە رووی چەندایەتی و جۆرایەتییەوە دەوڵەمەند دەکران، ئەمەش داهاتی خێزان و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دابینیان دەکات، هەروەها بەکارهێنانی پەردەو شتی هەڵواسراو سەرچەف ولاکێش، وا لەژوورەکە دەکات کە لەگەڵ وەرز وکەش و هەوا و رێورەسمە تایبەتیەکاندا بگونجێت، ئەمە جۆرێکە لە نەرم ونیانی لە کاری رێکخستنی ژوورەکان، تا بتوانرێت ژوورەکان تایبەت نەکرێن. ئینجا پارچە بچووکەکانی کەل وپەلی ناوماڵ کە بۆ گواستنەوە بشێن -وەك سندوقی زێر و زیوو شت و مەکی تایبەتی و ئەو کورسی و مێزانەی دەنووشتێنرێنەوە وئەوانەی بۆ نووسین بەکاردێن و قاپ و قاچاخی فەخفوری وفافۆن ومس وزێر، کە بۆ ئامادەکردنی خواردن بەکاردەهاتن، هەروەها کەل وپەلە ناوازەکانی وەك مەرکانە و وێنەکانی خۆشنووسی قەد دیوار و دەست نووسی ناوازە تەواو دەکەن. خاتوو ماری مۆنتگیۆ لە تورکیا و لە سالّی ١٧١٧ وەسفی ژوورێکی رازێنراوە بەکەل وپەل دەکات لە حەرمولك کە خاوەن ماڵەکە میوانداری ئەوی تێدا کردوە و کە چۆن مرۆڤ تێیدا ئاسوودە دەبێت:

ژوورەکان هەر هەمووی بە لاکێشی فارسی رایەخکراون و لەلایەکیەوە لە بەرزایین یا رایەخکراون (ژووری نووستنم لە دوولاوەی ژوورەکە بەرز کراوەتەوە) بە بەرزایی دوو پێ، قەنەفە لە ژوورەکاندا دەنراون. ئینجا بە لاکێشێکی ئەستوور داپۆشراوە و لە رۆخەکانیاندا حاشیە هەیە کە نیو پێ بەرزدەبێتەوە و بە ئاورێشم داپۆشراوە. ئەمانەش بەپێی زەوق یا توانای مادی خاوەنەکەی دەگۆڕێت. حاشیەی پێخەفەکەی من لە ئاورێشمی قرمزی و ریشاڵی زێڕین دروستکرابوون و لەسەر دیوارەکان و دەوری حاشیەکە دوو قەد لە تەناف ئاسا (رستە) خرا بوونە سەریەك، قەدی یەکەمیان زۆر گەورە و دوومیان بچووك بوو: ئالێرەدا تورکەکان گەورەیی خۆیان دەنوێنن.

که عادەت وایە لە چنراوی تەترپز کراو بە تالّە دەزووی زێڕین لەسەر عەردێك چنراون کە لە قوماشێکی ئەتلەسی سپی دروستکراوە، هیچ شتێ لەمانە دڵخۆشکار و خۆشی بەخشتر نابێت. ئەم جێگە نەرم و جوانانە وام لێدەکەن تا مردن نەتوانم لەسەر کورسی دابنیشم. چنراوەکان (وێنەی ٦٣) کە لەو سەردەمەدا گەیشتە دەستمان، بەڵگەیەکی زیندووە لەسەر ئەو وەسفانەی کە کردبوونی. ئەستەنبوڵ، بۆرسە، دیمەشق وحەلب، تۆپە قوماشی مەخمەلی و ئاورێشمی لە ناوەندەکانی دەچنران وگەرم و گوڕی و رازاندنەوە وجوانیان بە ماڵە عوسمانیە دەولەمەندەکان دەبەخشی. رەنگە تەقلیدییەکان کە تێیدا بەکاردەهاتن بریتیبوون لە ئەرخەوانی و سەوزی تۆخ، ئینجا زیاتر بە تالّە دەزووی زێڕین و زیوین لەسەر شێوەی نەخشی شەبەقە گوڵ، قەنەفڵ، زەنبەق ودار سنۆبەر نەخشاو و چنراون.

ئەم چنراوە جوانانە وەکو پەردە یا وێنەی دیواری رازاندنەوە بەکاردەهاتن، لەسەر دیوار و دەرگای ماڵەکان یا وەك ناوبڕە بۆ جیاکردنەوەی ژوورە گەورەکانی میوان بەکاردەهاتن، یانیش وەك قەنەفڵ کە بەشێوەی جۆراوجۆر دادەنرانو وەك شوێنی دانیشتن و پاڵکەوتن سوودیان لێ وەردەگیرا.

ئینجا لاکێشی جۆراجۆر رادەخران کە لە سوف یا ئاورێشم دەچنران و لە هۆڵی پێشوازی و ژوورەکانی دەوری رادەخران. ئەم رایەخانە لە بەرهەمەکانی کارە دەستییەکانی تورکیا بوون، وەك بنکەی ئوشك (وێنەی ٦٤) و جوردی یانیش لە هاوردە بە نرخەکانی ئێران بوون.

ئینجا بە دیزاینی جۆراو جۆری گژوگیاو نەمام کە گۆشەکانی تیژ یا چوارگۆشە وەکو شێوەی باخچە تەقلیدییەکان دەردەکەوێت، یا نەمامی هەڵواسراوە و لقە لولدراوەکان کە لە دەوری خاڵێکدا لولیان خواردوەتەوە، دەنەخشێنران.

ئەم ژوورانە زۆر سەرنج راکێشبوون وبەلاکێش و چنراوی جۆراو جۆر رایەخکراون، کە بە ئاسانی دەتوانرا بکرێت بە ژووری نووستن، بە جۆرێك

قەرەوێڵە لە چەندین حاشیە و دەسماڵی ئەستور و سەرین و چەرچەف پێکدەهات. ئەمانە هەموویان لەنێو تاقەکانی ژوورەکە کە دەرگای دارینیان هەبوو، هەڵدەگیران.

ئینجا بەپێی پێویست ئەم رایەخانە لە تاقەکانیان دەردەکران و بەکاردەهێنران و لەسەر لاکێشی سەر زەوی، قەرەوێڵەی نزم، یان جێگەی خەوتنی لێ دروستدەکرا. زۆربەی جار سەرینەکان بە سەریانەوە بڵاو دەکرانەوە، هەروەها سەرچەف، سەر شان، دەسماڵ، خاولی وجلوبەرگیش لە ناو ئەم باوڵە دیوارییانە دەپارێزران. سەرچەفەکان زۆرترین کەل وپەل بوون کە بۆ کاری جۆرا وجۆر بەکاردەهاتن. سەرچەفی دڵڕفێنی ئاورێشمی و مەخمەلی چنراو (وێنەی ٦٥) لەسەر شوێنی تایبەت بە دانیشتنی خێزانی رایەخدەکران، ئینجا لەو خێزانانەدا کە پێگە ومیوانەکانیان لە ئاستە بەرزەکاندا بوون، ئەم رایەخانەیان رادەخست. هەروەها سەرچەف لەسەر قەرەوێڵە و ژێر بەتانی یا بۆ پێچانەوە و هەڵگرتنی جل وبەرگ بەکاردەهات. بەڵام نەرمترین کەلوپەلەکان کە دەکرا لە دەستەی بچووك و رێکخراو لوولبدرێن، ئەوا بە سەرچەفی چەند ناوپۆش لولدەدران و لەسەریەك دادەنران و لە تاقەکانی ژوورەکە ریزدەکران تا بە بەرچاوەوەبن، بەڵام کەل و پەلە گوازراوەکان تەنها بۆ زیاتر جوانکردن و رازاندنەوە بەکاردەهاتن و لە تاقەکاندا بەدوای یەکدا ریزدەکران.

لەسەر رەفەکانیش مەرکانەی گوڵ و شوشەی لولەدرێژ کە لە هەر یەکیاندا گوڵێك یا قەنەفڵێك و یا زەنبەقێك دادەنران. هەڵگری کتێبی دارین (واتە کتێبخانە) کە بۆ بۆیەکردن دەشیان و زۆربەی جار بە زەخرەفە نەخشێنرابوون وبە عاج وسەدەف تێرکرابوون، بۆ هەڵگرتنی کتێب ودەستنووسەکان بەکار دەهاتن. هەروەها هەڵگری دارینی نزمیش هەبوون بۆ هەڵگرتنی سینی کانزایی و جاری واهەبوو وەکو خوانی نانخواردنیش

بەکاردەهات. لە هەندێ لە ماڵەکان سندوقی دارینی نەخشێنراو بە زەخرەفەی هەڵکەنراو بۆ پاراستنی چنراو و قوماشەکانی خێزانەکە، بەکاردەهاتن. سەرچاوەی سەرەکی بۆ گەرمکردنەوەی ناوماڵ بریتیبوو لە مەقاڵەیەکی دروستکراو لە مادەی سفر[١٥] یا مسی زەخرەفەدار کە بان پۆشی هەیە، ئینجا مەقاڵەکە لە هەموو لایەکی ژوورەکە وەك گەرمکەرەوەیەکی گواستراوە، جێگۆڕکێی پێدەکرا و بەشێوەیەکی بەردەوام خەڵوزی تێدەکرا، کاتێکیش پلەی گەرمی ژوورەکە زۆر نزم دەبووەوە، ئەوا مێزێك بەکاردەهات کە لەسەر قاپێکی پڕ لە پشکۆ قلپ دەکرایەوە و بە دەسماڵێکی گەورە دادەپۆشرا و دەتوانرا لەلایەکانیەوە رابکێشرێت و بەسەر تاکەکانی خێزان و میوانەکانیاندا، بگێڕدرێت، بۆ ئەوەی گەرمیان بێتەوە. هەروەها جگە لە تیشکی خۆری سروشتی، کە لە رێگەی شووشە رەنگاوڕەنگ و بەر پەنجەرە دارینەکانەوە دەهاتە ژوورەوە، یا لە حەوشو بەلکۆنەکانەوە دەهاتنە ژوورەوە، ئەوا ئەو رووناکیەی کە لەمۆم و چرا زەیتییەکانەوە دەهاتن، لە باشترین حاڵەتەکانیاندا تەنها دوو بەرابەرییەکی سەرنج راکێشی لە نێوان رۆشناییەکە و سێبەرەکەی دروستدەکرد. کەلوپەلە تایبەتییەکان رەهەندێکی جیاکەرەوەی بە ژووره تایبەتییەکان دەبەخشی. مەرکان یا تیاهەڵگری شیرینی کە لە فەخار (ئیزنیق)ی لۆکاڵی ورەنگی بریسکەدار دروستدەکران، شان بەشانی فەخاری سپی و شینی هاوردە لە چین، بەکار دەهاتن. بەڵام رشێنەری ئاوگوڵ لە شووشەی میللی یا وەبەرهێنراو لە شاری فینیسیا، دروستکراوە. ئەگەر داهات و سەلیقەی خێزان رێگەی بدایە، ئەوا رژێنەر وتاس وقاپی سابوون و قودوی بوخوروومۆمدان لە زێر یا زیو هەڵدەبژێردران. بەڵام نووسراوە قورئانیەکان کە بەجۆری نووسینی زۆرجوان چنراون، هەروەها کاغەزی خەتی ونووسینی پیتی ئەدەبی کلاسیکی، کە بە وێنەی جوان دەڕازێنرایەوە، ئەم شتانە

لەلایەن دەوڵەمەندە خاوەن سەلیقە ئەدەبیەکانەوە داواکاری لەسەربوو. پاشان ئەم دەستنووسانە بە بەرگی هەڵکەنراو یا کۆپی و رەنگاورەنگ کراو بەرگ دەکرێن. هەروها ئەو دیزاینانە بۆ بەرگی ئەم دەست نووسانە بەکارهاتن لەگەڵ ئەوانەی لە دیزاینی تەقلیدیدا باو بوو، وێك دەچوون، کە لەسەر سەرچەفی ئاورێشمی چنراوو لاکێشەکان دەچنران. لە دیوەخان جا چ لە سەلاملوك یا حەرملوك بێت، ئەوا تاخمە قۆری قاوەی کانزایی و فنجانی شوشەیی کە بە هەڵگرێکی کانزایی تۆڕیی چوارچێوەیی دەورەی گیراوە، دادەنران. هەروەها تاخمی بچووك بۆ پێشکەشکردنی قاوەو ساردی بۆ میوانەکان دەبینرێت. ئینجا ئەو وێنەو جوانکارییانەی بەکارهاتوون، رەنگدانەوە سروشتی جیاوازی بەشی پیاوان و ژنانە. زەخرەفە ارینی هەڵکەنراو —کە زۆربەی بە سەدەف رەنگ یا تێرکراوە— بە دیواری ژوورەکەوە لە نێوان عەمبارو تاقەکانی ژووری سەلاملوك هەڵدەواسرێت. ئەمەش بۆ هەڵگرتنی ئەو مێزەرانەی زۆر بەتووندی لوول دەکرێن و پیاوان لە تورکیای عوسمانی لە سەری دەنێن. بەڵام سەبارەت بەشتە تایبەتییەکانی تری پیاوانە، ئەوا بریتین لە کیفی لە پێست دروستکراو یا مەخمەلی چنراو لەبەر ئەوەی بەڵگەنامە و نامەی تری تێدا دەپارێزرێت، ئەمە جگە لەوەی کیسی پارە ونامەو تووتنی تێیدایە. لەلایەکی ترەوە، واتە ژووری حەرملوك، ئەوا ملوانکە، بازنە و ئامرازەکانی خۆجوانکردن لە ناو قودوی زەخرەفەیی جوان کە زۆربەی جار لە زیویهەڵکەنراو یا قالب کراو پێکهاتووە، دەپارێزرا. هەروەها سندوقی داری رەنگ کراو کە شتەکانی ئافرەتانی تێدا هەڵدەگیرا، وەك ئامرازەکانی جوانکاری کە پێکهاتبوون لە ئاوێنەی زیوی و شانەو قاپ و سابوون، هەروەها قوتی بچووك کە ئامرازەکانی جوانکاری تێدایە. قاپ قاپە کە ژێرێکی بڵندی هەبوو و لە حەمام لە پێ دەکرا (وێنەی٦٦). هەروەها چوارچێوەی ئەتەمین و قودوی

داوو دەرزی کــە بــۆ تــەترپز، کــە هونــەرێکی ســەرەکی ناومــاڵ بــوو، بەکاردەهات. لەگەڵ ئەمانەشدا دەرفەت بۆ ژنان رەخسا تـا فێـری هونـەری خۆشنووسی و هونەری وێنەکێشان و قەڵەم و کاغـەز وئامێرەکـانی مۆسـیقا نمونەی ((سـاز)) کـە ملـی درێـژە و (نـای). پاشـان وورەدە وورده دەسـتکرا بەچارەســەرکردنی رووبــەرەکانی نـاوەوەی خـانووی دەوڵەمەنـدەکان، واتــە چۆنیـەتی رێکخستنی وەزیفەی هەر بەشـێکی ناومـاڵ، ئەمـەش لـە رێگـەی پەیوەندیکردن بە مۆدێلی ئەورووپی لە رێکخستنی کەل وپەلی ناومـاڵ. ئـەم حاڵەتە بە ئەندازەیەکی کەم سەرەتا بە دانانی گڵـۆپ وقـۆری وکـتری وقـاپ وقاچاخی شووشەی هاوردە لە (بۆهیمیا)وە ماڵی پێ دەرازێنرایـەوە. پاشـان کەلوپـەلی تـر لەناوماڵـەکان بـەکارهاتن، کـە بـووە هـۆی ئـەوەی وەزیفـەی ژوورەکان سنووردار بکات و چوارچێوەکەی تەسکتربکاتەوە. (مەلەکخان)[٦] لەبارەی چونی بۆ کۆشـکی (ئـەسما سـوڵتان)[٧] لەسـاڵی ١٨٤٨ و پێشـواری لێکردنـی، لــە نووسـینەکانیدا وەسـفی ئـەو پێشـکەوتنەی کـە لـە رووی سەلیقەوە بەسەر ناوماڵدا هاتووە، لە دەقێکیدا هاتووە:

لــە ســێ ژوور پێکــدێت، ژوورێکــی دانیشــتن، ئــەویتر ژووری نووســتن و سێیەمیان ژووری نان خواردن. دیوارەکان بـە گـوڵی سـپی وسـوور رازابوونـەوە، بەڵام پەردەکان لـە سـوفی کشـمیری جـوان وخـەت خەتدروسـتکرابوون هـەروەها لاکێشی گران بـەها زەمینەکـەی پۆشـیبوو و ئاوێنـەی نـاوازە بـە دیوارەکانـەوە هەڵواسرابوون، ئینجا قاپی زێڕین وتێزکراو بە گەوهـەر کـە پـڕ لـە شـیرینی لـەم لاوئـەولای ژوورەکـە دانـراوون، رێـز کـراون. هـەروەها جێگـای دانیشـتنی نـەرم وخۆش ولەسەر دانشی مەچەکدار کـە دەسـتکردی رۆژئـاوایی بـوو، دانرابـوون. چـەندین گڵـۆپ لەگـەڵ مۆمـدانی گـەورە لەسـەر شـێوەی رۆژهـەڵاتی بـەناو ژوورەکەدا بڵاوکرابووەوە، ئەم مۆمدانانە لـەوجۆرە دەچـوون کـە لـە کڵێسـاکانی فەرەنسا بـەکاردەهاتن. دەوڵەمەنـدەکانی قـاهیرە وا راهـاتبوون کـە ماڵـەکانیان

بەکەلوپەل و کاری دەست چنراوی جوان، رایەخ بکەن، بەلام بەشێوەیەکی تر. ئەو بەر پەنجەرە دارینە نەخشێنراوانەی کە بەری پەنجەرەی ناو تاقە بە ژوورداچووەکانیان دەگرت، بواری نەدەڕەخساند بۆ هەڵواسین و دانانی پەردەی مەخمەلی و ئاورێشمی، بە هەرحاڵ ئەم شتانە بۆکەش وهەوای قاهیرە قورس وئەستوور بوون. بەلام زەمینەی ناومالّ، ئەوا بەروخامی رەنگاوڕەنگ و جۆری جیاواز کە بەشێوەیەکی بەهرەمەندانە تێکەلاوکراو ولەتەك یەك دانراوە، رایەخکراوە، بەمەش زەخرەفە رەنگاوڕەنگییەکی زۆر جوانی بە ناو مالّەکە دەبەخشی. بەلام لە مانگەکانی زستان بۆ پاراستنی پێیەکان لە ساردی زەمینەی ژوورەکان و فەراهەمکردنی فەزایەکی گەرم وگوڕ بۆ دانیشتن، ئەوا پارچە لاکێشی بچووك رایەخدەکرا. پارچە لاکێشەکان بە تایبەت بۆ ئەو شوێنانە دادەنران کە سەکۆ نیمچە بەرزەکانی لێواری دیواری ژووری پێشوازی و رایەخکردنی ژووری نووستن بەکاردەهاتن. ینجا بۆ هەلگرتنی لاکێشەکان، لێرەدا هەر وەکو ولاتی تورکیا هەلّدەگیرا تا ئەو کاتەی پێویستی دەکرد دەربهێنرێت. کەچی ئەو پارچە کەلوپەلانەی کە دەگوازرانەوە، ئەوا کەمتر لە مالّە تورکیەکان باو بوو، ئەمانە لە هەلگری دارینی نیمچە بەرز پێکهاتوون و سینی کانزاییان لەسەر دادەنرا، هەروەها لەکاتی نانخواردندا وەکو خوان، هەروەها وەك هەلگری ماشەی خەلّوز بۆ گەرمکردنەوەی ژوورەکان لەکاتی سەرما و سۆلّە بەکاردەهات. مەرکانە شووشەییەکان و شتە کەسییەکان کە لەسەر رەفەکان بەدرێژایی دیواری ژوورەکان ریزکراون، مۆرکێکی کەسی دەبەخشێت. هەروەك چۆن تورکیا دەستی بە گۆڕان کرد، ئەوا لە دوای پراکتیزەکردنی بەرنامەی نوێ لە حەفتاکانی سەدەی ١٩ قاهیرەش گۆڕانی بەسەردا هات. توخمەکانی زەخرەفەو رێکخستنی ناومالّ لەسەر شێوەی ئەورووپی ئاست بەرز هاتە ئاراوە -وەکو چۆن ئێلین شینێلز EIIen ChenneIIs دایەنی شازادە زەینەب کچی خدێوی ئسماعیل، وەسفی

ماڵە دەوڵەمەندەکان دەکات: لەناو هۆڵێکی فراوان دابووین و بەشێوەیەکی زۆرجوان کەل وپەلەکانی لەسەر مۆدێلی فەرەنسی رێکخرابوون، لەلایەکانیەوە ئاوێنە و قەنەفە و لەسەر دانشی مەچەکدار کە بە ئەتڵەسی دەمقەسی زەرد رووپۆش کرابوون، ریزکراون. پەردەی پەنجەرەکانیش لەهەمان قوماش دروستکرابوون. ئینجا چەندین دەرگا لەم هۆڵەوە بەسەر بەشەکانی ناوەوە دەکرانەوە و وایکردبوو هۆڵەکە لەهاویندا فێنك بێت، بەلآم لەزستاندا زۆر ساردبوو. هەروەها لاکێشی زۆر و گرانبەها راخرابوون و سورەیە (ثریا)ی گەورەش بە بنمیچی هۆڵەکەوە هەڵواسرابوون لەگەڵ مۆمدانی پەل پەل لەو جۆرەی بەدیوارەوە هەڵدەواسرێت. لە ئێران بۆ گۆڕینی وەزیفەی ژوورەکان، تەنانەت جیاکردنەوەی بەشی پیاوان لەبەشی ژنان کە لە رووی وەزیفەوە لەماڵی تورکی یا میسری جیاوازە، رێگەی تایبەتی هەبوو. لەو ماڵانەی کە بیرۆنی وئەندرۆنی لەدەوری حەوشێکی لاکێشەیی یا چوارگۆشەیی دروسکراوون، ئەوا پەنجەرەی ژوورەکان لە بنمیچەوە تا زەوی بە گەورەیی دروستکراون، ئەم پەنجەرانە چەتری دارینیان بۆ دانراوە کە دەتوانرێت بۆ سەرەوە یا خوارەوە بەپێی ئارەزوو بۆ جیاکردنەوەی رووبەری ژووری دانیشتن، رابکێشرێت، هەروەها بۆ کردنەوەو داخستنی رووبەرەکان بەپێی گۆڕانی کەش وهەوای هەر وەرزێك، بەکاردەهات. لە ماڵە ئێرانییەکاندا نەبوونی کەل وپەلی گواستراوە و نەگواستراوە زۆر بەزەقی دەبینرا، بە جۆرێك شتێکی وای تێدا نەبوو وەك ئەوەی لە دیوەخانە تورکی و میسرییەکان بە دی دەکرێت، واتە ئەو لەسەر دانشانەی کە بە درێژایی ژوورەکان (لە دیوەخانی تورکی و میسرییەکاندا هەبوون)، لە دیوەخانی ماڵە ئێرانییەکاندا بوونی نەبوو. هەروەها هەڵگری دارینی بچووك بۆ هەڵگرتنی سینی کانزایی تایبەت بە ناخواردنی تێدا نەبوو، تەنها ئەو قوڕنانە نەبێت کە لەقەد دیوارەکان و بۆ دانانی کتێب وشتی رازاندنەوەی دانسق وەك مەرکانی شوشەیی فەخفوری تێدا دادەنرا. هەندێ جار بۆ پاراستنی کەل وپەل

وجل و بەرگ باوڵ هەبوون، ئەگەرچی هەموو ئەو کەلوپەلانە دەتوانرا هەموویان لەسەر یەك دابنرێن و لەگۆشەیەکی ژوورەکە و بەسەرچەف یا دەسماڵ داپۆشرێن. حاشیە نرمەکان و پێخەف (دۆشەك) بۆ ئەوەی وەك جێگەی نووستن لەسەر زەوی رادەیەخران. بەڵام ژەمەکانی نانخواردن، ئەوا لەسەر خوان و لەسەر زەوی دادەنران. بەکارهێنانی کورسی وەك شوێنی دانیشتن تەنها لە دیوانی پاشایدا بەکاردەهات. فەتح عەلی شای قاچار وەك چۆن وەسفی دەکرێت، وێنەیەکی کێشراوە، لەو وێنەیەدا شا فەتح لە هۆڵی پێشوازی ولە کۆشکی گوڵستان لەسەر کورسی پاشایەتی دانیشتوە. ئەم کورسیە شێوەیەکی پانی هەیەو لەروخامی سپی دروستکراوە ولە لای شانەکانی شاوە پەیکەری ئاژدڵی داتاشرا وهەیە، بەڵام ئەمە وێنەیەکی بێ هاوتایە. سادەیی لە بەکارهێنانی ژووری دانیشتن کە لەسەر زەوی دادەنیشن، وایکردوە بە ئاسانی بتوانرێت ژوورەکان وەك ژووری نووستن، خواردن و پێشوازی بەکاربهێنرێن. بۆیە ئەوکەل وپەلەی لە کولتوری شارنیشنی ئێراندا زۆر گرنگ بێت، ئەو رایەخانەن کە رووی زەوی دادەپۆشن بەتایبەتیش کەل وپەلی خێزانی، وەك لاکێشی ئاورێشمی و سوفی (وێنەی٦٧). هەروەها جیاوازی لە ئەستوری وبەرزی وجۆری لاکێشەکان و بەکارهێنانیان وەك ئامرازێك بۆ داپۆشینی زەوی و دابینکردنی گەرمی، یا پۆشینی پشتی وسەرینەکاندا هەیە. واتە جۆرە جیاوازەکانی لاکێش وەزیفەی دیاریکراوی خۆیان هەیە. هەموو ئەو لاکێشانەی کە خێزان هەیبوو لەیەککاتدا بەکارنەدەهاتن، بەجۆرێك پارچە لاکیشەکان زۆر بەئاگاییەوە لولدەکراو لەسەر چینێکی پارێزەری دروستکراو لە لباد کە خۆی لە خۆیدا چنراوێکی رازاندنەوە بوو،دادەنرا. د. وێلز Dr0 WiIIs [٨] -کە لە بەشی کارگێریی تەلەگرافی فارسی کاری دەکرد، یەکێك بوو لە تێبینیکارە هەرە وردبینەکانی کولتووری نەریتی ئێرانی-وەسفی رێکخستنی ناوماڵە دەوڵەمەندەکان لە شەستەکانی سەدەی ١٩ دەکات: ئێرانیەکان هەمیشە بۆ پۆشین و رازاندنەوەی دیواری

ژوورەکانیان، بەتایبەت بەشی سەرەوە وناوەڕاستی ژووری ماڵەکانیان (نەمەد) لبادیان بەکاردەهێنا. هەر ژوورێك سێ دانەی تێدایە، دوانیان (کەنارە) واتە ئەوەی لە کەنارەوە رادەخرێت، مەترێك یا مەترونیوێك داگیردەکات (سەراندارز)یش، واتە ئەو پارچەیەی کە لە ناوەڕاستی ژوورەکە هەڵدەواسرێت و ئەستوورییەکەی دوو سانتیم یا دووسانتیم ونیوە، عادەت وایە ڕەنگی خاکی یا زەرد باوی هەبێت. ئینجا بەزەخرەفەی ڕەنگ کاڵ رازاوەتەوە، وەك شین، سپی یا سورو سەوز ئەمانە پارچە سوفی ڕەنگاوڕەنگن و لە کاتی رستنی لبادەکە دەخرێنە نێوەنددییەوە. ئەو شوێنانەی لاکێش و رایەخیان لێدروست دەکرا و لەگەڵ هەموو زەوقێکدا دەگونجان کاشان، ئەسفەهان وکرمان (وێنەی ٦٨) بوون، بەڵام هەمیشە جوانترین زەخرەفە بەلای ئێرانیەکانەوە ئەو جۆرەیانە کە دارو درەخت و ئەمامی چروپری تێدایە، چونکە لەگەڵ دیزاینی ناوماڵی ئەواندا دەگونجا، هەروەها زەخرەفەکان ئەخشی باوەشێنی حەسیری و چەپکەگوڵی تێکەڵ بەئەمام کە رایەڵ ولولدراون، هەروەها ئەو دیزاینانەی ئاراستەیان هەبوو وەك دارو درەختی گوڵدار و بەرهەمدار شریتی گوڵێن ولقی لێبووەوە و دیزاینی نەریتیی کە بەدەسکە گوڵەگەنم بەستراون، لەخۆی دەگرت. ڕەنگی زەخرەفەکان لەگەڵ دەوڵەمەندی دیزاینی یەکە زەخرەفیەکان کە ڕەنگی هەناری و پرتەقاڵی زەردباوی زێڕین و، شین وسەوزی کاڵ وتۆخ لە سەر زەوی ڕەنگ خاکی یا سپی شیری تێدا بەکاردەهات، دەگونجان. ئەم دیزاینە ناوازانەی لاکێشەکان پەیوەندییەکی گەرم وگوڕ لەگەڵ دیوان و زەخرەفەی گەچی ڕەنگ کراوو هەڵکەنراوی قەد دیوارەکان دروستدەکات. بۆیە گەشەسەندنی سەلیقەی حەزلێبوون لە دیمەنی گەورە بە درێژایی سەدەی ١٩ شتێکی لەناکاو نەبوو. ئینجا ئەدەبی نەریتی وچاپەمەنی رۆژئاوایی وهەڵکەنراوەکان و وێنە فۆتۆگرافەکان بوونبوونە بابەتی وێنەی چەندین جۆر لاکێش. لە کۆمەڵگەدا وێنەی زەیتی گەورەی پیاوان و ژنان کە بەئالووالای زۆرجوان دەردەکەوتن

هەبوون و هیچ بەریەککەوتنێك لە بەرامبەر پێشکەوتنی سەلیقەی نەخشاندنی وێنەی وەرگیراوی کەسەکان، کە بە هونەرێکی زۆرجوان وناوازە وداهێنەرانە و بەگرێ وگۆڵی زۆر بچووك لەسەر لاکێشەکان نەبوو. ئەو بابەتانەی لە وێنەکان بەکاردەهاتن بریتیبوون لە بابەتەکانی رابواردنی وەکو سەماو مۆسیقا ودارو درەختی گەورە کە ئاژەڵی سەیر سەیری وەك نەمەس و بلاتیبۆس بە دەنووکەکەیەوە کە لە دەنووکی مراوی دەچێت، شێر و بلبل. چنراوو قوماش و هونەری بەهرەدارو جۆراوجۆر بۆ دابینکردنی پەردەی وا کە لەگەڵ مۆدی لاکێشی زەوی ژوورەکاندا گونجاوبێت. ئاورێشمی سپی یا زەرد لەسەر ناو پۆشێکی ئەستوور دەچنراو بە دەزووی باریکی قرمزی، پەمەیی، شین، سەوزو زنجیرێکی پێوە دەکرێت بۆ دیاریکردنی هێڵە دەرەکیەکان و دروستکردنی زەخرەفە کە بەسەر زەمینەی ژوورەکەدا و لەسەر شێوەی یەکەی زەخرەفی تەمام ئاسا بڵاوبوونەتەوە، هەموو ئەمانەش بە چوارچێوەیەکی زەخرەفەیی و لەسەر شێوەی تەمامی هەڵواسراوەی کەوانەیی نەخشێنراون. ئەم چنراوانە وەك سەرچەفی پێخەف یا سەرچەف بۆ ئەو رایەخانەی کە لەسەر زەوی رادەخرێن و بۆ دانیشتن ئامادەکراون، بەکاردەهاتن. رەنگە جوانترین سەرچەف و بەهادارترینینان لەڕووی چنینەوە ئەوانەیان بن کە لە مەخمەل یا ئاورێشمی قرمزی کە بە داوی ئاورێشمی رەنگاوڕەنگ یا زیوی چنراون و وێنەی گوڵ وگولزار و باڵندەی لەسەر دروستدەکرا. لەگەڵ ئەوەی عادەت وابوو کە شتە چنراوەکان وەکو سەرچەف بەکاردەهێنران، کەچی بەڵگە هەیە کە وەکو پەردەی تاقەکان وپەردەی پەنجەرەش بەکارهاتوون. بۆ ئەمەش دکتۆر وێلز لبنیت لە تاران و لە شەستەکانی سەدەی ١٩ دەڵێت: ئەو دەرگایانەی لە دارگوێز دروستکراون بە پەردەی ئاورێشمی ((یەزد)) رەنگ ئاڵ داپۆشراون، کە پانیەکەی نزیکەی ٦ بە ٤ پێ دەبێت و زۆر بەسادەیی لەسەر دەروازەکان هەڵواسراون. ئەم پەردەی پەنجەرانە و پەردەکانی تریش لەسەدەی ١٨، ١٩

نمایشکردنێکی زۆرجوانی هەبوو. هەندێك لە شارەکانی ئێران بە ناوازەیی بەرهەمەکانیان ناوبانگیان دەرکردبوو، کرمان بە دروستکردنی چنراوی جوان ناوبانگی دەرکردوە، تەنانەت کرمان دەیتوانی پێداویستی کەل وپەلی ناومالّ وجل وبەرگی دروستکراو لە چەندین جۆری جیاوازی لاکێش وچنراو بەرهەم بهێنێت. هەروەها جۆرێکی ناوازە لەقوماشی چنراو دروستدەکرا. زۆربەی جار لەسوفی سوری زۆرچاك و بەدیزاینی زۆر زیندوی زەخرەفی نەمام، حەسیر، بالّندە و درەختی سەرو دروستدەکران، ئەم دیزاینانە زۆر بەووردی و بە سەلیقەیەکی لە رادە بەدەر دەچنران. بەلاّم شاری رشتی ناوچەی دەریای قەزوین لە هونەری بەیەك گەیاندنی پارچە پارچەی وورد وناسك کە کاتێکی زۆری دەخایاند پسپۆریی وەرگرتبوو. لەم تەکنیکەدا چەندین جۆر پارچە سوفی رەنگاورەنگ کە هەریەکەو بەویترەوە دەچنران، ئەم کارە دەستییە پێکهاتبوو لە رەنگی سوور، سەوز، زەردو رەش هەر هەموویان پێکەوە تێکەلّدەکران، پاشان بە تالّەدەزوو زەخرەفەی لەسەر دروستدەکرێت و ووردەکاریەکانی زەخرەفەکانیش بە رەنگی جیاواز دەنەخشێنرێت. بابەتی ئەم زەخرەفانە دارودرەخت بوون کە شێوەی وێنەی سروشتی دەبەخشێت یا وێنەی وەرگیراو وەك وێنی مرۆڤ. قوماشی لۆکەی مۆرکراو (واتە ئەوەی وێنەی شتی لەسەر دەنەخشێنرێت) چەندین بەکارهێنانی هەبوو، بۆ نمونە بۆ دروستکردنی پەردە، پەردەی ناوبڕەو سەرچەفی پێخەف وجل وبەرگ بەکاردەهات. ئەسفەهان بەم جۆرە چنراوە ناوبانگی دەرکردبوو، ئەو لۆکەیە بەهۆی قالبی دارینی هەلّکەنراو مۆر دەکرا، کە چوارچێوەیەکی رەشی بۆ دروستدەکرد، پاشان یەکە زەخرەفیەکە بە رەنگی سوور یا شین یا زەرد رەنگ دەکرا. ئەم دیزاینی قوماشانە جۆراوجۆر بوون و بە خەیالّێکی چڕ وپڕەوە بیرۆکەی وێنەکانی دادەرێژرا. چەند شێوەیەکی وەرگیراو لە سروشت وەك دارودرەخت و پلّنگ وتاوس و شێوەی مرۆڤ و وێنەی راو و نێچیرگرتن لەسەر چنراوەکان دەنەخشێنران، کە دواتر وەکو قالبی پەردە

بەکاردەهاتن، لەکاتێکدا دیزاینی یەکە زەخرەفییەکان کە شێوە نەمامی گوڵ وگوڵزارە دووبارە بووەویان هەیە، زیاتر لەجل وبەرگدا بەکاردەهاتن. قاپ وقاچاخ وئامرازەکانی رازاندنەوە وکەل وپەلی کەسی تایبەت کە لە رووی شێوە و دیزاینەوە لەگەڵ کەل وپەلی ناوماڵی ئێرانی و زەخرەفەو قوماشەکاندا دەگونجێت. قاپ وقاچاخی فەخفوری و دەوری لە قوڕی سپی کە دەنکۆڵەی وردی تێدایەو گوڵ وگوڵزار و زەخرەفە ودرەخت ونەمام بە رەنگی جیا جیا شین بەپلەی جیاوازی تێدابوو. یا تێکەڵاوکردنی رەنگی سوور، سەوز، زەرد و ڕەش، پاشان بە چینێك شوشەی تەنك وناسك ڕووپۆش دەکرێت. خەڵکی زیاتر مەیلیان لەسەر هاوردەی فەخفوری چینی بووە کە بەناوی ((دەستەی گوڵ ئاسان))[٩] Farmille rose دەناسرێت و بە مینالەسەر شێوەی درەخت نەخشکراوە. هەروەها قاپ وقاچاخی هێنراو و دروستکراوی کارگەکانی رۆژئاوا، وەك ویدجیوود Wed geWood و، مینتۆن Miton و، وسڤریز Sevres. سفری نەخش کراو نمونەی دانسقی رازاندنەوەی پێکدەهێنا، وەك مۆمدان، قاپ وقاچاخی رووپۆش کراو هەندێك شتی ناوەزە و دەگمەن لەسەر شێوەی تاوس. کورخانی دارینی ناوماڵە ئێرانیەکانبەهۆی کاریگەری هونەری رۆژئاواییەوە، نوێکاری بەسەرداهات. رەفەی سەرەوەی کورخانەکان بۆ نمایشکردنی ریزبەندی مەرکانە وچرای مسی و ئاوێنەی چوارچێوە زێڕینی و وێنەی رەنگاوڕەنگ، شوێنێکی گونجاوە. لەئێران بۆ چەندین ئامرازی جۆراوجۆری رازاندنەوەی ناو ماڵەکان، تەکنیکی کاغەزی کارتۆنی بەکاردەهات. ئەو وێنانەی بەم تەکنیکە دەکێشران، پەیوەندییەکی زۆر توندیان لەگەڵ وێنەی دەستنووسە مێژووییەکاندا هەبوو، بەجۆرێك رەنگی ئاوی بۆ وێنەی دیزاینە وردەکان بەکاردەهات، پاشان ئەم وێنانە بەچینێکی پارێزەر لە وارنیشی ناسك کە لە ماددەیەکی چەسپی پێکهاتووە، رووپۆش دەکرا. ئەم کاغەزە کارتۆنییانە وەك قودو بۆ پاراستنی زێڕو گەوهەرو دۆکیومێنتەکان و

بەرگی کتێب و شوێنی تایبەت بە دەرزی قایمکردن و بازنە و ملوانکەی بچووك وقودوی ئاوێنە بەکاردەهات. یەکێك لەو سیفەتانەی کە زۆر سەرنج راکێش بوون بابەتی وێنەکانن، واتە چیرۆکی وێنە بۆ کێشراو وەك ئەو رووداوە خۆشانەی لە چیرۆکی یوسف (سلاوی خوای لێبێت) و زولێخادا هاتووە. ئەم بابەتانە وێنەیەکی جۆراوجۆر لە بەهاو داب ونەریتی ژیانی شارنشینی وکولتووری ئێرانی دەخاتەڕوو. تەکنیکی دروستکرنی کارتۆن لەڕووی وردەکارییەوە، تەواوکەری کارێکی دەستی هاوشێوەیە ئەویش مۆزاییکە، کە ئامراز وئامێری زۆر دەرازێنێتەوە، وەك رووی دەرگا، ناوبڕەکان، قودو وئامرازی تایبەتی وەك شانە و قودوی ئاوێنە. ئەم تەکنیکە بریتییە لە نووساندنی پارچە ئێسك، عاج وداری رەنگاوڕەنگ هەریەکەو لەگەڵ ئەویتر، ئەویش بە بەکارهێنانی مادەی چەسپ، بەم پێیەش یەکەی رازاندنەوەی زۆرجوانی لێ دروستدەکرێت. پاشان کۆمەڵێ توێژاڵ بەهۆی چەسپێکەوە کە لەسەر بنچینەیەکی دارین دادەنرا و بەیەکەوە چەسپ دەکران، دواتر بە وارنیشێکی شەفاف رووپۆشدەکرا. دیزاینی کۆتایی ئەم بەرهەمە بریتییە لە یەکەی زەخرەفی تێکەڵاو وەك شێوەی شەش لایی وئەستێرەیی. لە کۆتاییدا لە رایەخکردنی ناومالّی سەرکردە قاجارەکان، و ناومالّی دەستوپێوەندە دەوڵەمەندەکان، شێوازی رۆژئاوایی بەکاردەهات. بە تایبەتی دوای رێکخستن ونۆژەنکردنەوەی تاران لەلایەن ناسرەدین شا لەشەستەکان وحەفتاکانی ۱۹، بەجۆرێك زەخرەفەی رۆژئاوا لە رووی دیزاینی فیکتۆریایی و رەنگەوە، ئەوا بەبێ دوو دلّی لەگەڵ دەروازەی ناو مالّە ئێرانیە دەوڵەمەندەکان بەکاردەهات.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

(١) ئێدوارد ویلیام (١٨٠١-١٨٧٦). زماننناسە و زمانی عەرەبی خوێندوە. لە هێرفۆرد هاتۆتە دنیاوە و کوڕی پیاوێکی ئاینی بووە. سەرەتای ژیانی بە هەڵکەندنی دار و ئاسن دەستی پێکردوە، بەڵام پێویست بوونی بە کەش و هەوایەکی گەرم هانی دا کە بچێت بۆ میسر و، پاشان هەموو ئیش و کارەکانی تری بە میسرەوە پەیوەست بوو. بەرهەمی هەردوو گەشتەکەی یەکەم (١٨٢٥- ١٨٢٨) و دووەمی (١٨٣٣- ١٨٣٥) کتێبەکەی بوو بەناوی (دابوونەریتی میسرییە نوێخوازەکان). کە چەندین جار لە چاپ دراوەتەوە و بووە بە سەرچاوەیەکی بەهادار و بە دوایدا وەرگێرانی هەزار شەوە (١٨٣٨-١٨٤٠)یە کە یەکەم وەرگێرانی ووردوو هەڵسەنگێنراو و بە پەراوێز کراوە، پاشان هەڵبژاردەی قورئانی (١٨٤٣) وەرگێڕاوە. سەردانی سێیەمی لین بۆ میسر لە (١٨٤٣) بوو بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك لە پێناو کارە گەورەکەی کە کۆتایی بەژیانی هێنا، ئەویش فەرهەنگی عەرەبیە و خۆی لە ٥ بەرگدا دەبینێتەوە (١٨٦٣- ١٨٧٤) کە دواتر ئەوەی خوشکەکەی کارەکەی تەواوکرد.

(٢) خاتوو ئیلاسایکس گەشتیاری بەریتانی کە لەگەڵ براکەی بێرسی سایکس لە نێوان یابان و تورکیا و ئێران و هند لە چارەکی کۆتای سەدەی ١٩ گەشتی کردوە.

(٣) قوماشی قنب یان ئەوەی ئێستا بە کەنفا دەناسرێت، بریتییە لە چنراوێکی شێوە کەتانی، بەکاردێت لە دروستکردنی چادری بەلەم و کەشتی و ڕەشماڵ، هەروەها لە پشتی وێنە زەیتیەکان و کاری دروومان بەکاردەهات.

(٤) فەرماندە فریدریك گۆڵد سمیت (١٨١٨– ١٩٠٨) لە كۆلێژی كینجز لە لەندەن خوێندنی تەواوكردووە، پاشان پەیوەندی بە سوپای بەریتانی لە قوتابخانە هیندیەكان لە ١٨٣٩ كردووە، هەروەها بەژداری كردووە لەو شەڕانەی كە لە چین ڕوویانداوە لە نێوان ساڵانی ١٨٤٠ و ١٨٤١. هەروەها لەگەڵ هێزی عوسمانی لە شەڕی كریمیا ١٨٥٥– ١٨٥٦ بەشدارییان كردووە. بەڵام ناوی زیاتر بە دەزگای تەلەگرافی فارسییەوە بەستراوەتەوە. هەروەها لەبەر ئەو ڕۆڵەی لە دانووساندنە گرانەكەی لە نێوان سنوری ئێران– بلۆشستانیا و ئێران، ئەفغانستاندا هەیبوو.

(٥) سفر، بریتیە لە مسی زەرد.

(٦) خانم مەلك. لە بارەی میوانداریكردنیەوە لە بەشی میوانان لە كۆشكی (ئەسما سوڵتان) لە ساڵی ١٨٤٨ دەدوێت.

(٧) ئەسما سولتان: شازادەیەكی عوسمانیە و كچی محەمەدی سێیەم (١٥٦٧– ١٦٠٣)، خوشكی مەحمودی دووەم و هاوسەری سوقولوم ئەحمەد پاشا بوو.

(٨) پزیشكێكی ئینگلیزی بوو لە دەزگای تەلەگرافی فارسی كاری دەكرد.

(٩) فەخموری (جۆری گوڵی): جۆرێك لە ڕازاندنەوەی فەخفوورییە بە مینایەكی ڕەنگ گوڵی كە لە چین و لە سەردەمی بنەماڵە یۆنگ زینگ (١٧٢٣– ١٧٣٥) دەركەوت. لە سەردەمی بنەماڵەی كیانگ لۆنگ (١٧٣٦– ١٧٩٥) كاركردن لەسەری بەردەوام بوو. ئەم فەخفوورییە بەوە جیادەكرایەوە كە بە فەخاری مینایی ڕوو پۆشكراوە، هەروەها ڕەنگی ئاڵ و واڵای تێدا زاڵ بوو وەك ڕەنگی سوور و پەمەیی و پرتەقاڵی.

بەشی چوارەم: ژیانی خێزانی

ناکرێ ئەگەری ئەوە دابنرێت کە ژنـان رۆڵێکـی دیاریکراویـان هـەبووەو کاریگەریان نەبووە.

(خانم شیل) خێزانی وەزیری بەریتانی لـە کۆشـکی پاشـای ئێرانـی وەسـفی سـەردانەکەی لە دوانـزەی یـەنایری ١٨٤٩ دەکـات و نووسـیویەتی: ئێسـتا مـن ئامادەم بۆ پێشکەشکردنی رێزو پێزانینم لەبەرامبەر کاربەدەسـتی دایکـی شـا، دایکی شا شاژنێکی زۆر سەرنجڕاکێش و جوانە، پێناچێت تەمەنی لە سی سـاڵی تێپەڕی کردبێـت و وا پێدەچێت ئـەم ژنـە زیرەکـە لـە بـەڕێوەبردنی حکومـەتـدا نفوزێکی زۆری هەبێت. دایکی شا ژیانی شا هەمووی هەڵدەسـوڕێنێت، بۆیـە شتێکم هەیە کە پاساو بۆ ئەم بۆچوونەم بێنێتەوە بەوەی کە مێشکی ئـەو خانمـە زۆر شتی تێدایە تا سەرقاڵی بکات. شا سێ ژنی هەبوو.

ئەم تێبینیانە بەشێوەیەکی نادیار ئاماژە بەوە دەکەن کە ژیانی خێزانـی لـەناو ماڵـە گـەورەکانی چـینی دەوڵەمەنـدی کۆمەڵگـەی رۆژهەڵاتیـدا سروشتێکی ئاڵۆزی هەیە. ئەم ژیانە بەشێوەیەکی نـەریتی وەسـتاوەتە سـەر تۆڕێك لە پەیوەندی خزمایەتی، دروستبوونی ئەم پەیوەندیانەش لـە رێگـەی ژن و ژنخوازییەوە دەبێت.

هەبوونی ماڵێکی گەورە پێویستیەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کارا وەزیفەکانی تێدا ئەنجام بدرێت. هەمیشە دوو یا سێ نەوە لـە ماڵێکـدا دەژیـن. پێکهاتـەی خێـزان لـەم کۆمەڵگەیانـەدا بـە شـێوەیەکی فـەرمی باوکانەیەو لە ماڵێکدا ئەندامی نێری تەمەن گەورە دەسەڵاتی رەهای بەسەر ئەندامـەکانی تـری خێزانـدا هەیـە. ماڵـە دەوڵەمەنـدەکان هەمیشـە خێزانەکانیان لە باوك، ژنەکەی یا ژنەکانی، کوڕ بە ماڵ و ژنەکانیەوە، ئـەو

کوڕانەی سەڵت و ئەو کچانەی کە شوویان نەکردووە یاخود تەڵاقدراون، خزمەتکارەکانی بنەماڵە پێکهاتووە. زۆر ئاساییە کە پێکهاتەی خێزانی جیاواز لەم جۆرەدا هەبێت، ئەمەش بەپێی توانای مادی و بارودۆخی کەسی دەگۆڕێت، بۆ نمونە رەنگە داپیرەیەکی بێوەژن لە ماڵی کوڕەزاکەی بژی و سووچێکی ئەو ماڵە کە لە چەند ژوورێك پێکهاتبێت، ئەوا دانەیەکیان بۆ ئەو داپیرەیە تەرخانکراوە.

لەلای چینە باڵاکانی تورکیا ئەمە حاڵەتێکی سروشتیبوون، بەڵام ئەو چینانەی کە زۆر دەوڵەمەندن، ئەوا خانوویەکی تایبەتیان بۆ کوڕان و کچانیان هەبوو، وەك ئەو خانووە گەورەیەی کە سوڵتان ئەحمەدی سێیەم بۆ (فاتمە)ی کچی لە ساڵی ١٧١٨ لەسەر کەناری دەریای بەسفۆر دروستی کرد. هەروەها خدێوی ئیسماعیل لە حەفتاکانی سەدەی ١٩ خانوویەکی لە قاهیرە بۆ منداڵەکانی دروست کرد.

زۆربەی جار لەناو یەکەی خێزاندا خزم و کەسی ئەو خێزانەش لە گەڵیاندا دەژیان، وەك خوشکی سەرۆك خێزان کە تەڵاقدراو یا بێوەژن بێت. هەروەها ئامۆزا بە پلەی جیاواز (وەك ئامۆزای پیاوەکە)، ئەوەش کەمترین خێر و بەخشندەییەك بوو کە بەرامبەریان دەکرا، چونکە داڵدەدانی خزم و کەسوکار ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی بوو.

هەرچەندە قەبارەی خێزان گەورە بوایە یاخود داهاتی هەرچەندێك بوایە، ئەوا عورفێك رەچاو دەکرا، ئەویش جیاکردنەوەی پیاوان و ژنان بوو لە ناو ماڵ. ئەم عورفە لەگەڵ تێکەڵاوکردنی نەریتە رۆژهەڵاتییە دێرینەکان و فێرکردنەکانی ئیسلام پەرەی سەند، کە پێداگیری لەسەر داوێن پاکی دەکات، ئەوەش خۆی لە دابەشکردنی ماڵ بۆ بەشی جیاکراوە دەبینیەوە، بەجۆرێك پیاو بە ژیانی گشتیەوە دەبەستەوەو ژنیش بە ژیانی تایبەتی کە کاریگەری لەسەر تەرخانکردن و نەخشەدانانی رووبەری ماڵەکان هەبوو. لە

هەمانكاتدا پاساوی كۆمەڵایەتی و كولتووریش رۆڵیان لە چۆنیەتی خانوو دروستكردندا هەبوو.

ئەو دەستەواژانەی بۆ ئەو بەشەی خانووبەرە كە بۆ پیاو تەرخانكرابوو بەكاردەهاتن، بەڵگە لەسەر ئەو قسانەی سەرەوە.

بە جۆرێك ئەو بەشە لە توركیا بە (سەلامولك) و لە عەرەبی بە(مەنزەرە) و لە فارسی بە (بیرۆنی) ناو دەبرا. هەموو ئەو دەستەواژانەش پەیوەندییان بە سڵاوكردن و كرانەوە بەرووی جیهانی دەرەوە هەیە، چونكە ئەم دەستەواژانە پێداگیری لەسەر ئەوە دەكەن كە بەشی پیاوان شوێنی پێشوازیكردنە لە میوانی پیاو، ئینجا ئەو میوانە چ خزم و كەس یا غەیرەو هەمكارو بێگانە بن. لەگەڵ ئەوەی هەریەكە لە سەرۆكی خێزان و پیاوەكانی خێزان دەیانتوانی لەو شوێنەدا بخۆن و بخەون و كاتێكی زۆری دەست بەتاڵیانی تێدا بەسەر بەرن، بەڵام ئەو بەشەماڵێك نەبوو بۆ ئەوان، ئەمە لەلایەك لەلایەكی ترەوە ژنانی خێزان بەهیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی بچنە بەشی پیاوانەوە.

لە زمانی توركیدا دەستەواژەی (سەلامولك) تەواو مانای سڵاوكردن دەدات و ئەم دەستەواژەیە لەبەرئەوەی بۆنەكە (پێشوازیكردن لە میوان) زۆر لە شوێنەكە گرنگتربوو، بۆیە بە هەموو هۆڵێكی پێشوازیكردنی فەرمی دەوترا سەلامولك. هەروەها ئەم دەستەواژەیە بۆ وەسفكردنی رێورەسمەكانی هاتنی سوڵتان بۆ نوێژی هەینی لە مزگەوتەكان، بەكاردەهات.

بە پێچەوانەوە بەشی ژنان لە ماڵەكاندا زیاتر وەكو شوێنێكی نیشتەجێبوون ئامادەكرابوو، كە هەموو ئەندامانی خێزان بە ژن و منداڵ و خزمەتكارەكانیەوە لەم بەشەدا دەبوون. رێپێدان و هاتنە ژوورەوە تەنها بۆ سەرۆك و ئەندامە پیاوەكانی خێزان و خزمە نزیكەكان رەخسابوو تا لەوێدا بژین و بخەون. ئەم دەستەواژەیەی كە بۆ بەشی ژنان بەكاردێت مەبەستدارە،

ئەوەتا کە بە عەرەبی (حەریم) و بە تورکی (حەرمولك) بەکاردێت و هەردووکیان بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناوچەیەکی قەدەغەکراو، پیرۆز و جیاکراوە دەکەن، لەکاتێکدا ئەم دەستەواژەیە بە فارسیەکەی (ئەدرۆن)ە بەمانای بەشی ناوەوەی ماڵ دێت.

هەروەها ئەم دەستەواژەیە (حەریم) کە وەسفی ژن دەکات، کاریگەری لەسەر رۆڵی ژن لەناو ماڵدا هەبوو، بە شێوەیەك کە بازنەی چالاکیەکانیان لەدانیشتن لە ناو ماڵ کورتکرابووەوە. کاتێك ژنان لە ماڵ دەدەچوون خۆیان بە جلوبەرگی پان و پۆڕو سەرودەم و چاویان بەپێچە دادەپۆشی تاوەکو سەرنجی دەوروبەر بۆ لای خۆیان رانەکێشن، بەم رەفتارەیان پارێزگاریان لە خۆیان دەکرد... بەڵام لەناوەوەی ماڵدانەریتی فرەژنی ئالۆزییەکی دیکەی دەخستە سەر پێکهاتەی ژیانی خێزانییەوە. ئیسلام رێگە دەدات بە هێنانی چوار ژن بەپێی مەرجی شەرعی خۆی و بە شێوەیەکی فەرمی کە دەبێت پیاوەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەریەکێکیاندا بکات. ئەمە جگە لە ژنەکانی سوڵتانی عوسمانی و شای ئێرانی کە ئەم یاسایەیان بۆ خۆیان پراکتیزە نەدەکرد، بێگومان ئەم دووانەش لە پیاوانی ئاسایی جیاوازبوون.

هەموو ژنەکان لە یەك ماڵدا دەژیان، بەڵام لە بەشی جیاکراوە لەناو (حەریم) هەر یەکێکیان لەگەڵ منداڵ و خزمەتکارەکانی خۆیدا دەژیا. ئەم بارودۆخە شێوازی بیناسازی ئالۆزی هەندێ لە شوێنی نیشتەجێبوونە تەقلیدیەکان روونەدەکاتەوە. (حەریم) بریتییە لە کۆبوونەوەیەکی زۆر ئالۆز لە یەکەیەکی سەربەخۆ و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ئەم حەرێمانە بەیەکەوە بەستراون.

ئەو خانووبەرانەی کە لەسەر رووبەرێکی فراوانتر دروستکرابوون، ئەوا پەیوەندییە خێزانیەکانیان ئاسانتربوون، بۆ نمونە لە حەفتاکانی سەدەی ١٩ سێ لە خێزانەکانی خدێوی ئیسماعیل بەیەکەوە لە کۆشکی (عابدین)دا دەژیان،

بەڵام هەریەکەیان بەشی تایبەت بەخۆیان هەبوو، بەپێی ئەو گێڕانەوەیەی کە خانمە ئەوروپییەکان گێڕاویانەتەوە، ئەم خێزانانەیان بینیوە وەك **ئێلین شێلز** (وێنەی ٦٩) کە دایەنی خانم زەینەبی کچی خدێوی بووە، لێرەدا وەسفی ژنەکانی خدێوی دەکات کە پێکەوە و بە شێوەیەکی ئاسایی دەژیان.

لە کاتی بوونی ناکۆکیەك تەنیا ڕێگە جیاکردنەوەی ئەو ژنانەو دروستکردنی خانووبەرەی جیاکراوە بوو بۆ هەر یەکێکیان. ئەم حاڵەتە لە میسرو تورکیا پەیڕەودەکرا کە زۆر پێیان باش بوو، بۆ نمونە ژنی چوارەمی خدێوی ئیسماعیل لە کۆشکێکی جیاکراوە لەوانیتر لەگەڵ کوڕەکەیدا تۆفیق پاشا کە میراتگری شەرعی خدێوی بوو دەژیا. بەڵام لە پێشوازییە فەرمیەکاندا ئەمیشیان (ژنی چوارەم) لەگەڵ ژنەکانی تر پێشوازی لە میوانەکان دەکرد.

فرەژنی مەسەلەیەك بوو پێویستی بە لێکتێگەیشتن و توانایەکی ئەقڵی زۆر هەبوو، ئەمە جگە لە هەبوونی ماڵ و سامانێکی زۆر، بۆیە ئەم شتە لەناو خەڵکی ئاساییدا دیاردەیەکی باو نەبوو. شتێکی زۆر نابەجێیە گەر وا دابنرێت ژنان ڕۆڵێکی دیاریکراویان نەبووە و هیچ کاریگەریەکیان نەبووە بە تایبەتی لەناو چینی باڵاو ناوەندی کۆمەڵگە. جیاکردنەوەی نێوان ژن و پیاو مانای ئەوە بوو کە ژنان پێگەیەکی بەرزتریان هەبوو لەناو خێزان و سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی ماڵ و حەرەمەکان لە ئەستۆی ژن و لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا بوو. خانم شێل مەودای دەسەڵاتی دایکی نەسرەددین پاشای تێبینی کردبوو،بەهەمان شێوە تێبینی دایکی سوڵتانی عوسمانی و دەسەڵاتی بەسەر حەرمولکدا کردبوو، کە لە هەمانکاتدا دەسەڵاتێکی سیاسی ڕاستەقینەشی هەبوو. ئەم پێگەیە وایکردبوو کاریگەرییەکی زۆری لە بڕیارەکاندا هەبێت. لەبەر ئەوەی ژنی موسڵمان ڕێیان پێدرابوو کە موڵك و ماڵ بەڕێوە بەرن و دایکی سوڵتانیش زۆرێك لەو ماڵ و سامانەی کە بریتیبوون لە ماڵ و

دوکــانی بازرگــانی، بــەڕێوە دەبــرد، ئەمەشراســتەوخۆیا لــە ڕێگــەی وەکیلەکانیــەوە بەڕێوەدەچــوو. هەمیشــە قــازانجی کارەکانیــان بازرگــانی تــر یانیش بۆ خێر تەرخانیان دەکرد یانیش سەرمایەگوزارییان پێدەکرد.

لەناو ماڵدا پەرستنە و سرووتە ئیسلامیەکان کاریگەریان بەسەر ژیـانی تاکەکانــەوە هەیــە و هــەر بــەویش تــەواو دەبێــت. موســڵمانی پابەنــد بــە ئایینەکەی لــە ڕۆژێکــدا پێــنج جــار نوێــژ دەکــات، کاتــەکانی نوێــژکردنیش دابەشــکراون و ڕێوشــوێنی ژیــانی ڕۆژانــەی خێــزان دەستنیشــان دەکــات مەرجەکانی نوێژکردنی موسڵمان زۆر توند نیە و ڕێگــەی پێــدەدرێت لەهــەر شوێنێك کە شیاو بێت بۆ نوێژکردن تــا نوێــژی نەچێت، بیکــات. مزگەوتــە گەورەکانی شار بەدرێژایی ڕۆژ کراوەبوون، بەڵام مزگەوتە بچــووکەکانی تێــو ماڵەکانە تــەنها بــۆ نوێــژی نیــوەڕۆو بۆنــە ئایینیــە تایبەتــەکان دەکرانــەوە. زۆربەی جار نوێژ لە ماڵ یا لە شوێنی کارکردن دەکرا کە ئاماژەیەك بوو بــۆ ملکەچی تاکی یا گرووپی بۆ فەرمانــەکانی پــەروەردگار. پیــاوان لــە نوێــژی کۆمەڵی جــەماعی دا بەشــدارییان دەکــرد بــە تایبــەتی لــە نوێــژی نیــوەڕۆی ڕۆژانی هەینی و لە ووتاری هەینیدا ئامادە دەبوون، بــەڵام ژنــانن لــە ماڵــدا نوێژیان دەکــرد، ئەگــەریش بچــوونایە بــۆ مزگــەوت ئــەوا لــە بــەلکۆنێك یــا سوچێکەوە خۆیان جیادەکردەوە. لە ناوماڵــدا ئــەو ڕوویــەرەی بــۆ نوێــژکردن تەرخانــدەکرێت، جیــاوازبوو، چــونکە خێزانــە دەوڵەمەنــدەکان دەیــانتوانی شوێنێکی بچووك کە تایبەت بێت بە نوێژکردن دروستبکەن. لەبــەر ئــەوەی مەرجەکانی نوێــژکردن لەســەر زانینــی ڕووی قیبلــە و بــوونی بڕێــك ئــاو بــۆ دەست نوێژهەڵگرتن و بەرماڵێك یا هەر شتێکی خاوێن بــۆ ئــەوەی نوێــژکار نوێژی لەســەر بکــات، کورتکرابــووەوە، ئــەوا دەکــرا نوێــژ لەهــەر ژوورێکــی ماڵەکەدا بێت ئەنجام بدرێت. لەگەڵ بوونی ئەم مەرجە ســادانەی نوێــژکردن، ئەوا خێزانەکان قاڵی دەستکردو چنراوی دەستی بچووك یا پارچە قوماشــی

چنراو بە شێوەیەکی جوان بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکەن، ئامادە دەکرد. هەموو ئەندامانی خێزان بەیانیان زوو بۆ نوێژی بەیانی لە ماوەی نێوان سپێدە و پێش رۆژهەڵاتن هەڵدەستان. و لە دوای گۆڕینی جلوبەرگ و خواردنی نانی بەیانی خۆیان بۆ کاروباری رۆژانە ئامادە دەکرد..

پیاوان بۆ سەرکار دەڕۆیشتن، یانیش دەچوونە (سەلاموڵك) بۆ پێشوازیکردن لە میوانان. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بەرپرسیارێتی ناو ماڵ لە ئەستۆی ژنان بووەو کارەکانی ناو ماڵیان رادەپەڕاندو زۆربەی کاتەکانی دەست بەتاڵییان لە (حەرمولك) بەسەر دەبرد. وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی پێش شۆڕشی پیشەسازی ئەنجامدانی کاروباری ناو ماڵ کاتێکی زۆری دەویست. خۆش بەحاڵی خێزانە دەوڵەمەندەکان کە دەیانتوانی ژمارەیەکی زۆر خزمەتکاریان هەبێت بۆ ئەنجامدانی هەموو کارە گشتی و تایبەتیەکانی خێزان. کارە سەرەکیەکان بریتیبوون لە پاککردنەوەو شووشتنی زەوی و پککردنەوەی بەشەکانی ماڵ لە تۆزو خۆڵ و شووشتنی جلوبەرگ و پێخەف و کڕینی پێداویستی خواردن، کارەکانی سڕینەوەو شووشتنی زەوی و ئامرازەکانی ناو ماڵ بە بەکارهێنانی گسك یا فلچەو چەمچەی خۆڵ، کارێکی بێ کۆتاو زۆر ماندوو کار بوو هەروەها ئازاریشی بە پشت دەگەیاند. ئەو زەویانەی لە روخام دروستکرابوون بە ئیسفەنج پاکدەکرانەوە.

ئیلا سایکس لە (کرمان) و لە کۆتایی سەدەی ١٩ دا تێبینی گرفتەکانی ناو ماڵی کردووە.. پێکهاتەی زەوی و ژوورەکان وەکو هەموو بەشەکانی تری خانوو لە بەردی بەیەکەوە چەسپکراو پێکهاتووە، جگە لەوەی کە ئەو زەوییە بە (لباد) داپۆشرابوو، لەسەر ئەو لبادەشەوە بە لاکێشی خەت خەت کە هیچ کاتێك لە تۆزو خۆڵ رزگاریان نەدەبوو. گرینگیدان بە پاککردنەوەی قوژبن و گۆشەی ژوورەکان بۆ ئەوەی لە مەترسی پێوەدانی دووپشك و جاڵجاڵۆکەی گورگی بە دووربن؛ کارێکی پێویست بوو.

تەنیا ئـەو جلوبەرگانـەی کـە لەبـەردەکران ودەتـوانرا بـە ئاسـانی وەکـو جلوبەرگی ناوەوە، ڕاخـەر، بـەرگی سـەرین، دەسـتەسـڕو خاولیـەکان کـە بـە بـەردەوامی دەشـۆران، دەکـرا بشـۆرێن و ئوتـوو بکـرێن. بـەڵام جلوبـەرگی ڕازاندنەوەی وەکو (ئەتەمین) یاخود چنراوی بە تاڵـە دەزووی کـانزایی، ئـەوا بە شێوەیەکی خولی (ساڵانە) یاخود (وەرزانە) بە فلَچـە دەشـۆران و، دواتـر دەدرایە هەتاو و بە شـێوەیەکی لوولـدراو لـەناو پێچـەر هەڵـدەگیرا. کڕینـی خـواردن کـارێکی زۆر گـرنگ بـوو هـەروەها.بـۆ خێزانـە درێـژەوەبووەکان پێویسـتییەکی سـەرەکی ژیـان بـوو. کڕینـی خواردەمـەنی پێویسـتی بـە بەهرەیـەکی زۆر بـاش هـەبوو بـۆ ناسـین و دۆزینـەوەی ئـەو شـوێنانەی کـە خواردنی تازەو نوێی تێـدا دەفرۆشـن. کڕینـی پێداویسـتییەکان ئـەرکی ئـەو خزمەتکارانە بوو کە شارەزاییەکی زۆریان لەم بارەیەوە هەبوو.

ڕۆنی شل بۆ چێشت لێنان، گۆشتی قاورمە، ماسی، میـوەی پـارێزراوو وشـککراو، شیرینی و دانەوێڵـەو بـرنج کـە دەکـڕان، تـا ماوەیـەکی زۆر لـە کۆگای ماڵەکان بـۆ مانگـەکانی پـاییزو زسـتان دەپـارێزران و سـوودیان لێ دەبینـرا. زۆرێـك لـەو میـوەو سـەوزەیەی لـە وەرزەکـانی بـەهارو هاوینـدا هەبوون، بە تازەیی و لە وەرزەکانی خۆیاندا دەستدەکەوتن. هەندێ شوێن بە هەبوونی بەرهەمی تازەو بەتام وەك: شیری(ڕائب) لە (کانلیکا) یەکێك بـوو لە ناوچەکانی دەوروبەری بەسفۆر، شووتی بـەتام لـە (مەشـهەد) و، فسـتقی (ڕەفسەنجانی) ئێرانی، ناوبانگیان پەیداکردبوو.

کاتێك کە پێداویستییە سەرەکییەکانی ناو ماڵ ئامادەدەکرا، ئەوا ژنان چەند کارو ئەرکێکیان پێشـدەهات و دەبـوو هەنـدێك لـەو کارانـە هـەم وەك ئەرکێك و هەم وەك چێژوەرگرتنێك ئەنجام بدرێ.

سەرپەرشتی کردن بۆ فێرکردنی چەندین منـداڵ و لاو جـا چ لـە خـزم و کـەس بـن یـاخود ناسـیاوی خێـزان، ئـەوا یـەکێکبوو لـە بەرپرسـیارێتییە

سـەرەکیەکان، ئەمـەش لەبـەر ئـەوە بـوو کـە منـداڵ حـەزیان لێبـوو و بنەماڵەکەش سەری پێیانەوە بڵندبوو و بە خۆشەویستی و بایەخ پێدانێکی زۆرەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـردن. ئـەم منداڵانـە لـە(حـەریم) گـەورە و فێردەکران دەکران، بۆیە هەر زوو لە دایـك و خزمەکانیانـەوە فێـری زمـان و داب و نەریتی ئیسلامی دەبـوون. ئـەو خۆشەویستی و سـەر بڵندییـەی کـە ژنان بۆ منداڵەکانیان هەبوو بە درێژایی ژیان بەردەوامبوو.

سەرباری ئەو هەموو چاودێری و خۆشەویستییە لە رادەبـەدەرە، منداڵـەکان لەسەر ئەخلاقە کۆمەڵایەتییەکان و رێزگرتن لە گەورەو بە تەمەنەکان، پەروەردە دەکران. ئامۆژگاریکردنی منـداڵ لـە رێگـەی دایـك و بـاوك و ئەنـدامانی تـری خێزانـەوە دەبـوو، ئـەم جـۆرە پەروەردەکردنـەش دەبـووە هـۆی دروسـتبوونی دەروونێکی تێکەڵ و سەرسام بە مرۆڤایـەتی و ئاسـانی دروستبوونی. جگـە لـەم شتە بنچینەییانە، ئەوا جۆری فێرکردنەکە جیاواز بوو، ئەمەش بـە پێـی توانـای مادی و باری کۆمەڵایەتی و بەهرەی تاکەکەسی دەگۆڕا.

منـداڵی خێزانـی پاشـایی بـە شـێوەیەکی تـەواو لـە لایـەن مامۆسـتای تایبەتی بە پێی سستمی کۆشك فێردەکـران، بـەڵام سـەبارەت بـە منـداڵانی چینەکانی ترە، ئەوا فێرکردن لە مـاڵ یـا لـە قوتابخانـە ئەنجامـدەدرا. ئەمـە سەبارەت بە کوڕان و کچان وەکو یەك بـوو، چـونکە جیاکردنـەوەی ئـەو دوو ڕەگـەزە لـە دوای تەمـەنی حـەوت سـاڵیەوە پـەیڕەو دەکـرا. منداڵـەکان خوێندنێکی فەرمیان لەبارەی نووسـین و خوێندنـەوەو، خوێنـدنی قورئانـەوە وەردەگرت، جا چ لـە رێگـەی مامۆسـتای تایبەتـەوە بوایـە یـا لـە رێگـەی قوتابخانەی سەرەتایی کە پاشکۆی مزگەوتـەکان بـوون، بـەڕێوە دەچـوو. لـە دوای تـەواوکردنی حـەوت سـاڵی تەمـەن، کـوڕان ئەگـەر بیـان ویسـتایە لـە دامەزراوە یاسایی و ئایینیـەکان وەزیفـەیان دەسـتکەوێت، لـە قۆناغـەکانی قوتابخانەو پـەیمانگاو پاشـکۆکانی مزگـەوت لـە خوێنـدن بـەردەوام دەبـوون.

لەگەڵ ئەوەشدا کوڕان ڕۆڵێکی کاراتر دەگێڕن لە ژیانی سەلامولك، کوڕان لە ڕێگەی کارلێککردن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ میوانەکانی باوکیانەوە، بەهرە کۆمەڵایەتی و دبلۆماسییەکانیان پێدەگەیەنن.

لەگەڵ ئەوەی فێرکردنی کچان لە پانتاییەکی تەسك و لە چوارچێوەی حەرمولکدا ئەنجام دەدرا، ئەوا بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە لەم بارەیەوە هەبوو، فێرکردنێکی فرە ڕەنگبوو. لە حەرمولك کچان لەسەر بەڕێوەبردنی ماڵ و سەرپەرشتی ئەو هەموو خزمەتکارەو دروومان و چنین و چێشت لێنان رادەهێنران. زۆربەی ئەو کچانەی کە بنەماکانی ئیسلامیان دەزانی دەیانتوانی چەند بەشێك لە قورئان لەبەر بکەن. بەڵام کچانی ماڵە دەوڵەمەند و کۆشکەکان و کچی زاناکان رۆشنبیربوون و وانەی ئەدەبی عەرەبی، فارسی، تورکی و هەروەها لەسەر دەستی مامۆستای تایبەتی موزیکیشیان دەخوێند. ئەم جۆرە خوێندنە ئاسۆی بیری کچانی چینی باڵای فراوانکردەوە. دواتر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە دەستکرا بە دامەزراندنی دایەنی بێگانە بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی، پێش ئەم ماوەیە کچان بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو بوارەیان بۆ نەڕەخسابوو تا بتوانن بەهرەو تواناکانیان لە بواری گشتیدا تەوزیف بکەن و بتوانن لە دەرەوەی ماڵەکانیان کار بکەن، تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەرداهات. سەرەڕای سەرقاڵ بوون بە کاری ئەدەبی، کچان و خانمان زۆربەی کاتەکانیان بە دروومان و چنین بەسەر دەبرد. ئەم چالاکیانە لە کولتووری شارنشینیدا ئەرکێکی سەرەکی بوو، چونکە لە شاردا بۆ رازاندنەوەی ناو ماڵەکان پشت بە قوماش و چنین دەبەسترێت. هەندێ لەو کارەدەستیانە بە شێوەیەکی زۆر جوان چنرابوون وەك مەخمەلی چنراو بە تاڵی زێڕو زیو و پەمۆی کۆپی لە قاڵب دراوو پەمۆی موسڵی نەرم کە لە رێگەی بازرگان و فرۆشیارە گەڕۆکەکانەوە بۆ ماڵەکان دەهێنران.

کچان هەر لە منداڵییەوە فێری ئەو کارانە دەکران کە دەرزی تێدا بەکاردەهات، زۆربەی کاتەکانیان تەرخاندەکرد بۆ دروستکردن و چنینی کەرەستەکانی ناو ماڵ و ئامادەکردنی ئەو بارگەیەی کە کچان لە کاتی بووکێنی لەگەڵ خۆیان بۆ ماڵە مێردیان دەیانبرد. بۆیە لە ڕێگەی ئەو کارە دەستیانەی کە ژنان دەیانکرد، پێداویستییەکان لە سەرچەف، خاولی، سەرشان، مل پێچ، سەرپۆش، دەستەسڕ، بەرگە سەرین، ڕاخەر، ڕایەخی ژێر سینی خواردن و بەرماڵ ئامادە دەکران (وێنەی ٧٠). لەو ماڵانەی کە خزمەتکاریان زۆر بوو، خانمی گەورە سەرپەرشتی بەرهەم و فێرکردنی کچانی دەکرد. هەندێ لە خزمەتکارە ژنەکانکاری دروومانی سادەیان ئەنجامدەدا.

چنینی جوان کارێکبوو تایبەت بە کچان و هەندێ خزمەتکاری شارەزاو بەهرەمەند. بۆ ئەندازەی جوانیکارە دەستییەکان پێوەر دانرابوو و بوارێکیان بۆ دەڕەخسا تاکو بەهرەو توانا تەکنیکییە ناوازەکانیانی تێدا بخەنە ڕوو، لە هەمانکاتدا چنین هۆکارێك بوو بۆ دەستەبەرکردنی داهاتێکی سەربەخۆ وەك چۆن ئێدوارد لین لە قاهیرە لە سیەکانی سەدەی ١٩ تێبینی کردووە. (زۆربەی خانمەکان تەنانەت ئەوانەش کە دەچوونەوە سەر خێزانە دەوڵەمەندەکان داهاتی تایبەت بە خۆیان هەبوو، ئەم داهاتەش لە ڕێگەی چنینی دەستەسڕو دەستماڵ و شتی ترەوە دەستیان دەکەوت، بەهۆی دەلاڵەکانیان دەبردران بۆ بازاڕ یان دەیانبرد بۆ حەرەمی ماڵەکانی تر بە مەبەستی فرۆشتنیان). لە ڕووی هەرێمیەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە چنینی قوماش و کارە دەستیەکان بەدیدەکرا، بەڵام بەرچاوترین شوێن کە چنینی بەکاردەهێنا، تورکە عوسمانیەکان بوون، ئەمانە ڕووی هەموو قوماشێکیان بە شێوازی خەیاڵی و تێکەڵ بە شێوەی چنینی ڕاکێشراوو چنینی بە دواییەك لەسەر ئاورێشمی ڕەنگ کاڵ و هێمن دەنەخشاند.

خانم ماری وێرتلی مۆنتگیۆ لە نامەکەی کە بۆ (خانم مار) لە ١٠ی مارسی ١٧١٨ نووسیویەتی دەڵێت: ((چەقۆکان لە زێڕ دروستکرابوون و دەسکەکانیان بە ئەڵماس تێرکرابوو، بەڵام ئەو شتە ناوازەی کە حەسرەتم بۆی کێشا رایەخی سەر مێزەکەو دەستەسڕی نانخواردن بوو، کە لە ئاورێشمی تیفانی دروستکرابوون. زۆر بە لێزانی و بە تاڵی زێڕ چنرابوون و شێوەی گوڵی سروشتی تێدا نەخشابوو. بە داخەوە لەکاتی نانخواردن دەستەسڕی بە نرخی نانخواردنم بەکارهێنا کە زۆر جوان دروستکرابوو، وەك ئەو دەستەسڕانەی کە لەو وڵاتەوە دەنێردرێن و، پێت دەڵێم پێش تەواوبوونی نانخواردنی ئێوارە هەموویان پیس بوون)). هەروەها داب و نەریتەکانی جلوبەرگ تەواو ئامادەکرابوو بۆ نمایشکردنی قوماش و چنراوەکان. کەش و هەواوو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان وای پێویست دەکرد لەشی مرۆڤ بە چەند چینە قوماشێك داپۆشرابێت.

لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا جلوبەرگ بەلای پیاوان و ژنانەوە زۆر گرنگە، بەتایبەت لای چینی دەوڵەمەندەکان. بەجۆرێك کە جلوبەرگ یەکێکبوو لە بەڵگە بەهێزەکان بۆ دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی تاك لە ژیانی گشتی و بازنەی تایبەتی ژیانی خێزانی. بایەخی جلوبەرگ لە بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی ئەو قوماشە رستراوانەی کە دەستدەکەوتن، دەردەکەوت. هەر لە ئاورێشمی بە نرخ کە لە کۆشکی سوڵتان یا پاشا بە شێوەیەکی تایبەتی بەکاردەهات، تا دەگاتە ئاورێشمی ئاسایی و سوف و پەمۆو کەتان کە بریتیبوون لە بەرهەمی لۆکاڵی یا هێنراو لە دەرەوەی وڵات و لە بازاڕەکان دەفرۆشرا یا دەهێنران بۆ ماڵە گەورەکان و بۆ فرۆشتن نمایشدەکران. دەستە جلکی نیزامی کە وردەکاری زۆری پێویستە بۆ دوورینی ئەم جۆرە جلوبەرگانە دروومانکاری لێزان دەیان دووری، ئەوا زۆربەی جلوبەرگەکانی بنەماڵە

لەناو ماڵدا دەدووران. ئامینە فەوات تۆغای وەسفێکی داب و نەریتی خێزانی عوسمانیمان بۆ باس دەکات لە سەرەتای سەدەی ٢٠.

لە بەهارو پاییزدا تۆپە قوماش و قوماشی لە پەمۆ دروستکراوو فانیلا دەگەیشتنە ماڵەکان بۆ ئەوەی جلوبەرگی خزمەتکارو بەردەستەکانی لێ بدوورن. هەموو خزمەتکارەکان (ژن و کچ) جلوبەرگی وەك یەکیان بۆ دروستدەکرا، بەڵام ئەوانەی کە پلەی زۆرباش یا باش یان هەبوو، ئەوا دەیانتوانی ئەو جلوبەرگانەو ئەو چنراوە تایبەتیانە هەڵبژێرن کە بە دڵی خۆیانە. دروومانکارە یۆنانییەکە لە هەمان گەڕەك دادەنیشێت و کۆنترۆڵی ژووری دروومانی ماڵەوەی کردووەو لەگەڵیدا خزمەتکارە کارامەکان کە دەستی دروومانیان هەیە یارمەتی دەدەن. ئەمانە جلوبەرگی ئەوانەی لە ماڵەوە کاریان دەکرد دەدووری و هەر خزمەتکارێك چوار دەستە جلی لە لۆکە دروستکراوی هاوینەی بۆ ئامادە دەکرا، دوو دەستە جل بۆ کارکردن و دوانەکەی تر بۆ کاتەکانی دوای نیوەڕۆ، هەروەها چوار دەستە جلی فانیلەیی و دەستە جلێکی سوفی بۆ زستان. ئەمە ئەو سستمە بوو کە لە سەدەکانی پێشوو پێش بەکارهێنانی بەرهەمی گشتی بۆ دروستکردنی جلوبەرگی ئامادەکراو پەیڕەو دەکرا. چینی باڵا بەشێکی زۆری کات و توانایان بۆ ئامادەکردنی جلوبەرگ و ڕێکخستنیان تەرخاندەکرد، چونکە پارێزگاریکردن لە شێوەو ڕێکی جلوبەرگ، خۆ جوانکردن بە خشڵ، زیو ئەوا پێگەی کۆمەڵایەتی خانەوادەکانیان بەرزدەکردەوە.

شێوازەکانی جلوبەرگ بە پێی ئەو قوماشە نەخشراوانەی بەکاردەهاتن، جیاواز بوون کە ئەمەش بووە هۆی ڕەخساندنی بوارێکی فرەڕەنگی بەرامبەر بە زەوقی تاکەکەسی. شێوازو جۆرەکانی جلوبەرگ لە کۆشکدا پێوەرێك بوو بۆ پێگەی تاك لە ئەستەنبوڵ و شارە گەورەکانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. جلوبەرگەکان هەندێ پاشکۆیان بۆ زیاد دەکراو زۆر بە ڕێکی

ڕێکدەخران کە بە قەمیسی سپی فەقیانەدار دەست پێدەکات (وێنەی٧١)، و لە ئاورێشمی ناسکی لۆچ لۆچ دروستکراو یا لە پەمۆی میللی بە (دانتێلا) کە زۆر کارامە دروستکرابوون، دواتر شەرواڵێکی پان و پۆڕو بەرگی درێژ کە زۆر بە جوانی دووراون و دامەنەکەی لە چەند چینێك پێکدەهات، هەندێ جار چاکەتێکی بچووك و تەسك لەبەر دەکرا. جۆری قوماش و ڕەنگ و چنینەکەی لە ئاورێشمی نەخشێنراو بە یەکەی زەخرەفی لەسەر شێوەی گوڵی گەورە یا لەسەر شێوەی هێڵی کێشراوو ستوونی باریك دەچنرا یاخود ئاورێشمی چنراو بە زێڕو زیوی ڕەنگ تۆخ وەك سوورو سەوزو شەرابی پێکدەهات (وێنەی ٧٢). ناوقەد بەهۆی پشتێن یا شاڵی لولدراوی تێرکراو بە خشڵ و بەردی بە نرخ دەبەسترا. چەند شاڵێکی چنراو لولدەدرێت و لایەکانی بە دانتێلاو بە شێوەیەکی زۆر کارامە چنراوەو کراوە بە کڵاوی سەر. دوای ئەوەی کە بازن و تەوقەی قژو سنجاقی جوانی لە سەرپۆش یا کڵاوەکە دەدرا، لەناو کۆشك پێڵاوی دروستکراو لە مەخمەلی چنراو یا قاپ قاپی بن بەرز لە پێدەکرا. دوا بەدوای ئەمانە خۆجوانکردنەکە بە ڕێکخستنی قژو ئارایشتکردنی دەم و چاو تەواو دەبوو. قژ بە چەند هۆنینەوەیەك ڕێکدەخرا، ئەم قژە هۆنراوانەش هەر هەمووی بەهۆی زنجیرەی زێڕو زیوەوە تێکەڵاو دەکران. ئینجا دەم و چاو بە بۆدرەو سوورکردنی رومەتەکان ئارایشدەکرا. چاوەکان کل ڕێژ دەکران و برۆکانیش ڕەش دەکران، هەروەهاناو لەپ و پێیەکانیش بۆ جوانکردنیان لە خەنە دەگیران.

خانم ماری وێرتلی مۆنتگیۆ وەسفی ئەو هەموو هیلاکەتیە دەکات کە تاکەکان بۆ خۆڕازاندنەوە دەیانکردو لە ساڵی ١٧١٨ نووسیویەتی: قەفتانی بە ئاورێشمی کۆپیکراو لە سەرشێوەی وێنەی گوڵ دروستکراو بە زێڕ چنرابوو، لە لەش و لاری دەهات، کە تەنها بە قەمیسێکی تەنکی لەشاش دروستکراو داپۆشرابوو و، فەقیانەکانی ڕەنگی پەمەیی کاڵ بوو، هێلەگە

بچووکەکەشی ڕەنگی سەوزو زیوی و پێڵاوەکانیشی سپی و زۆر بە جوانی چنرابوون، هەروەها قۆڵە ناسکەکانیشی بە بازنەی ئەڵماس ڕازێنرابوونەوە. ئەم بازنانە ناوەڕاستەکەیان بە ئەڵماس تێرکرابوو. سەرپۆشێکی تورکی ڕەنگ پەمەیی و زیوی لەسەر بوو، قژە ڕەشە درێژە ئاورێشمینەکەی هاتبووە خوارەوە و تەوقەیەکی دروستکراو لە بەردی بە نرخ بەلایەکی سەریەوە کردبوو.

خانمەکانی چینی باڵا لە قاهیرە هەمان شێوە جلوبەرگیان لە بەردەکرد، چونکە بە مۆدێلی عوسمانی زۆر کاریگەر بوون. خانمە ئێرانییەکانی سەدەی ١٩ ئەوان بە زێڕو ئارایشکردنی دەم و چاویان خۆیان دەڕازاندەوە، بەڵام ئەمان لەسەر قەمیسی تەنکی لەشاش دروستکراو هێلەگێکی بچووك و تەسکیان لەبەر دەکرد و تا ناوقەدیان دەهات، جا لەسەر تەنورەیەکی پان و درێژ کە دەگەیشتە سەر پێیەکانیان یا لەسەر شەرواڵی پان و پۆڕ لەبەریاندەکرد. ئەم جل و بەرگانەش لە ئاورێشمی قامیشی دروستکرابوون. سەرپۆشە جوانەکانی سەر کە بە گەوهەر تێرکراون یا لە شاڵێکی سادە لە دەوری دەم و چاو زۆر بە توندی گرێدرابوو، پێکدەهات.

وەك چۆن لە وەسفەکانی خانم شێل دا دەردەکەوێت، کاتێك باس لە جلوبەرگی دایکی شا نەسرەددین دەکات، جلوبەرگێکی تەواو سەرسوڕهێنەرو زۆر سحرێکی بێوێنەی هەبوو.

((دایکی شا زێڕو گەوهەری زۆری بەخۆیەوە کردبوو، ئەو جۆرە شەرواڵەی لەبەری دابوو بە زێڕ چنرابوو. ئەم شەرواڵە فارسیانە هەمیشە - وەکو لە پێشتر ئاماژەم پێکرد زۆر پان و پۆڕ بوون، هەر پێیەکی شەرواڵەکە بۆ کەسێك دەوڵەمەند بێت لە پانی تەنورەیەك پانتربوو، بۆیە شێوەی لە تەنورەیەکی زۆر پان دەچوو، لەبەر ئەوەی تەنورەکانی ژێرەوە ڕوخەکانی تێلی تێدا دانەدەنرا، ئەوا خانمە زۆر پوختەکان دە شەرواڵ یا یازدە

شەرواڵیان لەبەر دەکرد، هەریەکەو لەسەر ئەویتر بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو داهێنانە گرنگە بکەنەوە کە پێشتر باسکرا. بەڵام با بگەڕێینەوە لای دایکی شا: کۆتایی شەرواڵەکانی لە شریتێکی چنراو لە گەوهەر دروستکراوە (وێنەی وێنەی٧٣)، هەروەها قەمیسێکی شینی لەبەر دابوو کە لە ئاورێشمی ناسکی چینی دروستکرابوو، رۆخەکانی ئەمیشیان بە گەوهەر رازێنرابووەو هێلەگێکی لە مەخمەر دروستکراوی لەسەر قەمیسەکەوە لەبەر دابوو، بەڵام لە پێشەوە دانەخرابوو. سەرپۆشێکی بچووکی بەسەرەوە بوو کە لە خوار چەناگەیەوە بە دەرزیلەیەك قایم کرابوو. لەسەر ئەو سەرپۆشەوە تاڵی گەوهەری گەورەو دەرزیلەی بچووك کە سەرەکانیان ئەڵماس بوو، هاتبوونە خوارەوە و هەردوو دەستەکانی بازنی زۆر جوانیان تێدا بوو، هەروەها ملوانکەی جۆراو جۆرو گرانبەهای لە ملدا بوو))..

ئەم هەموو گرینگیدان و خۆرێکخستنە لە ناو ماڵدابوو نەك لە دەرەوە. هەروەها جلوبەرگی چوونە دەرەوەش بەپێی ناوچەکان دەگۆڕا. ژنانی ئەستەنبوڵ بۆ چوونە دەرەوە چاکەتی درێژو رەنگ تاریکیان لەبەر دەکردو سەرو دەم و چاویان بە دەسماڵ و سەرپۆش یا بە یەشمەك دادەپۆشی. بەڵام ژنانی قاهیرەو ئێران لە سەرەوە تاکو قولە پێیەکانیان بە عەبا داپۆشرابوو و دەم و چاویشیان بە پێچەیەکی درێژو لاکێشەیی پێچرابوو.

لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەو جیاکردنەوەیەی کە لە جلوبەرگی بۆنە تایبەتی و گشتیەکاندا دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری کولتووری ئەورووپی لایەنی پلاندانانی شارو بیناسازی و جلوبەرگیشی گرتبووەوە (وێنەی ٧٤). شێوازی ئەورووپی وردە وردە دزەیدەکردە ناو حەرەمولکی چینە دەوڵەمەندەکانی ئەستەنبوڵ و قاهیرە، بەشێوەیەك ئارەزوو بۆ جلوبەرگی ئامادەکراو تا جلوبەرگی نەریتی زیاتر بوو، ئەو جلو بەرگانە لە پاریس و ڤیەنناوە بۆ کچی سوڵتان و پاشاکانی رۆژهەڵات دەهێنران. بەڵام ژنانی تر

بـه هاوشـێوەی ئـەو جلوبەرگـە ئەوروپیانـەی لـەلای ئـەو بەرگـدرووە ڕۆژهەڵاتیانەی کە خاوەن پڕۆژەی بازرگـانی بـوون داوایانـدەکرد، ئیکتفایـان دەکرد. بەهەمان شێوە شێوازەکانی جلوبەرگی ئـەوروپی هـەمان کاریگـەری لەسەر جلوبەرگی پیـاوانی دیـوانی پاشـایەتی و خـاوەن وەزیفـە فەرمیـەکان هەبوو. جلوبەرگەکانیان گۆڕانی بەسـەر داهـات و کـڵاو و دەسماڵی نـەریتی سەریان بۆ تاخمێکی تر گـۆڕا، کـە بریتیبـوو لـە چاکەتێکی درێـژ تـا سـەر ئەژنۆو پانتۆڵی تەسك، ئینجا لە چنینی دەسمـاڵ و کـڵاودا، ئـەوا کڵاوێکـی ڕەشی دروستکراو لە پێستەی مەڕیان لەسەر دەکرد.

بـەڵام دروسـتکردنی چێشـت و پێشکەشـکردنی ژەمـەکان، ئـەوا چالاکییەکی سـەرەکی بـوو و زۆر گرنگـی پێـدەدرا. کولتـووری خـۆراك لـە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند و بەوە جیادەکرێتەوە کە شتی تازەو نوێ لەکاتی خواردن دروستکردندا بەکاردەهێنن و بـە باشـترین شـێوە لێیدەنێن بێ ئەوەی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی بەهارات و گژوگیا کە تامی خواردن دەگۆڕێت، بکەن. هەروەها بـە جیـاوازی لـە فرەڕەنگـی ژەمـەکان و جۆری خواردنـەکان جیادەکرایـەوە. مەرجـەکانی خـۆراك ببـوو بـە کـارێکی ڕۆژانە و سـادە، بـە جۆرێـك گۆشـتی بـەراز حەرامـە، لەبـەر ئـەوەیناییـنی ئیسلام وایداناوە و لەبەر تەندروستی تاکیش، خواردنی پەسەندکراو نییە.

خواردنی پێشکەشکراو وەکو چۆن پێشتر بەکاردەهات لە جیـاتی زبـدە، بە زەیتی زەیتون ئامادە دەکرا، چونکە دوای دروسـتکردنی خواردنەکە بـە زبدە بۆن و بەرامێکی ناخۆشی لێدەهات. هەروەها لەمەودوا شیریش دەکـرا بە ماستی رائب یا پەنیر. ژەمی خواردن لە چێشتخانەیەك ئامـادەدەکرا کـە دەکەوتە نێوان حەرمولك و سەلامولك، یا ژوورێکی سـەربەخۆی لەحەوش بۆ تەرخاندەکرا کە ئەمەش بە پێی قـەبارەو ڕووبـەری زەوی ماڵـەکان دەگـۆڕا. هەموو ماڵە گەورەکان چێشت لێنەری خۆیان هەبوو و کاری چێشت لێنـانی

له ئەستۆ دەگرت، ئینجا هەبوو چێشتلێنەرەکە ڕۆژانە کاری دەکرد یا لە بۆنە تایبەتییەکان بە کرێ دەهێنران.

کاتی ژەمەکانی نانخواردن لەگەڵ کاتەکانی نوێژکردن یەك بوو، بۆیە نانی بەیانی یەکسەر دوای نوێژی بەیانی دەخورا، بەڵام ژەمە سەرەکییەکان کە نانخواردنی هەموو ئەندامانی خێزان بوو، ئەوا درەنگ و لە دوای نیوەڕۆ یا دوای نوێژی مەغریب دەخورا. سەبارەت بە پێوەرە ئەورووپییە هاوچەرخەکان، ئەوا ژەمەکان نارەسمی بوون و لە ڕووی شوێن و چۆنییەتی پێشکەشکردنیانەوە شوێنێك یا پانتاییەك بۆ نانخواردن دیارینەکرابوو. هەموو ژوورەکانی ماڵی نەریتی لە میسر وتورکیای عوسمانیدا بۆ نانخواردن بەکاردەهاتن. خواردن لەسەر سینیەکی گەورە دەهێنرایە ژوورەوە، ئینجا لەسەر دەرخۆنە یا شتێك لە شێوەی مێزێکی بچووك و بلند دادەنراو کەسەکان لەسەر زەویەکەو لە دەوری خواردنەکە کۆدەبوونەوەو نانیان دەخوارد، هەریەکەو دەستەسڕێکی سەرخوانی لە تەنیشتدا بوو (وێنەی٧٥).

لە ئێران خوان لەسەر زەوی رادەخرا. ئینجا خواردنەکە لەناو سینی داپۆشراو دەهێنراو لەناو قاپی کانزایی یا لەسەر پارچە نانی گەورە دادەنران و، بە دەستی ڕاست دەیانخوارد. تەنها ئامرازێك کە بۆ نانخواردن بەکارهاتبێت کەوچك و کەوچکی شلەبوون. بەڵام جۆری خواردنەکان ئەوا بە چاو پۆشی لە پێکهاتەی هەر یەکەیان پێکەوە یا دوا بە دوای یەك و بە خێرایی پێشکەشدەکران. ئەم جۆرەی خواردن پێشکەشکردنە لە هەموو ئاستە کۆمەڵایەتییەکان بەدیدەکرا، تەنها لە دیوانی پاشایی و چینە دەوڵەمەندەکان نەبێت کە بەهۆی جیاوازی لە جۆری قوماشی سەر خوان و دەستە سڕەکان و ئەو ئامرازانەی کە بۆ نانخواردن و پێکهاتەی خواردنەکان بەکاردەهاتن، جیاوازبوون. تەنها لە سەدەی ١٩ بەدواوە کە شێوازی ئەورووپی بۆ نانخواردن و ژەمەکان لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگە پەیڕەودەکرا،

ئیتر خواردن لەسەر مێزو لە شوێنی دیاریکراو بۆ نانخواردن و لیستی خواردنی جۆراو جۆر پێشکەشدەکرا.

ژەمە نانی بەیانیان خواردنێکی سووك و سادە بوو و پێش ئەوەی ئەندامانی خێزان هەریەکەو بۆ سەر کاری ڕۆژانەی خۆی بڕوا، نان دەخورا. ئەم ژەمەی خواردن لە نان و پەنیرو ماستی رائب و چا و میوەی وەرزی پێکهاتبوو، هەروەها جاری وا هەبووهێلکەو مرەبای دروستکراوی ماڵەوەشی لەگەڵ دادەنرا.

لە میسر ژەمێك پاقلەی چەور بۆ ژەمی بەیانیان دادەنرا، کە بریتیبوو لە تێکەڵەیەك لە پاقلەی کوڵاو لەگەڵ زەیتی زەیتون و زەردەچۆ.. ئامادەکردنی خواردنی ئێوارە لە دوای نوێژی نیوەڕۆ و دوای ژەمە خواردنێکی سووك بریتیبوو لەو خواردنەی کە پێشتر مابووەوە. ژەمە خواردنی ئێوارەو ئامادەکردنی وەزیفەیەکی زۆر گرنگبوو، چونکە ئەو خواردنە بۆ هەموو ئەندامانی خێزان، خزمەتکارەکان، هەژارو نەدارانی مزگەوتەکان دروستدەکرا.

جۆری خواردن سەبارەت بە خێزانە دەوڵەمەندەکان لە گۆشت و شلە یا ماسی و سەوزە پێکهاتبوو. هەروەها جۆری سەرەکی خواردن بریتیبوو لە برنج یا نان و میوەی وەرزی، ئامادەکردنی ئەمانە بەپێی هەرێمەکان دەگۆڕا. شلە هەمیشە لە سەوزەی کوڵاو لەگەڵ ئاوەکەی یا نیسك دروستدەکرا. بەڵام شلە لە ئێران لە میوەی ووشککراوو سرکەی هەنار چاکدەکرا. گۆشتەکەش گۆشتی مەڕو ماڵات بوو و هەندێ جاریش گۆشتی ئەو نێچیرانەیان دەخوارد کە ڕاویان دەکردن. هەروەها گۆشتی مریشك و پەلەوەری سوورکراو بۆ ژەمە سەرەکیەکان، کە هەندێ جار گوێزو بادام و کشمیشیان تێدەئاخنی (وەکو قوزی ئەم سەردەمە) ئامادە دەکران.

گۆشتەکە تێکەڵاو بە سەوزەی وەك پیاز، گێزەر، سپێناغ، باینجان و گژوگیا دەکرا، ئینجا لەگەڵ زەیت یا زبدە یا ڕۆنی تر دەکوڵێنرا. وەکو چۆن لە

جـۆره خـواردنی (فسـنجون) کـه یەکێکـه لـه خواردنـه خۆشـەکانی ئێـران بەکاردەهات. چێشتی فسنجون لـه مریشـك یـا مـراوی یـا ماسـی حەفش کـه لەسـەر ئـاگرێکی کـز دادەنرێـت و لـەناو شـەربەتی هـەنارو گـوێز نغـرۆ دەکـرا، پێکدێت. بەهەمان شێوه سەوزەواتیش وەك ژەمێکی سەرەکی لێـدەنران، لەوانـه باینجان به شـێوەی جۆراوجـۆر لێـدەنرا، پیـازو تێکەڵەیـەك لـه بـرنج و گۆشـتی سوورکراوو گژوگیاو میوەی وشـککراوی تێـدەئاخێنرا وەك: پـۆرگی تـورکی کـه بریتیه له پارچەی پەنیر یا گۆشت یـا سـپێناغ کـه لـەناو پارچـه هـەویرێکی زۆر تـەنکی لـوول دراو لەسـەر شـێوەی سێگۆشـه یـا خـڕ یـانیش چوارگۆشـه دەپێچرایەوه. هەروەها کوکوی ئێرانی ئەمیشیان هەویرێکـه لـه ئـاردو هێلکـەو ڕۆن یا زەیت دروست دەکرێت، ئەسـتوورەو لـه سـەوزەو گیـاو پەتاتـەو باینجـان پڕدەکرێـت. ئینجـا لەگـەڵ ئـەم هـەموو خواردنانـەدا بـرنج وەکـو خـواردنێکی سەرەکی پێشکەش دەکرا، یانیش ئەو برنجه بـه شـێوەیەکی زۆر خـۆش لێـدەنرا، وەك پلاویتورکی که گێزەرو کشمیش و باینجـان و جـەرگی مریشـك لـه برنجه پلاوەکـه دەکـرا. چێشـتخانەی ئێرانـی لێنـانی برنجـی پەرەپێـداو لـه هونـەری چێشتلێناندا کردی به هونەرێکی زۆر جوان، بۆ نمونه زەردەلوو گێلاس، تـوێکڵی پرتەقاڵ، سپێناغ، پاقلەی سەوز یـا مریشـك یـانیش گۆشـتیان ئامـادە دەکـرد، ئینجا برنجەکه لەسەر شێوەی گردۆڵکەی ڕەنگاوڕەنگ ڕۆدەکراو بـه زەعفـەران و فستق دەڕازێنرایەوه. هەروەك چەندین خواردنی لاوەکی بەتام لەگـەڵ ئـەم ژەمـه خواردنه سەرەکیانەدا پێشکەشدەکران وەك زەڵاتـەی وەرزی، خـەیاری سـوێرکراو لەگەڵ دۆی رائب و ئەو ترشیاتەی له ماڵان ئامادەدەکرا. خواردنـەوەکان لـه ئـاو یـا دۆ یـا هـەر خواردنەوەیـەکی میللـی تـر پێکـدەهاتن، وەك شـەربەتی لیمـۆ، پرتەقاڵ، هەنار، ئاوی گوڵ و گێلاس تێکەڵ بە شەکر دەکران و پێشکەشدەکرا.

هەمیشـــه دوای ژەمـــه نانخواردنـــەکان جۆرەهـــا میـــوەی وەرزی پێشکەشدەکران وەك شەمامە، پرتەقاڵ، گێلاس، زەردەلوو ترێ. له زستاندا

کۆتـایی ژەمـەکان میـوەی هـەڵگیراو لـەناو شـەکراو وەك مرەبـای هـەنجیر، شووتی وباینجان یا هەر شتێکی تـری وشـککراو پێشکەشـدەکرا. هەرچـی قاوەیە، ئەوا تەنها لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا و لەگەڵ شیرینی پێشکەش بە میوانـان دەکـرا. بـەهۆی ئـەو کاریگەرییـەی کـە شـێوازی ئـەورووپی لەسـەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی خواردەمەنی دروستیکرد، ئەوا قاوەو شیرینی بـوو بە نەریت و لەدوای نانخواردنی ئێوارە پێشکەشدەکرا.

دوای نانخواردنی ئێوارە لە هۆڵی سەرەکی حەرمولك ئیتر دەستدەکرا بـە قسەو باس، کە دیسان خواردنی سـووك پێشکەشـدەکرا وەك: شـیرنەمەنی و میوەی وشککراو کە رەنگە هەندێ جار پیـاوان بچـوونایەتە سـەلاملوك بـۆ ئەوەی قسەو باس و گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانە بکـەن کـە پەیوەنـدی بـە خۆیانەوە هەیە، ئینجا لەگەڵ ئەو دانیشتنانە پێشکەش دەکرا.

بە پێی ئەو بەهرەو فێرکردنانەی کە منداڵان لـە ماڵـەوە فێـری دەبـوون چالاکییەکی زۆر لە ماڵدا هەبوون، بۆ نمونە خانمان وکچانی تورکی و ئێرانـی سەرباری سەرقاڵبوونیان بە چنین، ئەوا شـارەزاییەکی زۆر باشـیان سـەبارەت بە دروستکردنی خواردنی بەتام و خۆش، چـۆنیەتی ئامـادەکردنی خـواردنی سەرەکی، خواردنە نەریتیەکان و خواردنی نوێ هەبوو..

خانم شێل لە نووسینەکانیدا دەڵێت: یەکێك لە شازادەکان کە پیاوەکەی لـە پلـەی پیاوەکـەی منـدا بـوو و لەگـەڵ یـەکتر زۆر بـرادەر بـوون. شـازادە واڕاهاتبوو هەموو ئێوارەیەك جۆرەها شتی سوورکراوە بـۆ ماڵمـان بنێرێت. هـــەموو جارەکـــان چـــەند دەســـتەواژەیەکی ناســـك و جوانیشـــی لەگـــەڵ خواردنەکـەدا دەنـارد، وەك ئـەوەی ئـەم خواردنـە لـە دروسـتکردنی خـانم شازادەیە. جاری واش هەبوو بەرخێکی بچووکی سوورکراوەی دەنارد کـە بـە گوڵ و گوڵزار رازابووەوە، ورگـی بەرخەکـە بـە فسـتق ئـاخێنرابوو، ئەمـەش سەبارەت بە ئێمە رووداوێکی زۆر خۆش و ناوازە بوو.

لەو خێزانانەی کە پلەیەکی بەرزی خوێندنیان بەدەست هێنابوو، هەردوو ڕەگەز (نێر ومێ) هەندێ کاتی خۆیان بۆ خوێندن و نووسین و خەتجوانی تەرخاندەکرد.

لە سەدەی ١٦ بەدواوە ناوی ژنان هاتە ناو نووسینی شعری کلاسیکی، تەجریبی و لە کۆپیکردنی کتێبە ئاینییەکاندا کە بە جۆرەها خەت و بە جوانترین شێوە دەیاننووسی، دەستێکی بالآیان هەبوو. ئینجا پێش ئەوەی ئەندامانی خێزان بخەون، چالاکییەکانی ڕۆژانە لەگەڵ ئەنجامدانی نوێژی عیشا تەواو دەبوون.

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

(١) هاوسەری باڵیۆزی بەریتانی لە ئێران ئۆستن شیل. یەکەم ژن بوو لە بارەی ئێرانەوە نووسیبووی. تێبینیە ووردەکانی خۆی لە ماوەی نێوان مانەوەی لەو ناوچەیە لە نێوان ساڵانی (١٨٤٩– ١٨٥٣) تۆمارکردووە. (وەرگێری عەرەبی).

(٢) خاتوو ماری خوشکی ئەدەبناس ماری وێرتلی مۆنتگیۆ و، کۆنتێسەی هەرێمی مار بوو. (وەرگێری عەرەبی).

(٣) ئاورێشمی تیفانی کە ئاوریشمی فەرەنسی ناسك و نیمچە شەفافە، لە سەدەی ١٧ لە فەرەنسا و بەریتانیا لە دروستکردنی پێچە و دەسماڵی دەمووچاو بەکارهێنانی باو بوو.

(٤) ئامینە فەوات تۆغای (١٨٩٧– ١٨٧٥) کچی باڵیۆزی عوسمانی محەمەد موختار پاشا. وانەی وێنەی لە زیۆرخ و ئەڵمانیا خوێندوە. شوی بە ئەحمەد هۆلۆس تۆغانی کردووە. (وەرگێری عەرەبی).

(٥) واتە قلفەکان. دەستەواژەیەکی تورکیە بەمانای سەرپەرشتیاری خزمەتکارەکان دێت. (وەرگێری عەرەبی).

(٦) دەستەواژەیەکی تورکیە بەمانای گەورەی خزمەتکارەکان. (وەرگێری عەرەبی).

بەشی پێنجەم: ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک

نووسەر: بۆ بۆنە ئاینییەکان، نمونەکان لە نێوان نەریتەکانی ڕۆژانەی خێزان و مانگ ژمێری ئیسلامی بوو بوون بە سستمێك و ئاوازێکی نەگۆڕاو کە جێگیری ژیانی ڕۆژانەی خەڵك دیاریدەکەن.

هاوسەری (ئەلکت خدا) لەسەر جێگەکەی کە ٣ پلیکانە لەسەر ڕووی زەوییەوە بەرزەو لەسەر کورسیەکەی کە بە فەرشێکی زۆر جوان داپۆشرابوو، دانیشتوەو شانی داوەتە حاشیەیەکی کە لە ئەتڵەسی سپی چنراو دروستکراوە، لای پێیەکانیەوە دوو کچۆڵەی تازە پێگەیشتوو دانیشتوون کە گەورەکەیان تەمەنی هەر دوانزە ساڵان دەبێت، ئەوەندە جوانن وەکو دوو فریشتەن. ئەوانە بە جلوبەرگی زۆر نایاب دەردەکەوتن، کە هەر هەمووی بە گەوهەر داپۆشرابوون. خانمەکە بۆ پێشوازیکردنم هەستایەوە و بە شێوازی خۆیان سڵاوی لێکردم، زۆر بە لوتفەوە دەستی لەسەر دڵی دانا. دواتر فەرمانیدا بە پێشکەشکردنی یەکە بەیەکەی حاشییەکەی و خەریکی ڕێزلێنانی من بوو. لە گۆشەیەك دانیشاندم و جێگەی ڕێزلێگیراوان بوو. پاشان پێی ووتم کە ئەو دوو کچۆڵەیە کچی خۆین، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو زۆر لەوە بچووکتر دەردەکەوت کە دایکی ئەو دوو کچۆڵەیە بێت. دواتر کەنیزە ناسکەکانی ئەو خانمە لە دەوری جێگاکەی ڕیزبوون، کە ژمارەیان خۆی لە (٢٠) کەنیز دەدا.

ئەم کەنیزانە لەسەر ئەژنۆ دەوەستان و لەناو فنجانی بچووك کە بە زیو ڕووپۆشکرابوو، لە باشترین جۆرەکانی فنجانی چینی بوون کە لە یابانەوە هێنرابوون، قاوەیان پێشکەشم دەکرد.

ڕاپۆرتەکەی خانم ماری وێرتلی مۆنتگیۆ لە سەردانەکەی بۆ لای هاوسەری قارەمان سوڵتان ئەحمەدی سێیەم لە ١٧١٧ وەسفێکی زۆر جوان لە بارەیچۆنیەتی میوانداریکردنییەوە دەکات.

بۆنـەکانی پێشـوازیکردن و میوانـداری تاکـەکانی خێـزان بەتایبـەتی ئافرەتـان، وایکریـوو سـنووری چوارچێوە تایبەتیەکـەیان ببـەزێنن. زۆریـەی خانمەکانی چینی بالاّ لە سەردەمی عوسـانیەکاندا ڕۆژێکیـان لـە هەفتـە بـۆ پێشوازیکردن لە زۆرێك لە دەستە خوشکەکانیان لە حەرمولك، دیاریدەکرد. ئەم ڕۆژانە هەلێك بوون بۆ نمایشکردنی قوماش و جلو بەرگە نایابـەکانیان و ئالوگۆڕکردنی دیـاری چـنراو. لـە دوای سـلاّوکردنە فەرمیـەکان، قـاوەو چـا پێشکەش بە میوانەکان دەکرا. سەرەڕای پێشکەشـکردنی میـوەی شـیرین و شیرینیە سووکەکان کە ناواخنەکەی بە گوێزی ووردکراوو فستقی تێکەڵکراو بە هـەنگوین ئـاخێنرابوون، ئەمـەش بـەپێی چـەند هـەنگاوێکی ڕێکخـراوو دیاریکراو بە درێژایی میواندارییەکە پێشکەشدەکرێت. قاوە لـە چێشـتخانە بچووکەکانی پاشکۆی حەرمولك و سەلاملك لە ڕێگـەی چـەند کەسـێکەوە ئامادە دەکرێت. بە جۆرێك ئەم چێشتخانانە بۆ برژاندنی دەنکـە قاوەکـان و پاشـان هـاڕینی ئـەو دەنکانـە بـۆ هاڕاوەیـەکی زۆر وورد مەقالـّەیان ئامادەکردبوو. قاوە لە شـێوەی تێکەڵەیـەکی چـڕو سـەخت لـەناو دەفرێکـی مس ئامادە دەکرا، کە دەسـکێکی درێـژو شـوێن تێکـەرێکی هـەبوو. دوای ئامادەکردن قاوەکە دەخرایە ناو فنجانەی بچووك، تامی ئەو قاوانە بە پێـی جیاوازی جۆری تۆیەکـەو ڕێـژەی شـەکرو بـەهاراتی بۆنـدار کـە تێکـەلاّویان دەکرد؛ جیاوازییان هەبوو.

جاری وا هەبوو میوانەکان منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، ئەمـەش بە ئەنـدازەی فـەرمیبوونی ئـەو سـەردانەی یـا ئـەو شـوێنەی بـۆی دەچـوون دەگۆڕا، ئەم میوانانە لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا دەستیاندەکرد بە کاری چنین و ئالوگۆڕکردنی هەواڵ و بـاس و خواسـتی خـەلکی تـر. جـاری واهـەبوو لـەو کاتانـەدا دەلاّلـەکان دەهـاتن، ئەمانـە هـەموو ڕۆژەکـانی سـەردانییان لەگەڕەکـەکان دەزانـی و لەگـەڵ دەسـتی خۆیانـدا تۆپـە قومـاش و شـتی

دروستکراویان دەبرد. ئەمانە زۆر دڵنیابوون لەوەی کە دەتوانن لە ڕێگەی ئەم دەڵاڵییەیانەوە قازانجی مادی باش دەکەن. پێش داهێنانی ئامراز و شێوازەکانی گواستنەوە لە سەدەی حەڤدە، هەروەها پێش بەکارهێنانی چوارچەرخە یا چەرخەی لندوییە[٢]، ئەوا زۆربەی کاتەکان میوانەکان شەو لە ماڵی خاوەن ماڵ دەمانەوە.

هیچ کاتێك پێشوازیکردن لە میوانێکی زۆر کێشە نەبووە، جا چ لە حەرمولك بێ یا سەلامولك، بەجۆرێك کە هەموو کەلوپەلە پێویستەکان لە پێخەف و کەلوپەلی حەسانەوە لە کۆگەی تایبەت بە خێزان دەردەهێنران و سەر زەوییان پێ رایەخ دەکرد. لە سەلامولکیش ژیانێکی کۆمەڵایەتی تارادەیەك هاوتای ئەو ژیانەبوو کە لە حەرمولك مومارەسە دەکرا، بەڵام پیاوەکان هەردەم هەلی بەیەکگەیشتنیان زیاتر بوو، زۆربەی جار لە چایخانەکان کە لە شارەکانی رۆژهەڵاتدا زۆر باوبوون، دەیانتوانی یەکتر ببینن. لەم شوێنانەدا پیاوان لەگەڵ موزیکژەن و سەماکارو چیرۆك گێڕەوەکان کاتەکانیان دەگوزەراند. لەگەڵ ئەوەی هەردوو ڕەگەزەکە بە شێوەیەکی کردەیی ژیانێکی لە یەك دابڕاوییان بەسەر دەبرد، بەڵام سەبارەت بە ژنان جگە لە ڕێوڕەسمی سەردانیکردنی یەکتری، هەلی تریان بۆ چوونە دەرەوە لەو تەنهاییەو لەنێو حەرەمی ماڵەکانیان و چوونە ناو بازنەیەکی گشتیتر، هەبوو. یەکێك لەو ڕێوڕەسمە مللیانەی ژنان، سەردانی هەفتانەبوو بۆ حەمامە گشتییەکان کە بە درێژایی ساڵ مومارەسەدەکرا. سەبارەت بە خانمانی کۆشك تەنیا ڕێیان پێدەدرا لەو حەمامە تایبەتییانەی کە لە پاڵ ژوورەکانیان دروستکرابوون، خۆیان بشۆن. بەڵام خانمانی ئەو خێزانانەی کە سامانی زۆریان هەبوو ودەیانتوانی حەمامی تایبەت بە خۆیان دروستبکەن، ئەوا حەزیاندەکرد بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش سەردانی حەمامە گشتییەکان بکەن. لە هەموو شارەکانی رۆژهەڵاتدا ژمارەیەکی بەرچاو حەمامی گشتی

هەبوون، کە لە شێوەی باڵەخانەی گەورەو وەقفکراو -واتە بۆ کاری خێر بەکاردەهات- بوونیان هەبوو.. بۆ نمونە حەمامی (بەدیع) کە گومبەزی هەیەو لەلایەن حورەیەی خێزانی سوڵتان سلێمانی قانوونی فەرمان دەرکرا بە دروستکردنی ئەو حەمامە. لە تەنیشت تەویە قابی سەرای لە سەدەی شانزە وەکو باڵەخانە حەمامی سادە لەهەر گەڕەکێك دروستکرا.

ژنان پێیان وابوو چوونە حەمام گەشتێکەو ڕۆژێك دەخایەنێت، بۆیە کە دەچوون بۆ حەمام هەموو پێداویستییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد وەکو راخەر، خاولی، دەستە سڕی چنراو، پشتەماڵ، دەسماڵ، تاس حەمام، سابوون، قاپ قاپەی حەمام، ڕۆنی بۆندارو خواردنێکی سووك، هەروەها کەرەستەی چنینیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد.. لەگەڵ ئەوەی کە لە ماڵەکاندا بۆ هەر ژوورێك جامی ئاوی تایبەت بە خۆی دابین دەکرا، کە بۆ دەستنوێژهەڵگرتنی نوێژی بەیانی و ئێواران بۆ بەجێگەیاندنی بنەماکانی دەستنوێژ پێش نوێژکردن، بەکاردەهاتن. هەروەها بۆ دەست شووشتنی پێش و پاش نانخواردن سوودی لێوەردەگیرا، ئەوا حەمام بۆ حەسانەوە زیاتر لە ڕووی پاکییەوە ئامادە دەکرا. هەموو حەمامێك لە چەندین ژووری لە پاڵ یەك کە پلەی گەرمیەکانیان بەرەو بەرزی دەڕویشت پێکهاتووە، هەروەها ئەم ژوورانە بە ژوورێکی سەرەکی دەگەن کە دەکەوێتە ناوەندەوەو سەکۆیەکی لە ناوەڕاست دایە و زۆر گەرمەو لە دەوریدا حەوزو نافورەی ئاو هەن. ئالێرەدا ئەوانەی حەمامیاندەکرد قژو تووکیان لێدەکرایەوە، دەشێلران، بە سابوون دەشۆران، هەروەها قژەکان خاوو بۆیە دەکران و نوخان و نێو دەست و پێیەکان لە خەنە دەگیران. لە نێوان ئەم هەموو کارانەدا بۆ پشوودان کاتی حەسانەوەش هەبوو، کە تێیدا ژەمێك قاوەو خواردن دەخورانەوەو دەخوران لەگەڵیشیاندا باس و قسەو درووومان دەکرا. بەهەمان شێوە پیاوانیش چێژیان لە حەمامکردن وەردەگرت. لە ڕاستیدا پیاوان

بەشێوەیەکی رێك و پێك سەردانی حەمامیان دەکرد، بەڵام بۆ ماوەی کەمتر، واتە کەمتر لەو کاتەی کە ژنان لە حەمام بەسەریان دەبرد. هەروەها حەمامکردنی پیاوان کەمتر بۆ حەسانەوە بوو، بەجۆرێك شووشتنێکی زۆر توندو شێلاتێك کە بە سزادان دەچوو و بریتیبوو لە خۆ نووشت کردن و تەقاندنی قۆڵ و باڵ و پشت بۆ نەرم کردنەوەی جومگەکان..

هەر لەگەڵ داهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندنی کاراو ئازاد بوونی ڕێژەیی لە دەست دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر بەرنامەی بیناسازیدا هاتن لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی نۆزدە. ئەمانە وایانکرد پیاوان و ژنان کاتی خۆش لەگەڵ ئەو گەشتانەی کە ماندوو بوونی کەمتربوو، بەسەر بەرن. ژنانی چینی باڵاو ناوەند کە جاران شتومەك و پێداویستییەکانیان دەهاتە ماڵەکانیان تا بیکڕن. وایلێهات دەیانتوانی لەژێر عەباو پێچە بچنە دەرەوەو بۆ ماوەیەکی کەم بازاڕییانیا سەردانی ئەو دوکانە نوێیانەیان بکردایە کە مۆرکێکی رۆژئاواییان پێوەبوو. بۆ نمونە لە ئەستەنبوڵ خۆشترین کات بەسەر بردن ئەوە بوو کە سەردانی گەڕەکی پیرایان دەکرد، بە شێوەیەك ئەم لاو ئەولای شەقامی گەورەی پیرا (Grand Ruede Pira) دوکان و بازاڕگەی پلەیەك ڕیزبووبوون، کە جلوبەرگی زۆر جوانیان تێدا هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا گەشتکردن بۆ سەیرانگا سروشتییەکانیش دیسانەوە جێگای خۆشحاڵی خەڵکی ئەم دوو چینە بوو. لە ئەستەنبوڵ ژنانی چینی باڵا بەهۆی چوارچەرخە هاتووچۆیاندەکرد. ئەم چوارچەرخانەش بچووك بوون و بە پارچە قوماشی نەخشێنراو داپۆشرابوون. بەهۆی ئەم چوارچەرخانەوە ژنان بۆ تەماشاکردنی نمایشە گشتیەکان وەك نمایشی سەربازەکانی سوڵتان و تەماشاکردنی ئەو رازاندنەوەو رووناکییەی کە بە دەوری کۆشك و خانووە گەورەکانی دەوری دەریای بەسفۆر دروستکرابوون، دەچوون. هەروەها چێژوەرگرتن لەو پیاسە دوو کەسیانەی بۆ ناوچە جوانەکانی سەدەی زێڕین

(وێنەی ٧٦) دەکران. بەهەمان شێوە دەرچوونە خێزانییە نافەرمییەکانیش یەکێکبوون لە کاتە خۆشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێران (وێنەی ٧٧). وەکو چۆن دکتۆر (سی جی وێلز) لە کۆتیی سەدەی ١٩ لە ئەسفەهان چێژی لەم دەرچوونانە وەردەگرت.

نەریت وایە بانگکردن بۆ سەیرانێکی نافەرمی، پێشتر خۆی بۆ ئامادە ناکرێت، بۆ نمونە لە کاتی سەردانکردن و دوای قبوڵکردنی ئەو بانگکردنە، دەستبەجێ جێبەجێ دەکرێت. لەم شێوە سەردانانەدا هەندێ لاکێش لوولدەدرێن و دەخرێنە سەر وڵاخ و سەماوەری (دروستکراوی رووسی) لەناو بەرگێکی لە پێست دروستکراو ئامادەدەکرێت لەگەڵ تاخمی چا، کە لەناو قووتی تایبەت بە خۆی دادەنرێت و چێشت لێنەر لەسەر وڵاخە بچووکەکەی ئامادە دەبێت، لەگەڵ کەرەستەکانی چێشت لێنان، خێرا روو دەکاتە ئەو باخەی کە خێزانەکەی دەستنیشانی کردووە، رەنگە لە کاتی تێپەرینی بەناو بازاردا لە شوێنێکدا بۆ کرینی بەرخێکی بچووك یا هەندێ باڵدار بوەستێت. دواتر خاوەن میواندارییەکەو ژن و منداڵەکانی (ئەگەر پەیوەندی نێوانیان باش بوو) بەرێدەکەون، پیاوەکە لەسەر ئەسپەکەی خۆیی و ژن و منداڵەکان لەسەر کەری رەنگ سپی بە سووکییەك بۆ باخەکە بەرێدەکەون. خزمەتکارەکانیش هەر هەموویان دەم بە پێکەنین، چونکە ئەمانیش وەك ئاسوودەیی خێزانەکە بەدەم گەشتەکەوە دڵیان ئاسوودە دەبێت. ئەم خزمەتکارانە بەپێ یانیش لەسەر پشتی ئەسپ لەگەڵ خاوەن میواندارییەکە دەرۆن بەرێوە. ئەمانە (نەرگەلەکان) و چەترەکان و پێویستییەکان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و لەکاتی گەیشتن بە باخی دەستنیشانکراو، دەستدەکرێت بە میوەخواردن. پاشان میوانەکان و خاوەن میواندارییەکە لەسەر رێگاکان پیاسەدەکەن تا ئەو کاتەی چا ئامادەدەکرێت. ئەو کاتەی چا ئامادەکرا موزیك ژەنێك یانیش گۆرانی بێژێك یانیش چیرۆك خوێنێك دەردەکەوێت و سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆی

رادەکێشێت. دەشێ یەکێك لە خزمەتکارەکان دەنگێکی خۆشی هەبێت و گۆرانی بڵێت و یانیش شمشاڵی بۆ لێبدات.

هەندێ لەو سەیرانانە دوو مەبەستی لە دواوەیە: ئارەزوویەك بۆ چێژوەرگرتنی کۆمەڵایەتییە و مەبەستێکی تری تێرکردنی لایەنی ئایینییە بەوەی پێویستە سەردانی مەزارە میللییەکان و کەسانی ئایینی بکرێن. بەجۆرێك لە ئەستەنبوڵ هەڵبژاردنەکان زۆر بوون لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە سەردانیان دەکرا، هەر لە مەزاری ئەیوب ئەلئەنساری هەڵگری ئاڵای پێغەمبەر موحەمەد (د. خ) لە لوتکەی سەدەی زێرینەوە تا دەگاتە مەزارە سادەکانی وەك مەزاری (کللی بابا) لەسەر لوتکەی (روملی کافاجی) کە ئەو دایکانەی راڕابوون و ئەو کچانەی بە دوای مراز ودەسگیرانی گونجاودا دەگەڕان، هاواریان بۆ ئەم مەزارانە دەبرد. هەروەها لە باشووری تاران مەزاری (بەهی) هەبوو هی (شا عەبدولعەزیم) لە ناوچەی (ڕەی). لە کاتێکدا لەناو خودی تاران مەزارگەی بچووك بچووکیش هەبوون.

ئەمەو تێکەڵاویەك لە نێوان داب و نەریتی ڕۆژانەی خێزان و ڕۆژژمێری ئیسلامی بۆ ڕێوڕەسمە ئاینییەکان کرابوو، کە جۆرێك لە ڕێکخستن و هارمۆنیەتی دیاریکراوی لەسەر نەگۆڕی ژیانی ڕۆژانە وەرگرتبوو. ئەم ڕێوڕەسمانە هەلێکبوون بۆ ئەوەی ئەو میوانداری و سەردانییە زۆرەی هەبوون ڕوویەك بن بۆ زیندوکردنەوەی سروتەکان لەناو دامەزراوە مەزنەکان.

ئاهەنگە خێزانییەکان بە نەریتی خۆی بریتیبوون لە کارلێك و تێکەڵاوییەکی نەرم و نیانی نێوان دەوروبەری تایبەتی و گشتی (واتە خێزان لەگەڵ خزم و کەس و کەسانی غەیری ئەوان). ئەم جۆرە ئاهەنگانە بریتیبوون لە چالاکی تایبەت و لە چوارچێوەیەکی سروتی (طقوس) دابوون بۆ پێشخستن و دواخستنی میوانداری. گرنگترین ئەو سروتانە ڕێوڕەسمە نەریتییەکان بوو بۆ تێپەڕین (لە دایکبوون، خەتەنەکردن، زەماوەندکردن و

ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو). سروتی منداڵبوون بوارێکی تایبەتبوو بە ژنانی بنەماڵەکە هەر لە کۆشکی پاشاییەوە بگرە تا دەگاتە ماڵە هەژارەکان. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی زۆر ڕێزی لە منداڵان دەگرت، لەگەڵ ئەوەی کە لەم کۆمەڵگەیانەدا منداڵی کوڕیان لەلا باشترو بە بایەختر بوو تا منداڵی کچ، بەڵام بوونی هەر منداڵێك و هاتنی بۆ دونیا بە خۆشبەختییەکی زۆرەوە پێشوازی لێدەکرا. لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی عوسمانی، منداڵ هەر کە لە دایك دەبوو یەکسەر دەشۆراو لەناو قۆنداغ دەپێچرایەوە، دوای ئەو قۆنداغکردنەش بە قوماشی نەخشێنراوو چنراو دادەپۆشراو دەبرا بۆ لای دایکی،دایکەکەیشی بە هەمان شێوە بە باشترین جلوبەرگ پۆشتەکراوەو لەسەر جێگایەك ڕاکشاوە کە بە باشترین فەرشی ماڵەکە ڕایەخکراوە.

جولیا پاردۆی Julia Paradoe باسی کاریگەری ئەم جۆرە ڕووداوانەمان بۆ دەکات کاتێك وەسفی سەردانەکەی دەکات بۆ لای ژنی قازی بۆرسە ساڵی ١٨٣٨:

لەبەرامبەر دەرگاکەوە ڕاستەوخۆ قەرەوێڵەی خانم دانرابوو و پەردەکانی دەوری لادرابوونەوە و لە شاڵی کشمیری سێبەرێك لەسەر سەری قەرەوێڵەکە دروستکرابوو، هەر دانەیەك لەو شاڵانە لەسەر شێوەی شریتی و بەهۆی چەندین شاڵی زێڕین و زیوی بەیەکەوە بەستراو، لوولکرابوون. خانەکە زۆری لەم شاڵانە هەبوو، بەجۆرێك نەدەکرا بەشێوەیەکی گونجاو لە شوێنێکدا و بەم ووردەکارییەوە ڕێکبخرێن. هەروەها شریتێکی حەریری بە لێواری فەزای ژوورەکەدا لەم سەر بۆ ئەو سەر ڕایەڵکرابوو، کە لەم چنراوە بە نرخانەی پێدا هاتبووە خوارەوە و لەلایەکانی ئەو شاڵانە بە سەرپۆشی دروستکراو لە شاشی ڕەنگاوڕەنگ بەسترابوون، ئەمانیش بە گوڵ چنرابوون یا هێڵی زێڕین و زیوینیان پیا هاتبوو، کە دەنکە پرتەقاڵ و لیمۆو میوەجاتی پێداهاتبووە خوارەوە. دوو ملپێچی بچووکی دەقکراوی

دروستکراو لە ئەتڵەسی گوڵ ڕەنگ کە بە لباد تێرکرابوو لەلای پێیەکانی قەرەوێڵەکەوە دانرابوون. هەروەها کیسەیەکی دروستکراو لە حەریری هێڵدار کە لایەکانی دەگەیشتنە زەوی و بە چەند ریشاڵێکی زێڕینی چڕ کۆتاییان دەهات، هەڵواسرابوو.

شیرەخۆرەکەش لەسەر پێخەفێك دانرابوو کە لە ئەتڵەسی سپی چنراو بە تاڵی ئاورێشمی ڕەنگاوڕەنگ دروستکرابوو و بە چەند ریشاڵێك کۆتایی دەهات وەك ئەو جۆرەیان کە بە کیسەکەوەبوو. خودی شیرەخۆرەکەش بە کۆمەڵێك قوماشی خەتخەتیتێرککراو بە ئەڵماس دەهاتە بەرچاو.

هەر لە سێیەم ڕۆژی منداڵبوونەوە تا حەوتەم ڕۆژ دایکەکە پێشوازی لە میوان و دەسوو دیارییەکانین دەکات. دیارییەکان لە خشڵ، قوماش و شیرینی پێکهاتبوون، ئەمانە هەمووی لەناو شتی چنراو دادەنران. لە ڕۆژی حەوتەمی لە دایکبوون، منداڵ دەخرایە ناو لانك و ئەو ئالۆوالآیەی کە بە قەرەوێڵەی دایکەوە بوو هەمووی لێدەکرایەوە. بەڵام سروتی کۆتایی لە چلەدا ئەنجامدەدرا، کاتێك دایك و منداڵەکەی دەچن بۆ حەمام وەکو ئاهەنگێکی بچووکی لێدەهات. دەستە خوشك و خزمەتکارەکانی ئاگاداریی خانمیان دەکرد و سەریان دەشوشت و ڕێکیان دەخست. ئەم جۆرە سروتە وەکو لە دایکبوونی منداڵەکانی سوڵتانە، بەڵام بە هەندێ جیاوازییەوە. لێرەدا دایك لەسەر جێگە خۆشەکەی رادەکشێت کە پێکهاتووە لە ئەتڵەسی سوور و نەخشێنراو بە یاقوت و گەوهەر، ئەم گەوهەرانە بەردی بە نرخن و هێمایەکن بۆ بنەماڵەی عوسمانی. هەروەها سروتەکانی بنەماڵەی عوسمانی تەواو تایبەتیش نەبوون، کاتێك بنەماڵەکە ناچار دەبوو پێشوازی و میوانداری عەوام بکات بۆ ئانخواردن و چوونە دەرەوە.

منداڵی پاشا سێ لانکی پێشکەشدەکرا، یەکەمیان لەلایەن خەزێنەی پاشاوە بوو و دوانەکەی تر لەلایەن دایکی سوڵتان و وەزیری باڵادەستەوە

بوو. ئەم دوو لانکەی کۆتایی لەگەڵ دیاری و زێڕو گەوهەروو شاڵەکانیان لەسەر ئەو ڕێگایەی لە بازاڕەوە دەهات و بە قەراخ مزگەوتی (ئایە سۆفیا) بە دەوری پەرژینی (تەویەقابی سەرای) نمایشدەکرا و دەبرا بۆ حەرەمولك.

بەڵام خەتەنەکردنی کوڕی موسوڵمانان نیشانەیەك بوو بۆ چوونە ناو ژیانی پیاوانەوە. هەندێ جار منداڵە کوڕەکان لە چلەدا لە ئاهەنگی حەمامکردنی دایکەکە خەتەنە دەکران. نەریت وابوو کە ئەم ڕێوڕەسمە زۆر گرنگ بووو زۆربەی کوڕان لەتەمەنی حەوت ساڵیدا خەتەنەدەکران. بۆ ئامادەکردنی منداڵ بۆ ئەم پرۆسەیە، ئەوا جلوبەرگی تایبەتییان لەبەر دەکراو بە گەڕەکدا دەیانگەڕاندن (وێنەی٧٨).

لەم بارەیەوە ئێدوارد لین تێبینییەکانی خۆی لە قاهیرە تۆمارکردووەو نووسیویەتی: ئەسپێك بە کرێ دەهێنرێت و بەکورتەیەکی جوان داپۆشراوە و گوریسەکەی بە کوڕەکە دەگەیەنرێت و دەستەسڕێکی چنراوی نوشتراو بە دەستیەوە دەگرێت، منداڵەکە بۆ شاردنەوەی بەشێك لە رووی، بەردەوام بە دەستی ڕاستییەوە لەسەر دەمی دایدەنێت، بەمەش خۆی لە چاوی حەسوود بەدوور دەگرێت. خزمەتکارێك و سەرتاشێك پێشی دەکەون، سەرتاشەکە ئەوەیە کە خەتەنەیدەکات، سێ موزیکژەنیش کە ئامرازەکانیان بەزۆری لە دووزەلەو تەپڵ پێکهاتووە، هاوەڵییان دەکەن.

دوای خەتەنەکردن کوڕە لەسەر جێگایەکی جوان کە قوماشی نایابی پێوە هەڵواسراوە رادەکشێت و تەواو وەك ئەوەی دایکی لە کاتی لەدایکبوونی منداڵەکەدا ئەنجامیدەدا، ئاواش کوڕە پێشوازی لەو کەسانە دەکات کە دیاری بۆ دەهێنن. ڕێوڕەسمی خەتەنەکردن بۆ خێزانی کوڕە سەرچاوەی سەربەرزی و فەخربوو. خەتەنەکردنی کوڕی سوڵتان ئاهەنگێکی گشتیبوو و کۆمەڵێك خەڵك لە دارو دەستەی کۆشکی پاشایەتی و بازرگانان کۆدەکرانەوەو بەناو شەقامەکانی ئەستەنبوڵدا دەگەڕان و دەیانکرد بە هەراو

بەزم، خەڵکیش بە ڕۆڵی خۆیان بە چنراوە دەستییەکانیان شەقامەکانیان دەرازاندەوەو بە ڕیزێکی ڕێك و پێکەوە بە دەروازەی ماڵەکانیاندا هەڵیاندەواسی (وێنەی ٧٩).

بەڵام هاوسەرگرتن وەکو گرێبەستێك لە نێوان دوو خێزان دەبەسترا، نەریت وابوو خواستن لێپرسینەوەو قسەو باسی چڕوپڕی لەسەر دەکرا، لەکاتێکدا کە کوڕەو کچە ڕۆڵێکی زۆر بچووکیان لە بڕیاردانیدا پێدەدرا. بێگومان ئەم دووانە تا ڕۆژی کۆتایی زەماوەندەکە یەکتریان نەدەبینی. ژنهێنانی کوڕان شتێکی مسۆگەر بوو، چونکە ئایینی ئیسلام هانی کوڕانی نەدەدا کە بە سەڵتی بمێننەوە.

دایکان لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بە بەردەوامی ووردی خزم و ڕەفیق و دەستە خوشکەکانیان دەبوونەوە و ئەگەری هەڵبژاردنی یەکێك لە کوڕەکانیان دەکرد بۆ کچەکانیان، ئەمەش لەڕێگەی‌پێشوازی، میوانداری و بەردەوام چوونە حەمامەوەبوو. لە حەمامەکاندا کچە جوانەکان دەخرانە ڕوو لەبەرامبەر ئەو ژنانەی کە بۆ سەیرکردنی کچان دەهاتن، دواتر لەلای بنەماڵەی کوڕەکە وەسفی ئەو کچانە دەکرا. دوای ئەوەی هەردوو خێزانەکە ڕێکدەکەوتن، دەستدەکرا بە ئامادەباشی بۆ پێداویستییەکانی مارەکردنی فەرمی. لە کاتی مارەکردندا گفتوگۆ لەسەر جهازی بووك و شیربایی دەکرا،ئەمەش لە ئیسلامدا بەشداریکردن و ئەرکێکە لەسەر زاوا. لە پاشان زاوا لەسەر بڕێك پارە ڕازی دەبێت و ئەو پارەیە دەکرێت بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ پێداویستییەکانی زەماوەندو ماڵی تازە خەرج دەکرا، بەشەکەی تریش دەدرا بە بووکێ کە ئەمەش مافی ڕەوای خۆی بوو بە ئارەزووی خۆی خەرجی دەکرد. بەڵام ئەگەر حاڵەتی تەڵاق ڕوویبدایە، ئەوا وەکو نەفەقە دەدرا بە ژنەکە. لە کۆتایی مارەکردنەکەدا گرێبەستەکە مۆردەکراو و بووك و زاوا دیارییان ئاڵوگۆڕ دەکرد. دیاری زاوا بریتیبوو لە

قوماشێك بۆ جلی بوكێنی، تاخمێك لـە زێڕ وگەوهـەر، ئاوێنەیـەك، جـامی حەمام و قاپقاپەی حەمام. نەریت وابو كە راستەوخۆ دوای مارەكردن بـووك گواستنەوە ئەنجامبدرێت، لەگەڵ ئەوەی هەندێك جار گواستنەوە لەبەر چەند هۆكارێك دوادەخرا، بۆ نمونە بچووكی تەمەنی كوڕو كچەكە.

ئاهەنگەكانی ژنهێنان هەفتەیەكی دەخایاند كە تێیدا خـوانی نـانخواردن و ئاهـەنگێڕان لـە هەریـەك لـە سـەلاملوك و حـەرمولك درێـژەی دەكێشـا (وێنەی ٨٠). ئەم نەریتانە لە بنەماڵە دەوڵەمەندەكانیشـدا بوونیـان هـەبوو (وێنەی ٨١). ئەم سرووتانە بۆ ماوەیەكی دورو درێژ لـە رۆژهـەڵات پـەیڕەو دەكرا و بە چاوێكی پیرۆزەوە تەماشادەكران. گومانی تێدانیە ئـەم سـروتانە سـەبارەت بـە بنەماڵـەی عوسـمـانی ڕێـزی زیـاتری لێـدەگیرا وبـە فـراوانتر گوزارشـتی لێـدەكرا. پرۆگرامـی زەماوەندەكـە لـە دووشـەممەوەو بـە هـاتنی جهازی بوكێ دەستی پێدەكرد، كە بەشەقامەكاندا دەسوڕایەوە تا دەگەیشتە مـاڵی زاوا. ئـالێرەدا بەرهـەمی كـارە دەسـتییەكانی ئـەو سـاڵانەی بووكـێ دروسـتی كـردوون، دەخرانـەڕوو كـە بریتیبـوون لـە شـتی دووراو، چـنرا، نەخشاندنی سەرچـەف، سـەرین، دەسـماڵ، پەشـتەماڵ (پارچـەیەك قوماشـی جـوان بـوو كـە ژنـان لـە حـەمام بەكاریانـدەهێنا، ئـەم پارچـە قوماشـە لەناوقەدیان تاسەر چۆكیانی دادەپۆشی، و. كوردی)، پەردەی قەرەوێڵە، جل وبەرگەكان. ئەم شتانە لەسەر دەستگێرێكی دانەپۆشراو دادەنران بـۆ ئـەوەی خەڵكی بیانبینن. دەتوانرێ نمونەی جوانی ونمایشی ئەو شـت و مـەكانـە لـەو وەسفەی جولییا پاردۆی بۆ جلك هەڵگرتنی (مهرماه) كچی سـوڵتان محمـدی دووەم لە سیەكانی سەدەی ١٩ كردوویەتی تێبینی بكرێت.

بەڵام جوانترین نمایش ئەوەبوو كە لەخوارەوەباسـی دەكـەم. دەسـتە سـڕە چـنراوەكان بەتاڵـە دەزووی زێـڕین وزیـوینی تێكـەڵكراو بـە ئاورێشـمە رەنگاورەنگەكان كە ڕووی چنراوەكە زۆر نـەرم و ناسـكبوو دووراب‌وون، وەك

قوماشی سوخمەی مەخمەلی رازێنراوە بە زێڕو خشڵ لەسەر گەردەنو سنگ، هەروەها شەرواڵی جوان کە بە ئەستێرەی زێڕین و زیوی نەخشێنرابوون. جل ویەرگی ژێرەوە لە ئاورێشمی سپی کە زێڕو خشڵی پیاهاتۆتە خوارەوە، دروستکرابوون. ئێلەگی ئەتلەسی نەخشێنراو بە گەوهەری زۆر بچووك و قاپقاپەیەکی بچووك وەك ئەوەی (ساندرێلا) لەپێی دەکرد بە ریشاڵی ئاورێشمی چنراو بە یاقوت، رازێنراونەتەوە. هەروەها شازدە کۆڵ هەڵگر چەند قەفەسێکی دروستکراو لە ڕایەڵەی زیوی کە چەند شاڵێکی مەخمەلی سووری لەسەرە زێڕو خشڵی بووکێی لەسەر نمایشکرابوو. ئەم شتانە کە بە بەردەمێمەدا دەهاتن لەژێر تیشکی هەتاودا زیاتر دەدرەوشانەوە، وایلێهاتبوو هەندێ جار لەبەر درەوشانەوە و بریسکەی شتەکان ئەستەمبوو تەماشایان بکرێت.

خزم وکەس وکارو رەفیقانی بووکێ ژوورەکە بە قوماشی ئالاّووالاّ رووپۆشدەکەن. ئەو رۆژانەی ئاهەنگەکەش کە ماون بۆ رازاندنەوەی بووك تەرخاندەکرێت. سێ شەممە بووك دەشێلرێت و لەشی نەرمدەکرێتەوەو بۆنرێژدەکرێت. چوارشەممە پێشوازی لەخزم و کەس و کاری خێزانی زاوادەکات. ئامادەباشی و رێکخستنی زەماوەندەکە لە ئێوارەی رۆژی چوارشەممە و سپێدەی پێنج شەممە دەگاتە کۆتاییەکەی و بووك ئامادە دەکرێت و بەشێوەیەکی تەواو کۆتایی بەرێکخستنی دێت. بەلاّم شەوی خەنەبەندان، کە چوارشەممە ئەنجام دەدرێت نەریتێکی رۆژهەلاّتییەو پێش ئیسلام لەم شوێنەدا وەکو نەریت پەیڕەوی لێ کراوە، ئەمە نیشانەیەکە سەبارەت بەوەی بووك ماڵئاوایی لە تەمەنی منداڵی خۆی دەکات. ئەم ئاهەنگە زۆرخۆشە، ئینجا گەر خێزانەکە دەوڵەمەند بێت، سەماکارو موزیکژەن بەشداریتێدا دەکەن (وێنەی٨٢). خەسوی بوك دەستوپێی بوکێ بە خەنەی گیراوە دەنەخشێنێت. لەهەمان کاتدا زاوا لەگەڵ رەفیق و خزم

وكەسیدا سەرگەرمی ئاهەنگی خۆیان دەبن. سەر لەبەیانی پێنج شەممە و دوای ئەوەی خەنەکە ووشك بوو و دەستوپێکان شۆران، شوێنەکەی بە ڕەنگی سووری مەیلەو پرتەقاڵی دەردەکەوێت. ئینجا بووکبەجلی بووکێنی دەڕازێنرێتەوەووەکو دیارییەك بۆ زاوا دەنێردرێت. لەتورکیا نەریت وابوو جل وبەرگی بوك لە مەخمەلی سوور یا ڕەنگێکی تێری تۆخ دروستدەکرا، زێڕو زیوو گوڵی گەورەی بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەسەر دەچنرا (وێنەی٨٣). بەڵام لەسەدە نوێیەکاندا ئاورێشمی ڕەنگ کاڵ بۆنمونە ڕەنگی سەدەفی،پەمەیی کاڵ و بنەوشەیی کاڵ بەکاردەهات، زێڕ و زیویش بوکێیی جوانترو ڕازاوەتر دەکرد. زێڕەکان وەکو تاڵە دەزووی باریك بەسەر قژیدا دەهاتنە خوارەوە و بۆدرەی سپی بریسکەدار دەموچاوی سپی دادەپۆشی و ڕوومەتەکانی بەڕەنگی سوور بۆیە دەکران. ئینجا خێزانی زاوا هاوەڵیی بووکیان دەکرد و بوکێ عەبایەکی سوور دراوە بەسەر شانیدا و بۆ ژووره ڕازاوەکەی لەماڵە نوێکەیدا ڕێی پیشاندەدرێت. بووك نیشانی میوانە ژنەکان دەدرێت. ئیتر ئەو ئێوارەیە بە بەزمو ئاهەنگ لە هەریەك لە سەلاموڵك و حەرمولك بەڕێدەکرێت. ئینجا ڕۆژی هەینی ڕۆژی کۆتایی زەماوەندەکەیە و بووك و زاوا لەبەردەم خێزان دەردەکەون و خوانێکی گەورە ئامادە دەکرێت، کە پێکدێت لە دەورییەکی گەورەی برنجیبووکێنی ڕەنگدار بەڕەنگی زەعفەران و شلەی گۆشت و چەندین شیرنەمەنی و میوەجات.

بەڵام مردوناشتن (وێنەی ٨٤) سروتی بە ڕێکردنی کۆتاییە، بەشێوەیەکی ڕێڕەی ڕێورەسمێکی سادەبوو و لەگەڵ ڕۆژئاوابووندا، ڕۆژی تازییەکەش دەست پێدەکات. تەرمی کەسە مردووەکە دەبرێت بۆ گۆڕستان. لەسەر تەرمەکە کڵاو یا جامانەی پیاوەکە یا سەرپۆشی ژنەکە دادەنرێت. لە هەریەك لە ئەستەنبوڵ و بۆرسە ژووری گۆڕستانی بنەماڵەی پاشای عوسمانی بەردی تاشراو لەسەر گۆڕەکان دادەنرا، کە زۆر بە بەهرەمەندی تاشراون و

پاشــان بەقوماشیچـنراو نەخشــێنراون و دەســتەواژەی ئــایینی (ئایــەتی قورئانی) لەسەر دەنوسرا. تەرمەکە دادەپۆشرێت، جاری واش هەیە بەشتێك لە جلوبەرگی مردووەکە دادەپۆشرێت. ئەمەو سوننەتیئیسلامی بە پێیرۆژ ژمێری مانگی دەڕوات کە (١٢ مانگ)ە و پشت بە وەرزەکان نابەستێت. ئـەم دوانـزە مانگـە چـەند بۆنەیـەکی تێدایـە، هەنـدێك لـەو بۆنانـە بۆنـەی ئاهەنگ گێـڕان و خـوان ئامـادەکردنن، هەنـدێکی تریـان بۆنـەی ڕۆژەکـانی تەعزیە، هەندێکی تریشیان ئاوا بەبێ گوێپێـدان بەڕێـدەکرێن. ڕۆژی سـەری ساڵ –کۆچی- ڕۆژی یەکەمە لە مانگی یەکەم، ئەمە ڕۆژێکی دیارو بەرچاو نەبوو، تێیدا تـەنها پیرۆزبـایی و خۆزگـەی بـاش دووبـارە دەکرایـەوە. واتـە ئەوەندە گرنگ نەبوو. ئەم ڕێزگرتنە سادەیە لە سـەری سـاڵ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی کە ڕۆژی سەری ساڵ ڕاستەوخۆ دەکەوتـە دوای تازیـەو یادکردنـەوەی دەیەمین ڕۆژی شـەهیدبوونی (ئیمام حوسێن) لە شەڕ. ئەم ئیمامـە کچـەزای پێغەمبــەر موحەمــەد (د. خ) بــوو. ئــەم یــادکردن و تازیەیــە دەگەیشــتە ئەوپەڕی کاتێك خەڵکەکە لە کۆبوونەوەیـەکی گـەورەدا لـە ڕۆژی دەیـەم یـا عاشورا یادیان دەکردەوە.

یادکردنــەوەی ئــەم ڕووداوانــە بەشــێوەیەکی تایبــەتی لەلایــەن ئیســلامە شیعەکانی ئێرانـەوە زینـدوو دەکرێتـەوە. ئـەم ڕێوڕەسمانـە شـانۆگەری درامـایی سنووورداری لەسەر ژیانی شەهید ئیمام حوسێن نـمایش دەکـرد. بـۆ ئـەم بۆنەیـە خــواردنێکی تایبــەتی ئامــادەدەکرا، کــە پێکهــاتبوو لــە خــواردنێکی میللــی دروستکراو لە برنج یا گەنم یا دانەوێڵە (گەنمە گوتـاو لەسـەر شـێوەی هەلیســە) کــە لەگەڵیــدا میــوەی ووشــکراوو شــیرینی و هــەنگوین و شــەکر تێکــەڵاو دەکرا،لەسەر شێوەی شیرنەمەنییەکی زۆر بەتام پێشکەش بە خەڵکەکە دەکرا.

ئێرانیەکان ئاهــەنگێکیان دەگێـڕا بــەهۆی ســاڵی نــوێی دووەم، ئــەویش ئاهەنگ گێرانێکی دێرینە بە بۆنەی نەورۆزەوە، واتە ڕۆژێکی نوێ. ئەم بۆنە

خۆشه له ٢١ ی ٣ دەست پێدەکات و پشت به ڕۆژ ژمێری ئیسلامیەوە نابەستێت. یادکردنەوەی ئەم بۆنەیە سەبارەت بە خێزانە دەوڵەمەندەکان، لەسەر شێوەی گۆڕینەوەی دیاری بە نرخی وەك جلوبەرگی نوێ گوزارشتی لێدەکرا. له ساڵی ١٨٥٠(نادرەدین شا) هەندێك لە داهاتەکانی بەسەر خەڵکی شانشینەکەیدا بەخشیەوە، ئەم دیارییە بۆ تاکەکانی چینی باڵا شاڵی کشمیری و بۆ چینی خوارەوە پالتۆی دروستکراو لە قوماشی ئاسایی و قوماشی (موسلی) بریسکەدار پێکهاتبوو. لە ڕۆژی نەورۆزدا خێزانەکان لە ژەمێکدا کە هەموو جارێك بریتییە لە تەڕەو میوەجات، کۆدەبنەوە. دوای ٢١ی مارس هەفتەیەك پشوو دەست پێدەکات و کات بۆ سەردانکردنی خزم و کەس و کارو ڕەفیق و گەڕان و گەشتکردن دەڕەخسێنێت.

بۆنەیەکی تر لە سونەتی ئیسلامدا هەیە، ئەویش بۆنەیەکی خۆشە، یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر موحەمەد (د. خ) لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی سێ. لەم ڕۆژەدا بۆ زیندوکردنەوەی ئەم یادە لە هەموو مزگەوتەکاندا ئاهەنگ دەگێڕدرێت و تێیدا شیعر لەسەر ژیانی پێغەمبەر دەخوێنرێتەوە و لەلایەن پاڵەوانە نمایشکارەکانەوە ئاهەنگەکە ڕازاوەتر دەبێت. لە تورکیا خێزانە دەوڵەمەندەکان ماڵ و باخچەکانیان بە چراو فانۆس دەرازاندەوە و لەناو پێچراوی دروستکراو لە ئاورێشمی ئەتلەسی چنراو شیرینیان دەبەخشیەوە. ئەو ساڵە بە یادکردنەوەی بۆنە پیرۆزەکان دەڕوات، وەك ئاهەنگ گێڕانی ساڵانە بە بۆنەی موعجزە گەشتەکەی پێغەمبەر بۆ ئاسمان (شەوی ئیسراو معراج) و شەوی قەدر، کە ئەو شەوەیە تێیدا قەدەری ئادەمیزاد داڕێژراو خوای گەورە لە هەموو گوناهەکان خۆشبوو.

بەڵام گرنگترین مانگ مانگی ڕەمەزانە (مانگی نۆ). تێیدا لەسەر هەموو موسڵمانان پێویستە لەپێش ڕۆژهەڵاتن تا ڕۆژئاوابوون بە ڕۆژوو بن. هەروەها ئەم مانگە هەلێك بوو بۆ پشوودان و خۆشگوزەرانی. هەموو

شارەکان لە شەودا سەرقاڵی چالاکییەکانیان دەبوون. مزگەوتەکان ڕۆشن دەکرانەوەو بە درێژایی شەو خەڵکی لە شەقامەکان کۆدەبنەوەو سەردانی خزم و برادەران و بازاڕ دەکەن. هەرچی ژەمی ڕۆژو شکاندنە لەکاتی ڕۆژئاوابوون ئەوا بۆ خێزانە دەوڵەمەندەکان وەك بۆنەیەك بوو تا پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان بەهۆی پێشوازیکردن لە میوانان بەهێزتر بکات. ئەم نەریتە تا کۆتایی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، وەك چۆن ئامینە فەوات تۆگای لەبارەی خێزانەکەیەوە دەیگێڕێتەوە:

لە ماڵەکەماندا ئیمامێك و بانگ خوێنێك بە درێژایی مانگی ڕەمەزان میواندارییان دەکردین، بانگ خوێنەکە لەسەر ئەو پێپلکەیەی بۆ باخچەکەمان دەچوو، لەگەڵ تۆپ تەقاندنەکە کە نیشانەی خۆر ئاوابوون بوو، بانگی ڕۆژئاوابوونی دەدا. بە زەیتون و نان ڕۆژو دەشکێنرا، ئەمە پێش نوێژی مەغریب، دوای نوێژ هەموو خێزانەکەو میوان و بێگانەکان کە لە ماڵدابوون بۆ نانخواردن دادەنیشتن، کە دوای ڕۆژێك لە ڕۆژوگرتن ئەمە یەکەم ژەمە دەخورا. لە سەلاموك خواردن پێشکەشی پیاوان دەکرا، هیچ جیاوازییەك نەبوو ئەگەر ئەوانە لە ئاسیاوی باوکم بوونایە یان نە. باوکم لەگەڵ میوانەکانی ژەمە نانە کەی دەخوارد، بەڵام خواردنەکە هەمان خواردن بوو کە پێشکەش بە هەمووان دەکرا. لەگەڵ ئەوەی ژنی بێگانە لەکاتی ڕۆژو شکاندن نەدەهاتن، کەچی هەردەم خوانێك بۆ (میوانەکانی خوا) ئامادەکرابوو. ئەو خواردنە تایبەتییانەی کە لە ژەمی ڕۆژو شکاندندا ئامادەدەکران بریتیبوون لە پارچە نان کە لە پیتزا دەچوو، هەویرکاری نەرم و ناسك و (کۆلاش) کە لە هاڕراوەی برنج دروست دەکرێت. مانگی ڕەمەزان بەم جۆرە دەڕوات، تا دەگاتە شەوی قەدر لە ڕۆژی ٢٧ی ڕەمەزان کە تێیدا قورئانی پیرۆز بۆ پێغەمبەر (د. خ) هاتۆتە خوارەوە. لەم شەوەدا خێزانەکان هەمووی دەچن بۆ مزگەوت و بەشداری لە گوێگرتن و تەواوکردنی (خەتمی)

قورئاندا دەکەن. پاش ئەوەی رۆژووگرتنی ڕەمەزان کۆتایی دێت، سێ ڕۆژی دواتر کەوەك بۆنەیەك بۆ نوێ بوونەوە دانراوە بە (جەژنی ڕەمەزان) ناودەبرێت. لەم ڕۆژەدا جلوبەرگی نوێ لەبەر دەکرێت و دیاری لە نێوان خێزان و برادەران و هەژاران دەگۆڕدرێتەوەو بازنەیەکی بەردەوام بۆ سەردانکردنی ناسیاوو خزم و کەس و برادەران هەیە.

ئینجا لەگەڵ گرنگترین ڕووداوی ئایینی سوننەتی ئیسلامی کۆتایی دێت، ئەویش جەژنی قوربانە یا (کورباکس پیرمی) جەژنی خۆشبەختی، کاتێك ڕەشەوڵاخ و مەڕ دەکرێنە قوربانی، ئەمەش لە ڕۆژی دەیەمی مانگ بۆ ڕێزگرتن لە یادکردنەوەی پێغەمبەر ئیبراهیم (خوا لێی ڕازی بێت) ئەنجام دەدرێت. کاتێك مەڕێك لەبری کوڕەکەی ئیسحاق دەکاتە قوربانی —لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە ئەو قوربانییە لە بری ئیسماعیلە نەك ئیسحاق. و:کوردی- وەکو لە ئینجیل باسکراوە. هەروەها یادکردنەوەی ئەو قوربانییە دەدەکەوێتە ڕۆژەکانی حەجکردن بۆ مەککە. حەجکردن لەسەر موسڵمانان ئەرکێکی پیرۆزە ئەگەر بۆیان بکرێت. هەرچی ئەندامانی خێزانی کەسی حەجکردووە، ئەوا بە بۆنەی حەجکارانەوە ئاهەنگ دەگێڕن، دواتر کە دەگەڕێنەوە زۆر بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێدەکەن..

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

(1) ئەلکتخدا. دەستەواژەیەکی فارسیە بەمانای پاڵەوان یان قارەمان. (وەرگێری عەرەبی).

(2) چوار چەرخەیەکی سەرگیراوەو سەرداپۆشەرەکەی بۆ دوو بەش دابەشکراوە، بە جۆرێك دەتوانرێت لوولدرێت یان لابرێت. (وەرگێری عەرەبی).

(3) جۆلیا باردۆی (1806- 1862) نووسەرێکی ئینگلیزە. یەکەم دیوانی شیعری لە تەمەنی 14 ساڵیدا نووسیوە. گەشتی بۆ فەلەستین لە 1835 کردووە و، چەند کارێکی لە بارەی ئەزموونەکانی خۆی لەوێ بڵاوکردۆتەوە. (وەرگێری عەرەبی).

(4) بە پێی داستانەکانی جوولەکە و مەسیحیەکان. (وەرگێری عەرەبی).

ببلۆگرافیا

- Quotations have been taken from the following books: CHANNELLS, E .Recollections of an Egyptian princess by her English Governess .Edinburgh and London; William Blackwood and Sons, 1883.
- GOLDSMID, Sir JF.Telegraph and Travel. London; Macmillan, 1874.
- JAMI. Yusuf and Zulaikha.Transgated by RTH Griffith .London; Trubners Oriental Series, 1882.
- LANE, EW.Manners and customs of the modern Egyptians .London; Everymans Library edition, 1908.
- MELEK HANIM (MALIK_KHANAM).Thirty years in the harem .London; Chapman and Hall, 1872.
- PARDOE, J. The City of the Sultans and Domestic Manners of the Turks in 1836. London, 1837.
- SHEIL ,LADY M. Glimpses of Life and manners in
- SYKES, E, Persia and Its people. London; Methuen and Co. Ltd, 1910.
- WILLS, CJ. In the Land of the Lion and Sun. London; Macmillan, 1891.
- WORTLEY MONTAGU, LADY MARY .The Turkish Embassy Letters. Edited by Malcolm Jack. London; Virago press Linuited, 1994.
- Further Reading

- ADLE, C and HOURCADE, B(Ed). Teheran Capitale Bicentenairc.paris; Institut Francais de Recherche en Iran, 1992.
- ATIL, E(Ed). Turkish Art .Washington DC; Smithsonian Institution press, 1980.
- ATIL, E, NEWTON, C and SEARIGHT, S. Voyagcs and visions, nineteenth-Century Images of thc Middle East from the Victoria and Albert Museum. Seattle and Washington DC; University of Washington press, 1995.
- BLUNT, W.Isfahan pearl of Persia. London; Elck Books, 1966.
- CHARDIN, SIR JOHN.Travels in Persia. Editcd by N panzer.London; The Argonaut press, 1927.
- DAVIES, F.Thc Ottoman Lady, aSocial History From 1718 to1918. Westport, Connecticut; Greenwood press, 1986
- FERIER, R(Ed).The Arts of Pcrsia .New Haven; Yale University press, 1989.
- HELLIER, C. Splendours of the Bosphorus, Houses and Palaces of Istanbul.
- London; Tauris parke Books, 1993.
- KELLY, L.Istanbul. A Travellers Companion. London; Constablc, 1987.
- LEWIS, R.Everyday Life in Ottoman Turkey.London; Batsford, 1971.
- MANSEL, P.Sultans in Splendour, the Last years of the Ottoman World .London; Andre Deutsch Limited, 1988.

- MANSEL, P.Constantinople, City of the Worlds Desire, 1453_1924.London; John Murray, 1995.
- MOURAD, K (and others).Living in Istanbul. Pans and New York; Flammanion, 1994.
- NECIPOGLU, G.Architecture, Ceremonial and power, the Topkapi palace in the fifteenth and sixteenth centuries. Cambridge, Massachusetts and London; MIT Press, 1991.
- PICK, C. Egypt, aTravellers Anthology .London; John Murray, 1991.
- RODEN, C.A new Book of Middle Eastern Food. London; Viking, 1985.
- SCARCE, J.M.Womens Costume of the Near and Middle East. London; Unwin Hyman, 1987.
- SEAPLIGHT, S.The British in the Middle East. London; East_West publications, 1979.
- WELCH, A.Shah Abbas and the Arts of Isfahan. New York; the Asia Society Inc, 1973.
- WILBER, DN.Persian Gardens and Garden pavilions. Vermont and Tokyo; Charles E Tuttle, 1962.
- WULFF, H E.The Traditional Crafts of Persia. London; MIT PRESS, 1966.
- ZUBAIDA,S and TAPPER,R(eds). Culinary Culture of the Middle East.
- London;I B Tauris, 1994.

پاشکۆی وێنەیی

(وێنەی 1)

خانێکی خەڵکی قاهیرە، کەنیزەکەی خزمەتی دەکات

ای. پێرسی، 1848

(وێنەی 2)

دوو کەنیزی حەبەشی چاودێری شیرەخۆرەی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند دەکەن

ای. پێرسی، 1848

(وێنەی 3)

ئافرەتێك خەڵكی باشوری میسر کۆمەڵە دارێکی لەسەر سەرە

ئێدوارد لین، 1833- 1835

(وێنەی 4)

ئافرەتی چینە هەژارەکانی قاهیرە کە منداڵ و گۆزەکانیان هەڵگرتوون

ئیدوارد لین، 1833- 1835



(وێنەی 5)

کچۆڵەیەکی خەڵکی قاهیرە زەیت لە دوکانی زەیت فرۆشێك دەکڕێت

ای. پێرسی، 1848



(وێنەی 6) حەوشەی خانوویەك هەروەك خانووەكانی تری قاهیرە، كە تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەشی تایبەت لە گشتی جیاكردووەتەوە

ئێدوارد لین، 1833-1835

(وێنەی 7) شازادەی لاو (ڕۆستەم خانی زەند) لە جلو بەرگە جوانەکەیدا
کە واژۆی هونەرمەند محەمەد سادق (یا صادق الوعد)ی لەسەرە،
شیراز، نزیکەی 1779ز

(وێنەی 8) دوو پیاوی چینی ناوەند و باڵای خەڵکی قاهیرە،
کە چەند قەدە جلیان بەسەر یەکەوە لە بەردایە
ئێدوارد لین، 1833-1835

(وێنەی 9)

دوو پیاوی چینی هەژاری خەڵکی میسر، کە جلوبەرگی سادە و

هەرزانیان لەبەردایە.

ئێدوارد لین، 1833-1835

(وێنەی 10)

قاهیرە، سەربازی عوسمانلی و ئەرنائوتییەك کە خەنجەریان لە بن پشتێنە

ای. پێرسی، 1848

(وێنەی 11)

شێوەی مێزەری چاوشێکی عوسمانی و بازرگانێکی میسری لە قاهیرە

ای. پێرسی، 1848

(وێنەی 12)

وێنەیەکی زەیتی کە پۆلێکی ئینکشارییەکان لە نێو شەقامەکاندا بەرجەستە دەکات.

ئەلێکساندر گابرێیل دیکامب 1828

(وێنەی 13) سوڵتان سەلیمی سێیەم، پێشوازی لەو وەفدانە دەکات، کە بە بۆنەی بە سوڵتان بوونییەوە پیرۆزبایی لێدەکەن. لە وێنەکەدا جۆراوجۆری و جیاوازیی مێزەرەکان لە نێوان گەورە فەرمانبەر و دەست و پێوەندەکانی سوڵتاندا دەردەکەون

قوستەنتین کەبید گلی، نزیکەی 1789

(وێنەی 14)

جلو بەرگی فارسی و نەریتی سمێڵ بەردانەوە وەك ئەوەی گەشتیار (شاردان) لە گەشتەکەی بۆ وڵاتی فارس لە ساڵی 1669 بینیویەتی

(وێنەی 15) یەکێك لە شێوەکانی سەرپۆشی ئافرەتان
لە وڵاتی فارس، کە گەوهەر لەسەر شێوەی پەڕەی پێوەیە و ژێر چەنەیەکی
گەوهەری بە ژێر چەناگەی هاتوەتە خوارەوە
هونەرمەندی نادیار، ئەسفەهان 1704-22

(وێنەی 16)

ئافرەتێکی فارسی کە دوبرۆی تێکەڵی هەیە و دەستەکانی لە خەنە گرتوون

هونەرمەندی نادیار، ئێران، چارەکی یەکەمی سەدەی 19



(وێنەی 17)

وێنەیەکی سروشتی کە ژەمە خواردنێکە و بریتییە لە میوەجات و بەروبومی ئاژەڵی و نان، هەموویان لە چوارچێوەی کۆشك وێنەیان کێشراوە

هونەرمەندی نادیار، ئێران، سەرەتای سەدەی 19

(وێنەی 18)

پشودانی قافڵە. بازرگانانی تورك كاتی پشوویان بە خواردنەوەی قاوە و سەبیلە(پایپ) و نێرگلەكێشان بەسەر دەبەن

تۆماس ئەلۆم، توركیا 1840



(وێنەی 19)

سەربازانی سوپا سەبیلە دەکێشن

ای. پێرسی، 1848

(وێنەی 20)

چەند خانمێك لە حەرەم لە قاهیرە خەریکی سەبیلە و نێرگلە کێشانن، کە بە (شەبك)

یان دار جگەرە ناودەبرا

ئێدوارد لین، 1833-1835

(وێنەی 21)
خانمێکی قاهیره نێرگلە دەکێشێت
ای. پێرسی، 1848



(وێنەی 22)

خانێکی ڕەشۆک-عەوام- ی قاهیرە لە حەمام دەگەڕێتەوە

ای. پێرسی، 1848

(وێنەی 23)

چیرۆکبێژ لە چایخانە لە ئەستەنبوڵ

تۆماس ئەلۆم، تورکیا 1840

(وێنەی 24)

ماڵیکاری ئاژەڵ سەما بە مار دەکات

ئێدوارد لین، 1833- 1835

(وێنەی 25)

وێنەی کچێك لە شاخەکانی یەمەن لە کاتی قاوە چنیندا

کارستن نیبۆر، 1761- 1762



(وێنەی 26)

نمونەیەك لە نەخشی ئیسلامی یان ئەوەی بەشێوەی زاراوەیی بە ئارابیسك ناسراوە، کە تێیدا یەکەی زەخرەفی جۆراوجۆری باوەشێنی حەسیری و هەڵواسەری شێوەی ئەندازەیی تێدا بەکاردێت

(وێنەی 27)

قورئانی پیرۆزی شا ئەرگۆن

قاهیرە لە نێوان 770- 790ک/ 1368- 1388ز

(وێنەی 28)

خەتی بزوێن، کە قوتابخانەیەکە و هونەرمەندی موسڵمان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران و لە سەدەی 11 و تا سەدەی 13 هەوڵیدا وێنەی مرۆیی و ئاژەڵی لە کۆتایی پیتەکان دابنێت.

ئەو شتە نووسراوە: بە خێرو بەرەکەت و دەوڵەت و سەلامەتی.



(وێنەی 29)

(خربة المفجر)، کە وێنەی داری ژیان بەرجەستە دەکات، بەڵام ناژەڵگەلێکی

دڕندە بەدەورییەوەیە.

ئوردن، نزیکی 724- 743ز

(وێنەی 30)

کۆشکی -نەلحیر- ی ڕۆژئاوا. پشتێنەی (أرضية) لە گەچ دروستکراو

سوریا، نزیکی730ز

(وێنەی 31)

لە کتێبی گیای پزشکی ((ماتیریا میدیکا))، دیسقۆریدس و یەکێک لە قوتابیەکانی

باکوری عێراق یان سوریا، 626ک/ 1229ز



(وێنەی 32)

کتێبی دەرمان (الترياق)

باکوری عێراق، نزیکی595ك/ 1199ز

(وێنەی 33)

، کتێبی مەقامەکانی ئەلحەریری: ئەوزەید لە کۆبوونەوەی ئەجراندا وتار دەخوێنێت

(مەقامی چل و دووەمین)

لە ئەلمحتمل سوریا، 619 ك/ 1222 ز

(وێنەی 34)

چنراوێکی قەد دیوار کە لە چنراوێکی سوفی تەتریزکراو پێکهاتووە

ئێران، ڕەشت، سەرەتاکانی سەدەی 19



(وێنەی 35)

قاهیرە: شەقامێك و مزگەوتێكی نزیك قەڵا

كۆنت ئەمادیۆ بریزیۆسی، نزیكی 1850ز

(وێنەی 36)

دەروازەی قۆچی زێڕین لە ئەستەنبوڵ

کۆنت ئەمادیۆ بریزیۆسی، نزیکی 1850ز



(وێنەی 37)

مەیدانی شا لە ئیسفەهان

ئیۆژین ناپلیۆن فلاندان 1841ز



(وێنەی 38)

ئەستەنبوڵ: حەوشی کۆشکی تەوپەقابی سەرای

گاسپارد فوساتی 1852ز

(وێنەی 39)

فەتعەلی شا. کاری شازادە عەلی

ئێران. 1224ك / 1809- 1810 ز



(وێنەی 40)

تاران، باڵەخانەکانی کۆشکی گوڵستان

مەحموود سەبا، 1864ز

(وێنەی 41)

چەند ئافرەتێك سەردانی بازاڕی حەریر لە ئەستەنبوڵ دەکەن

کۆنت ئەمادێۆ بریزیۆسی، نزیکی 1850ز



(وێنەی 42)

ڕێگای ئاو لە ئەستەنبوڵ، لای (تۆفانی)

ولیام بیگ، 1829ز

(وێنەی 43)
وێنەیەکی ناسرەددینی شا (1848-96) کە لە ساڵی1873ز وەرگیراوە

(وێنەی 44)
ئەستەنبوڵ، دەروازەی کۆشکی (دۆڵمەی باخچە)

(وێنەی 45)

سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم (وێنەیەکی زەیتییە)

رۆبن ماناس، 1855-60ز

(وێنەی 46)

ئەستەنبوڵ، وێنەی ئافرەتێك و منداڵێك كە سەردانی گۆڕستان دەكەن

كۆنت ئەمادیۆ بریزیۆسی، 1853ز

(وێنەی 47)

ئەستەنبوڵ، دیزاینی حەرمولك لە کۆشکی تەوبەقابی سەرای. کێشانی تیم سمیت، لەو وێنە بڵاوکراوەیەوە وەریگرتوە کە لە کتێبی (بیناسازی، ئاهەنگە فەرمییەکان و، دەسەڵات) لە نووسینی جۆلرۆ نیسی بۆگی

1- حەوشی بەشە خانووی دایکی سوڵتان

2- هۆڵی پێشوازی، بەشە خانوی دایکی سوڵتان

3- حەمامی بەشە خانووی دایکی سوڵتان

4- هۆڵی پێشوازی بەشە خانوی سوڵتان

5- حەمامی بەشە خانووی سوڵتان

6- ژووری سوڵتان مرادی سێیەم (1574-95)

7- ڕاڕەوی ژوورەکانی سوڵتان مرادی سێیەم

8- ژووری سوڵتان ئەحمەد (1603-17)

9- بەشە خانوی ژنی یەکەمی سوڵتان

10- بەشە خانوی ژنی دووەم

11- بەشە خانوی ژنی سێیەم

12، 13- ژووری نوستنی ئافرەتانی دیوان

14- بەشە خانوی شازادەکان

15- قوتابخانەی شازادەکان

16- 17 ژووری نوستنی تایبەت بە کۆیلە



(وێنەی 48)

ئەستەنبوڵ، خانوەکانی سەر دەریای بەسفۆر، فرانك پارتلت، 1835



(وێنەی 49)

قاهیرە، دیزاینی خانووی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند. کێشانی تیم سمیت لە کتێبی (جوانییەکانی قاهیرە)، نووسینی ج.س.ب فریمان-جرینفیل. ەوە وەریگرتوە

نهۆمی یەکەم

1- دەروازە

2- 9 ژووری پیاوان

2- ڕاڕەو

3- حەوش

4- هەیوانی پێشوازی

5- فەوارە

6- هۆڵی پێشوازی

7- ژووری خزمەتکارەکان

8، 9- تەویلە

10- دەروازەی حەرەملك

11- ژووری دانشتنی خێزانی

12- ڕووبەرێك بۆ نوستن

13- چێشتخانە

14- ژووری تەنوور

نهۆمی دووەم

1- دەروازە

2- هۆڵی هاوینە

3- ڕووبەرێك بۆ نوستن

4- ژووری میوان

6، 5- ژووری دانشتنی خێزانی

9، 7- ژووری ئافرەتان



(وێنەی 50)

ـەهران، کۆشکی گوڵستان. لەو وێنەیەی کە د. فۆفریە (پزیشکێکی فەرەنسیبوو لە دیوانی کۆشکی شا نادر لە ماوەی نێوان1889 و1892) کێشاویێتی، وەرگیراوە.تیم سمیت.

- ژووری میوانخانەی پاشا
- تەویلەی پاشا
- ژووری پاسەوانانی کۆشك
- وەزارەتی شەڕ و کۆشکی شازادەی سێیەم کە بە جێگری سەڵتەنە ناودەبرا
- ئەندرۆنی پاشایی
- بەشی تایبەتی ناسرەدین شا
- باخچەکانی کۆشك
- ماڵی تایبەت
- تاوەری هەواگۆڕ

10- شانۆیەك کە ناسرەددینی شا دروستی کردووە
11- ماڵێك بۆ د.فۆفریە
12- تۆمار
13- گۆڕەپانی ناوچەی (ئەرك)
14- مزگەوت
15- عەمباری چەك و تەقەمەنی
16- دەزگای هونەر- پەیانگای هونەری تاران

(وێنەی 51)

ئێران، کۆشکی هاوینەی فەتعەلی شا ناسراو بە کۆشکی قاجار،

باسکال کۆستە.1839-41



(وێنەی 52)

تاران، هەیوانی پێشوازی فەتعەلی شا لە کۆشکی گوڵستان.

ئیۆگین ناپلیۆن فلاندین 1839-41



(وێنەی 53)

قاهیره، خانووی تایبەتی سپیەکانی سەدەی 19

ئێدوارد لین، 1833- 1855

(وێنەی 54)
ئێران، ماهان، گومبەزی مەنزڵگای وەلی نعمەتوڵڵا کە بە (القیشان) ڕووپۆشکراوە، سەدەی 17

(وێنەی 55)

پارچەیەکی داری کە بە شێوەیەکی ئەندازەیی لە تێکەڵێکی دارو مینا دروستکراوە. قاهیرە، سەدەی 14

(وێنەی 56) وێنەی نێرگلەیەکی فەخفوری، کە لە ژێر شوشەبەندەوە بە ڕەنگی شین نەخشێنراوە، ئینجا هەر بەیەك ڕەنگ لە سەرەوەی شوشەبەندەکەوە وێنەی سوارێك کە جلوبەرگێکی جوانی لە بەردایە لە نێو باخێکی گوڵو گوڵزاردا ڕەنگ ڕووکراوە، ئێران، ئەسفەهان، سەدەی 17



(وێنەی 57)

ئەستەنبوڵ، بەشێك لە كۆشكی ئەسما سوڵتان

تۆماس ئەلوم، نزیكی 1840

(وێنەی 58)

پارچە کۆنکریتێك کە بە زەخرەفەی نەمامی لاولاوی و گەڵای

تێکەڵاو نەخشێنراوە

ئیزنیق، سەدەی 16- سەدەی17

(وێنەی 59) ئەستەنبوڵ، دیوارێکە کە بە گوڵ وگوڵزارو میوە، لە ساڵی1790 وێنەی لە قەد کێشراوە، کە دەکەوێتە بەشی تایبەتی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم لە کۆشکی تەوپەقابی سەرای

(وێنەی 60)

قاهیرە، ناو ماڵی شێخ سادات

فرانك دیلۆن، نزیکی 1875

(وێنەی 61)

ئێران، وێنەیەکی قەد دیواری، کە زەخرەفەی گەچی لەسەر نەخشێنراوە (باغی فیردەوس)، ئەمە لەسەر دیواری ماڵێکی دەرەوەی شارە لە ناوەدانییەکانی باکوری تاران. کۆتاییەکانی سەدەی 19

(وێنەی 62)

رازاندنەوەی بنمیچێك، کە بە وێنەی ئافرەت لە جل و بەرگی جواندا ڕازاونەتەوە لەگەڵ وێنەی فریشتە و بورجەکانی بەخت لەنێو گوڵ و گوڵزار و نەمام، نەخشێنراوە، مێژوونوسێك لە 1846

(وێنەی 63)

چەرچەفێکی ئاورێشم کە نەخشی نەمامی لاولاوی تێکەڵاوی لەسەر نەخشاوە

ئێران، سەدەکانی 18 و19

(وێنەی 64)

لاکێشێك ((أوشك)) ی دروستکراو لە سوف

تورکیا، سەدەی17



(وێنەی 65)

چەرچەفێکی مەخمەلی کە بە نەخشی گوڵی جۆراوجۆری قەنەفڵ تەتریز کراوە،

تورکیا، سەدەی 17

(وێنەی 66) کۆمەڵێك ئامرازی خۆڕازاندنەوە، سندوقی زێڕو گەوهەر، شانەیەك و تەوقە سەر، ئاوێنە، جامی سابوون و قاپ قاپەی حەمام، ئەمانە کاری (منۆك جۆلدری)ن لە ئەستەنبوڵ و لەسەر تەرزی تەقلیدی دروستکراوەن، 1990- 92

(وێنەی 67)

لاکێشێکی سوفی کە وێنەی درەختی تێدایە، هەروەها ئەم وێنەیە لە زەخرەفەکانی دیوانی پاشایی و لە خانووەکانی ماوەی نێوا ن 1829 و 1900 دەبینرێن. ئێران، قوم، نزیکی 1960

(وێنەی 68) قەد دیوارەیەکی لە سوفی تەتریزکراو بە سیۆر و میلالیۆن-دوو مادەی بەکارهاتوون لە چنین- زەخرەفەی نەمام و گەڵزاری تێدا نەخشێنراوە و زۆر بەهرەمەندانە کاری تێداکراوە

ئێران، کرمان، سەدەی 19

(وێنەی 69)

وێنەیەکی خاتوو ئێلین شنێلز، یاوەری شازادە زەینەب کچی خدێوی ئیسماعیل. ئەم وێنەیە لە قاهرەو لە ساڵی 1873 وەرگیراوە



(وێنەی 70)

دەستە سڕێکی کەتانی تەتریزکراو

تورکیا، سەدەی 19- 20 سەدەی بیست

(وێنەی 71)

قەمیسێکی ئاورێشمی قۆڵ درێژ

(وێنەی 72)

چنراوێك بە نەخشی نەمام و ڕەنگی ئاڵاو واڵا

(وێنەی 73) خاتوونێکی خومار، شەرواڵی پانی لە بەردایە، کە
لایەکانی بە گەوهەر تەتریزکراون
ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەند موحەمەد. ئێران، نزیکی

(وێنەی 74)

وێنەیەکی شازادە ئیبراهیم و شازادە زەینەب، دوو منداڵەکەی خدێوی ئیسماعیل لە جلو بەرگی ئەوروپیدان. ئەم وێنەیە لە قاهیرە و لە ساڵی 1873 وەرگیراوە

(وێنەی 75)

ئێوارە خوان، قاهیرە لە سییەکانی سەدەی 19

ئێدوارد لین، 1833- 1835

(وێنەی 76)

ئەستەنبوڵ، گەشتی چەند ئافرەتێك بە سواری عارەبانە

کۆنت ئەمادیۆ بریزیۆسی 1853

(وێنەی 77)

گەشتێکی خێزانی لە ئێران.

کاری عەلی ڕەزا عەباسی، 1020ك / 1612 ز

(وێنەی 78)

ڕێورەسمی پاکبوونەوە وەک ئێدوارد لین وەسفی کردووە، قاهیرە لە نێوان 1833 و 1835

(وێنەی 79)

قەد دیوارێکی چنراوی لۆکەیی کە لەسەر شێوەی گوڵە قەنەفڵ نەخشێنراوە

تورکیا، سەدەی 17

(وێنەی 80)

ئاهەنگی ژنان

ئەستەنبوڵ، کۆنت ئەمادیۆ بریزیۆسی، 1853

(وێنەی 81) (جەواری) ژنی میسری ناوچەی رەشید، کە بەکرێ دەگیران تا لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی بڵێن، بەڵام ڕێیان پێ نەدەدرا بچنە حەرەمەوە، بەڵکو لە دەرەوەی ماڵەکان گۆرانیان دەوت، هەروەك چۆن ئێدوارد لین لە کتێبەکەیدا (عادەتی میسرییە هاوچەرخەکان) دەیگێڕێتەوە.

ئی.بیرسی، 1848

(وێنەی 82)

(عالمە)ی میسری لە ئاهەنگەکاندا بەشداری دەکات، ئەمانە ڕێیان پێدەدرا بچنە ناوماڵەکان و لە وێدا گۆرانی بڵێن بە پێچەوانەی جەوارییەکان، وەك ئێدوارد لین لە کتێبەکەیدا(عاداتی میسرییە هاوچەرخەکان) ئێدوارد لین، 1833 -1835

(وێنەی 83)

جلی بووکێنی کە لە مەخمەلی تەتریزکراو دروستکراوە

تورکیا، کۆتاییەکانی سەدەی 19

(وێنەی 84)

ڕێورەسمی بەخاك سپاردن لە قەرافە، قاهیرە،

ئێدوارد لین، 1833- 1835

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

MUKIRYANI ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

www.mukiryani.com

چاپخانەی ڕۆژهەلات-هەولێر